حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی زمان

بەشی کوردی

# پرس و چەمکە شاراوەکانی لە زمانی کوردیدا

تێزێکە

عثمان کریم عبدالرحیم

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردووە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە زمانی کوردیدا

سەرپەرشت

پ.د. ابوبکر عمر قادر

(٢٧٢٣)ی کوردی

(٢٠٢٣)ی زایینی

ئەم تێزە بە ناونیشانی (پرس و چەمکە شاراوەکانی لە زمانی کوردیدا)، لەلایەن خوێندکار (عثمان کریم عبدالرحیم) بە سەرپەرشتی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە زمانی کوردیدا.

ناو: پ.د. ابوبكر عمر قادر

ڕۆژ: ١ / ٨ / ٢٠٢٣

بەپێی ئەو پێشنیازە، ئەم تێزە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو: پ.ی.د. محمد عمر عول

سەرۆکی بەشی کوردی

ڕۆژ: ٣٠ / ٨ / ٢٠٢٣

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم تێزەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان لە بارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا، بڕوانامەی دکتۆرای لە زمانی کوردیدا پێ بدرێت.

ناو: پ.د.صباح رشيد قادر

ئەندام

ڕۆژ: ٣ / ١٠ / ٢٠٢٣

ناو: پ.د.بكر عمر على

سەرۆکی لیژنە

ڕۆژ: ٣ / ١٠ / ٢٠٢٣

ناو: پ.ی.د.ئازاد أمين باخەوان

ئەندام

ڕۆژ: ٢ / ١٠ / ٢٠٢٣

ناو: پ.د.شاخەوان جلال حاجى فرج

ئەندام

ڕۆژ: ٢ / ١٠ / ٢٠٢٣

ناو: پ.د.أبوبكر عمر قادر

ئەندامو سەرپەرشت

ڕۆژ: ٣ / ١٠ / ٢٠٢٣

ناو: پ.ی.د.عمر محمود كريم

ئەندام

ڕۆژ: ٢ / ١٠ / ٢٠٢٣

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زمانەوە پەسەند کرا.

ناو: پ.د. شاخەوان جلال حاجی فرج

ڕاگری کۆلێجی زمان

ڕۆژ: ١٥ / ١٠ / ٢٠٢٣

# پێشکەشە بە :

- گڵکۆی باوکم، کە ئامۆژگارییەکانی و ڕێنماییەکانی لە دڵ و هزرمدا بەردەوام، دەسەڵاتیان بە سەر ڕەفتارەکانمەوە هەبووە، هەرگیز خۆم بە ماندوو نازانم لە بەدەستهێنانی زانست و زانیاریدا.
- دایکم، کە هەر بینینێکی سارێژی سەرجەم زامەکانم دەکات و بەردەوامیم پێدەبەخشێت.
- خوشک و براکانم، کە خۆمیان تێدادەبینمەوە.
- خێزانم (گۆنا) و دوو جگەرگۆشەکەم (موحەمەد و باساک)، کە هەمیشە پاڵپشتم بوون و کاتەکانی ئەوانیشم بەم تێزە بەخشیوە.
- خوشکی بەڕێزم (هەرێز عومەر فەتاح)، کە هەمیشە پاڵپشتم بووە.
- هاوڕێ و خۆشەویستانم، لە بەشی زمانی کوردیی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی، بە تایبەت بەڕێزان، دکتۆر عادل ڕەشید قادر و دکتۆر بێستون حەسەن ئەحمەد.
- هاوڕێیانم، مامۆستا ئیبراهیم و مامۆستا ڕێگر و مامۆستا توانا، لەگەڵ بەڕێز دکتۆر محەمەد ئەمین عبداللە، کە هەمیشە هاندەر و پشتیوانم بوون.
- خوالێخۆشبوو پرۆفیسۆر دکتۆر (فاروق عومەر سدیق)، کە ئامۆژگاری و سەرنجە وردەکانی، هەمیشە کاری زانستییان لەلام پیرۆزتر دەکرد.

# سوپاسنامە

**سوپاس و پێزانینم بۆ:**

- **مامۆستای گەورە و بەڕێز، پرۆفیسۆر دکتۆر ( ئەبوبەکر عومەر قادر )، کە زۆر بە دڵسۆزییەوە ئەرکی سەرپەشتیکردنی ئەم تێزەی گرتە ئەستۆ، ڕێنماییە بەنرخەکانی کارەکەی زیاتر دەوڵەمەند کردووە، لە بەدەستخستنی سەرچاوەشدا هەمیشە هاوکارم بووە.**
- **پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر ( محمد عمر عول )، کە دڵسۆزانە لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکا نمدا هاوکاربووە.**
- **سەرجەم هاوڕێیانم لە هەردوو بەشی کوردیی زانکۆی سلێمانی، لە کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت و کۆلێجی زمان.**
- **سەرجەم ئەو مامۆستا دڵسۆزانەی، کە لە قۆناغی سەرەتاییەوە تا دوا قۆناغی زانکۆ منیان پێگەیاند.**

# لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| I-language | بونیادی ناوەکیی زمان |
| E-language | بونیادی دەرەکیی زمان |
| Checking | پشکنین |
| Topic | باسمەند |
| Clear questions | پرسیاری ڕوون |
| Questions of doubt | پرسیاری گومان |
| Hidden question | پرسیاری شاراوە |
| Advertisement questions | پرسیاری پروپاگەندە |
| Analytical questions | پرسیاری شرۆڤەیی |
| Replacement | جێگرتنەوە |
| Cognition | درککردن |
| Cognitive | درکپێکردن |
| Genitive Case | دۆخی خستنەسەر |
| Dative Case | دۆخی بەرکاری ناڕاستەوخۆ |
| Merge | لێکدان |
| External Merge | لێکدانی دەرەکی |
| Internal Merge | لێکدانی ناوەکی |

# هێما و کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| ڕستە | ڕ |
| نارێزمانی | * |
| ئارەرزوومەندانە | (   ) |
| کەوانەی ناونراو | [   ] |
| دەبێت بە | « |
| بەرنامەی کەمینە | **MP** |
| ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە | **GB** |
| ڕێزمانی سەراپا | **UG** |
| فۆڕمی لۆجیکی | **LF** |
| فۆڕمی فۆنەتیکی | **PF** |
| دیارخەر | **ZP(specifier)** |
| تەواوکەر | **YP(complement)** |
| زمانی بیر | **LT** |

# ناوەڕۆك


| ناونیشانەکان | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|
| ٠/ پێشەکی: | ١-٢ |
| ١/ بەشی یەکەم / ئەرکە گرنگەکانی زمان و ڕۆنانی ڕستەی پرس | ٣-٦٢ |
| ١-١سەرەتایەکی زمان و شێوازەکانی | ٣ |
| ١-٢ ئەرکەکانی زمان و پێگەی ڕستەی پرس | ٥ |
| ١-٣ فۆرمی وشەکانی پرس | ٨ |
| ١-٤ ناساندنی ڕستەی پرس و جۆر و پێکهاتەکانی | ١١ |
| ١-٤-١ جۆرەکانی ڕستەی پرس | ١٢ |
| ١-٤-١-١ پرسیاری گشتی | ١٢ |
| ١-٤-١-٢ پرسیاری تایبەتی | ١٢ |
| ١-٤-١-٣ پرسیاری هەڵبژاردن | ١٢ |
| ١-٤-١-٤ کلکەپرسیار | ١٢ |
| ١-٤-١-٥ پرسیاری ڕەوانبێژی | ١٣ |
| ١-٤-١-٦ پرسیاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ | ١٣ |
| ١-٤-٢ پۆلێنکردنی ڕستەکانی پرس بەپێی وەڵامەکانیان | ١٤ |
| ١-٤-٢-١ پرسیاری ڕاوەرگرتن | ١٤ |
| ١-٤-٢-٢ پرسیاری زانیاری بەخشین | ١٤ |
| ١-٤-٣ مەبەستە سەرەکییەکانی چەمی پرسکردن | ١٥ |
| ١-٤-٣-١ پرسیاری ڕاستەقینە | ١٥ |
| ١-٤-٣-٢ پرسیاری خوازەیی/مەبەستدار | ١٥ |
| ١-٤-٤ ڕۆنانی گرێ و ڕستەی پرس | ١٧ |
| ١-٤-٤-١ /ڕۆنانی گرێی پرس<br>١- پارتیکڵی پرس (ئایا، ئەرێ ، ئاخۆ) | ١٧ |
| ٢- گرێی دیارخەری (DP) جێناوی پرس (کێ ، کام، چی، کامتان، کامیان...) | ١٧ |
| ٣- گرێی ئاوەڵناوی پرس ( چەند ...... ، | ٢٠ |
| ٤- گرێی ئاوەڵکردار (ئەدڤێربڵ)ی پرس (کەی ، چۆن، کوا، لەکوێ، بۆ/ بۆچی ، بە چی ، بە چەند ، لەکوێ، لەبەرچی، پێتوایە، پێتوانییە؟ | ٢٠ |
| ٥- گرێی کرداری پرسی (کێیە ، کێن ، کێ بوو ، چییە ، ... چیØ ، | ٢١ |
| ١-٤-٤-٢ ڕۆنانی ڕستەی پرس: ١- سادەی پرس | ٢١ |
| ٢- لێکدراوی پرس | ٢٢ |
| ٣- ئاڵۆزی پرس | ٢٢ |
| ١-٥ گرێی پرس بەپێی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە (G.B) | ٢٣-٤٥ |
| ١-٥-١ سینتاکسی گرێی پرس | ٢٣ |
| ١-٥-٢ گرێی پرسیاری بەپێی چەند تیۆرێکی دەسەڵات و بەستنەوە<br>١-٥-٢-١ تیۆری ئێکسبار | ٢٥ |
| ١-٥-٢-٢/ تیۆری دۆخی ڕێزمانی و ڕۆڵی واتایی (ثیتا) | ٢٦ |
| ١- دۆخی ڕێزمانیی بکەری (Nominative case) | ٢٦ |
| ٢- دۆخی بەرکاری | ٢٧ |
| ٣- دۆخی خستنەسەر Genitive Case | ٢٧ |

| | |
|---|---|
| ٤- دۆخی بەرکاری ناڕاستەوخۆ (Dative Case) | ٢٧ |
| ١-٥-٣ / گواستنەوەی وشەی پرس لە کارەکانی پێشووتردا | ٢٩ |
| ١-٥-٤ گواستنەوەکان لە زمانی کوردیدا<br>١-٥-٤-١ گواستنەوە سەرپشکییەکان | ٣٨ |
| ١-٥-٤-١-١ گواستنەوە بە لابردن Deletion | ٣٨ |
| ١-٥-٤-١-٢ / گواستنەوە بە جێگرتنەوە Replacement | ٣٩ |
| ١-٥-٤-١-٣ / گواستنەوە بە کەمکردنەوە Reduction | ٤٠ |
| ١-٥-٤-١-٤ / گواستنەوە بە زیادکردن Addition | ٤٠ |
| ١-٥-٤-١-٥/ گواستنەوە بە فراوانکردن Expansion | ٤١ |
| ١-٥-٤-١-٦/ گواستنەوە بە ڕێکخستنەوە Permutationی کەرەستەکان | ٤١ |
| ١-٥-٤-١-٧ / گواستنەوە بە پێشخستن/باسمەند topic | ٤١ |
| ١-٥-٢/ گواستنەوە خورتییەکان | ٤٢ |
| ١-٥-٢-١/ نادیاری | ٤٢ |
| ١-٥-٢-٢ / ڕستەی ئاڵۆز | ٤٤ |
| ١-٦ بەرنامەی کەمینە Minimalist Program | ٤٦-٦١ |
| ١-٦-١ گەشەسەندنی بیری مینیمالیزم (Minimalism) | ٤٨ |
| ١-٦-٢ فەرهەنگ (lexicon ) | ٤٩ |
| ١-٦-٣ تیۆری بارفرەیز | ٥٠ |
| ١-٦-٤ لێکدان Merge | ٥٠ |
| ١-٦-٥ پشکنین Checking | ٥٢ |
| ١-٦-٦ گواستنەوە لە بەرنامەی کەمینەدا | ٥٣ |
| ١-٦-٧ گرێی ئەرکیی ڕێککەوتن AGR.P و دەرکەوتنی دیاردەی ئێرگەتیڤی لە ڕستەی پرسدا | ٥٧ |
| ٢/ بەشی دووەم: ناوەڕۆکی کردەی پرس | ٦٣-١١٧ |
| ٢-١ لێکدانەوەی چەمک لە ڕێزمانی گشتیدا | ٦٣ |
| ٢-١-١ ناساندنی تێگەی چەمک | ٦٣ |
| ٢-١-٢ دەرکەوتنی بنەماکانی درککردن لای چۆمسکی | ٦٥ |
| ٢-١-٣/ ڕۆڵی هەستەکان لە پێکهێنانی زانیاریدا | ٧١ |
| ٢-١-٣-١/ هەستە ڕووکەشییەکان | ٧١ |
| ٢-١-٣-٢ / هەستە ناوەکییەکان | ٧٢ |
| ٢-١-٤ چەمکی پرس لە زمانی کوردیدا | ٧٢ |
| ٢-١-٥/ بنەماکانی کردەی پرس | ٧٤ |
| ٢-١-٦/ پۆلێنکردنی کردەی پرس لە ڕووی چەمکەوە | ٧٤ |
| ٢-١-٦-١/ پرسیاری ڕوون (Clear questions) | ٧٤ |
| ٢-١-٦-٢/ پرسیاری گومان (Questions of doubt) | ٧٦ |
| ٢-١-٦-٣/ پرسیاری شاراوە (Hidden question) | ٧٧ |
| ٢-١-٦-٤/ پرسیاری پروپاگەندە (Advertisement questions) | ٧٨ |
| ٢-١-٦-٥/ پرسیاری شرۆڤەیی (Analytical questions) | ٧٩ |
| ٢-١-٦-٦/ پرسیاری ڕاگەیاندن (Media questions) | ٨٠ |
| ٢-١-٦-٧/ پرسیاری گشتی (ڕستەیی) (total questions) | ٨٠ |
| ٢-١-٦-٨/ پرسیاری تایبەتی (وشەیی) (partial questions) | ٨١ |
| ٢-١-٦-٩/ کلکە پرسیار (question tag) | ٨١ |

| | |
|---|---|
| ٢-٢ سیمانتیک و پراگماتیکی کردەی پرس | ٨٣ |
| ٢-٢-١ جۆرەکانی واتا | ٨٦ |
| ٢-٢-١-١ پۆلێنی دێرین | ٨٦ |
| ٢-٢-١-٢ پۆلێنی کرووز | ٨٧ |
| ٢-٢-١-٣ پۆلێنی جۆن لاینز (John Lyons) | ٨٧ |
| ٢-٢-١-٤ پۆلێنی لیچ Leech | ٨٨ |
| ٢-٢-٢ تیۆرە واتاییەکان | ٨٨ |
| ٢-٢-٢-١ تیۆری چەمک و ناولێنراوی فێرناند دی سوسێر | ٨٨ |
| ٢-٢-٢-٢ تیۆری واتای هۆشەکیی The Mentalist theory of Meaning | ٨٩ |
| ٢-٢-٢-٣ تیۆری سیمانتیکی چەمکی Conceptual semantic theory | ٩٠ |
| ٢-٢-٢-٤ تیۆری سیمانتیکی لێکدەرەوەیی interpretive semantic theory | ٩٢ |
| ٢-٢-٣ واتای پراگماتیکی | ٩٣ |
| ٢-٢-٣-١ تیۆری دەوروبەر | ٩٤ |
| ٢-٢-٣-٢ تیۆری بەکارهێنان The Use Theory : | ٩٥ |
| ٢-٢-٣-٣ تیۆری کردە قسەییەکانی پەیوەست بە ڕستەی پرسەوە | ٩٧ |
| ٢-٢-٣-٤ لێکەوتەی ئاخاوتەیی (Conversational Implicates): | ١٠١ |
| ٢-٢-٣-٥ تیۆری پەیوەست (Relevance Theory) | ١٠٤ |
| ٢-٢-٤ فۆنۆلۆجیای پرسکردن و ڕۆڵی فۆنیمە ناکەرتییەکان لە سازکردنی چەمکی پرسکردندا بەپێی بەرنامەی پرات | ١٠٧ |
| ٢-٢-٤-١ بەرنامەی پرات (Praat): | ١٠٨ |
| ٢-٢-٤-٢ فۆنیمە ناکەرتییەکان (suprasegmental phonemes): | ١٠٨ |
| یەکەم: هێز (Stress): | ١٠٨ |
| دووەم: ئاوازە (Intonation): | ١١١ |
| ٣/ بەشی سێیەم/ چەمکە شاراوە بەشداربووەکانی کردەی پرس لە زمانی کوردیدا | ١١٨-١٧٦ |
| ٣-١/ شێوازەکانی پرسیار | ١١٨ |
| ٣-١-١/ شێوازی پرسیار گفتوگۆ | ١١٩ |
| ٣-١-١-١/ شێوازی پرسیاری گفتوگۆی فەرمی | ١١٩ |
| ٣-١-١-٢/ شێوازی پرسیاری گفتوگۆی نافەرمی | ١١٩ |
| ٣-١-٢/ شێوازی پرسیاری دەق | ١٢٠ |
| ٣-١-٢-١/ چیرۆک و ڕۆمان | ١٢٠ |
| ٣-١-٢-٢/ دەقی شیعری | ١٢١ |
| ٣-١-٣/ پرسیار بە هاوکاریی ئاماژەکانی زمانی جەستە | ١٢٢ |
| ٣-١-٤/ خاڵبەندی | ١٢٧ |
| ٣-٢/ مەبەستەکانی پشت جێگۆڕکێی وشەی پرس و زیادکردن و لابردن | ١٢٨ |
| ٣-٢-١/ جێگۆڕکێی وشەی پرس لە ڕستەدا بەپێی ویست و مەبەستەکانی پرسکەر | ١٢٨ |
| ٣-٢-٢/ مەبەستەکانی پشت زیادکردن و لابردنی کەرستە لە وەڵامی ڕستەی پرسدا | ١٣٠ |
| ٣-٢-٢-١/ زیادکردنی کەرستە لە وەڵامدا | ١٣٠ |
| ٣-٢-٢-٢/ لابردنی کەرستە لە وەڵامدا | ١٣١ |
| ٣-٣ / کردەی پرسی ڕاستەقینە و کردەی پرسی خوازەیی (مەبەستدار) | ١٣٢ |
| ٣-٣-١ سیمانتیکی کردەی پرس | ١٣٣ |
| ٣-٣-٢ سیماسینتاکسی کردەی پرس | ١٣٥ |
| ٣-٣-٣ / پراگماتیکی کردەی پرس | ١٤٠ |

| | |
|---|---|
| ٣-٣-١ كردەی قسەیی ڕاستەوخۆ | ١٤١ |
| ٣-٣-٢ كردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ | ١٤٤ |
| ٣-٣-٤/ پراگماسینتاكسی كردەی پرس | ١٤٦ |
| ٣-٣-٥/ لێكەوتە ئاخاوتەییەكانی كردەی پرسی پراگماتیكی | ١٥٠ |
| ٣-٤/ ڕستەی پرسی ڕەوانبێژی | ١٧٦-١٥٣ |
| ١- داواكردن | ١٥٤ |
| ٢- پەسنكردن (وەسف و ستایش) | ١٥٥ |
| ٢- سەرسوڕمان یان زیادڕەوییكردن | ١٥٥ |
| ٤- دەربڕینی هەست و كاریگەرییەكانی | ١٥٦ |
| ٥- پلار و توانج لەو كەسانەی دەورووبەری دەسەڵاتدار دەدەن | ١٥٧ |
| ٦- پێڕاگەیاندن و دەرخستنی ڕاستی | ١٥٨ |
| ٧- فەرماندان | ١٥٨ |
| ٨- ئاگاداركردنەوە | ١٥٩ |
| ٩- بەرپەرچدانەوە و شانازیكردن | ١٥٩ |
| ١٠- بەراوردكردن | ١٦٠ |
| ١١- ئامۆژگاری | ١٦١ |
| ١٢- فێركاری و ڕێنمایی | ١٦٤ |
| ١٣- ئاگاداركردنەوە | ١٦٥ |
| ١٤- بێباكی | ١٦٦ |
| ١٥- لۆجیك و بیركردنەوە | ١٦٧ |
| ١٦- سەرزەنشتكردن، گلەیی | ١٦٧ |
| ١٧- ڕێنماییكردن | ١٦٨ |
| ١٨- نكۆڵیكردن | ١٦٩ |
| ١٩- ڕوونكردنەوە و تێگەیاندن | ١٧٠ |
| ٢٠- دووبارەبوونەوە | ١٧١ |
| ٢١- خۆزگەخواستن | ١٧١ |
| ٢٢- ڕەتكردنەوە (بە زمانی جەستە) | ١٧٢ |
| ٢٣- بڕیاردان | ١٧٢ |
| ٢٤- ئازارچەشتن | ١٧٣ |
| ٢٥- هاندان | ١٧٤ |
| ٢٦- بێدەسەڵات و بێتوانایی | ١٧٤ |
| ٢٧- قەناعەت | ١٧٥ |
| ٢٨- خۆبەختكردن | ١٧٦ |
| ئەنجام | ١٧٨-١٧٧ |
| لیستی سەرچاوەكان | ١٨٩-١٧٩ |
| الخلاصة | ١٩٠ |
| Abstract | ١٩١ |

# پێشـــەکی

# پێشەکی

## ٠-١ ناونیشانی تێزەکە:

ئەم تێزە بە ناونیشانی (پرس و چەمکە شاراوەکانی لە زمانی کوردیدا) لێکدانەوەیەکی زانستییانەی دەربڕراوەکانی پرسکردن و چەمکە نادیار و مەلاسخواردووەکانی پشت پرسیارەکانە، کە ڕێکخەری بەشێکی پەیوەندییەکانی تاکەکانی کۆمەڵە. هاوکات ناونیشانی تێزەکە لە دوو بەش پێکدێت؛ یەکەمیان (پرس)، کە ڕۆنان و پێکهاتەی پرسە لە ژێر ڕۆشنایی تیۆرەکانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان شییکراوەتەوە، بەشی دووەمیش (چەمکە شاراوەکانیتی)، کە لە ناوەڕۆک و چەمکی پرس دەکۆڵێتەوە، لەگەڵ نیشاندانی هەموو ئەو مەبەست و چەمکە شاراوانەی، پشت بەکارهێنانی کردەی پرسەوەن، خوێندنەوە و شرۆڤەی تەواویان لە (زمانی کوردیدا) بۆ کراوە.

## ٠-٢ هۆکاری هەڵبژاردنی بابەت:

گرنگترین هۆکار بۆ هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە، پەردەلادان بوو لە سەر زۆر بابەتی گرنگ و باسنەکراوی پرسکردن و چەمک و مەبەستە شاراوەکانی، چەمک و مەبەستە شاراوەکانی کردەکە، هەروەها لەبەر ڕۆشنایی تیۆروانینەکانی ڕێزمانی بەرهەمهێنانەوە پەنجەی بۆ زۆر بابەتی گرنگ ڕاکێشاوە، کە هەموویان بە دەستکەوتی زانستیی گرنگ دادەنرێن. هاوکات ئەم کارە گەڕانێکی باشی لە دیاردەیەکی گرنگی زمان کردووە، بۆ ئەوەی وەڵامێکی شیاوی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بداتەوە.

## ٠-٣ پرسیارە گریمانەییەکانی تێزەکە:

١. ئایا ڕستەی پرس لە زمانی کوردیدا داڕشتەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە؟
٢. ئایا چەمکەکانی ڕستەی پرس دەتوانن دەست بە سەر داڕشتەکانی ڕستەی پرسیاری زمانی کوردیدا بگرن؟
٣. ئایا ڕستەی پرس، بەپێی چەمک و مەبەستەکانی قسەکەر هەڵسوکەوت دەکات؟
٤. چەمک و مەبەستە شاراوەکانی ڕستەی پرس کامانەن؟ لە کام جۆری ڕستەی زمانی کوردیدا بەرهەم دەهێنرێن؟
٥. ئاوازە و زمانی جەستە چ ڕۆڵێکیان لە ڕۆنانی چەمکی ڕستەی پرسدا هەیە؟

## ٠-٤ گرنگیی تێزەکە:

خستنەڕووی لایەنە گرنگەکانی ڕستەی پرس، لە ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوەی (ئەڤرام نوام چۆمسکی)یە، بە تایبەت لە تیۆری پێنجەمی ڕێزمانەکەوە، کە بە (دەسەڵات و

بەستنەوە) ناودەبرا، لەگەڵ (بەرنامەی کەمینە)دا، لێکدانەوەی تەواو بۆ کردەی پرس دەخرێتە ڕوو، کە ئەرکێکی گرنگی چالاکیی ڕۆژانەی ئاخێوەرانە. گرنگترین بەشی تێزەکە چەمکە شاراوەکانی پرسە، کە خۆی لە ناوەڕۆک و واتادا دەبینێتەوە، لە زۆربەی دەربڕراوەکانی زمانی کوردیدا بەدیدەکرێن چەمکی هاوڕێک و فرەیی و پێچەوانە دەگرێتەوە.

## ٥-٠ سنوور و ڕێبازی توێژینەوەی بەکارهاتوو:

هەردوو شێوە سەرەکییەکەی زمان (قسەکردن و نووسین)ی زاری کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردی، هەروەها کەرەستەکانیشی وەک بەڵگە بۆ هەڵهێنجانی ئەنجامی زانستی هەر لەو زارەوە وەرگیراون. بە سوودوەگرتن لە هەردوو ڕێبازی پەسنی و شیکاری، لەپاڵ سوود وەرگرتن لە دەقە شیعرییەکانی شاعیرانی کورد بە درێژایی دوو سەدە لەمەوبەرەوە هەتا ئێستا، کە وەک کەرەستەی تێزەکە سوودیان لێبینراوە.

## ٦-٠ ناوەڕۆک و بەشەکانی تێزەکە:

ئەم تێزە لە پێشەکییەک و سێ بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختە بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و عەرەبی پێکهاتووە. بەشی یەکەم بۆ ئەرکەکانی زمان و ڕۆنانی گرێ و ڕستەی پرس لە زمانی کوردیدا بەپێی هەردوو تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە و بەرنامەی کەمینە تەرخانکراوە. بەشی دووەمیش بۆ ڕوونکردنەوەی چەمک بەپێی زانستی درککردن (cognition) و سیمانتیک و تیۆرە دیارەکانی و پراگماتیک بە تایبەت تیۆرەکانی بەکارهێنان و دەوروبەر و کردەی قسەیی و لێکەوتە ئاخاوتەییەکان و تیۆری پەیوەست، لەگەڵ فۆنۆلۆجیا، ئاوازەی ڕستەی پرس، وابەستە بە ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە دانراوە. لە بەشی سێیەمدا لە بەر ڕۆشنایی تیۆرەکاندا شێوازەکانی ڕستەی پرس، بە هاوکاری زمانی جەستە، کە ڕۆڵی لە ڕۆنانی ڕستەی پرسدا بینیوە، لەگەڵ سیماسینتاکس و پراگماسینتاکسی پرس و چەمکەکانی پشت پرسیاری ڕستەی پرسی ڕەوانبێژی، کە لە بیست چەمکی شاراوە زیاترن. دواتر چەند ئەنجامێکی گرنگ، کە لەم تێزەدا بەدەستهاتوون و خراوەنەتەڕوو.

# بەشی یەکەم

# ئەرکە گرنگەکانی زمان و

# ڕۆنانی ڕستەی پرس

# بەشی یەکەم: ئەرکە گرنگەکانی زمان و ڕۆنانی ڕستەی پرس

## ١-١ سەرەتایەکی زمان و شێوازەکانی:

زمانی مرۆڤ، گرنگترین هۆکاری شیکردنەوەی بیرکردنەوە و داهێنانە گرنگەکانێتی، لە کاتی ئاخاوتندا چەندین جۆری ڕستە دادەڕێژرێتەوە و کاروبارەکانی ڕۆژانەی پێئەنجام دەدرێت.

بێگومان زانیاری گەیاندن، یان وەرگرتنی زانیاری بە مەبەستی تێگەیشتن، پەیوەستە بەو چەمکەی، کە لە ڕوانگەی واتایی دەربڕراوەکانەوە هەڵدەهێنجرێن، بۆیە پێویستە سەرەتا فۆڕمی چەمک بناسێنرێت.

وشەی چەمک ئاماژەیە بۆ بیر، بیرێکی گشتیی، یان بڵاو لە ڕەهەندە جیاوازەکانی ژیاندا، فۆڕمی concept وەک زاراوە، لێوەرگیراوەکانی conceptual و conceptualism بوونەتە دوو زاراوە، conceptual تایبەتێتی بیر و بیرکردنەوە و پێکەوەنان لەخۆدەگرێت، بەپێی ئاستەکانی تەمەن و ڕەگەز و هوشیاریی ...هتد، تاکەکانی کۆمەڵ، یان قسەکەرانی هەر زمانێک بەپێی تێگەیشتن و بیرکردنەوەیان بۆ بینراو و بیستراوەکان جیاوازە. هاوکات فۆڕمی conceptualism ئاماژەیە بۆ ڕێبازێکی فەلسەفی، کە پێیوایە، بیری گشتی هیچ ڕاستییەکی نییە، جگە لەوەی کە لە مێشکدا هەیە (فە. ئازادیی ٢٠١٢، ٢٠٠).

بە واتا تێگەیشتنی تاکەکان، لێکدانەوەی هزری جیاواز بۆ دەربڕراو و بینراو، هەستپێکراو لەخۆدەگرێت. هەر لەم ڕوانگەیەوە لە فەرهەنگی زمانەوانی oxfordدا (Matthews ٢٠٠٣, ٧١) وای دەناسێنێت، کە (conceptualist) ڕۆنانێکی هۆشەکییە بیرکردنەوەی قووڵ لە نێوان وشە و ئەوەی لە واتاگەیاندن و نیشانەکردندا دەیگرێتەوە، یان بەکاربردنی بۆگەڕاوەکەی ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە چەمک هەڵهێنجانی واتایی فۆڕمە لە دەربڕراودا. (ماتیۆس) ئاماژە بە کێڵگەی واتایی دەکات و دەڵێت: بەشە جیاوازەکانی فەرهەنگ لە ڕێی زاراوەی گشتی یان چەمکەکانەوە دیاریدەکرێن بۆ نموونە؛ کێڵگەی واتایی ڕەنگەکان، کە کۆمەڵە وشەیەک لەخۆدەگرێت، وشەکان، لە یەک کێڵگەدان، بەڵام ئاماژەی جیاواز لەخۆدەگرن، چونکە ڕەنگەکان جیاوازن؛ [ڕەش، سوور، سپی...هتد]، بە واتایەکی تر کێڵگەی گرتنەوەی ڕەنگەکانە لە چوارچێوەی زاراوەیەکی گشتیدا. جا جیاکاریی نێوان کێڵگە فەرهەنگییەکان Lexical field بە بەشێک لە فەرهەنگ دادەنرێت، بۆ دیاریکردنی زمانەکان، پشتبەستوو بە خستنەڕووی وردەکاری مێژوویی هەر زمانێک، کە ڕێگە خۆشکەرە بۆ هەڵهێنجان و گریمانەی کێڵگەی چەمکی زمانەوانیی گشتی، یان دیاریکردنی ئاراستەی هەر زمانێک لە ڕەوتی مێژوویی خۆیدا.

ئەوەی لەم پێشینە زانستییەوە بەرهەمدێت، ئەوەیە کە:

١-ئاستی تێگەیشتن و بیرکردنەوەی تاکەکان لێک جیاوازە.

٢-ئەم جیاوازییانە بیرکردنەوەی جیاواز دەهێنێتە ئاراوە.

٣-چەمک، کە هەڵقوولاویی فۆڕمی واتایی – دەربڕراو، بینراو و هەستپێکراوە لێکدانەوەی جیاواز فەراهەم دەکات، چونکە زانیاریی گشتیی تاکەکان لە ڕەهەندە جیاوازەکاندا لە یەک ئاستدا نییە.

زمان، کە هۆکاری بنجیی فێربوونە، ڕێکخەری پەیوەندییەکانی تاکەکانی کۆمەڵە، خودی فێربوون توانستێکی گشتیی مرۆڤەکانە، لەگەڵ بوونی جیاوازیی لە نێوان تاکەکاندا، بە واتا مرۆڤ هەر لە منداڵییەوە توانستەکەی لەگەڵیدا گەشە دەکات، بەپێی تەمەن و ڕەگەزەکەی، ئاستی هوشیاریی و تێکەلاویی لە کۆمەڵدا فەرهەنگی زمان و یاسا ڕێزمانییەکانی لەمێشکیدا، چالاک دەبێت.

هەموو ئەم بیرانە هۆکاربوون بۆ هاتنە ئارای ڕێباز و قوتابخانە جیاوازەکانی بواری زمانەوانی، هەر لەم ڕوانگەیەوە لێکدانەوەی ڕستەی پرسیار لە ڕووی بونیاد و تێگەیشتنی تەواو شرۆڤە دەکرێت، شرۆڤەکردن لەم بوارەدا بە ڕێباز و تیۆرە جیاوازەکانی لێکدانەوەی پێکهاتەی ڕستە و واتای هەڵهێنجراوەوە پەیوەست دەبێت، بێگومان ڕستە وەک فۆڕمێکی سەربەخۆ، لە ڕووی ڕێزمانییەوە، دەچێتە چوارچێوەی دەق، یان وتوویژێکەوە، کە تێیدا ئەرکە جیاوازەکانی زمان فەراهەم دەبێت.

زمان، ئەرکە جیاوازەکانی پەیوەندیی ڕۆژانەی تاکەکانی کۆمەڵ و جیهانیشی پێئەنجامدەدرێت، بە شێوەیەکی گشتی زمان دوو شێوەی هەیە، ئەوانیش ئاخاوتن و نووسینن، کە بە دوو شێوە سەرەکییەکەی زمان دادەنرێن، گومانی تێدا نییە، ئەوەی یەکەمیان زۆر پێش دووەمیان دەکەوێت، هەروەها دەگوترێت؛ "نووسین، بەرهەمی زمانی قسەکردنە." ( Lyons ١٩٩٦، ٨٧) واتە "زمان زیاتر گوتنە تا نووسین. گوتنیش زۆر پێش نووسین دەکەوێت. نووسینیش هەر لە پێناوی پاراستنی قسەکردن پەیدابوو". (فتاح ٢٠١١، ٢٢١)

پاڵپشتیکارانی ئەم بۆچوونەش لەگەڵ ئەوەدان زمانی مرۆڤایەتی بەرئەنجامی درکاندنی ئەو دەنگانەیە، کە گوێمان لێیاندەبێت، قسەکەریش دەنگەکانی بەوردی دەدرکێنێت و گوێگریش لە واتاو مەبەستی قسەکەر تێدەگات[١] (م.عکاشة ٢٠٠٧، ٧٣).

---

[١]. لە قسەکردندا ئاوازە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت و نووسینیش بەهۆی هێماکانی خاڵبەندییەوە جۆری ڕستەکان دیاریدەکرێن:-

چەمكی كردەی (پرس)[٢] لە ڕووی زاراوەییەوە بە واتای داواكردنی زانیاری دەربارەی شتێک، یان تێگەیشتن لە بابەتێک دێت (العماني ٢٠٠٥، ٤)، كە بەهۆی بەكارهێنانی وشەكانی پرسەوە بەرهەم دێت، دەشێت بە هۆی ئاوازەیەكی مامناوەندەوە، ڕستەیەكی هەواڵیی، یان سەرسوڕمان بكرێتە پرسیاری.

## ١-٢ ئەركەكانی زمان و پێگەی ڕستەی پرس:

زمان، سیستەمێكە تیایدا دەنگ(فۆنێم) و پیتەكان (وێنەی فۆنێمەكان) لەخۆدەگرێت، كە هۆكارێكی گرنگی دەربڕینەكانی مرۆڤن، لە ڕێی ڕۆنانی دەنگ و پیتەكانەوە ئامانج و چەمكەكان لەو بەكارهێنانانەی زمانەوە بەدیدەهێنرێن. لەم بارەیەوە (هێنری سویت) دەڵێت: زمان دەربڕی بیر و بۆچوونەكانە، لە ڕێی ڕۆنانی دەنگەكانەوە وشە ڕۆدەنرێن، ڕۆنانی وشەكانیش ڕستە بەرهەم دەهێنن، ئەم ڕۆنانەش ڕەنگدانەوەی بیرەكانە. هاوكات ناتوانرێت زمان لە كۆمەڵ جیا بكرێتەوە، هەر كۆمەڵێشە ئەركە گرنگەكانی زمانی دیاری كردووە، تەنانەت (هدسن) قسەكردنی وەک ڕەفتارێكی كۆمەڵایەتی وێناكردووە، دەڵێت: "قسەكردن گرنگترین ئەركی كۆمەڵایەتی بەجێدەگەیەنێت، وەک ئامرازێكی پەیوەندیكردن ... ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، كە لێكۆڵینەوە لە زمان بە بێ گەڕانەوە بۆ كۆمەڵ، كە ئاخاوتنی پێدەكات ئەنجامێكی دروست بەدەستەوە نادات" (هدسن ١٩٨٧، ٢٠).

زمان كۆمەڵێک ئەركێكی گرنگی هەیە، كە بە هۆیانەوە ژیانی ڕۆژانە و چەندین كاری گرنگی پێ ئەنجام دەدرێت، وا لە مرۆڤ دەكات، هەمیشە وەک تاكێكی كۆمەڵایەتی لە دەوروبەری خۆی بەئاگابێت، ئەگەر وەهاش نەبێت، ئەوا بە تاكێكی گۆشەگیر دادەنرێت.

---

- ئایا (pro) كتێب دەخوێنیتەوە؟ (نووسین)
- (pro) كتێب دەخوێنیتەوە؟ (ئاواز) بەرزكردنەوەی ئاوازەكەی لەكۆتایی ڕستەكەدا. "گۆڕینی لەرینەوەی ژێكان دەبێتە هۆی گۆڕانی ئاوازەی ڕستە، هەر ئاوازەش واتایەكی جیا بە ڕستەكە دەبەخشێ" (أمین ١٩٩٤، ١٥).

تەنانەت لەكاتی بەكارهێنانی پارتیكڵەكانی پرسیاریشدا هێز و ئاواز لە مەبەستی قسەكەر/پرسكەردا ڕۆڵدەبینێت. بۆ نموونە: (ئایا) **سۆزان** زێڕ دەكڕێت؟ (واتە مەبەستی پرسكەر وەرگرتنی زانیارییە لە بكەر، ئەگەر قورسایی لە سەر بەركاری (**زێڕ**) بوو، ئەو كاتە مەبەستی پرسكەر وەرگرتنی زانیارییە لەسەر چشت. وەڵامی هەردوو پرسیارە ئاوازدارەكەش (بەڵێ و نەخێر) دەبێت.

لەناو وشە پرسەكاندا بەتایبەت (پارتیكڵی پرسیاری) پتر لە كاتی نووسیندا دەردەكەوێت. هۆكارەكەیشی ئەوەیە، مرۆڤ لە كاتی ئاخاوتندا هەوڵدەدات كەمترین وزە بۆ دەربڕینەكانی بەكاربهێنێت، واتە هۆكارەكە گشتییە و جگە لە وشە پرسەكان بكەرە لۆجیكییەكانیش بە (pro) یەک، كە لەلای گوێگر ئاشنایە بۆیە دەرینابڕێت.

[٢]. پرس وەک زاراوە لە بەرانبەر (الاستفهام) ی زمانی عەرەبی و (Interrogative)ی زمانی ئینگلیزی بەكارهێنراوە.

وەک ئاماژەی بۆ کرا، دەنگەکان وشە پێکدەهێنن و وشەکان لە فەرهەنگی ئاوەزیدا پۆل دەکرێن و یاسا ڕێزمانییەکان لەخۆیاندا هەڵدەگرن و جێکەوتەی خۆیان لە ڕستەدا بۆ دیاریی دەکرێت، بۆیە وشەکان و ڕێکخستنیان لە ڕۆنانی گرێ و لاڕستەکاندا دیاریی دەکرێن، ڕێزمانیش ڕێکخستن و داڕشتەی ڕستەکان پێکدەهێنێت، واتە بە هۆی ڕۆنانی فۆرمەکانەوە مەبەستێک دەخرێتەڕوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکە زمانەوانییەکان بە تەنیا فۆڕمێکەوە نەبەستراون. بە واتایەکی تر دەشێت زیاتر لە فۆڕمێک بۆ واتایەک، یان مەبەستێکی دیاریکراو بخرێتەڕوو. بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێت ئامۆژگارییەک پێشکەش بکەین، ئەوا دەگوترێت (Gakonga ٢٠٢٢):

١- تۆ نابێت، ئەو کارە ئەنجام بدەیت.

٢- ئەگەر من لەجێی تۆ بم، ئەوە وا دەکەم.

٣- (ئایا) تۆ دەتوانیت ئەو کارە بکەیت؟

ئەو نموونانەی (گاکۆنگا) باسی کردوون، کە بە هەرسێ ڕستەکە تەنها ئەرکێکیان هەیە، ئەویش ئاگادارکردنەوەیە، لەمەشەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە بەکارهێنانی فۆڕم و داڕشتە جیاوازەکانی زمان بۆ بەدیهێنانی ئەرکێک، یان مەبەستێک، یاخود هەر چەمکێک قسەکەر مەبەستی بێت، دەتوانێت بیخاتە دووتوێی فۆڕمە زمانییەکانەوە. هەرچەندە ڕستەی (١) داواکردنە، بەڵام ساردکردنەوەی بەرانبەری تێدایە. ڕستەی (٢) پێشنیازە، بەڵام تا ڕادەیەک شێوەیەکی شیاوترە، ڕستەی (٣) کە ڕۆنانێکی پرسیارییە، نە ساردکردنەوە، نە دەستپێشخەری، بەڵکو دەیەوێت تواناکانی لایەنی بەرانبەر هەڵبسەنگێنێت، کە بە بەهێزترین شێوازی دەربڕین دادەنرێت.

(هالیدای) پێی وایە، زمان دەبێت ئەرکی نواندنی دونیای دەرەوەی هەبێت ( Ideational Function) واتە دەبێت زمان هۆکارێک بۆ خەڵک دابین بکات، بۆ ئەوەی کارلێک بکەن، کەسی یەکەم لەگەڵ کەسی دووەم هەڵبکات و بنەمایەک بۆ هاوکاری و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی دابمەزرێنن، کەواتە زمان دەبێت، ئەرکێکی دیکە بەجێ بهێنێت، کە بە ئەرکی کەمەڵایەتیی نێوان تاکەکان (Interpersonal) ناودەبرێت (ویدووسن ٢٠٠٨، ٢١).

لەم بۆچوونانەوە ئەوە دەخرێتە ڕوو، کە زمانەوانی ئەرکی ئەو میتۆدەیە، لە زمان دەکۆڵێتەوە، پێیوایە ئەرکەکانی زمان و ڕەگەزەکانی، کلیلی تێگەیشتنی پرۆسە و بونیادە زمانەوانییەکانن. واتە زانین و ناسینی ئەرکەکانی زمان بنەمای تێگەیشتنیانن، زمان دەکاتە ئامرازی گەیاندنی ئەرکەکان. هەر ئەرکێکیش خاوەنی ڕۆنانێکی زمانەوانییە.

لەم لایەنەوە (چۆمسکی) دەڵێت: هەموو ڕستەیەک ڕۆنانێکی تایبەت بەخۆی هەیە. ئاوەزی مرۆڤ توانای پێکهێنانی ڕستە جیاوازەکانی هەیە، تەنانەت منداڵانیش توانای بەرهەمهێنانی ڕستە و هێماکانی ڕستەیەکی دیاریکراویان هەیە (مهران ٢٠٢١).

هاوکات پێویستە دەربارەی ئەرکەکانی زمان، ئەوەش بگوترێت، کە بەکارهێنانی زمان لە بنەڕەتدا وەک ئامرازێکی پەیوەندیکردن، بەخشین و وەرگرتنی پەیامێکە لە نێوان خودی مرۆڤەکاندا، بۆ نموونە (محمد معروف فتاح) ئەم ئەرکانەی دیاریی کردووە، کە بریتین لە: "هەواڵگەیاندن، پرسیارکردن، هەستدەربڕین، وروژاندن و فەرماندان، ڕاپەڕاندن و جێخۆشکردن" (فتاح ٢٠١١، ٣١).

هەر لەبەرئەمەیە، ئەرکییەکان دەڵێن: "ڕەگی زمان درێژ دەبێتەوە بۆ بینای کۆمەڵایەتی بە هەموو شێوەکانییەوە و زمان لە کەلتوور و دابونەریت دانابڕێت". (أ.فەرهادی ٢٠٠٨، ١٦)، لە خستنەڕووی ئەرکەکانی زماندا جیاوازیی پۆلکردن هەیە، لەبەرئەوە ئەم ئەرکانەی خوارەوەش لە توێژینەوەیەکی گروپی (UK essays)ەوە خراوەتەڕوو: ((بەراوردکردن و ڕوونکردنەوە و سکاڵاکردن و دەربڕینی خۆشەویستی و توڕەیی و ڕازیکردنی کەسێک و ئامۆژگاریکردن و پرسیارکردن لە شتێک و داوا کردن بەڕێزەوە و شاردنەوەی ڕاستییەک و بەخشینی زانیارییەک و ڕاڤەکردنی پرۆسەیەک و خەتابارکردنی کەسێک)). (UKEssays ٢٠١٨)، دەکرێت هەریەک لەم ئەرکە زمانییانەش بەشێوەیەک لە شێوەکان بە ڕستەوە ببەسترێنەوە.

ئەگەر لەو ئەرکانەی سەرەوەوە وردببینەوە، بۆمان دەردەکەوێت، زمان توانایەکی زۆر گرنگی لە گواستنەوەی مەبەست و هەموو ئەو چەمکە گرنگانەی، کە لە ئاوەزی قسەکەر، یان نووسەر دایە، لەڕێی زمانەوە دەردەبڕرێت.

ئەرکی زمان ئەو ئامانجەیە، کە لە ڕێی درکاندنی گرێ و دەستەواژەکانەوە دەستەبەر دەبێت، بۆ نموونە دەستەواژەی (داوای لێبوردن) ئەرکی پۆزشهێنانەوەیە، (بەیانیت باش) ئەرکی سڵاوکردن و جێخۆشکردنە. کە هیچکام لەم دوو ئەرکە لەو ئەرکانەی گروپەکە جگە لە پۆلێنەکەی (محەمەد مەعروف) دەستنیشان نەکراون، کەواتە دەتوانرێت بگوترێت ئەرکەکانی زمان زۆر لەوانەی سەرەوە زیاترن.

لێرەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە ئەرکەکانی زمان لە بەکارهێنانی زماندا پێویستییەکی گرنگی ڕۆژانەی مرۆڤ جێبەجێ دەکەن، بەکارهێنانی دارشتە جیاوازەکانی زمانیش ڕۆڵێکی گرنگ لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەبینن. هەموو ئەو ئەرکانەش بە دوو شێواز خۆیان دەنوێنن، کە بریتین لە شێوازی فەرمی و نافەرمی.

له چوارچێوەی ئەرکەکانی زماندا، ئەوەی لەم کارەدا مەبەستە ئەرکی پرسکردنە، کە ڕۆژانە قسەکەرانی زمانە جیاوازەکان، بەپێی پێویست لە پەیوەندیکردن و دابینکردنی ئەرکی ڕۆژانەیاندا، بەپێی مەبەستەکانیان، پرسیار لە بەرانبەرەکانیان دەکەن.

بۆیە پێویستە فۆرمی پرسکردن، جۆرەکان و پێکهاتەی گرێ و ڕستەی پرس بخرێنەڕوو.


## ١-٣ فۆرمی وشەکانی پرس:

وشە پرسەکان، کە پێشتر بەپێی بەکارهێنانە جیاوازەکانی لە ناو ڕستەدا بە چەند جۆرێک ناوی هێنراوە، بۆ نموونە (ادوات استفهام) لای (سەعید سدقی، مختصر صرف و نحوی کوردی: ١٩٢٨) ، (بۆناوی پرس) لای (تۆفیق وەهبی، دەستوری زمانی کوردی: ١٩٢٩) ئامرازی پرسیار لە (بەرگی یەکەمی قەواعدی زمانی کوردی - نوری عەلی ئەمین: ١٩٥٦)، بەڵام لە بەرگی دووەمیدا (١٩٥٨) ڕاناوی پرسیاری بەکارهێناوە. (کوردستان موکریانی) لە ساڵی (١٩٨٠) (جێناوی پرس)ی بەکارهێناوە، دواتریش لە (١٩٨٦)دا (جێنیوی پرس)ی بۆ وشەی پرس داناوە.. هاوکات (ئەبوبەکر عومەر، پرسیار لە زمانی کوردیدا: ١٩٩٣) وشەکانی پرسیاری بەپێی یاسای پەیوەندیی ستوونی پۆلێنکردووە، لەوانە: جێناو و ئاوەڵناو و ئاوەڵکاری پرسیار. (ئاڤێستا کەمال) لە (پراگماتیکی ڕستەی پرسیار و فەرمان... ٢٠٠٩)دا بۆ دوو بەش دەستنیشانکردووە لەوانە (١.پارتیکڵی(ئایا) و ئاوازە و ٢.وشەی پرسیار).

لەم تێزەدا پێمان باشە زاراوەی (وشەکانی پرس) بەکاربێنین، چونکە وشە لە ڕووی فۆرمەوە، کە چەمکێکی گشتییە، دیاردەیەکی هایپۆنیمییە هەموو فۆرمە پرسیارییەکان لەخۆدەگرێت، هەرچی وشە پرسەکانە بەپێی زانستی مۆرفیم و جۆرەکانی دەتوانرێت ڕێکبخرێنەوە.

لە ناو تایبەتییەکاندا ئاماژە بە وشەی پرس دەکرێت، دواتر جۆرەکانی بەپێی بەکارهێنانی دیاریی دەکرێت.

(ئەورەحمانی حاجی مارف) چەمکی مۆرفیمی بە بچووکترین دانەی واتاداری زمان خستۆتەڕوو. دەکرێت بەپشتبەستن بە پۆلێنەکەی (کاتامبا) بەم شێوەی خوارەوە مۆرفیم و جۆرەکانی بخرێتەڕوو:




(KATAMBA ٢٠٠٦, ٤٢-٤٣)

## هێڵکاری ١ لقە سەرەکییەکانی مۆرفیم

١) مـۆرِفیمی سـەربەخۆ ئەو وشـانەن، بە سـەربەخۆیی لە نـاو فەرهەنگدا واتـا دەبەخشـن. وەکـو: کـێ ، کـوا ، کـام ، کەی ، چـی ، چەنـد ...؟ [بـرِ (ژمێـردراو و نەژمێـردراو) و درێـژی و دووریی و نزیکیی و بەرزیی و نزمیی].

٤-أ- کێ تۆی بینی؟

ب- تۆ کێت بینی؟

٥- کوا کتێبەکە؟

٦- تۆ چی دەکەیت؟

٧- چەند کتێبت کرِی؟

هەموو ئەم رِستە پرسانە، کە وشەکانی پرسیان تێدایە، داوای زانیـاری لە گوێگر دەکەن و جێکەوتەکانیان بە وشە پرِ دەکرێنەوە، هەر لە بەر ئەمەیە، پێیان دەگوترێت وشەکانی پرس.

٢) مۆرِفیمی سەربەخۆ (ئەرکی) ئەو وشانەن، کە بەسەربەخۆیی لە فەرهەنگدا بەدیدەکرێن، و لە رِستەدا ئەرکێکی رِێزمانی دەبینن. وەکو (ئایا ، ئاخۆ ، ئەرێ ).

٨- ئایا زانا هاتووە؟

٩- ئەرێ ئامانج هاتبوو؟

١٠- ئاخۆ کتێبەکەی کرِیبێت؟

ئەو وشە پرسانەی لەم رِستانەی سەرەوەدا هاتوون، داوای زانیاری لە گوێگر ناکەن، بەڵکو بە وەڵامێکی کورتی (بەڵێ و نەخێر) وەڵامـدەدرێنەوە. واتە ئەو وشـە پرسـانە جێکەوتەکانیـان بە هیچ زانیـارییەک پرِ نـابێتەوە، چونکە تەنیا ئەرکێکی رِێزمانییـان بینیـوە، بـۆیە پێیـان دەگوترێت (پارتیکڵی پرسیاری). لە رِاستیدا ئەم وشانە بۆ بەدەستهێنانی دڵنیاییە بە کردن، یان نەکردن.

٣) مۆرفیمی بەندی گەردانکردن: ئەو مۆرفیمە بەندە وشەگۆڕانەن، کە ئەرکێکی سینتاکتیکی لە ڕۆنانی مۆرفۆسینتاکسی گرێ پرسەکاندا دەبینن، بۆ نموونە:

١١- کامیان/کامتان – کام لە ئەوان/ئێوە زیرەکن؟

١٢- کێن – ئەوانە کێن؟

١٣- کوان – ئێوە کوان؟

١٤- چەندن – ژمارەیان چەندە؟


١٥- چۆنن – ئێوە چۆنن؟

ئەو وشە پرسکەرانەی، کە کردارەکەیان لە ناوی کرداری (بوون)ی ناوازەوە وەرگیراون، دەتوانن ڕۆنانێکی مۆرفۆسینتاکسییان هەبێت.

بەم شێوەیە دەتوانرێت پێکهاتەی گرێ کرداریەکانیان هەڵوێر بکرێن:

وشەی پرس + ø [ک]+ ج.ل

y + X + y




٤) مۆرفیمی بەندی وشەدارێژ:


لە ناو وشە پرسەکاندا گیرەکە وشەدارێژەکان ڕۆڵیان لە سازکردنی وشە پرسەکاندا نییە، بەڵام هەندێک لە مۆرفیمە سینتاکسییەکان لە ڕۆنانی بەشێک لە وشە پرسەکاندا بەشدارییان کردووە، ئەمەش دیاردەیەکی ئاساییە و لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا هەرکاتێک لە کێڵگەیەکدا بە

هۆی کەمی مۆرفیمی وشەدارێژەوە کەموکورتی هەبوووبێت، ئەوا پەنا دەبرێتە بەر مۆرفیمە سینتاکسییەکان. بۆ نموونە:

١٦- بۆ + چی = بۆچی

١٧- لەبەر + چی = لەبەرچی

ئەم وشە پرسانە لە بنەڕەتدا گرێیەکی پێشناویی بوون، دۆخی بەرکاری ناڕاستەوخۆیان لە پێشناوەکانەوە بە وشە پرسەکان داوە، بەڵام پێکەوە لە فەرهەنگدا دەبینرێن.




لە [پێشناو(P)+ وشەی پرس(N)] پێکدێن، وەک یەکەیەکی فەرهەنگی تۆمارکراون. تەنانەت لە (بۆچی)دا، زۆرجار وشە پرسەکەش لادەبرێت و پێشناوەکە بە تەنیا دەتوانێت چەمکی پرسکردنەکە بگەیەنێت.

## ١-٤ ناساندنی ڕستەی پرس و جۆر و پێکهاتەکانی:

ڕستەی پرس وەک هەر پرۆژەیەکی تری ڕۆنانی ڕستە، ڕۆنانێکی تایبەت بەخۆی هەیە، بە چەند شێوەیەک لەزمانەدا دەناسرێتەوە، لەوانە بوونی وشەی پرس لە ڕۆنانی ڕستەدا، ئەگەر نەشبوو، ئەوا ئاوازەی ڕستەکە لە سەر دانەیەکیدا لە کاتی گفتوگۆدا بەرزدەکرێتەوە، لە نووسینیشدا پێویستە نیشانە (؟) دابنرێت، کە لە (بەشی دووەم و سێیەمدا) ڕووندەکرێنەوە. "ڕستەی پرس بەوە لە ڕستەی هەواڵی جیا دەبێتەوە، کە قسەکەر داوای زانیاری لە گوێگر دەکات، نەوەک زانیارییان پێ ببەخشێت" (ڕەسوڵ ١٩٩١، ١٣)، جیاکردنەوەی ڕستەی هەواڵگەیاندن و ڕستەی پرس بەهۆی ئاوازەوە دەبێت (أ.قادر ١٩٩٣، ٦). ئاشکرایە "لە ڕستەی پرسدا گوێگر بە سەرچاوەی زانیاری دادەنرێت، چونکە قسەکەر (زۆرجار) زانیاری لا نییە، دەیەوێت بەهۆی پرسیارکردنەوە ئەو زانیارییانە بەدەست بێنێت" (أ.فەرهادی ٢٠١٣، ٤٧).

## ١-٤-١ جۆرەکانی ڕستەی پرس و پۆلکردنی:

ڕستەی پرس لە ڕووی ڕۆنانەوە شەش جۆری لێ دەستنیشان کراوە، کە بریتین لە "پرسیاری گشتی و تایبەتی و هەڵبژاردن و کلکەپرسیار و ڕەوانبێژی و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ".

### ١-٤-١-١ پرسیاری گشتی:

لەم جۆرە پرسیارەدا پرسکەر داوای زانیاری لە کەسێک، یان چەند کەسێکی ئامادەبوو، لە دوواندنێکدا دەکات و هەمووان زانیارییەکەیان لەلا هەیە و دەتوانن زانیارییەکە بە پرسکەر ببەخشن. مەبەست لە (گشت) بڕیاردانە لە سەر کۆی زانیاریی پرسکراو بە بوون، یان نەبوون (أ.قادر ١٩٩٣، ١٨)، بۆ نموونە:

١٨- ئایا وانەکەتان خوێند؟ بەڵێ وانەکەمان خوێند. ، یان نەخێر وانەکەمان نەخوێند.

هاوکات وەڵامی پرسیارەکەش بەندە بە کۆی وشە بەکارهاتووەکانی ناو ڕستە پرسیارییەکە، واتە گشت بەشەکانی ڕستەکە.

### ١-٤-١-٢ پرسیاری تایبەتی:

ئەم پرسیارە وەڵامەکەی لەلای کەسێک، یان چەند کەسێکی تایبەتمەند بە گفتوگۆکەوە هەیە، لەبەرئەوەی پەیوەندییەکی تایبەتییان بە پرسکەرەوە هەیە و بەشێکی ڕستە پرسیارییەکە وەڵام دەدرێتەوە. بۆ نموونە:

١٩- کەی هاتیت؟ بەیانی هاتم.

٢٠- خوێندنەکەت بەچی گەیشت؟ سەرەتا – ناوەند - کۆتایی/ زۆری نەماوە

واتە زانیارییەکە بەشێکی ڕستەکە دەگرێتەوە، بۆ نموونە لە ڕستەی (١٩ و ٢٠)دا پرسکەر پێویستی بە بەشێکی ڕستە پرسیارییەکە هەیە. واتە زانیارییەکە لە سەر وشە، یان گرێ پرسەکەیە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە لە بنجدا پرسیاری تایبەت لە سەر خاڵێکی دیاریکراوی ڕستەیە، نەک کۆی واتای ڕستە.

### ١-٤-١-٣ پرسیاری هەڵبژاردن:

خستنەڕووی دوو بژاردەیە لە بەردەم گوێگردا، کە بە هۆی بەکارهێنانی ئامرازەکانی (یا/ یان ، یاخود) لە پێش ناوەوە بەکاردەهێنرێن. بۆ نموونە:

٢١- ئەرێ چا دەخۆیتەوە یان قاوە؟ چا دەخۆمەوە (بۆی هەیە بڵێت: سوپاس هیچیان)

### ١-٤-١-٤ کلکە پرسیار:

پرسکەر بەشێک لە زانیارییەکانی لەلایە و دەیەوێت، زانیارییەکەی پشتڕاست بکاتەوە، بۆیە زانیارییەکە دەداتە گوێگر و پاشان داوای دڵنیایی لێدەکات. بۆ نموونە:

٢٢- ئاهەنگەکە ئەمڕۆیە، وانییە؟ پێموایە/ پێموانییە

٢٣- پێتوایە خواردنیان لەگەڵ خۆیان هێنابێت؟ دەشێت

لە کلکە پرسیاردا جگە لە وەڵام، داوای تێڕوانینی گوێگریش دەکرێت، واتە پرسکەر زیاتر لە وەڵامێکی پێویستە.

### ١-٤-١-٥ پرسیاری ڕەوانبێژی:

گرنگترین جۆری پرسیارکردنە، کە پرسکەر داوای وەڵام، یان زانیاری ناکات، بەڵکو دەیەوێت لەڕێی پرسیارەکەوە چەمک و مەبەستێکی تر دەرببڕێت و بۆچوونەکەی بەهێزتر بکات. بۆ نموونە:

٢٤- ئاخۆ ئێوە لەو هەورەوە ناردووتانە، یان ئێمە بۆمان باراندوون؟ (هەژار ١٣٧٩، ٥٣٦)

٢٥- کەی دێتەوە؟ کەی دێتەوە؟ کاتی لاویی، کەی دێتەوە؟

لێرەدا پرسکەر چاوەڕوانی وەڵامێک لە گوێگر ناکات، بەڵکو دەیەوێت لە ڕێی ڕۆنانێکی پرسیارییەوە پەیامێک، مەبەستێک، یاخود چەمکێک بە گوێگر ببەخشێت. بڕوانە (بەشی سێیەم، پاری چوارەم)

### ١-٤-١-٦ پرسیاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ:

لە پرسیاری ڕاستەوخۆدا پرسکەر پرسیار دەربارەی ڕاستییەکی بینراو و هەستپێکراو لە وەڵامدەر دەکات و ئەویش ڕاستەوخۆ وەڵام دەداتەوە، بەڵام لە پرسیاری ناڕاستەوخۆدا پرسکەر زانیارییەکەی لەلایە و بە شێوەی پێچراو دەیگەیەنێتە گوێگر، هەندێکجار زانیارییەکە دەربارەی کەسێکە، کە لە دەرەوەی گفتوگۆکەدایە. بۆ نموونە:

٢٦- ئایا ڕاستە بەفر باریوە؟ بەڵێ و نەخێر (پرسیاری ڕاستەوخۆ)

٢٧- دەزانم کوێی دێشێ؟ یان (دەزانم شینی چی دەکات؟) (پرسیاری ناڕاستەوخۆ)

لە پرسیاری ڕاستەوخۆی (٢٦)دا وەڵام بە بەڵێ و نەخێر دەبێت، بەڵام لە پرسیاری ناڕاستەوخۆی (٢٧)دا زانیارییەکە لە لای پرسکەر خۆیەتی، بۆیە پێویستی بە وەڵام نییە، بەڵکو بۆی هەیە هەمان پرسیار لەلایەن وەڵامدەرەوە ئاڕاستەی پرسکەر بکاتەوە، بڵێت (کوێی دێشێت؟، یان شینی چی دەکات؟) واتە چییەتی؟ پرسکەر لێرەدا دەبێت بە سەرچاوەی زانیاری گەیاندن.

جگە لە پرسیاری ڕەوانبێژی دەکرێت هەموو جۆرەکانی ڕستەی پرس پشتئەستوور بە وەڵامەکانیان بە سەر دوو کۆمەڵدا دابەشبکرێن (Nelson ٢٠٠٩, ١٠٤)، چونکە پرسیاری ڕەوانبێژی داوای وەڵام لە گوێگر ناکەن، بەڵکو دەیانەوێت چەمکێکی تر بگەیەنن، کە لە بەشی سێیەمدا چەمکەکانی پشت پرسیاری ڕەوانبێژی بە نموونەوە خراونەتە بەرباس.

## ١-٤-٢ پۆلێنکردنی ڕستەکانی پرس بەپێی وەڵامەکانیان:

ڕستەی پرس بە پشتبەستن بە وەڵامەکانیان، بۆ دوو گروپ دابەش دەبن:

### ١-٤-٢-١ پرسیاری ڕاوەرگرتن:

بە وشە پرسەکانی "ئایا و ئەرێ و ئاخۆ" ڕۆدەنرێن و وەڵامەکانیشیان بە (بەڵێ و نەخێر) دەدرێنەوە.

٢٨- ئایا ئۆتۆمبیلەکەت کڕی؟ وەڵامەکەی (بەڵێ و نەخێر)ە.

٢٩- ئەرێ تۆ هاتی بۆ نمایشەکە؟! وەڵامەکەی هەر (بەڵێ و نەخێر)ە، هەرچەندە فۆڕمی (ئەرێ) شێوازێکی نافەرمی قسەپێکەرانی زمانەکەیە.

٣٠- ئاخۆ نەتەوەی کورد بە ئاواتەکانی دەگات؟! هەرچەندە وەڵامەکانی کەمتر (بەڵێ و نەخێر)ە، بەڵکو زیاتر ( لەوانەیە، لەوە ناچێت،...) ببنە وەڵامی ئەم جۆرە ڕستە پرسیارییە، چونکە پرسیارکردن بە ئاخۆ زیاتر گومان لای وەڵامدەر دروستدەکات، هەر لەبەرئەوەشە زۆرجار هێمای ڕامانیش لەپاڵ هێمای پرسیار دادەنرێت، وەک لە ڕستەی (٢٩)دا دەبینرێت.

### ١-٤-٢-٢ پرسیاری زانیاری بەخشین:

پرسیاری زانیاری بەخشین بە هۆی وشە پرسەکانی (کێ و چی و بۆچی/لەبەرچی و کوا و لەکوێ و چەند...... و بۆکێ ، هی کێ...) ڕۆدەنرێن.

٣١- کێ نامەکەی نووسی؟ (پرسکەر داوای ناوی کەسێک دەکات، کە کردارەکەی ئەنجامداوە، ئەویش نووسەری نامەکەیە).

٣٢- چی تۆی هێنا بۆ ئێرە؟! (پرسکەرداوای هۆکاری هاتنی وەڵامدەر دەکات).

٣٣- بۆچی/ لەبەرچی ئەوت نەهێنا؟ (پرسکەر داوای هۆکاری نەهاتنی پرسیارلێکراو لە وەڵامدەر دەکات).

٣٤- ئەوە تۆ لەکوێ بوویت؟ (پرسکەر داوای هۆکاری ئامادە نەبوونی وەڵامدەر دەکات، چونکە درەنگ هاتووە، واتە پرسیارەکە ئاماژەیە بۆ دواکەوتن).

٣٥- کوا کتێبەکە؟ (پرسکەر ڕاستەوخۆ داوای شوێنی کتێبەکە دەکات، واتە دووریی نێوان پرسکەر و وەڵامدەر و چشتەکە کەمترە).

٣٦- ئەم کتێبە هی کێیە؟ (پرسکەر داوای زانیاری لە وەڵامدەر دەکات، بۆ ئەوەی خاوەنی کتێبەکە بدۆزێتەوە.

لە نموونەکانی (٣١ تا ٣٦)وە ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە هەموویان پێویستیان بە زانیارییە لە وەڵامدەر، ناتوانرێت بە (بەڵێ و نەخێر) وەڵام بدرێنەوە، بەڵکو دەبێت زانیارییەکان لەبەر ڕۆشنایی وشە پرسەکان بخرێنە ڕوو.

### ١-٤-٣ مەبەستە سەرەکییەکانی چەمکی پرسکردن:

چەمکی پرسکردن بۆ دوو مەبەستی سەرەکی بەکاردەهێنرێت:

#### ١-٤-٣-١ پرسیاری ڕاستەقینە:

ئەو شێوازەیە، کە پرسکەر(داوای زانیاری) لە وەڵامدەر دەکات، چونکە پێشتر ئەو زانیارییەی لەلا نەبووە، یان بۆچوونی گوێگر لە بەرانبەر شتێک وەردەگیرێت، یاخود دوو بژاردە دەخاتە بەردەمی و ئەویش یەکێکیان هەڵدەبژێرێت، (العماني ٢٠٠٥، ٥) بەم شێوەیە:

أ) پرسیاری ڕاوەرگرتن (بەڵێ و نەخێر) ئایا/ئەرێ/ئاخۆ ، پێتوایە ................. ئاوازە Ø

ب) پرسیاری زانیاری بەخشین (کێ ، چ/چی ، بۆچی/ بۆ ، چۆن ، کەی ، لەبەرچی ، کوا/ لەکوێ ، چەند ، کام

پ) پرسیاری هەڵبژاردن بەهۆی ئامرازەکانی (-یا/ یان- یاخود) ڕۆدەنرێن.

#### ١-٤-٣-٢ پرسیاری خوازەیی/مەبەستدار

ئەو شێوە پرسیارەیە، کە پرسکەر پێویستی بە وەڵام نییە، دەیەوێت گوێگر کردارێک ئەنجام بدات، یاخود ڕستەی پرس چەند مەبەستێکی دیکەی هەیە، لە ڕێی چەمکی پرسەوە چەند کردەیەکی تر دەگەیەنرێت وەک؛ "سەرزەنشتکردن، هەڕەشە، سەرسوڕمان، پێچەوانە" (ڕەسوڵ ١٩٩١، ١٤)، جێخۆشکردن، شانازییکردن، داواکردن، نەرێکردن، هەواڵی و ڕاگەیاندن و بڕیاردان و ئامۆژگاریکرن، هاوکات ڕستەی پرسی ڕەوانبێژی دەچێتە خانەی پرسیاری خوازەییەوە. بۆ نموونە:

"بۆچی هێشتت خۆشم بوێی

کە ئەتزانی،

ڕۆژێ دێ، جێم دیڵی، ئەڕۆی؟" (بەرزنجی ٢٠١٨، ١٠).

هەرچەندە ڕۆنانێکی پرسیاری هەیە، بەڵام ناوەڕۆکی شیعرەکە مەبەستی سەرزەنشتکردنی دڵبەرەکەیەتی، کە بە جێی هێشتووە.

لە ناو هەموو کردەکانیشدا مرۆڤ لەدوواندندا، یان لە کاتی بەیەکگەیشتنی لەگەڵ کەسێکی تردا ڕاستەوخۆ کردەی پرس چالاک دەبێت، کە "زیاتر بۆ خۆنزیککردنەوەو جێخۆشکردنە" (فتاح

٢٠١١، ٣٧) لای وەڵامدەر. واتە "هەر لە چاک و چۆنی و بەیانی باشەوە زمان لەکارادایە لە بەجێگەیاندنی هەموو ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ" (فەرەج ٢٠١١، ٧).

٣٧-أ- (pro) چۆنی؟

ب- (pro) باشی؟

٣٨-أ- من باشم، ئەی تۆ؟

ب- منیش باشم، سوپاس.

ئەگەر لەو دووانـدنەی سـەرەوە وردبببینـەوە، ئەوا ئاسـایی لە نێـوان دوو کەسـدا، کە تـازە یەکتریـان بینیـوە ڕاسـتەوخۆ بە پـرس گفتگۆکردنەکە دەسـتپێکردووە، ئەوەی جێـی سـەرنجە وەڵامەکەش هەر بە پرسیار دراوەتەوە! کە لێرەدا ئاماژەکانی زمانی جەستە لە گەیاندنی چەمک و مەبەستە شاراوەکاندا هاوکار و چالاکن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، لە کاتی بەیەکگەشتنی دوو کەسدا ڕاستەوخۆ کردەی پرس چالاک دەبێت، هەتا لێکجیابوونەوە و ماڵئاواییکردن. بۆ نموونە:

٣٩- سبەی/ دووسبەی کاتت هەیە، بۆ ئەوەی یەکتر ببینین؟

بەڵێ، کاتم هەیە ...

نەخێر ناتوانم، چونکە ....

جگە لەم دەستەواژانەش چەندین پێکهاتەی تر هەن، دەچنە ژێر ڕکێفی جێخۆشکردنەوە، لەوانە؛ سـڵاوکردن بەپێی ئاسـتی ڕۆشنبیری و پەیوەنـدیی نزیکی و دووریی نێوان دوو کەس، دوو هـاوڕێ مـاوەیەکی زۆرە یەکتریـان نەبینیـوە سـڵاوکردنەکەیان کـاتێکی زیـاتر دەخایەنێت، جیاوازە لە دوو هاوڕێ، کە دوو ڕۆژە یەکتریان نەبینیوە (هدسن ١٩٨٧، ٢٢٠).
زمـان بەپێـی سیسـتەمی کـارکردنی دەشـێت ئەو ئەرکـانە لە دەربڕینێکـی زمانیـدا پـێکەوە دەرببڕدرێن. بۆ نموونە:

٤٠- (ئایا) پرسەی کاک (............) لە کوێیە؟

ڕستەی (٤٠) لەڕووی داڕشتەکەیەوە پرس دەنوێنێت، بەڵام لەهەمانکاتدا داواکردنی شوێنی پرسـەکە، وەک وەڵامـی ڕسـتەکە چەمکـی شـاراوەی ڕسـتەکە لەخۆدەگرێت، هاوکـات ڕسـتەکە هەواڵێکی بە گوێگر داوە، کە دەیەوێت پێیڕابگەیەنێت کەسێک مردووە و دەیەوێت لە پرسـەکەیدا ئامادەبێت، چونکە "ڕاستی واتایی لە پرسیارکردندا بریتییە لە داواکردن، یان وەرگرتنی هەواڵ و زانیـاری و تێگەیشـتن لەبـارەی شـتێک، یـان کەسـێک، یـان ڕووداوێـک کە پێشـتر لای قسەکەر/پرسکەر نەزانراو بێت" (أ.علی ٢٠١١، ٣٦٤).


## ١-٤-٤ ڕۆنانی گرێ و ڕستەی پرس:

### ١-٤-٤-١ ڕۆنانی گرێی پرس:

### ١- پارتیکڵی پرس (ئایا، ئەرێ ، ئاخۆ)

ئەم پارتیکڵانە، لە ڕۆنانی پرسیاری ڕاوەرگرتندا دەکەوێتە سەرەتای ڕستەکە و هیچ جووڵەیەکیش ناکەن، جێکەوتەی دیاریکار (.spec) لە پرۆژەی گەورەی وەک گرێی ڕێککەوتن (AGR.P)دا دەگرێت. بۆ نموونە:

٤١-ئایا ئێوە لێرە دادەنیشن؟




وشە پرسەکان، جگە لەو پارتیکڵانەی باسکران، (کە دەبنە سپێکی (Cp) )، لە دوو توێی گرێیەکدا خۆیان دەنوێنن، کە یان دەبنە سەر(X)، یاخود تەواوکەر(y). گرێ قۆناغی بە سینتاکسبوونی ئایتمە فەرهەنگییەکانی زمانە و پێکهێنەرێکی ئاستی سینتاکسە. گرێی پرس ئەو جۆرە گرێیەیە، کە لە ڕووی ڕۆنانەوە بەلایەنی کەمەوە وشەیەکی پرس لەخۆ بگرێت.

### ٢- گرێی ناوی و گرێی دیارخەری (DP) جێناوی پرس (کێ، کام، چی، کامتان، کامیان)

ئەم گرێیە لە جێکەوتەی ناودا پرسیار لە ناوی کەسێک، شتێک، هەڵبژاردنی کەسێک لە نێوان چەند کەسێکدا دەکات، بۆ نموونە:

٤٢-أ-کێ بوو، درەنگ هاتە ژوورەوە؟ - کوڕەکە بوو، درەنگ هاتە ژوورەوە.

ب-ئەوەی درەنگ هاتەژوورەوە، من بووم.

٤٣-ئەوانەی درەنگ هاتنە ژوورەوە، کێ بوون؟ - ئێمە بووین، درەنگ هاتینە ژوورەوە.

لە ڕستەی (٤٢-أ)دا ، کە ڕۆنانێکی ئاڵۆزی هەیە، لە ڕستە سەرەکییەدا (کێ) پرسیار لە کەسێک دەکات، کە لە ڕووی ژمارەوە پرسیار لە تاکێک، کە درەنگ هاتووەتە ژوورەوە، ئەگەر تەماشای هەردوو وەڵامی پرسیارەکە بکەین، لە ڕووی سینتاکسییانەوە جیاوازی لە ڕیزبوونەکاندا هەیە، وەڵامی یەکەم هیچ جووڵەیەکی سینتاکسی ڕووی نەداوە، بەڵام لە وەڵامی دووەمدا پاڕستەکە هێنراوەتە پێشەوە، کە هیچ گرفتێکی واتایی دروست نەکردووە، تەنیا ئەوە نەبێت دواخستنی وەڵامی شاڕستەکە بە مەبەست بووە، بۆ ئەوەی هەندێک لەو بارە گرانەی سەرشانیان کەمتر ببێتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە هەرچەندە گواستنەوەی خورتی گرێکان لە زمانی کوردیدا ڕوونادەن، تەنیا لە هەندێک ڕستەی ئاڵۆزدا پاڕستەکە لەگەڵ شاڕستەکەدا پاش و پێش دەکەن. وەک ڕستەی شوێنکەوتووی ناوی بەرکاری و پاڕستەی جێگری بکەر، کە لە تیۆری (دەسەڵات و بەستنەوە)دا دەخرێنە ڕوو. هاوکات پرسکەر بییەوێت پرسیار دەربارەی زیاتر لە یەکێک بکات، ئەوا بەهۆی ئامرازی بەستنەوە(coordinate)ی (و) دووبارەکردنەوەی (کێ) وەکو (-کێ و کێ بوون، کە درەنگ هاتنەژوورەوە؟) دەکرێت وەڵامەکە بۆ دوو کەس بێت، بۆ نموونە (ئازاد و نەوزاد بوون،...)، بەپێی دووبارەبوونەوەی (کێ)، ژمارەی کەسەکان زیاد دەبن، ئەمەش زۆر لە سەر پرسکەر دەکەوێت، لەبەرئەوە ئەگەر بییەوێت پرسیار لە زۆرترین ژمارە بکات، ئەوا ڕستەی (٤٣) لە بری جێناوی پرسی (کۆ) بۆ نموونە دەڵێت: (ئەوانەی درەنگ هاتنە ژوورەوە، کێ بوون؟)، واتە بەهۆی بەکارهێنانی جێناوی ڕێککەوتنی کۆی ئاماژەوە، کە لەگەڵ جێناوی ڕێککەوتنەکەدا هاوئاماژەن و مەبەستی پرسکەر وەرگرتنی زانیارییە دەربارەی کەسەکان. ئەگەر بیەوێت ژمارەکانیان وەربگرێت، ئەوا دەتوانرێت بە هۆی ئاوەڵناوی ژمارەی چەندێتییەوە ڕستە پرسیارییەکە سازبکرێت، بۆ نموونە (چەند کەس بوون، کە درەنگ هاتنەژوورەوە؟).

٤٤-تۆ چ/چی دەخوێنیتەوە؟ من کتێبی ڕێزمان دەخوێنمەوە.

٤٥-کامیان خوێندکاری بەشی کوردییە؟ ئەو خوێندکارەی کە کراسێکی سپی و پانتۆڵێکی ڕەشی لەبەردایە.

ڕستەی (٤٤) (چ/چی) پرسیار لە ناوی شتێکی بێ گیان دەکات، لە جێکەوتەی بکەر/ئامراز و بەرکاریدایە و هیچ جووڵەیەکی سینتاکسی ئەنجام نەداوە. ڕستەی (٤٥) پرسکەر بەهۆی

جێناوی پرسی ئاماژەی (کامیان) لە ناو چەند خوێندکارێکدا دەیەوێت ئەو کەسەیان بناسێت، کە خوێندکاری بەشی کوردییە.


سەرHead و تەواوکەر complement لە پێکهاتەی ئەم گرێیانەی سەرەوە، لەگەڵ جۆرەکانی تری گرێ لە زمانی کوردیدا هاوشانە، واتە لە گرێی ناویدا سەر ناوە، یان جێناوە، وشە پرسەکان لە گرێی ناوی پرسیاریدا لە جێکەوتەی ناو، یان جێناو دێت. بۆ نموونە:

٤٦- تۆ کێی من دەناسیت؟


(کێی من) گرێیەکی ناویی پرسیارییە، وشەی پرسی (کێ) سەری گرێکەیە و (من) تەواوکەرە.

٤٧-کێ و کێ هاتوون؟

گرێ ناوییەکەی دوو وشەی پرسە، کە هەردوکیان دەبنە سەری دوو گرێ، بە هۆی بەستەری (و) پێکەوە بەستراون، کردارەکەش بەپێی ژمارە لەگەڵ گرێ ناوییەکەدا ڕێککەوتووە.





٤٨- باوکی کێ پزیشکە؟ کێ باوکی پزیشکە؟




گرێی ناوی لە ڕستەی (٤٨)دا پاشوپێش خراوە، کە دەشێت بە مەبەست (کێ) بهێنرێتە پێشەوە، وەک ئەوەیە بڵێ وانییە.

٤٩- (pro)_سوودت لە کام کتێب بینیوە؟



گرێ دیارخەرییە پرسیارییەکە، لە جێکەوتەی بەرکاردایە و وشە پرسەکە، وەک سەری گرێ لە پێش ناوەکەوە هاتووە.

هەندێک جاریش، پاش و پێشخستنی وشەی پرس، بۆ واتا و مەبەستێکی دیاریکراو ئەنجام دەدرێت. بۆ نموونە:

٥٠- (pro) کتێبێکی چۆنت بۆ بکڕم؟ (لێرەدا جۆری کتێبەکەی مەبەستە)

٥١- چۆن (pro) کتێبێکت بۆ بکڕم؟ (داوای ڕێنمایی لە وەڵامدەر دەکات)

لە ڕستەی (٥٠)دا (چۆن) دیارخەری ناوی (کتێب)ە، بەڵام لە ڕستەی (٥١)دا تیشک خراوەتە سەر (چۆن) و هێنراوەتە پێشەوە، بۆیە وەک ئاوەڵکردارێک دەرکەوتووە.

## ٣- گرێی ئاوەڵناوی پرس ( چەند ... ،

٥٢-چەند کەس لە هۆڵەکەدا بوون؟ ٥٠ کەس...

١) گرێی ئاوەڵناوی پرس/ چەند دانە ، چەند کیلۆ ، چەند جار ، ... .

پێکهاتەی ئەم جۆرە گرێیە وشەی پرس دەکەوێتە سەرەتا و تەواوکەرەکەی، کە ناوێکە دەکەوێتە پاش وشە پرسەکەوە. بۆ نموونە:

٥٣-چەند سێو لەڕۆژێکدا بەسوودە؟

٥٤- کام خانووەماڵی ئێوەیە؟ ئەو خانووەی سەرسووچەکە ماڵی ئێمەیە.

هەموو وشە پرسەکانی ئەم ڕستانەی سەرەوە ڕۆڵی ئاوەڵناویان بینیوە، بۆیە بە گرێی ئاوەڵناوی پرس دادەنرێن. [دیارخەر + دیارخراو]

**٤- گرێی ئاوەڵکردار (ئەدڤێربڵ)ی پرس** (کەی ، چۆن، کوا، لەکوێ، بۆ/ بۆچی ، بە چی ، بە چەند ، لەکوێ، لەبەرچی، پێتوایە، پێتوانییە؟

گرێی پێشناویی بەهۆی پێشناوێک و وشەیەکی پرسەوە دروست دەبێت و پێکەوە دەبنە تەواوکەری کرداری (بوون)ی ڕستە پرسیارییەکە.

٥٥- تۆ کەی دەچیت بۆ گەشت؟ - کەی تۆ دەچیت بۆ گەشت؟ (مەبەستەکە پێچەوانە دەبێتەوە، واتا تۆ ناچیت بۆ گەشت.)

٥٦- مامۆستا گۆران لە کوێیە؟ - کوا مامۆستا گۆران ~~لەکوێیە~~؟

٥٧-خوێندکارەکان لە کوێن∅؟ - کوان خوێندکارەکان ~~لەکوێن~~؟

٥٨-تۆ بۆچی ناخوێنیتەوە؟ - بۆچی تۆ ناخوێنیتەوە؟

ڕستەکانی (٥٥-٥٨) پرسیار لە (کات و چۆنێتی و شوێن و هۆ)ی ڕوودانی کردار دەکەن و ڕۆڵی ئاوەڵکردارییان هەیە، ئاوەڵکرداریش، لایەنێکی کردارەکە دەخەنەڕوو، بەپێی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و لە تیۆری دەسەلات و بەستنەوەدا بە گرێی کرداریییەوە هەڵدەواسرێن، واتە شوێنێکی جێگیریان نییە، هەر لەبەر ئەوە لە شوێنی خۆیان دەجوڵێن، کۆپی لە شوێنی خۆیان بەجێناهێڵن، جگە لە ڕستەی (٥٦ و ٥٧) دا (لەکوێیە/لەکوێن) بووەتە کۆپی (کوا/کوان).

**٥- گرێی کرداری پرسی (کێیە ، کێن ، کێ بوو ، چییە ، ... چیØ ،**

٥٩-ئەو پیاوە کێیە؟

٦٠-ئەو شتە چییە؟

٦١-ئەو کارە بە من چی؟ [لە بنەڕەتدا چی هەیە » چیØ؟]

ڕۆنانی گرێی کرداری بەهۆی تەواوکەرێک، کە وشە پرسەکانن و دەبنە تەواوکەری کرداری (بوون) ی ڕستەکە، کە سەری گرێ کرداریيە پرسیارییەکەن.

**١-٤-٤-٢ ڕۆنانی ڕستەی پرس:**

**١- ڕستەی سادەی پرس:**

ڕستەی سادە ئەو ڕستانەن، کە تاکە کردارێکیان تێدایە. ڕستەی پرسیش بەهەمانشێوە، ئەو ڕستەیەیە، کە بەلایەنی کەمەوە یەک کردار و وشەیەکی پرسی تێدایە، (هەندێک جاریش دوو وشەی پرس لەخۆ دەگرێت)، لەکۆتاییشدا نیشانەی (؟) پرس دادەنرێت.

٦٢- (ئایا) تۆ کتێب دەخوێنیتەوە؟

٦٣- (ئایا) تۆ چ کتێبێکت بە لاوە باشە؟

٦٤- کێ هات؟

٦٥- چەند کتێبت کڕی؟

٦٦- چۆن هاتیت؟

هەریەک لەو ڕستانەی سەرەوە لە ڕووی ڕۆنانەوە ڕستەیەکی سادەن و یەک کرداریان تێدایە، هەر یەکەشیان پرسیار دەربارەی شتێک، چەمکێک (زانیارییەک) دەکات.

## ٢- ڕستەی لێکدراوی پرس:

ئەم جۆرە ڕستەیە، بەلایەنی کەمەوە دوو ڕستەی هاوسەنگ، یان پێچەوانە لەخۆدەگرن، بەهۆی یەکێک لە ئامرازەکانەوە بەیەکەوە دەبەسترێنەوە:

٦٧-کێ کردی و کێ خواردی؟!

٦٨- دوێنێ چەند کەس لێرەبوون و چەند کەسیش نەهاتبوون؟

٦٩- بۆچی هەندێکتان تێبینییەکان نانووسن، لەکاتێکدا من وانەکەتان بۆ ڕوون دەکەمەوە؟

٧٠- کێ شوێنەکەمی گرت، خۆ هێشتا زیندووم؟

ڕۆنانی ڕستەکانی سەرەوە لێکدراون، ڕستەی (٦٧) پرسیارێکی خوازەییە، داوای وەڵام لە گوێگر ناکات، بەڵکو دەیەوێت ڕاستییەکی نیشان بدات بۆیە ڕامانیش دەگەیەنێت. هاوکات هەریەک لە ڕستەکانی (٦٨ و ٦٩ و ٧٠) پرسیاری ڕاستەقینەن و داوای زانیاری دەکەن.

## ٣- ڕستەی ئاڵۆزی پرس:

ئەو جۆرە ڕستانەن، کە لە دوو ڕستەی ناهاوسەنگ پێکدێن، یەکێکیان سەرەکییە (شاڕستە)، کە کردارە سەرەکییەکەی تێدایە، ئەوی تریشیان شوێنکەوتەکەیەتی (پاڕستە)، کە لایەنێکی ئەرکی و واتایی ڕستە سەرەکییەکە تەواو دەکات.

٧١- کێ دەڵێت: کە کورد شیاوی دەوڵەتداریی نییە؟

٧٢- کام خوێندکارەیە، کە لە وانەکەی ئەمڕۆ تێنەگەیشتووە؟

٧٣- چۆن بوو، تەلەفونت نەکرد؟

هەریەک لە ڕستەکانی (٧١ و ٧٢ و ٧٣) ڕۆنانێکی ئاڵۆزیان هەیە و پرسیاری ڕاستەقینەن و داوای زانیاری دەکەن.

## ١-٥ گرێی پرس بەپێی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە (G.B)

کەرەستە پێکهێنەرەکانی ڕستە بەپێی قاڵبی ڕستەی زمانەکان جێگیردەکرێن. لەم ڕوانگەیەوە لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا قاڵبە ڕێزمانییەکان بە وشەی فەرهەنگیی پڕدەکرێنەوە و یاساکانی گواستنەوەش ڕێگا بە جووڵان و زیادکردن و لابردنی کەرەستە دەدەن، پرسکردنیش وەک ئەرکێکی بەربڵاوی زمانە، لە گەشەی ئەم ڕێبازەدا جێگەی خۆی هەیە، بە تایبەت لە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا (ا.قادر ٢٠١٧، ١٢٩).

زمان، کە هۆکاری بنجیی فێربوونە، هەروەها ڕێکخەری پەیوەندییەکانی تاکەکانی کۆمەڵە، خودی فێربوون توانستێکی گشتیی مرۆڤەکانە، لەگەڵ بوونی جیاوازی لە نێوان تاکەکاندا بە واتا مرۆڤ هەر لە منداڵییەوە توانستەکەی لەگەڵیدا گەشە دەکات، بەپێی تەمەن و ڕەگەز و ئاستی هوشیاری و تێکەڵاوی لە ناو کۆمەڵدا، فەرهەنگی زمان و یاسا ڕێزمانییەکانی لە ئاوەزیدا، چالاک دەبێت.

هەموو ئەم کردانەش بۆ هاتنە ئارای ڕێباز و قوتابخانە جیاوازەکانی بواری زمانەوانی هۆکاربوون، لەم ڕوانگەیەوە لێکدانەوەی گرێی پرس لە ڕووی بونیاد و تێگەیشتنی تەواو شیکار دەکرێت، شرۆڤەکردن لەم بوارەدا پەیوەست دەبێت بە ڕێباز و تیۆرە جیاوازەکانی لێکدانەوەی پێکهاتەی ڕستە و واتای هەڵهێنجراو، بێگومان ڕستە وەک فۆرمێکی سەربەخۆ لە ڕووی ڕێزمانییەوە دەچێتە چوارچێوەی دەق، یان وتووێژێکەوە، کە تێیدا ئەرکە جیاوازەکانی زمان دەستەبەر دەبێت (فتاح ٢٠١١، ٩).

### ١-٥-١ سینتاکسی گرێی پرس:

ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە قوتابخانەیەکی زمانەوانییە. لە ساڵی (١٩٥٧)ەوە، کە سەرەتاکەی بە ڕۆنانە سینتاکسییەکان دەستپێدەکات، بەرەو تیۆری ستاندەرد هەنگاوی ناوە، تیۆری ستاندەردی فراوانکراو و پێداچوونەوە بە هەمان تیۆر، دواتر گۆڕانکاری و پێشخستنی لە ساڵی (١٩٨١) لە چوارچێوەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە (Government and Binding، کە یەکێکە لە تیۆرە گرنگەکانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و بەپێی تیۆری (X_Bar) ، کە لێکدانەوە بۆ ڕۆنانە سینتاکسییەکان بە شێوەیەکی ورد و درشت دەکات. ئەم تیۆرە گریمانەی ئەوە دەکات، کە "هەموو کەتیگۆرییەکی فەرهەنگ، یا لێکسیک، هێمای $X^{o}$ ی بۆ دادەنرێت، لە سەرێک Head و تەواوکەرێک Complement، لەگەڵ دیاریکارێک Specifier پێکدێت" (دزەیی: ٢٠١٣، ١٠٨). دەسەڵات و بەستنەوە تیۆرییەکی سینتاکسییە، کاری سەرەکیی تیۆری ئێکسبار لە سینتاکسدا ئەوەیە، تایبەتمەندییە گشتییەکانی ڕۆنان و پێکهاتەی گرێ

(phrase)ی زمانەکان بە شێوەیەکی گشتیی و لە یەک ڕووکاری ئاساییدا بخاتەڕوو، لە چوارچێوەی بنەماکانی زمانەوانیی گشتییدا (Language Universal)، کە لە ڕێی یاسایەکی گشتییەوە کاربکات و ڕۆنان و پێکهاتەی گرێکان ڕاڤە بکات.

بۆ دەرخستنی پۆلە فەرهەنگییەکانی گرێیەک، کە لە سەر (Head) و تەواوکەر (Complement) پێکدێت، لای ڕاست، یان چەپ دیاریدەکات. ئەم زانیارییانە بە زمانێکی دیاریکراوەوە تایبەت نین، بەڵکو لەگەڵ زماندا دەگونجێن و پاش لێکدانی پارامێتەری سەر و ڕیزبوونی هەریەک لەو نواندنانە دەردەکەوێت، واتە دەزانرێت (.Spec) و سەر و تەواوکەر چۆن ڕیزدەکرێن. ئامانجی سەرەکیی ئەم تیۆرە ڕۆنانی پێکهاتە سەرەکییەکانی ڕستەیە، کە بە شێوەی دوو پەلکی (Binary) شیکاردەکات.

تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە GB و وانەکانی دەسەڵات و بەستنەوە LGB لە ئاکامی ئەو چاکسازی و گۆڕانکارییانە، لە ساڵەکانی (١٩٦٥ و ١٩٨٠ و ١٩٨١)دا چۆمسکی، کە لە هەردوو کتێبی وانەکانی دەسەڵات و بەستنەوەدا لە ساڵی (١٩٨٢) خستویەتیەڕوو، کە لە کۆمەڵێک تیۆریی پێکهاتووە ... بەپێی بنەماکانی GB، ڕستە لە "سێ ئاستی ڕۆنان (دروستە)یی سەرەکیی پێکهاتووە: ڕۆنان (دروستە)ی قووڵ (بنەڕەت) DS و ڕۆنان (دروستە)ی ڕووکەش SS و فۆڕمی لۆژیکی LF " (مەحوی ٢٠١٠، ١٨).

ئەگەر لە ماوەی نێوان ساڵەکانی (١٩٥٧ – ١٩٩٣) لە قۆناغی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە وردببینەوە، ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە دوو جۆر سەری گرێ دەستنیشانکراون، یەکەمیان لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە تا قۆناغی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە سەری گرێکان فەرهەنگین و واتا دیارخراو دەبووە سەری گرێ، بۆ نموونە دیارخراو لە گرێی ناویی دەبوو ناوێک بێت، کە پێیدەگوترا گرێی ناویی، بۆ گرێی ئاوەڵناوییش سەری گرێکە دەبوو ئاوەڵناوێک بێت پێیدەگوترا گرێی ئاوەڵناویی، ...هتد. دووەم لە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەوە دەستپێدەکات هەندێک لە سەرەکان دەبنە سەری ئەرکی واتە ئەرکی لە ناو ڕۆنانی گرێکەدا دیارخەر بێت، وەک؛ (ناسراوی ، و نەناسراوی و کۆ و بانگکردن)، یاخود دیارخەرەکانیان ئاوەڵناوی نیشانەیە، لەبەرئەوە DP لەبری NP بەکارهات، یان ئاوەڵناو، کە وەک دیارخەر دەبێتە سەری گرێی ئاوەڵناویی AP .[٣] ئەمەش لە پێشەکی تێزی دکتۆرای (Abney ١٩٨٧) دا ئاماژەی پێدراوە و پشتگیریی گریمانەکەی کردووە.

---


[٣]. واتە DP لە سەرەتای تیۆرەکانی ڕێزمانی بەرهەمهێناندا بە NP ناودەبرا، بەڵام لە دوای سەرهەڵدانی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا ئەو NPیانەی دیارخەرەکانیان؛ ناسراوی و نەناسراوی و کۆ و بانگکردن و ئاوەڵناوی نیشانە بن، وەک (ئەو کوڕە، کوڕەکە ، کچێک، پیاوان، کچێ ...) ئەوا وەک DP ناسێنرا. هەرچی AP یشە؛ ئەو NPیانەی ئاوەڵناوێک ببێتە دیارخەری ناوێک ئەوا دەبێتە گرێی ئاوەڵناویی AP. وەک (گوڵی سوور، کوڕی زیرەک ....هتد).

## ١-٥-٢ گرێی پرسیاری بەپێی (وەچە) تیۆرەکانی دەسەڵات و بەستنەوە:


### ١-٥-٢-١ تیۆری ئێکسبارِ :

ئێکسبارِ (X-bar) بنەمایەکی گرنگی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەیە، کە پێکهاتووە لە سەرێک، کە ئەرکێکی سینتاکسی لە ڕستەدا دەبینێت، سەرەکانیش بریتین لە یەکەی فەرهەنگی و ئەرکی، وەکو (N°, V°, P°, A°, D°)[4] ئێکسبارِ "وەک مۆدێلێکی ڕێزمان بۆ پێکهاتەی گرێ، لە ڕێی ڕۆنانە سینتاکسییەکانەوە زانیاریی سینتاکسیی فۆرمێکی فەرهەنگی دەخاتەڕوو". بڕوانە (ا.قادر ٢٠١٧، ١٣٧) و (سەعید ٢٠٢٠، ١٠٣-١٠٤) هەروەها "تیۆرەکە لە ئاستی پرۆژەسازاندا (Projection Principle) بۆ گرێ (فریز) و لە ئاستی ڕێسای پرۆژەسازدانی فراوانکراویشدا ((Projection Principle Extended یشدا بۆ ڕستە پراکتیزە کراوە ... ئەو کەرەستە فەرهەنگییانەی پرۆژەیان پێسازدەدرێت بە (X°) ناو دەبرێت" بڕوانە (ب.مەعرووف ٢٠٢٠، ٩)، (مقدم ١٣٨٩، ٤٤٧)، لێرەدا تەنیا پرۆژەی گرێ (فریز) پێشنیازکراوە و لە داهاتوودا پرۆژەی گەورەتری وەک ڕستە گەڵاڵە دەکرێت. پێکهاتەی گرێ و ڕستەکان بە شێوەی درەختی لە سەرەوە بۆ خوارەوە بەشێوەی دووپەلکی دابەشدەبێت (یول ٢٠١٤، ١٣٩-١٤٤).

٧٤- [ [کام خوێندکار] [لە وانەکاندا] [سەرکەوتوو بووە؟]] ]




٧٥- [ [ئەو کتێبە] [هی کێیە؟] ]




[4]. جگە لەم سەرە فەرهەنگییانە، سەری ئەرکیش هەن، کە بریتین لە؛ (T°, Agr°, C°) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (ب.مەعروف ٢٠٢٠، ١٠).

## ١-٥-٢-٢/ تیۆری دۆخی ڕێزمانی و ڕۆڵی واتایی (ثیتا):

زاراوەی دۆخ ئاماژە بۆ فۆڕمە جیاوازەکانی گرێیەکی ناویی و هەندێک جاریش بۆ پێکهێنەرەکانی تری وەک گرێی ئاوەڵناویی دەکات و دەوەستێتە سەر ئەرکە ڕێزمانییەکانی "گرێ". (محەمەد: ٢٠٠٩، ١٨٧)، واتە دۆخی ڕێزمانی، پەیوەندیی سینتاکسی نێوان سەر و تەواوکەرە. هەموو زمانێکیش سیستەمێکی دۆخی تایبەت بەخۆی هەیە، لە هەندێک زماندا مۆڕفیمی دۆخەکە دیارە، وەک ئەڵمانی و ڕوسی و عەرەبی ...هتد، لە هەندێک زمانی تریشدا دۆخ نادیارە، وەک کوردی و فارسی و ئینگلیزی ...هتد (محەمەد: ٢٠٠٩، ١٨٨).

پاشگری دۆخ، یان نیشانەی دۆخ، بەشێک لە پەیوەندییە سینتاکسییەکان دەگرنەئەستۆ، کە ئاماژەن بۆ پەیوەندیی سینتاکسیی سەر و تەواوکەرەکان، دەشێت بەهۆی ئەو نیشانانەوە کەرەستە ڕیزبووەکانی ناو ڕستە گۆڕانکاریی تێیاندا ڕووبدەن. "میکانیزمی پێدانی دۆخ لە نێوان زمانەکاندا پەیوەست بە دەرکەوتنی نیشانەی دۆخەوە جیاوازە، هەروەک لە هەندێک زماندا بە شێوەی ئەبستراکت و لە هەندێکی دیکەشدا مۆرفۆلۆژییانە نیشانەدەکرێت" (سەعید ٢٠٢٠، ٨٤)، لە زمانی کوردیدا هیچ نیشانەیەک، یان پاشگری دۆخ بەرچاو ناکەوێت. هاوکات لە زمانی کوردیدا نە نیشانە و نە پاشگری دۆخ بوونی نییە. ڕۆنانی گرێکانی بەپێی تیۆری (X-bar)، کە لە (X , y) پێکدێت، واتە یەکێکیان سەر و ئەویتریان تەواوکەرەکەیەتی، سەرەکانیش حوکمی تەواوکەرەکانیان دەکەن و هەر سەرێکی ڕێزمانیی (دۆخدەر) تەنها یەک دۆخ بە تەواوکەرەکەی دەدات (مەحوی ٢٠١٠، ٤٥) و (سەعید ٢٠٢٠، ٨٧)، دوو جۆر دۆخ بوونی هەیە، یەکەمیان دۆخی ناڕۆنانی (بنجی و فەرهەنگیی) و ئەویتریان دۆخی ڕۆنانییە، ئەوەی لێرەدا مەبەستە، دۆخی ڕۆنانییە، کە بریتین لە:

### ١- دۆخی ڕێزمانیی بکەری (Nominative case)

لە لایەن کرداری کات و کەسدارەوە V′ بە گرێی ناوی دەدرێت، جێکەوتەی بکەری پڕدەبێتەوە (أ.مەعروف. ٢٠٠٩، ١٠).

٧٦- <u>کێ</u> کتێبەکە<u>ی</u> <u>خوێندەوە</u>؟

i i

بکەر/کارا ڕێککەوتن کات

لە ڕستەی (٧٦)دا ئەو کەسەی کارەکەی ئەنجامداوە (+تاک ، +زیندوو+مرۆڤ)ە، هاوکات گرێ کردارییەکەش (خوێندەوە) دۆخی بکەری بە (کێ) داوە، کە وەڵامەکەشی بەهەمان مۆڕفیمی ڕێککەوتن دەبێت. وەک؛ (ئازاد/ئەو بوو. واتە- <u>ئازاد</u>/ئەو کتێبەکە<u>ی</u> خوێندەوە.-)، یاخود کەسی پرسیارلێکراو وەڵامبداتەوە بڵێ (من بووم. واتە -<u>من</u> کتێبەکە<u>م</u> خوێندەوە.).

## ٢- دۆخی بەرکاری

دۆخی بەرکاریی وشە پرسەکان، کە لە ڕەگی کردارەوە V° دۆخی بەرکاری Accusative Caseی پێدراوە لە لایەن پرسکەرەوە بۆ وەرگرتنی زانیارییە، لە سەر دۆخوەرگر، کە وشە پرسەکەیە و بووەتە بەشێک لە (V″)، ڕێککەوتنی لەگەڵ کاراشدا کردووە.

٧٧- نازدار کێی بینی؟
i i
بەرکار

٧٨- ئەو کامیانی هەڵبژارد؟
i i

لە هەردوو ڕستەی (٧٧) و (٧٨) دا لە لایەن ڕەگی کردار (V°) ەوە دۆخی بەرکاری بە گرێ پرسەکان دراوە.

## ٣- دۆخی خستنەسەر (Genitive Case)

لە لایەن تەواوکەر، کە ناو یان جێناوێکە دەکەوێتە دوای ئامرازی خستنەسەرەوە، دۆخی خستنەسەر دەدات بە وشە پرسەکەوە ( Black١٩٩٨، ٣٧).

٧٩- تۆ چیی منیت؟

٨٠-کامە نووسەر بەناوبانگە؟ (چ نووسەرێک بەناوبانگە؟)[٥]

دۆخی خستنەسەر لە هەردوو ڕستەی (٧٩) و (٨٠) دا، لە چەپەوە دراوە، بە کەرەستەی پێش خۆی، کە گرێ، یاخود وشە پرسەکەیە.

## ٤- دۆخی بەرکاری ناڕاستەوخۆ (Dative Case)

لە لایەن پێشناوەکانەوە دۆخی بەرکاری ناڕاستەوخۆی بە ناوەکانی پاش خۆیانەوە دەدرێت، بۆ نموونە:

---


[٥]. هەردوو ڕستە پرسیارییەکە لە ڕووی ڕۆنانەوە جیاوازن، هەرچی وشەی پرسی (کامە) بێت ئەوا (نووسەر/دیارخراو) مۆرفیمی /-ێک/ وەرناگرێت، وشەی پرسی (چ/چی) هەمیشە ناوی پاشخۆی (واتە دیارخراوەکەی) مۆرفیمی /-ێک/ی نەناسراوی وەردەگرێت، بەڵام لە ڕووی واتاییەوە هەردوو ڕستەکە نزیکن، ئەوەی لە یەکتریان جیا دەکاتەوە- ئەوەیە (کامە) هەڵبژاردنی نووسەرێکە لە ناو چەند نووسەرێکی تردا، هەرچی (چ/چی)یە لەناو هەموو نووسەراندا تەنیا نووسەرێک بەناوبانگە.

٨١- تۆ <u>بۆ کوێ</u> دەڕۆیت؟

ئامانج (ڕۆڵی بابەتانەیە)

٨٢- ئەو <u>لەگەڵ کێ</u> نانی خوارد؟

بەرکاری ناڕاستەوخۆ




پێدانی دۆخ لە زمانی کوردیدا جگە لە گرێ پێشناوییەکان و هەندێک ڕۆنانی تری گرێ وەک ئاوەڵناوی نیشانە (لە ڕاستەوە بۆ چەپە)، بەڵام لە زۆربەی گرێکانی تری زمانی کوردیدا لە چەپەوە بۆ ڕاستە (ب.مەعروف ٢٠٢٠، ٣٢).

سێتاتیۆری Θ ، بە یەکەیەکی ناو چوارچێوەی تیۆری پرەنسیپ و پارامیتەرەکانP&P دادەنرێت، (کە زیاتر لەبری ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە ناودەبرێت)، بە هاوشانی تیۆری دۆخ دادەنرێت و پێکەوە پەیوەندیی نێوان سینتاکس و سیمانتیک ڕووندەکەنەوە (Kasper ٢٠٠٨, ٦٤)، بەوەش لە تیۆری دۆخ جیادەکرێتەوە، کە ئارگومێنت دەربڕی ڕۆڵی بابەتانەیە...واتە ئارگومێنت پێویستی سیمانتیکی تێرکردن و پڕکردنەوەی جێکەوتە بۆشەکانی پریدیکاتە (سەعید ٢٠٢٠، ٥٦).

لە تیۆری GBدا پێدانی ڕۆڵی واتایی لە لایەن کردارەوە بە ئارگومێنتەکانی پێش خۆی لە دروستەی قوولدا دەبێت. بەپێی ئەم پێوەرە ئەگەر ئارگومێنتێک زیاتر لە ڕۆڵێکی سێتا وەربگرێت، ئەوا لادانە لە تێۆرەکە و ئەنجامەکەشی ڕستەکە نادروست دەبێت (قادر: ٢٠١١، ٥٥).

٨٣- <u>چی</u>/ <u>بەردەکە</u> پەنجەرەکەی شکاند.؟ (ئامراز)

لە ڕستەی (٨٣)دا شتێک لە جێکەوتەی بکەردایە و بووەتە هۆکارێک کاری کردووەتە سەر کارتێکراو (پەنجەرەکە) و دواتر ڕووداوەکەی بەسەردا هێناوە.

٨٤- ئاری کتێبەکەی بە<u>کێ</u>/<u>ئاوات</u> بەخشی.؟ (سوودوەرگر)

لە نموونەی (٨٤)دا تەنیا یەک ڕۆڵی واتایی بە هەر یەکێک لەو ئارگومێنتانە بەخشراون. هەرچی گرێ پرسیارییەکەیە بە سوودوەرگر دادەنرێت.

## ۳-٥-۱ / گواستنەوەی وشەی پرس لە کارەکانی پێشووتردا:

پرۆسەی گواستنەوە بە چوار قۆناغی بنەڕەتیدا دەڕوات، لە قۆناغی یەکەمدا لە لایەن توانستە زمانییەکەی تاکەوە وەردەگێڕدرێت، ئەم قۆناغە بنەڕەتییە، لە ڕۆنانی قووڵدا پێکدەهێنرێت و یاسای گشتگیر حوکمیدەکات. لەقۆناغی دووەمدا هەڵبژاردنی وشەکان لە پێکهاتە سینتاکسییەکانەوە دەستپێدەکات و لەلایەن ڕێسای فەرهەنگیی Lexical rule ەوە حوکمدەکرێت. لە قۆناغی سێیەمدا ڕۆنانە قووڵەکە بەهۆی وشەکانەوە بۆ ڕۆنانی ڕووکەش دەگوێزرێتەوە، بە ڕێسای گواستنەوە Transformational rule حوکمدەکرێت. لە قۆناغی چوارەم و کۆتاییدا ڕۆنانی ڕووکەش بەهۆی دەنگەکان(قسەکردن) ەوە وەردەگێڕرێت، لێرەشدا بە ڕێسای مۆرفۆفۆنەمیکMorphophonemic rule حوکمدەکرێت (عمامة ۱۹۹٦، ۱۱۲).

هەرچەندە زۆرینەی گواستنەوەکان لە نێوان هەردوو ڕۆنانی قووڵ و ڕۆنانی ڕووکەشدا ڕوودەدەن و دواتر ڕۆنانی ڕووکەش بۆ هەردوو تیرەی فۆڕمی لۆژیکی و فۆڕمی فۆنەتیکی، واتە فۆڕمی لۆژیکیی بەرپرسە لە دەربڕاوی لۆژیکی. دەبێت فۆڕمی فۆنەتیکی بەرجەستەی لۆژیک بکات. کەواتە فۆڕمی لۆژیکی لە ڕۆنانی ڕووکەشەوە وەردەگیرێت و دەنوێنرێت و دەخرێتەڕوو. بەم جۆرە فۆڕمی لۆژیکی ئاستێکە، کە نواندن و داڕشتەی سینتاکسیی ڕستەیەک و واتاکەی بەیەکەوە گرێدەدات (مەحوی ۲۰۱۰، ۲۰).

ڕستەی پرس لەم تیۆرەدا لە لایەن زمانەوانانی کوردەوە قسەی بەرچاوی لە سەر کراوە، هەندێکیان لە چوارچێوەی کارەکەیاندا سەبارەت بە گواستنەوەی گرێی پرس، لە ڕوانگەی سیستەمی زمانی ئینگلیزییەوە دەڕواننە گواستنەوەی وشەی پرسی زمانی کوردی، بەمەش، ڕاستەوخۆ بڕیاری بریندارکردنی بنەمایەکی گرنگیی تیۆری (دەسەڵات و بەستنەوە) لە زمانی کوردیدا دەدەن.[٦] هەندێکیشیان پێیانوایە قەرەبووکردنەوەی ئەو بنەمایە لە ئاستی لۆژیکیدایە و بەهۆی فۆکەسەوە دەگوێزرێتەوە بۆ سەرەتای ڕستە[٧]، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا ڕستەی پرسیاری، شێوە داڕشتنی بۆ دەکرێت بەهۆی گواستنەوەی ئاشکرای گرێ پرسیارییەکانەوە بۆ Spec ی CP.

ئەمانەش نموونەی چەند بۆچوونێکن، لە سەر گواستنەوەی گرێی پرس لە زمانی کوردیدا:

---

[٦]. بڕوانە (مەحویی. ۲۰۰۱) و (قادر. ۲۰۰۹).
[٧]. بڕوانە (ک.قادر ۲۰۰۸) .

**١/** (ئەبوبەکر عومەر قادر) لە نامەی ماستەرەکەیدا، بە ناونیشانی (پرسیار لە زمانی کوردیدا)، دەڵێت: لە ڕستەی پرسیاردا جێگۆڕکێی دانە پێکهێنەرەکان کەمتر ڕێگەی پێ دەدرێت، کە پرسیار بۆ یەک مەبەست بێت،[٨] وەک:

٨٥-أ- "کێ دەچێت بۆ قوتابخانە؟

*ب- بۆ قوتابخانە کێ دەچێت؟

* پ- دەچێت بۆ قوتابخانە، کێ؟ " (أ.قادر ١٩٩٣، ٧).

بەڵام لە گرێی پرسی (کوا)دا دەڵێت : "تەنیا کاتێ بۆ پرسیارکردن لە شوێن بەکاردێت، کە کاری ڕستەکە (بوون) بێت بۆ ئیستا" (أ.قادر ١٩٩٣، ٥٩)، ئەم نموونانەشی بۆ هێناوەتەوە:

٨٦-أ- کوا کتێبەکە؟

ب- کتێبەکە لە کوێیە؟

پ- منداڵەکان کوان؟

ت- منداڵەکان لە کوێن؟

د - کوان منداڵەکان؟

بە واتا، گواستنەوەی گرێی پرسی تێدا بەدیدەکرێت، وەک فۆکەس/تیشکۆ گرێ پرسەکە هێنراوەتە پێشەوە، ئەم دیاردەیە لە زمانی کوردیدا بە گواستنەوەی سەرپشکییانە ناودەبرێت.

**٢/** گوێزانەوەی گرێی پرس لە زمانی کوردیدا بە بەراورد بە زمانی ئینگلیزی بوونی نییە. (محەمەدی مەحویی) دەڵێت: "هیچ چەشنێکی ڕستەی پرسیار لە ڕێزمانی کوردییدا جۆرێک لە جۆرەکانی وەچە پێکهاتە گواستنەوە، لە سینتاکسەکەیدا نیشان نادات"[٩]. ئەم نموونانەشی بۆ هێناوەتەوە:-

٨٧- أ."پەخشان لە کوێ بوو؟

ب. تۆ کێ دەناسییت؟" (مەحویی. ٢٠٠١، ١٩٤).

دواتر لە پەرەگرافی یەکەمی لاپەڕە (٢٨١)ی کتێبی (ڕستەسازیی کوردیی) دا (محەمەدی مەحویی)، دەڵێت: "هەندێک زمانی دیاریکراوی وەک ئینگلیزی لە ڕستەسازیدا جێبەجێدەکرێن و یاساکانی LF و وشەی پرسیار بجوڵێنە و یاسای هێنانەپێش و قورسایی

---

[٨]. (ئەبوبەکر عومەر قادر) نامەی ماستەر بە ناونیشانی (پرسیار لە زمانی کوردیدا) لە ساڵی ١٩٩٣.

[٩]. (محەمەدی مەحویی) لە ساڵی (٢٠٠١)دا و لە کتێبی (ڕستەسازیی کوردیی)، هەروەها لە کتێبەکانی دواتریش جەختی لەسەر هەمان بۆچوون کردووەتەوە.

خستنه سەر لە زمانی چینییدا لە پێکهاتەی LF دا دێنە جێبەجێکردن ... دواتر دەڵێت: وای بۆدەچم، کە ئەم یاسایانە لە زمانی کوردیدا ئاشکرا کاریگەر دەبن و داڕشتەی نادیاریان هەیە" (مەحویی. ٢٠٠١، ٢٨١)، ئەگەر ئەم نموونەی (a, b١٦) زمانی ئینگلیزی وەربگیرێت، ئەوا بە ئاشکرا و بێ دوودڵی ئەوە دەردەکەوێت، ئەو بۆچوونانەی سەرەوەی (محەمەد مەحوی) زمانی کوردی بەراورد بە نموونەیەکی وەک ئەمەی خوارەوەی لەگەڵ زمانی ئینگلیزییدا کراوە:

٨٨-a- John <u>is</u> a doctor.

b-<u>Is</u> john a doctor?

ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە بە هۆی بوونی کرداری یاریدەدەرەوە لە زمانی ئینگلیزیدا گوێزانەوەکە ئاسانترە، بە هاتنە پێشەوەی کرداری یاریدەدەر بۆ سەرەتای ڕستە، ڕاستەوخۆ ڕستەی پرسیاری دروستکردووە.

٨٩-أ- دلێر پزیشکە.

ب- ئایا دلێر پزیشکە؟

سەرەڕای هاتنی وشەی پرسی (ئایا) بۆ سەرەتای ڕستەکە لەو نموونەیەی سەرەوە(٨٩-أ و ب) ، کە ڕاستەوخۆ ڕستەی پرسی دروستکردووە، بەڵام هیچ گوێزانەوەیەک لەو ڕستەیەدا بەدیینەکراوە. داڕشتەی ڕستەی پرس بەهۆی زیادکردنی وشەکانی پرسی (ئایا ، ئەرێ ، ئاخۆ ، ...) ڕستەکە لە هەواڵییەوە دەگۆڕێت بۆ پرس، دەکرێت ئەمە لە زمانی کوردیدا بە گواستنەوەی سەرپشکی و بە (زیادکردن Addition) ناوببرێت:

٩٠-أ- تۆ خوێندکاریت.

ب- ئایا/ ئەرێ/ ئاخۆ تۆ خوێندکاریت؟

ئەوەی لە (٩٠) تێبینیدەکرێت، ئەوەیە، وشە پرسەکە وەک شوێنگرەوەی کرداری یاردەدەری زمانی ئینگلیزی هاتۆتە سەرەتای ڕستە هەواڵییەکە و ڕستەیەکی پرسیاری دروستکردووە، واتە داڕشتەی ئەم جۆرەی ڕستەی پرسیاری بەهۆی ئەو پارتیکلانەوە ڕاستەوخۆ دەچێتە سەرەتای ڕستەکەو چەمکی پرسی گەیاندووە و بە هەمانشێوەی زمانی ئینگلیزی ڕستەی پرسیارییەکە وەلامەکەی بە بەڵێ و نەخێر دەبێت.

هەرچەندە دیاردەی گواستنەوە بەپێی ڕێزمانی دەسەلات و گواستنەوە تەنانەت لە زمانی ئینگلیزیشدا سنووردارە و هەر تەنیا بەهێنانە پێشەوەی کرداری یاریدەدەر دروست نابێت، کە بەشێکە لە کردارە سەرەکییەکە، بەڵکو دەبێت لەگەڵ بکەر و دیارخەرەکەیدا

ڕێککەوتن بکات (Black ١٩٩٨, ٢١-٢٢). ئەم نموونانەش وەک بەڵگە بۆ بۆچوونەکانی (Black) هێنراوەتەوە:-

٩١- a. Sally has declined the job. - سالی کارەکەی لەدەستداوە.

b. Has Sally declined the job? - ئایا سالی کارەکەی لەدەستداوە؟

c. *Has Sally declines the job?

d. *Has Sally might decline the job?

e. *Might have Sally declined the job?

f. Might Sally have declined the job?

g. *Declined Sally the job?

بۆ دروستکردنی ڕستەی پرسیاری بەڵێ و نەخێر لە زمانی ئینگلیزیدا کرداری یاریدەدەر دەچێتە پێش ناوەکەوە، دەبێت لەگەڵ ناوەکەدا ڕێکبکەوێت، واتە ئەگەر بکەر (he,she,it) بوو، ئەوا (has)ی لەگەڵدا ڕێکدەکەوێت، واتە گواستنەوەکە تەنیا کرداری یاریدەدەرەکە دەگرێتەوە، هەرچی کرداری سەرەکییە لە شوێنی خۆیدا دەبێت. بڕوانە ( Black١٩٩٨, ٢١-٢٢).

٣/ (دیار عەلی کەمال): یاساکانی گواستنەوەی ڕستەی زمانی کوردی بریتین لە یاسا گشتییەکانی گوێزانەوە، یاسا تایبەتییەکانی گوێزانەوە، کە ئەمیش دەبێت بە دوو ئاست: أ) یاسا خورتییەکان. ب) یاسا سەرپشکییەکان. لە یاسا سەرپشکییەکاندا هەریەک لە (نەرێکردن و پرسیار و فەرماندانی دیارییکردووە، کە دەتوانرێت یاساکە پیادە بکرێت، یان نەکرێت. ئەم شێوانە لەخۆ دەگرن:. ١) لادان ٢) جێگۆڕکێ ٣) جێگری ٤) کۆپیکردن ٥) زیادکردن. (کمال: ٢٠٠٢، ٥٨-٥٩) لە لاپەڕە (٧٣)ی نامەی (ڕێزمانی کوردی ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە) دا پرۆسەکەی بەم هاوکێشەیەی خوارەوە خستۆتەڕوو:

أ + ب + ج ⟸ د + ب + ج (أ) لابراوە و (د) هاتووە

جێگری

أ + ب + ج ⟸ أ + د + ج (ب) لابراوە و (د) هاتووە

جێگری

أ + ب + ج ⟸ أ + ب + د (ج) لابراوە و (د) هاتووە

جێگری

(أ ، ب ، ج )ی به کەرەسته سەرەکییەکانی ڕسته داناوە.

(د) وشەی پرسیار – بەپێی گونجاندنی لەگەڵ ڕستەکە.

سەرەڕای ئەوەی هەموو نموونەکانیشی هەر به جێگری هێناوەتەوە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت، له هاوکێشەکان و نموونەکانیشدا هیچ گواستنەوەیەکی نیشان نەداوە، هەموو گرێ پرسەکان جێگەی کەرەستەکانی ناو ڕسته هەواڵییەکه دەگرنەوە. واته دەتوانرێت کەرەستەی بنجی لابرێن و لاوەکی بێن، که ئاماژەن بۆ جێگیرکردنی گرێی پرس.

٤/ (ڤیان سلێمان ) له وەچەپاری شوێنپێی وشەی پرس، له تێزی دکتۆرای (کەرەسه بەتاڵەکان لەڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە – شێوەزاری کرمانجیی سەروو). [ئەنافۆر/ جێناو]دا باسی گواستنەوەی وشەی پرسی له کرمانجیی سەروودا کردووەو دەڵێت: "به پێچەوانەی زمانی ئینگلیزی گواستنەوەی وشەی پرس ڕوو نادات" (ڤ. حاجی ٢٠٠٧، ١٤٩).

ئەم نموونەیەشی شی کردووەتەوە:

٩٢- ئەرێ ته نان خوارییە؟

(ڤیان سلێمان)، دەڵێت: "لێره به هۆی جێناوی ئەرێ پرسیارەکه له هەموو زانیارییەکانی ناو ڕسته دەکرێت، بۆیه به پێشی دەکەوێت" (ڤ. حاجی ٢٠٠٧، ١٥١).

پێویسته ئەمه ڕاستبکرێتەوە (ئەرێ/ئایا/ ئاخۆ) جێناو نین، بەڵکو ئامراز، یان پارتیکڵی پرسیارین و بەهۆی زیادکرنەوە بۆ سەرەتای ڕسته هەواڵییەکه چەمکی پرس دەگەیەنن.

٥/ لەبارەی گواستنەوەی وشەی پرسەوە (کاروان عومەر) له نامەی ماستەرەکەیدا بەناونیشانی (ڕستەی باسەمەند له زمانی کوردیدا)، نووسیویەتی: "ئەم گواستنەوەیه (گواستنەوەی گرێی پرس) له زمانی کوردیدا نییە، چونکه دروستەی ڕستەی پرسیارو دروستەی قووڵی زمانی کوردی وەکیەکن" (ک.قادر ٢٠٠٨، ٣٠).

جیاوازیی ئەم بۆچوونەش لەگەڵ بۆچوونەکانی پێشووتردا ئەوەیە، که گواستنەوەی وشەی پرسی ڕەتنەکردووەتەوە، بەڵکو دەڵێت: ئەو "گواستنەوەیەی پەیوەست به بەرهەمهێنانی ڕستەی باسمەندەوە پێشبینیی دەکرێت، هەیە" (ک.قادر ٢٠٠٨، ٣١).

دواتر له بەشی (تیشکۆ "Focus" له دروستەی زانیاریدا) دەڵێت: "بەپێی تیۆرەکه ڕۆنان (دروسته)ی زانیاریی ڕستەی پرسیار هەمیشه زانیاری زانراوی تێدایە، هەم بۆ

قســەکەر هەم بـۆ گـوێگریش، لەبەرانبەریـدا ڕسـتەی وەڵام هەمیشــە زانیـاریی نـوێ، یـان داواکراوی نەزانراوی تێدایە" (ک.قادر ۲۰۰۸، ۱۲۵).

زمـان وەک کـۆدێکی پەیوەنـدیکردن هەڵگـری زانیـاریی کلتـوری و دەوروبەرە جیاوازەکـانە، دوو کەس زانیـاریی هاوبەشـیان هەیە، ئەگەر یەکێکیـان پرسـیار لەوی تریـان بکـات، کەسـی وەڵامدەر بەشێک لە زانیاریی پێشینەی لەبارەی پرسـیارەکەوە دەزانێت، لانـی کەم مەبەسـتە شاراوەکانی پشت پرسیارەکە دەزانێت، بۆیە بە سانایيش وەڵام دەداتەوە.

هەروەها لە لاپەڕە (١٤٨)دا (کاروان عومەر)، دەڵێت: "لە ڕسـتەی پرسـیاری زمـانی کوردیـدا، کە بە وشە پرسەکانی (کێ ، کەی ، چی ، چۆن ، چەند ) دروسـتدەکرێت و لەجێی خۆیاندا دەمێنـنەوە بـێ گواسـتنەوەی سینتاکسـی، بەڵام بەهـۆی ئەو هێـزە تـایبەتیەی لەدەربڕینیانـدا بەکاردێن، لۆجیکیانە دەرهێنراون و خراونەتە حاڵەتی تیشکۆ- Focusەوە". هاوکات دەڵێت: "ئەم گرێ پرسیارانە ناتوانرێن سینتاکسییانە بگوێزرێنەوە، چونکە خۆیـان لە ئاسـتی قووڵدا بە هۆی هێنانە پێشەوەی لۆجیکی، وەک ڕستەی باسمەند دەرهێنراون". ئەم نموونانەی وەک بەڵگە بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانی هێناوەتەوە:-

٩٣- أ-"نەوزاد کێی کوشت؟ کێ نەوزاد کوشت[١٠]؟*

ب-نەوزاد کەی دەگات؟ کەی نەوزاد دەگات[١١]؟*

پ-نەوزاد چیی دەکات؟ چی نەوزاد دەکات؟*

ت-نەوزاد چۆن دەڕوات؟ چۆن نەوزاد دەڕوات[١٢]؟*

ج- نەوزاد چەند پێنووسی دەوێت؟ چەندی پێنـووس نەوزاد دەوێت؟*" (ک.قـادر ۲۰۰۸، ١٤٨).

بەڵام لێرەدا بۆچـوونێکی پـێچەوانەی ئەمە هەیە، کە دەڵێت: "ئەگەر هـاتوو وشـەی پرس ڕۆڵی ئاوەڵکرداری بینی، لە ڕوانگەی ئەرکی ئاوەڵکردار، یان گرێ (فریز)ی پێشـناوی، ئەوا دەتوانرێت سەرپشکانە جووڵەی پێبکرێت" (ا.قادر ۲۰۱۷، ۱۳۲-۱۳۳)، چونکە ئـاوەڵکردار وەک کەرەســتەیەکی نــابنجیە جێگـۆڕکێی پێـدەکرێت، لەبەرئەوەی گرێــی ئــاوەڵکرداری نە دۆخــدەرە و نە دۆخــیش وەردەگرێــت، هاوکــات مەرج نیـیە هەمــوو ســەری گــرێیەک

[١٠]. لەم ڕستە پرسیارییەدا کردارەکە ڕابردووی تێپەڕە، ئاسایی دەتوانێت مۆرفیمی ڕێککەوتن بە کۆتایی بەرکارەکەوە بلکێنرێت و ڕستەیەکی ڕێزمانی دەربچێت.

[١١]. ئەم ڕستەیە، لە ڕووی ڕۆنانەوە هیچ گرفتێکی واتایی و ڕێزمانی نییە، بە ترۆپکردنی ئاوەڵکردار دادەنرێت، گرێ پرسەکە پرسیار لە کات دەکات و ئاوەڵکرداریش، وەک یەکەیەکی نائارگومێنتی دەتوانرێت بهێنرێتە پێشەوە. بڕوانە (سەعید ۲۰۲۰، ۳۰۸).

[١٢]. ئەم ڕستەیەش هەم ڕێزمان دروستە، هەم واتا دروستیشە، بەڵام کەرەستەی نائارگومێنتی کە گرێی پرسی/ئاوەڵکرادری چۆنێتییە جووڵەی کردووە، چونکە هیچ بەربەستێک لەو جۆرە جووڵانەدا نەبووە و نییە.

دۆخدەربێت، لەبەرئەوەیە، هیچ بەربەستێک لەبەردەم جووڵەکانی گرێی ئاوەڵکرداریدا نییە، بۆ نموونە:

٩٤- أ- ئێوە کەی دێن؟

ب- کەی ئێوە دێن؟

٩٥- أ- ئێوە بەبۆنەی چییەوە هاتوون؟

ب- بەبۆنەی چییەوە ئێوە هاتوون؟

٩٦- أ- ئێوە چۆن هاتن؟

ب-چۆن ئێوە هاتن؟

وەک دەبینرێت، هیچ گرفتێک لەو گواستنەوانەی سەرەوەدا نییە، هەرچەندە بە گواستنەوەیەکی سەرپشکییانە و ئارەزوومەندانە دادەنرێت.

واتە جگە لە (کەی)، (چی و چۆن)یش دەتوانرێت لەگەڵ بکەری ڕستەکەدا جێگۆڕکێ بکەن، بەتایبەتی ئاوەڵکرداری چۆنێتی (چۆن) دەتوانرێت بهێنرێتە سەرەتای ڕستەوە، وەکو پێشتر خرایەڕوو، گواستنەوەیەکی سەرپشکانەیە، بەڵام مەبەستدارە، لە بەشی سێیەمدا ڕووندەکرێنەوە.

٦/ (سەباح ڕەشید قادر)، دوو جۆر گواستنەوە (جووڵانەوە)ی دەستنیشانکردووە، کە بریتین لە ئارگومێنتیی A و نائارگومێنتیی $A^-$ ، بە جووڵانی کەرەستەی بەرکار بۆ شوێنی بکەر، دەڵێت جووڵانی ئارگومێنتیی، هاوکات جووڵانی گرێی پرسیشی بە نائارگومێنتیی داناوە، بەو پێیەی دەتوانرێت (spec ، cp) بە کەرەستەیەک پڕ بکرێتەوە، کە ئەرکی جیاوازی هەبێت (قادر. ٢٠٠٩، ١٤٦).

٩٧- "أ- ئازاد، ئاری دەعوەت کرد.

ب-ئازاد، کێی دەعوەت کرد؟"

هیچ جووڵەیەک بە شوێنی (ئاری) نەکراوە، بەڵکو (کێ)، کە نائارگومێنتییە لەهەمان شوێنی (ئاری) جێگیر دەبێت (قادر. ٢٠٠٩، ١٥٠).

دوو جۆر گواستنەوەی بەرکار هەیە، ئەویش هێنانە پێشەوەی بەرکار، کە لە ڕستەی تۆپیکدا هەیە، جۆرێکی تری هێنانە پێشەوەی بەرکار لەڕووی لۆجیکەوە هەیە، کە

ئەمیش بە دوو شێواز خۆی دەنوێنێت، یەکەمیان لە ڕستەی کارا بزر و دووەمیشیان وەک بکەری ڕێزمانی کرداری ڕابردووی تێنەپەڕی ڕوودان.[١٣]

٧/ (تالّیب حسێن) لە توێژینەوەیەکدا، ئەوەی خستووەتەڕوو، لە پرسیارکردندا دوو ڕاستی هەن، یەکێکیان سینتاکسییە، ئەوی تریان واتاییە، هەرچی ڕاستی سینتاکسییە، یان پێکهاتەی سینتاکسییە، بریتییە لەو زانیارییانەی، بەهۆیەوە دەتوانرێت ڕستەی پرسیاریی پێدابڕێژین، سەرەڕای ئەوەی ئەو زانیارییانە ڕۆنانی ژێرەوەی ڕستەی پرسیارمان بۆ ڕووندەکاتەوە. (تائیرە لە (ویتمان Whitman) وەرگیراوە)... دەڵێت: "ڕاستی واتاییش لە پرسیارکردندا بریتییە لە داواکردنی، یان وەرگرتنی هەواڵ و زانیاری و تێگەیشتنە لە بارەی شتێک، یان کەسێک، یان ڕووداوێک پێشتر لای قسەکەر/پرسیارکەر نەزانراوبێت" (أ.علی ٢٠١١، ٣٦٤).

٨/ (تارا موحسین) لە تێزی دکتۆراکەیدا ئاماژەی بەوە داوە و دەڵێت: "زۆربەی لێکۆڵینەوەکان ئاماژەدەدەن بەوەی، کە جووڵان، یان گواستنەوەی بەخورتی لە زمانی کوردیدا نییە، بەڵام بەبۆچوونی ئێمە زمانی کوردیش هەروەک زمانەکانی تر جووڵانی بەخورتیی تێدایە .... چونکە زمانی کوردیش هەروەک زمانەکانی دیکە ئەلەمێنت/ئایتمەکانی لە ژماردن (N)ەوە وەرگیراون و خراونەتە ڕستەوە" (قادر: ٢٠١١، ١٠٠).

ئەم بۆچوونە نوێیەی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە، کە ئایتمە فەرهەنگییەکان خاوەن فیچەرن و فیچەرەکانیش پێویستیان بە پشکنینە، پشکنینی فیچەرەکانیش لە ئەنجامی جووڵانەوە ڕوودەدات، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە، هیچ نموونەیەکی نەخستووەتەڕوو، پرۆسەی گواستنەوەی بە خورتی شیکار نەکردووە.

٩/ (ئازاد ئەحمەد) دوو جۆر لە یاسای گواستنەوە خستووەتەڕوو:

یەکەمیان یاسا سەرپشکییەکانە، لە هەشت جۆر یاسا پێکهاتووە، لەوانە؛ باسمەند ، جێگەگرتنەوە، لابردن، گواستنەوەی بکەر بۆ دوای کردار لە ڕستەی ناسادەدا، گواستنەوەی بەرکار بۆ دوای کردار لە ڕستەی ناسادەدا، گواستنەوەی لاڕستە ئاوەڵکردارییەکان لە ڕستەی ناسادەدا، گواستنەوەی فرێزە ئاوەڵکردارییەکان لە سنووری گرێی کرداریی ڕستەی سادەدا.

---

[١٣]. کرداری ڕابردوو/ڕانەبردووی تێنەپەڕی ڕوودان، ئەو کردارانە دەگرێتەوە، کە لەڕووی ڕۆنانیانەوە کۆتایی بە پیتی بزوێن (ڤاوڵ)ی درێژ هاتووە، وەک سووتا ، برژا ، ڕما ، ڕووخا ....هتد. بکەری ئەم کردارانە لە ڕووی لۆجیکەوە هەمیشە بەرکارن. بۆ نموونە (چی سووتا؟ پوشەکە سووتا.).

دووەمیان یاسا بەخورتییەکانە، کە ژمارەیان کەمترە، لەوانە؛ گواستنەوەی جێناوی کەسیی کردار بۆ سەر بەرکار لە کاتی ڕابردوودا، گواستنەوەی بەرکار بۆ شوێنی بکەر لە ڕستەی بکەرنادیاردا، بە جێناوی خۆیی کردنی دەرخەر (حسەین: ٢٠١٢، ٣٦-٤٥).

پێویستە ئەوە بگوترێت، کە ئەمە فراوانترین کارە لە سەر گواستنەوەی سینتاکسی ئەنجام درابێت، بەڵام لەجێگەگرتنەوەدا ئەم نموونانەی خستووەتەڕوو، کە جێگەی سەرنجن:-

٩٨- "خوێندکارە زیرەکەکان هاتن. ⟵ زیرەکەکان هاتن.

٩٩- مرۆڤە شێتەکە هات. ⟵ شێتەکە هات." ... (حسەین: ٢٠١٢، ٣٧).

ئەوەی لەم نموونانەی سەرەوە تێبینیدەکرێت، ئەوەیە؛ کە گرێ ناوییەکان دیارخراوەکانیان بەهۆی ئابوریکردنەوە دەرنەبڕاون.

شایەنی باسە، (چۆمسکی) دوو جۆر گواستنەوەی دیارییکردووە، ئەوانیش گواستنەوەی ئارەزوومەندانە و گواستنەوەی نائارەزوومەندانە (خورتی)، کە ئەمەی دووەمیان تایبەتە بە جووڵەی گرێی پرس لە ڕستەی زمانی ئینگلیزیدا بە شێوەیەکی ڕیکوپێک ئەنجام دەدرێت، ڕستە لە هەواڵگەیاندنەوە بۆ ڕستەی پرس دەگۆڕێت، بەمەش دەگوترێت گواستنەوەی خورتیی.

لەمەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە ئەم جۆرە گواستنەوەیە واتاو چەمکی ڕستە لە هەواڵگەیاندنەوە بۆ پرس دەگۆڕێت. ئەم دیاردەیە لە زمانی کوردیدا بەدیی ناکرێت، چونکە کاری یاریدەدەر ڕۆڵ لەو جۆرە گواستنەوەیەدا دەبینێت، کاری یاریدەدەریش بەو شێوە فراوانەی زمانی ئینگلیزی لە زمانی کوردیدا بوونی نییە، هەرئەمەش وایکردووە زۆرێک لە زمانەوانەکان بڵێن دارشتەی ڕستەی پرسیاری لە زمانی کوردیدا بوونی نییە!

پوختەی تیۆرەکەی چۆمسکی بەمشێوەیەیە: [ڕۆنانی قووڵ => گواستنەوە => ڕۆنانی ڕووکەش]

لەم ساتەدا پێدەچێت تیۆرییەکە تەواو جیاواز بێت، بەڵام سێ پێکهێنەرە سەرەکییەکانی دەبێت هەبن، ئەوانیش؛ فەرهەنگ ، ڕۆڵەکانی ڕۆنانی گرێ ، گواستنەوەکان. ئێمە هەمیشە ڕۆڵەکانی ڕۆنانی گرێ بۆ درستکردنی ڕستەی بنجی (ڕۆنانی قووڵ) بەکاردەهێنین (farrokhpey ١٩٩٩, ١٠٩).

## ١-٥-٤  گواستنەوەکان لە زمانی کوردیدا:

### ١-٥-٤-١ گواستنەوە سەرپشکییەکان:

سەرەتا ئاماژە بەوە کرا، کە گواستنەوە ڕێگە خۆش دەکات بۆ لابردن و جێگۆرکێی کەرەستە، بۆیە دەتوانرێت، بگوترێت؛ هەرچی گواستنەوەی ئارەزوومەندانەیە، لە زمانی کوردیدا هەیە، کە لە چەند بنەماو دیاردەیەکی لاوەکیی پێکهاتوون، ئەوانیش: (لابردن Deletion، جێگرتنەوە Replacement، کورتکردنەوە Reduction، زیادکردن Addition، فراوانکردن Expansion، ڕێکخستنەوە Permutation ، پێشخستن topic) (کمال: ٢٠٠٢، ٥٨-٥٩).

#### ١-٥-٤-١-١ گواستنەوە بە لابردن Deletion[١٤]:


لابردن ڕۆڵێکی سینتاکسییە، کە بەهۆی بەشێکی دروستەی سینتاکسییەوە بونیاد دەنرێت. (واتە بەهۆی لابردنی کەرەستەیەکەوە لە بارودۆخێکی دیاریکراودا) لە ڕستەی پرسیاریدا دەکرێت دیاردەی لابردنی وشە پرسیارییەکانی پارتیکڵی (ئایا ، ئەری ، ئاخۆ) ئەنجامبدرێت.

١٠٠-  أ- ئەرێ منداڵەکە ڕۆیشت؟

ب- Ø منداڵەکە ڕۆیشت؟

لێرەدا دەتوانرێت (ئەرێ) لاببرێت و ئاوازەی ڕستەکە لە کۆتایی گرێ کردارییەکەدا بەرزبکرێتەوە و هەمان چەمکی پرس بگەیەنرێت.


١٠١-        ئایا ئەو/pro هات Ø.




١٤. بڕوانە ( Radford٢٠٠٦، ٩٠).

١٠٢- أ- ئایا ئارام زیرەکە؟

ب- Ø ئارام زیرەکە؟




واتە ئەگەر وشە پرسەکە بەشێک بێت لە داڕشتەی ڕستەی پرس لە زمانی کوردیدا، ئەوا دەکرێت بەهۆی بەرزکردنەوەی ئاوازەی دەربڕینەکەیەوە، بە بێ درکاندنی وشە پرسەکە، مەبەستی پرسکردن بەدیبێت.[١٥]

## ١-٥-٤-١-٢ گواستنەوە بە جێگرتنەوە Replacement:[١٦]

لەم گواستنەوەیەدا گرێیەک دەچێتە جێکەوتەی گرێیەکی دیکە و هەمان ڕۆڵی ڕێزمانی دەبینێت. بۆ نموونە کاتێک جێناوی خۆیی لە جێکەوتەی بەرکار وەک بۆگەڕاوەیەک، کە (بکەر) و (بەرکار) ئاماژە بۆ یەک کەس بکەن و لە بری بەرکار دەشێت جێناوی خۆیی بەکاربهێنرێت. ئەم جۆرە لە جێناوی خۆیی بەڕەنگدەرەوەیش ناسراوە، کردارەکە، یان بارەکە ڕەنگدانەوەی بە سەر بکەر و بەرکاردا دەبێت و ڕۆڵی ڕێزمانی بەرکار دەبینێت (قادر. ٢٠٠٩، ١٢٩).

١٠٣- أ- ئایا ئەو <u>خۆی</u> دەناسێت؟

ب- بەڵێ، <u>خۆی</u> دەناسێت.

گرێی پرسی (کێ) لە جێکەوتەی بکەری و بەرکاری ڕستەی (١٠٣-أ) ڕستەی وەڵامی (١٠٣-ب) هەمان جێناوی پرس بن، دەتوانرێت یەکێک لە جێناوەکان لاببرێن، واتە جێناوی خۆییەکە دەتوانێت ڕۆڵی جێناوە سەربەخۆکە ببینێت و ڕێککەوتنیش لەگەڵ کردارەکەدا بکات.

---

[١٥]. بۆ زانیاریی زیاتر، دەربارەی ئاوازەی ڕستە، بڕوانە نامەی ماستەری (حەمەد ٢٠١٤، ٩٥).

[١٦]. بڕوانە (fakih ٢٠١٢, ٤٥).

### ١-٥-٤-١-٣ گواستنەوە بە کەمکردنەوە Reduction:

ئەم جۆرە گواستنەوەیە دەچێتە ناو چێوەی ئابوریکردنەوە، لەزمانی قسەکردندا قسەکەر هەمیشە هەوڵدەدات بە کەرەستەیەک کەمتر واتایەکی تەواو دەردەبڕرێت.

١٠٤- ئایا تۆ هاتوویت؟

وەڵام/ بەڵێ (من) هاتووم.

لە وەڵامی ڕستەی پرسیارییەکەی (١٠٤)دا دەکرێت جێناوە سەربەخۆکە دەرنەبڕرێت و بە ڕێککەوتنەکە بکەری ڕستە بنوێنێت. وەک دەبینرێت ئەم جۆرە گواستنەوەیە لەگەڵ گواستنەوە بە لابردن زۆر لەیەکترییەوە نزیکن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لابردنی بکەر لە زمانی کوردیدا.

### ١-٥-٤-١-٤ گواستنەوە بە زیادکردن Addition:

بە زیادکردنی کەرەستەیەک گواستنەوەکە دەنوێنرێت و ئەرکی ڕستەکەش لە هەواڵگەیاندنەوە بۆ پرس دەگۆڕێت. بۆ نموونە:

١٠٥- أ- کێ خانووەکەی بەدڵبوو؟

ب- ئەو/کابرا خانووەکەی بەدڵبوو.

پ- (pro) خانووەکەی بە دڵبوو.

ڕستەی (١٠٥-أ)، ڕستەیەکی پرسیارییە، داوای زانیاری دەربارەی بکەر/نیهادی ڕستەکە دەکات، هەر بۆیە لە وەڵامی ڕستەکەدا، ڕستەی زانیاری (ب) دەربڕراوە، بەڵام لە بارودۆخێکی ئاساییدا دەتوانرێت بکەر لاببرێت و هەمان واتای ڕستەی وەڵام دەرببڕێت، وەک لە ڕستەی (پ)دا بەرچاودەکەوێت، ئەمەش دیاردەیەکی ئاساییە لە زمانی کوردیدا بەهۆی جێناوی ڕێککەوتنەوە دەتوانرێت کەرەستەی بکەر دەرنەبڕرێت. ئەم یاسایەش زۆر لە یاسای لابردنەوە نزیکە و بەشێکە لە ئابورییکردن.

### ١-٥-٤-١-٥ گواستنەوە بە فراوانکردن Expansion:

ئەم جۆرە گواستنەوەیە بە فراوانکردنی گرێی ناوی و پێشناوی و کردارییەکان بە کەرەستەیەکی نائارگومێنتی، بۆ ئەوەی زانیاری زیاتر بە گوێگر ببەخشێت.

١٠٦- أ- ئەو پیاوە کێیە؟

ب- ئەو پیاوە بەڕێزە برای کێیە؟

فراوانکردنەکە دەشێت بە ئاوەڵناوی پۆزەتیڤی فراوان بکرێت، بە پێچەوانەشەوە دەکرێت بە چەند ئاوەڵناوێکی ناپۆزەتیڤی فراوان بکرێت.

### ١-٥-٤-١-٦ گواستنەوە بە ڕێکخستنەوە Permutationی کەرەستەکان:

دەربڕینی ڕستەیەک زۆرجار بە هۆی پەلە کردنەوە لە کاتی دوواندندا ڕێکخستنێکی تری هەیە، بەڵام بەهۆی ڕێکخستنەوە جاری دووەم دەربڕینەکە بەپێی جێکەوتەی بەشە ئاخاوتنەکانەوە ڕێکدەخرێنەوە، ئەمەش تاڕادەیەک لە گواستنەوە بە پێشخستن (topic)نزیکە.[17] ئەم کردەیە لە ڕێزماندا ڕێگەپێدراوە، چونکە جولێنراو گرێی ئاوەڵکردارییە.

١٠٧- أ- دەزانیت، کەی ئەو پیاوە میوانی من بوو؟

ب- ئەو پیاوە کەی میوانی تۆ بوو؟


پ- شەوی ڕابردوو (ئەو پیاوە میوانم بوو).

ئاوەڵکرداری پرس بە ڕیزبوونی کەرەستە ئازادەکان ناودەبرێت، بۆیە دەکرێت شوێنی خۆی بگۆڕێت، بەبێ ئەوەی واتای ڕستەکە، بشێوێت، بەڵام وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، ئەم جووڵانە هەندێکجار مەبەستدارن.

### ١-٥-٤-١-٧ گواستنەوە بە پێشخستن/باسمەند topic:

گواستنەوە ڕۆڵێکی سینتاکسییە بۆ جووڵاندنی بەشێکی ڕۆنانی ناو پێکهاتە درەختییەکە و بەرزکردنەوەی بۆ جێکەوتەیەکی تری ناو پێکهاتە درەختییەکە.

١٠٨- أ- کێ کتێبەکەی خوێندەوە؟ ب- کتێبەکە کێ خوێندییەوە؟




[17]. بڕوانە: محمد بو عمامة، أصول النحو التحويلي: ص١٠٧. (مجلة جامعة الباتنة للعلوم الانسانية، العدد ٥، الصفحات(١٠٢-١٢٠).

دیاردەی پێشخستن لە ڕستەی لێکدراویشدا دەردەکەوێت، هەروەکو ئەو ڕستەیەی خوارەوە، دەکرا پرسیارکەر ڕستەیەکی سادە لە شێوەی (من کێم بینی؟) دەرببڕرایە، بەڵام لەبەر گرنگیی کەسەکە و بە مەبەست کەسی بینراو تیشکی خراوەتەسەر و هێنراوەتە پێشەوەی ڕستەکە.

١٠٩- کێ بوو، (من) بینیم؟ (من کێم بینی؟)

١١٠- کوا کوڕەکەتان؟ (کوڕەکەتان لەکوێیە؟)

گواستنەوەی سەرتۆپ بۆ سەرەتای ڕستە لە کاتی گفتوگۆدا قورسایی خۆی هەیە، وەکو ئەو دوو ڕستەیەی سەرەوە، کە لە دەربڕینێکی هەڵچوونییدا وشە پرسەکە پێشدەخرێت.

١١١- أ- (pro) پێتوایە، ئازاد کوڕێکی بەتوانا بێت؟

ب-ئازاد کوڕێکی بەتوانایە، (pro) پێتوانییە؟

لە ڕستەی (١١١-أ ، ب)دا، کە لە فۆڕمی کلکە پرسیاردان، ئاسایی بە هۆی هێنانە پێشەوەی شاڕستەکەوە، بۆ بەهەند وەرگرتنی ڕای گوێگر، هێنراوەتە پێشەوە، ئەم جووڵەیەش وەکو هەموو گواستنەوەکانی پێشتر سەرپشکییانەیە.

## ١-٥-٢/ گواستنەوە خورتییەکان:

لە بەرانبەر جووڵەی ئارەزوومەندانە، هەندێک جووڵەی تر لە زمانی کوردیدا هەن، خورتییانەیە، ئەم جووڵانە لە زمانی کوردیدا تا ڕادەیەک لەگەڵ جووڵە سینتاکسییەکانی زمانی ئینگلیزیدا جیاوازن، چونکە جووڵە سینتاکسییەکانی زمانی ئینگلیزیی جۆری ڕستەکە لە هەواڵییەوە بۆ پرسیاری دەگۆڕێت، بەپێچەوانەشەوە، بەڵام لە زمانی کوردیدا کە یاسای (بکەر + بەرکار + کردار)ە. گواستنەوەی بە خورتی سنووردارە، وەک؛ نادیاری و ڕستەی ئاڵۆزی پرسیاری.

### ١-٥-٢-١ نادیاری:

پێشتر ئاماژە بۆ ئەوە کرا، کە زمانی کوردی هاوشێوەی زمانی ئینگلیزی نییە[١٨]، لە ڕستەی سادەدا گواستنەوەی خورتیی نییە، چونکە لە زمانی ئینگلیزیدا لە ڕستە سادەکاندا

[١٨]) تەنانەت داڕشتەی پرسیار لەلای منداڵێکی (ئینگلیز) بەچەند قۆناغێکدا دەڕوات، هەتا دەگاتە ئاستی نموونەیی:- أ) لەم قۆناغەدا بە وشە پرسیارییەکانی (wh-) دەستپێدەکات، وەکو؛ (where کوا ، who کێ، کە سەرەتای دەربڕینەکەی بە ئاوازێکی نزمەوە بۆ بەرز بە ئاڕاستەی کۆتایی ڕۆنانی ڕستەکە دەڕوات. بۆ نموونە ?where kity کوا پشەکە؟. ب) لەم قۆناغەدا ئاوازەکە بە هەمان شێوەی قۆناغی یەکەم لە نزمەوە بۆ بەرز، بە بەکارهێنانی وشە پرسیارییەکانی؛ (why بۆچی، what چی). بۆ نموونە ?what book name کتێبەکە ناوی چییە؟ ?why you smiling بۆچی تۆ پێدەکەنیت؟. پ. لەقۆناغی سێیەمدا گواستنەوەی کرداری یاریدەدەر لە

کرداری یاریدەدەر (Auxiliary Verbs)، کە ژمارەیان (٢٣) دانەیە، بۆ دروستکردنی ڕستەی پرسیاری دێتە پێش بکەری ڕستەکە و ڕستەی پرسیاری سازدەکات، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە ئەو وشانەی لە فەرهەنگدا وەک ئایتمێکی فەرهەنگیی لە ڕۆنانی قووڵی زمانی کوردیدا خاوەنی فیچەری واتایی خۆیانن، لە ڕۆنانی ڕووکەشدا هیچ جووڵەیەک نەنوێنن. بڕوانە (قادر: ٢٠١١)، بۆ نموونە بەرکاری لۆجیکی کرداری (بکەرنادیار/ کارا بزر)، کە جێگری بکەرەکانیان لە ڕۆنانی ڕستەی بکەرنادیاردا هەمیشە وەک بکەرێکی ڕێزمانین، چونکە "لە ڕستەی بکەرنادیاردا کارا لا دەبرێ و لە شێوەی کەرەسەیەکی تری ڕستەدا دەرناکەوێتەوە" (ف. بەرزنجی ٢٠٠٨، ١٣٣)، ئەگەر لەم نموونانەی خوارەوە وردببینەوە:-

| ڕابردوو/ تاک | ڕابردوو/ کۆ | ڕانەبردوو/ تاک | ڕانەبردوو/کۆ |
|---|---|---|---|
| ١١٢- چی ڕووخێنرا؟ | کام خانووانە ڕووخێنران؟ | - چی دەڕووخێنرێت؟ | کام خانووانە دەڕووخێنرێن؟ |
| - خانووەکە ڕووخێنراØ. | ئەو خانووانە ڕووخێنران. | - خانووەکە دەڕووخێنرێت. | ئەو خانووانە دەڕووخێنرێن. |
| ١١٣- کێ بینرا؟ | کێ و کێ بینران؟ | - کێ دەبینرێت؟ | کێ و کێ دەبینرێن |
| - من بینرام. | ئێمە بینراین. | - من دەبینرێم. | ئێمە دەبینرێین. |
| - تۆ بینرایت. | ئێوە بینران. | - تۆ دەبینرێیت. | ئێوە دەبینرێن. |
| - ئەو بینراØ. | ئەوان بینران. | - ئەو دەبینرێت. | ئەوان دەبینرێن. |

ئەوە دەردەکەوێت، کە جێگری بکەرەکان ڕۆڵی بکەرێکی ڕێزمانییان بینیوە، بەو پێیەی لەگەڵ کردارە نادیارییەکاندا لە ڕووی کەس و ژمارەوە ڕێککەوتوون[١٩]، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کارا (Agent) لە ڕستەکانی (١١٢ و ١١٣)دا دیارنین، لە ئەنجامی پرۆسەی نادیارییەوە بە مەبەست گومکراون، هەر لەبەر ئەمەشە زاراوەی (کارا بزر) لە (بکەر نادیار) بە گونجاوتر دادەنرێت، چونکە بکەر مەرج نییە کارا بێت و دۆخ وەربگرێت، بەڵکو لە بنەڕەتدا، ئەگەر ئەو ڕستانە بۆ بکەردیار بگۆڕدرێن، ئەوا ئەو جێگری بکەرانە دۆخی بەرکارییان دەبێت، کە لە لایەن گرێ کردارییەکەوە پێیدراوە. ئەم دیاردەیەش لەگەڵ جێگرتنەوەدا جیاوازە، کە لە گواستنەوە سەرپشکییەکاندا خرایە ڕوو.

---

قسەکردنی منداڵدا دەردەکەوێت. بۆ نموونە . ....... I can have ، ?.... Can I have. ئایا دەتوانم ئەو..........ە بەدەستبهێنم؟ بڕوانە (Yule ٢٠٠٦, ١٥٦-١٥٧).

[١٩]. بە واتا ڕێککەوتنی کەسی بەرکار لەگەڵ جێناوی ڕێککەوتنی کرداری نادیاریدا، بە پێچەوانەی بکەر دیارەوەیە، کە ڕێککەوتنەکەیان لە نێوان بکەر و کرداردایە.

## ١-٥-٢-٢ / ڕستەی ئاڵۆز

ڕستەی ئاڵۆز لە زمانی کوردیدا لە دوو ڕستە پێکدێت، یەکێکیان سەرەکی (شاڕستە)یە، ئەوی تریشیان شوێنکەوتوو (پاڕستە)یە، کە ڕستەی شوێنکەوتوو بەشێکی ڕستە سەرەکییەکە ڕوون دەکاتەوە و دەبێتە تەواوکەر، یان دیارخەر بۆی، لایەنێکی ڕوودانی کردارەکە دەردەخات، یان ڕستە شوێنکەوتووەکە خۆی ڕۆڵی جێکەوتەی یەکێک لە بەشەکان/جێکەوتەکانی ڕستە سەرەکییەکە دەگرێتەوە (ڕەسول ١٩٩١، ٨٠)، هەروەها تێپەڕی کرداریش، لە دەستپێکی ڕستەی ئاڵۆزدا ڕۆڵی لە هێنانی ڕستە و پاڕستەدا هەیە، چونکە کرداری تێپەڕ لە سادەترین فۆڕمدا کەتیگۆرییەکی بەرکاری و کەتیگۆرییەکی بکەری دەوێت. کردارە تێپەڕەکانیش دەبنە بنەمای دروستبوونی ڕستەی بکەرنادیاری، ئەوەی مەبەستە لێرەدا بگوترێت؛ ئەوەیە، گرێی کرداری (دەزانرێت)ە، کە جێکەوتەی جێگری بکەر بۆ شوێنپێی جێگری بکەر جێدەهێڵرێت، کە خورتییانە لە شێوەی ڕستەیەکی شوێنکەوتووی ناوی چووەتە دوای کردارەکەوە. بۆ نموونە:

١١٤- أ- (ئەوە/pro) دەزانرێت، (کە) کێ زیرەکە؟

ب- (ئەوە/pro) دەزانرێت، (کە) کێ تێدەکۆشێت؟

پ- من دەزانم، کە کێ هەوڵدەدات؟

لەڕستەی (١١٤-أ، ب)دا دەزانرێت، کردارێکی کارا بزرە، بەڵام جێگری بکەرەکەی، کە (ڕستەیەکی شوێنکەوتووی ناوییە) دەبوو بچووایەتە پێش کردارەکەوە، خورتییانە چووەتە دوای کردارەکەوە. هاوکات دەشێت شوێنپێیەکی پاڕستە ناوییەکە لە پێشی گرێی کرداریی (دەزانرێت) هەبێت، کە ئاماژەیە بۆ پاڕستە ناوییەکە. وەک (- (ئەوە) دەزانرێت، کە ....) جێناوی ئاماژەی (ئەوە) کۆپییەکی پاڕستەکەی دوای گرێ کردارییەکەیە. واتە "کردارەکە بکەر نادیارە و لە قاڵبی ڕستەدا شوێنی بکەر، یان جێگری بکەری گرتووە، بەپێی ئەم پێشینەیە، دەتوانرێت شوێنی فۆڕمەکانی (ئەوە، وەها) بە جێکەوتەی بەتاڵ بناسرێت" (ا.قادر ٢٠١٧، ١٤٣-١٤٤).

لە ڕستەی (١١٤-پ)دا ڕستە سەرەکییەکە کەوتووەتە پێش ڕستە شوێنکەوتووە بەرکارییەکەوە، چونکە "پاڕستەی بەرکاری ناکەوێتە پێش ڕستەی سەرەکی" (موکریانی. ٢٠٠٤، ١٧)، هاوکات ڕێگەدان بە گواستنەوە لە ناو ڕۆنانی ڕستەی ئاڵۆزدا ئەوە دەردەخات، کە ئەو جۆرە ڕستەیە وەک ڕستەی سادە هەڵسوکەوت بکات، (من دەزانم)یش نابێتە بەربەست لەبەردەم ئەو جۆرە گواستنەوەیەدا. بڕوانە (أ.مەعروف. ٢٠٠٩، ١٣٤).

بە گشتی لەم پارەدا زانستییانە ئاماژە بە بەهای پرسکردن و جۆەکانی و کردەی گواستنەوە بە تایبەت هەردوو جۆری خورتی و سەرپشکی و بوارەکانیان خراوەتە ڕوو.

لە زمانی کوردیدا گواستنەوە سەرپشکییەکان ژمارەیان لە جۆرەکەی تری گواستنەوە زیاترە، بەڵام گواستنەوە خورتییەکە لە ڕستەی ئاڵۆزی زمانی کوردیدا خۆی نیشان دەدات، ئەویش گواستنەوەکە لە شێوەی پاڕستەیەکدا خۆی دەنوێنێت، واتە گواستنەوەکە گواستنەوەی وشەی پرس بە تەنیا نییە، بەڵکو بە کۆی پێکهاتەکانییەوە خورتییانە جووڵاون. لە ڕستەی کارا بزر و ڕستەی ئاڵۆزدا گواستنەوەی خورتی بەرجەستەکراوە، کە ڕستە سەرەکییەکەی، جێکەوتەی جێگری بکەر دەشێت بە (ئەوە)، یان (pro)یەک پڕبکرێتەوە، کە ئاماژەیە بۆ پاڕستە ناوییەکەی دوای شاڕستەکەوە، (کە ڕۆڵی جێگری بکەری هەیە). ئەگەر هاتوو کرداری ڕستە سەرەکییەکە، لە ڕووی هێزەوە تێپەڕ بێت، ئەوا ڕستە شوێنکەوتووەکەی دوای، ڕۆڵی بەرکار دەبینێت، بەمەش ڕیزبوونەکە بەبێ خواستی قسەکەری زمان دەبێت بە (بکەر+کردار+ بەرکار)، کە دەبوو بەرکار لەپێش کردارەوە بێت. ئاوەڵکرداری پرس وەک کەرەستەی سەربار لە ڕستەی زمانی کوردیدا، کە کات و شوێن و چۆنێتیی ڕوودانی کردارەکە دەخەنەڕوو، هاوکات بەربەستی دۆخپێدانیان نییە، بۆیە ئاسایی دەتوانن شوێنی خۆیان بگۆڕن و بجوڵێن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت گواستنەوەی سەرپشکی، یان ئارەزوومەندانەو تەنیا لە ڕستەی سادەدا ڕوودەدات و گواستنەوەی نائارەزوومەندانەش لە چەند ڕستەیەکی ئاڵۆزدا بەرجەستە دەبێت.

## ١-٦ بەرنامەی کەمینە Minimalist Program:

لە زانستی زماندا بەرنامەی کەمینە لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا هێڵێکی سەرەکیی گەشێنراوە، کە لە سەرەتای نەوەدەکانەوە دەستی پێکردووە، کەمینە ئاڕاستەیەکە بە ئامانجی تێگەیشتن لە سروشتی زمان هاتۆتە ئاراوە. زانیاریی قسەکەر لەڕێی ڕۆنانێکەوە وەک سیستەمێکی ژمێرەیی لەگەڵ پرۆسەی بنەڕەتیدا یەکانگیر دەبێت.

بەرنامەی کەمینە لە ڕێزمانی سەراپای بەرهەمهێنان و گوێزانەوەی چۆمسکییدا، بە بەرنامە (پرۆگرام Program) ناونراوە، کە یەکێک لە هۆکارەکانی ناونانی ئەم ڕێزمانە بە (مینیماڵیست پرۆگرام) بۆ نزیکبوونەوەی زانستی زمان لە هەردوو زانستی بیرکاری و کۆمپیوتەرەوە دەگەڕێتەوە، کە پرۆسەیەکی شیکارییە، هاوشێوەی پرۆگرامی کۆمپیوتەری لە ئاوەزی مرۆڤدا، وەک سیستەمێکی داکراو لە زانیاریی زمانی پێکهاتووە.

ئەم بەرنامەیە لە تیۆرەکانی پێشووتردا تەواو جیاوازتربوو، کە لە تیۆری ڕێساو پارامێتەرەکان (دەسەڵات و بەستنەوە)دا گەیشتبووە لوتکە؛ لە تیۆری ڕۆنانە سینتاکسییەکانەوە


هەتا دەگاتە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە پێکەوە پەیوەست بوون. لەم بەرنامەیەدا کۆمەڵە چەمک و زاراوەیەکی نوێ و جیاوازی هێنایە ئاراوە و لە بەرانبەریشدا چەندین زاراوەی واز لێهێنا.

خاڵی هاوبەشی ئەم مۆدێلە ڕێزمانییە و تیۆرەکانی پێش خۆی لەم ڕێزمانەدا ئەوەیە، ئاوەزییە و گرنگییەکی تەواو بە زانیارییە بەدەستهاتووەکان دەدات و دایان نابڕێت لە لێکەوتە واتایی و فۆنەتیکییەکان. چونکە لێرەدا سنووریک بۆ گواستنەوە ئاشکراکان دادەنێت و جیایان دەکاتەوە، لە بەرانبەریشدا ڕێگە بە گواستنەوە نهێنییەکان دەدات، کە لە پاش شەقبوونەوە دێنەکایەوە. دانە فەرهەنگییەکان (ئایتمەکان)یش لە فەرهەنگەوە دێن، کە هەریەکەیان خاوەن فیچەری ڕێزمانیی و واتایین.

لە ئاستی لۆجیکدا ئایتمەکان پێکەوە ڕیزدەکرێن و دەبنە خاوەنی فۆڕمی فۆنەتیکی، یان فۆڕمی بینراو. "(فەرهەنگ) کەرەستەکان و تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکانیان دیاریدەکات، کە دەخرێنە ناو پێڕەوە ئاوەزەییەکەوە، پێڕەوە ئاوەزییەکەش ئەم کەرەستانە و تایبەتمەندییەکانیان بۆ بەرهەمهێنانی هەڵگواستنەکان و پەسنکردنی ڕۆنان (دروستە)ی ڕستەی زمانەکان بەکاردەهێنێت" (قادر : ٢٠١٢، ١٤٦).

بە پەراوێز خستنی هەردوو ڕۆنانی قووڵ و ڕۆنانی ڕووکەش لە بەرنامەی کەمینەدا، کە لەگەڵیاندا چەندین چەمکی دیکەی، وەک گواستنەوە و شوێنپێ لە نێوان ئەو دوو ئاستەدا، کە بە تەواویی لەم مۆدێلە نوێیەی ڕێزمانی بەرهەمهێنانـدا گۆشەگیرکرد و تێڕوانینێکی تری بە گوێزانەوە بەخشیووە. کۆتایی بە مشتومڕێکی چەندین ساڵەی نێوان زمانەوانەکان هێنا، ئەو جیاوازییانەی نێوان زمانەکان کەمکردەوە و هەنگاوێکی باشتریان بەرەو نزیکبوونەوەی زمانەکان هاویشت. هاوکات "پرۆسەی بەرهەمهێنان لە بەرنامەی کەمینەدا، قۆناغ بە قۆناغە. دوای ئەوەی هێڵکارییە درەختییە بچووکەکانمان لە فەرهەنگەوە بە ئامادەکراوی، بۆ ناو هێڵکارییە درەختییە گەورەکە گواستەوە، ئیتر مێشک کاری خۆی بۆ تەواوکردنی دروستەکە بەشێوەیەکی گشتیی دەکات" (ب. ئەحمەد ٢٠١٢، ٢٠٨-٢٠٩).

سیستەمی کۆمپیوتەری/ ژمێرەیی زمانی مرۆڤ: بڕوانە (ن. بوقره ٢٠٠٩، ١٥٨) و (ت. قادر ٢٠١١، ٧٠).




هێڵکاری ٢ سیستەمی کۆمپیوتەیی زمانی مرۆڤ

یەکانگیری فۆرمی لۆجیکی و فۆرمی فۆنەتیکی بە خوێندنەوەی تەواو دادەنرێت، تا بتوانرێت تێگەیشتنێک بەرجەستە بکات و چەمکی دەربڕراو بەدیبێنێت، دەبێت بیسەر، یان خوێنەر بەپێی ئاستەکانی تەمەن، هۆشیاری ...، لە واتا و پراگماتیک بە ئاگا بێت، بۆیە ئەو دوو بوارەش دەخرێتەڕوو.

لێکدان/ ئاوێتەبوون (Merge) ی دەربڕاوەکان، کە لە ئایتمە فەرهەنگییەکانەوە بە شێوەی یەکلەدواییەک بۆ ڕۆنانی نواندنەکان I–Language، ئەمەش بە کۆزانیاریی ناوەکی چڕ ناودەبرێت، کە بە ڕێزمانی گشتی دادەنرێت:– ،.

١. زمان شێوەیەکە لە شێوەکانی درککردن، لەڕێی فاکەڵتی زمان (FL)ەوە، لەگەڵ سیستەمی کۆزانیاریدا کارلێک دەکات، ئەمەش هۆکارەکانی بەدەستهێنانی زمانی مرۆڤ شیکاردەکات. ( Radford٢٠٠٦، ١٣)
٢. زمان سیستەمی ژمێرەییە، فاکەڵتی زمان (FL) لە سیستەمی ژمێرەیی ($C_{HL}$) پێکهاتووە، کە بنەما و پارامێتەرەکان لەخۆدەگرێت. ئەم سیستەمە لەگەڵ دانە فەرهەنگییەکان هەڵسوکەوت دەکات، ئەمەش لە هەموو زمانێکدا بەپێی فیچەری کەتیگۆری و

مۆرفۆلۆجی چەسپاوە، بەڵام هەڵسوکەتی سیستەمی ژمێرەیی بەپێی فیچەری فۆنۆلۆجی لە هەر زمانێکدا جیاوازە (Seuren ٢٠٠٤, ٣٢)، ( Radford٢٠٠٦، ١٤).

٣. زمان بەدەستهێنان/پژان لە ئەنجامی داکردنی ئایتمی فەرهەنگییەوە پێکدێت، لە زمانێکی دیاریکراودا بەهای پارامێتەرەکان دەستنیشان دەکرێت.

٤. زمان کۆمەڵێکی بێ کۆتا لە دەربڕاوە، کە لە دوانەی دەنگی و واتاییەوە بەرهەم هێنراوە.

٥. ڕواڵەتی/ شێوەی ژمێرەییە ڕستەییەکان لەگەڵ زانستی دەنگ (فۆنۆلۆجی): لەگەڵ فۆڕمی دەنگیـــی/ فۆنۆلـــۆجی (PF)دا هاوئـــاهەنگن، هـــاوتەریبە لەگەڵ سیســـتەمی نمایـنـــدەی درککردنـی جـومگەیی (A-P) articulatory-perceptual، کە بەرهەمهێنـانی گـوتنی جومگەیی و درککردنی دەنگیی/گوتن لەخۆدەگرێت.

٦. ڕواڵەتـی ژمێـرەییە ڕســـتەییەکان لەگەڵ واتاســـازی (سـیمانتیک)دا، کە لەگەڵ فـۆڕمی لۆجیکی (LF)دا هاوئاهەنگن، هاوتەریبە لەگەڵ سیستەمی نمایندەی چەمکی مەبەستدار (C-I) conceptual-intentional، کە بونیـادی چەمکـی و مەبەسـت لەخۆدەگرێـت (Radford ٢٠٠٦, ١٣).

٧. ڕاڤەکردنی هەموو ژمێرەییە سینتاکسییەکان لە ڕووگەی پەیوەستدار ئەنجام دەدرێت: (π, λ) ڕاڤەکردنیـــان لە هەردوو ڕووگەی PF و LF بەرجەســـتە دەبێـت، کە وەک زانیارییەک لە سیستەمی نمایندەی A-P و C-I دێتە ئاراوە.

٨. هەندێک لایەنی زمان جێگیر و چەسپاون، بەتایبەتی سیستەمی ژمێرەیی (واتە سینتاکس) و فۆڕمی لۆجیکی (LF).

ئەم تایبەتمەندییانە سەرچاوەی هەڵهێنجانی چەمکەکان دەبن.

## ١-٦-١ گەشەسەندنی بیری مینیمالیزم (Minimalism)

توانـای زمـانی مرۆیـی لە داهێنانـدا نمـوونەییە و ڕێکخســتنێکی نـاوازەی هەیە، کـارە ناوەکییەکانیشـــی لەگەڵ پرۆســـەیەکی زۆر ســـانادا دەگونجێنێـت. لەم گۆشـــەنیگایەوە بیـــری مینیماڵیزم لە سەرەتای نەوەدەکاندا دەرکەوت.

هەرچەنـدە هێشـتا لەڕێزمـانی گواســتنەوەدا پەراوێـز نەخـراوە. ئـابورییەکی لێـوە دروستبووە، جووڵەکان (واتە گواستنەوەکان) تەنیا لەکاتی پێویستدا ئەنجام دەدرێن.

ئابوری لە نواندندا بۆ مەبەستێکی دیاریکراو بوونی ڕۆنانی سینتاکسییە. پێویست ناکات شێوەی پێکهـاتەی ڕسـتە گەورە و ئـاڵۆز بێت. (نـوام چۆمسـکی و ڕۆبەرت سـی بێرویـک) لە کتێبێکـدا بەنـاوی (بۆچی تەنیا ئێمە) (WHY ONLY US) کە لە سـاڵی (٢٠١٦)دا دەرچووە، لە بـارەی

بەرنـامەی کەمینـەوە دەڵـێن:- دۆخەکە زۆر نمـوونەیی دەبێـت، ئەگەر ڕێزمـانی سـەراپا (UG) کـورت و پوخـت بکـرێتەوە بـۆ سـادەترین بنەمـای ژمێرەیـی، کە بەپێـی مەرجەکـانی توانـای ژمێرەییدا بڕوات. بەمەش دەگوترێت تێزی بەهێزیی بەرنامەی کەمینە.

ئاسانکارییەکی زۆر لەم بەرنامەیەدا بەدیدەکرێت، وەک:-

- هەڵوەشـاندنەوەی جیاکـاریی نێوان ڕۆنـانی قـووڵ و ڕۆنـانی ڕووکەش لە بەرژەوەنـدیی سیستەمی داڕشتەیی) (Derivational approch).
- لابردنـی تیـۆری ئێکسـبار(X-Bar) و دانـانی ڕۆنـانی بـارە سـنووردارەکان (بـاڕ فرەیـز/ Bar Phrase).
- هەڵوەشاندنەوەی پێڕست، یان ئاماژەبۆکراو لە بەرژەوەندی move، یان agree دا.
- بیـرۆکەی حـوکمکردن لە بەرژەوەنـدیی تیـۆری پشـکنینی فیچەرەکانـدا، یەکلابـوویەوە. (Berwick ٢٠١٦, ٩٤)

لەم بەرنامەیەدا دوو ڕووبەر/ڕووکار ئاماژەی بۆ کرا، ئەوانیش فەرهەنگ و ژمێرەکارییە، بۆیە بە پێویست دەزانرێت، گرنگی ئەم دوو ڕووکارە زانستییانە بخرێنەڕوو:

## ١-٦-٢ فەرهەنگ ( lexicon):

زمـان دوو پێکهـاتەی گرنـگ لەخۆدەگرێـت، فەرهەنـگ و سیسـتەمی ژمێرەیـی، کـاری سـەرەکیی فەرهەنـگ دەسـتەبەرکردنی ئەو یەکـانەیە، کە دەچـنە نـاو سیسـتەمی ژمێـرەییەوە، دواتریش سیستەمی ژمێرەیی لە بەرهەمهێنانی دەربڕراوەکاندا بەکاریان دەهێنێت (الزناد ٢٠١٠، ٥٦). واتە فەرهەنگ پێگەی داکردنی سـەرجەم وشـەکانی زمانە و "پێشـخانی کۆزانیـاریی زمـانی مـرۆڤە، ئەوەش ئەوە دەردەبڕێـت، کە زانیـارییە فۆنۆلـۆژی و سینتاکسـی و واتاییەکـان لە فەرهەنگدا هەڵگیـراون" (ب.مەعـروف ٢٠٢٠، ٧). سـەرچاوەی ئەم زانیارییانەش بـۆ (جاکنـدۆف) دەگەڕێـتەوە، کە پێـی وابـوو هەمـوو زانیارییەکـان بە زانیـارییە فۆنۆلـۆجی و واتـایی و سینتاکسییەکانیشەوە لە فەرهەنگەوە سەرچاوە دەگرن، فەرهەنگیش لە چەند نواندنێک پێکدێت، کە لە ناو یادگەی درێژخایەندا بە شێوەی هەرەمـی داکراون. بـڕوانە (Mazzone ٢٠١٨, ٥٢)، هەروەها بڕوانە کلێشـەی (٦)ی لاپەڕە ( ٩٢ ) تیۆری سیمانتیکی لێکدەرەوەیی جاکندۆف.


١. هەڵبژاردن (selection): دەستنیشـانکردنی وشەکانی ناو فەرهەنـگ و ناردنیـان بـۆ پرۆسـەی دواتر، کە ئەویش ژماردنە.

٢. ژمـاردن (Numeration) : بـریتییە لە ڕیزکردنـی وشـەکان، کە لە فەرهەنـگەوە بەهـۆی هەڵبژاردنەوە هەڵیاندەبژێرێت و گرێ و ڕستەکان پێکدەهێنێت (الحشیشة ٢٠١٦، ١١). واتە کاری

ســەرەکیی ژمــاردن، هەڵبژاردنــی دانە فەرهەنگییەکــان و لێکــدان(merge)یــانە، پاشــان بەرەو گواستنەوە و ڕێککەوتن ئاراستەیان دەکات.


## ١-٦-٣ تیۆری باڕفرەیز:

ئەم تیۆرە بۆ شیکارکردنی گرێکان بەکاردەهێنرێت، لەم تیۆرەدا هیچ پێکهاتەیەک حوکمی وەچە پێکهاتە ناکات، چونکە لێرەدا فیچەرەکان ڕۆڵی دەستنیشانکردنی جێکەوتەکان دەگێڕن، هاوکات پەیڕەوی دووپەلکی (binary) بە شێوەی هەڕەمی لە سەرەوە بۆ خوارەوە و لە خوارەوە بۆ سەرەوە وەک ڕۆنانی گرێی ڕێککەوتن. (Jayaseelan ٢٠٠٨, ٨٨)




بۆ نموونە:

١١٥- (pro) کێییت؟




(ZP) سپێکی (XP) پرۆیە، هاوکات، وشە پرسەکە دەبێتە تەواوکەر (YP)ی گرێی کرداری (VP).

### ١-٦-٤ لێکدان Merge:

کردەیەکـــی پـــێکەوە بەســـتنی دوو بەشـــە، وەک تێکـــردەیەک دانە فەرهەنگییەکـــان لەخۆدەگرێت، دەرکردەکەشی بە شێوازی هەرەمی ڕۆدەنرێت (ب.رسـول ٢٠١٣، ٨٠)، پرۆسـەی پێکەوەنانی دانەکان بۆ یەکەیەکی گەورەتر پێی دەگوترێت لێکدان (merge).

چۆمسـکی [کـۆپی (copy) و لێکـدان(merge)]ی بە جـووڵەپێکەری دانە فەرهەنگییەکـان (کە بەهۆی هەڵبژاردن و ژماردن لە فەرهەنگەوە) دادەنێت (Jayaseelan ٢٠٠٨, ٩٥).

١. لێکدانی دەرەکی External Merge

ئەگەر دوو وشـــە، یـان زیـاتر وەربگیـرێن، بە بـێ ئەوەی لێکبـدرێن بە شـێوەیەکی ناڕێـک بەمشێوەیە: [دەکات، حەز ، لەچی] ئەوا هیچ واتایەکی نابێت، ئەگەر بێتو بە شێوەیەکی ڕێک set دابنرێن، ئەوا ڕستەیەکی واتادار دەردەچێت، بەمە دەگوترێت لێکدانی دەرەکی. بۆ نموونە:

١١٦- أ- حەز لە چی دەکات؟

ئەگەر بپرسین: ب- کێ حەز لەچی دەکات؟

پ- هاوناز حەز لەچی دەکات؟


ت- هاوناز حەز لە خواردن دەکات؟

ئەم پرۆسـەیە بە لێکدانی دەرەکی ناودەبرێت، کە بەبێ جووڵە ئەنجامدەدرێت. ( Citko٢٠٠٥، ٤٧٥)

٢. لێکدانی ناوەکی Internal Merge

دەتوانرێت دووبارە جووڵە چالاک بکرێتەوە، بۆئەوەی دووبـارە پێکهاتەکە لێکبدرێتەوە. بە شێوەیەکی ساناتر جووڵەپێکردنی دانەکان بریتییە لە دووبارە لێکدانەوەی دانەکان، کە پێشتر لە پێکهاتەیەکـدا لێکـدرابوون، واتە بە هـۆی لێکـدانی نـاوەکییەوە دەتوانرێـت شـتێکی تـر لەو پێکهـاتەیەی پێشـوو دەسـتبکەوێت. بە واتـایەکی تـر تـۆ درەخـت (set)ەکەت لەبەردەسـتدایە و دەتەوێت بەهۆی چەند جووڵەکەیەوە پێکهاتەیەک بونیاد بنێیتەوە (Carnie ٢٠٢١).


١١٧-




بەم پرۆسەیەش دەگوترێت لێکدانی ناوەکی، چونکە فۆرمی (چی) لەگەڵ کرداری (خورا) ئاماژە بۆ ناوێک، یان گرێیەکی دیارخەری دەکات، کە کارتێکراوە و جێکەوتەی بکەر/جێگری بکەر دەگرێت.

٣- لێکدانی هاوڕێک Parallel Merge

ئەم جۆرە لێکدانە، لە نێوان وشەی پرس و کردارەکەدایە، بە شێوەیەکی هاوڕێک بە تەنیشت یەکەوە دەجوولێنرێت، لەگەڵ ڕستەیەکی تردا لێکدەدرێت و کەرەستەیەکی هاوبەشیان دەبێت.




هەردوو ڕستەکە بە شێوەی هاوڕێک لێکدەدرێن و ڕستەیەکی هاوڕێک دادەتاشن، چونکە سەرێکی هاوبەشیان هەیە. (Citko ٢٠٠٥, ٤٧٩)

## ١-٦-٥ پشكنين[٢٠] Checking:

ئەم چەمكە فراوانە بەرانبەر بە تیۆری دۆخە، ڕۆڵی واتایی لە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا دەبینێت، بەوپێیەی "ئەگەر كەرەسەیەک سیمای دۆخی نۆمینەتیڤی هەبوو، دەبێ لەو شوێنە یان ئەو چاڵە/جێكەوتە دەربكەوێت، كە بۆی دانراوە" (ب. قادر ٢٠١٠، ١١٦).

فیچەرەكانی پشكنین:

أ. فیچەرە بەهێزەكان: ئەم فیچەرانە ئەركیان گواستنەوەی ئەو پێكهاتانەیە، كە پێویستە بە پرۆسەی پشكنیندا تێپەڕبن.

ب. فیچەرە لاوازەكان: ئەو فیچەرانەن، كە چاوەڕوانی كردەی پشكنین (پاساودان) دەكەن، تا دوای دركاندن (ب.رسول ٢٠١٣، ٧٨).

هەموو جووڵەیەک لە (MP)دا پاڵنەرێكی هەیە، تیۆرەكە زیاتر پەیوەستە بە دارشتنەوە... ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، لە دەربڕینەكاندا (تا دەكرێت، كەمترین وزە بەكاربێت)، بۆیە (چۆمسكی) پێشنیاز دەكات؛ كە پێویستە "جووڵەكان كورت بن، چونكە جووڵە درێژەكان جووڵەی كورت لە دەست دەدەن، ئەمەش وادەكات دەربڕینەكان درێژدادڕ بن" (Chomsky ١٩٩٨, ٨٩)، هاوكات چۆمسكی فیچەرە لاوازەكانی لا پەسەندتربووە، تا فیچەرە بەهێزەكان، چونكە فیچەرە بەهێزەكان پێویستە بپشكنرێن و جێكەوتەی ڕێزمانی و لایەنی واتایی بەهەند وەربگرێت، ئەگینا دەركردەیەكی هەڵوەشاوە نیشاندەدات، بۆ نموونە:

١١٨- تۆی بینی كێ؟*

لەبەرئەوەی پریدیكاتی (تۆی بینی) لە زمانی كوردیدا، دەخوازێت گرێی پرسەكە لە پێشییەوە بێت، بەڵام لەو ڕستە ناڕێزمانی و نالۆجیكییەدا، گرێ پرسەكە جێكەوتەی دۆخی نۆمینەتیڤی، كە پێویستە لە پێش گرێ كردارییەكەوە بێت، بۆیە بە ڕستەیەكی ناڕێزمانی هەژماردەكرێت. هەر لەبەر ئەمەیە (چۆمسكی) پشتگیری فیچەرە لاوازەكانی كردووە، چونكە لە سینتاكسی شاراوەدا پشكنینی بۆ دەكرێت، لە پێناو تێگەیشتنی دروستدا.


## ١-٦-٦ گواستنەوە لە بەرنامەی كەمینەدا:

جووڵان (move)ی كردار لە هەردوو زمانی جیهانیی فەرەنسی و ئینگلیزی، دوو جووڵەی جیاواز و دژ بەیەكیان هەیە، هەر لەبەرئەوەیە زۆرێک لە زمانەكان بە سەر ئەو دوو

---

[٢٠]. (د.سەباح ڕەشید) زاراوەی (پاساودان)ی بۆ (Checking) داناوە، هەروەها (د.ئەبوبەكر عمر) زاراوەی (پشكنین)ی بەكارهێناوە، لە زمانی فارسیشدا (چک كردن) ی بۆ بەكارهێنراوە، ئێمەش لەم تێزەدا زاراوەی (پشكنین) بە گونجاوتر دەزانین.

پـۆلێنەی هەردوو زمانـدا دابەش دەبـن، پێویسـتە لێـرەدا هەردوو جـووڵەکە بخـرێتەڕوو، دواتـر تێبنییەکی گرنگ لە بارەی هەردوو پۆلێنەکەوە دەبینرێت:




وەک تێبینی دەکرێت، جوڵەی کردار لە زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسیدا جیاوازن، ئەویش ئەوەیە، لەبەرئەوەی کـردار لە زمـانی ئینگلیـزی هەرگیـز بەرز نـاکرێتەوە و گریمـانەی ئەوەش لەئـارادایە، کە ئـاوەڵکردار .Adv لە شـوێنی خۆیـدا جێگیر بێت، لە کـاتی دابەزینی کـردارەکەدا ئـاوەڵکردار لای چەپـی کـردار دەگرێت، بەڵام لە زمـانی فەڕەنسـیدا بەپـێچەوانەوەیە ... هاوکـات وشە پرسەکانی زمانی چینیش بە پێچەوانەی زمانی ئینگلیزییەوەیە، لە سەرەتای ڕستەوە نایەت .(Boeckx ١٣٨٩, ٥٧)

بەڵام هەرگیز ڕێگە بە دابەزینی بکەر نادرێت لە (.spec)ی TPیەوە بۆ (.spec)ی VP، چونکە داڕشتەیەکی ناپەسەندی وەک نموونەی (١١٨) دەردەچێت. بڕوانە (ب. قادر ٢٠١٠، ١١٩)، نموونەکەی (ب.ڕسول ٢٠١٣، ٩٢).

دوو جۆر گواستنەوە لەم پرۆگرامەدا هەیە، ئەوانیش بریتین لە گواسـتنەوەی ئاشـکرا و گواستنەوەی شاراوە، کە لە گواستنەوەی سینتاکسیی ئاشـکرادا، کە پێش شـەقبوون ڕوودەدات، هەڵبژاردنی ئـایتمە فەرهەنگییەکـان کە لە فەرهەنگی زمـان (Mental Lexicon)ەوە سـەرچاوە دەگرێت، لێکدەدرێن و ئایتمەکانیش بە کۆمەڵێک فیـچەرەوە دەپشـکنرێن و بەپێی تایبەتمەنـدیی زمان دەجوڵێن و بەپێی پێویست ئابوریکردن لە دەربڕاوەکاندا دەکرێت و شوێنپێ، یان کۆپییەک جێـدەهێڵن. "لەم ڕوانـگەیەوە لە بەرنـامەی کەمیـنەدا دوو ڕووکـار، یـان دوو ڕووبەر هەن، بە ناونیشانی ڕووکاری زمانی بەرجەستە، کە ڕووبەرەکانی وەک دیوی شاراوە و ئاشکرا، تیۆری بـنج و پـارامیتەر وەلا دەخـرێن. ئەوەی جێیـان دەگـرێتەوە بـریتییە لە سیسـتەمی فەرهەنـگ و ژمێرەکاری" (پ.قادر ٢٠١٨، ٣). بۆ نموونە:

١١٩- أ- ئەوە کتێبەکە لەکوێیە؟


ب- کوا کتێبەکە —(لەکوێیە)-؟

که شەقبوون ڕوویدا سینتاکسی شاراوە ڕۆڵدەبینێت، لێرەدا جوڵەکان بەپێی مەبەست/ چەمکی شاراوە لێکەوتەی واتایی کەرەستەکانی ڕستەکە جووڵەیان پێ دەکرێت و دەیانخاتە سیستەمی دەرکردەوە.

چۆمسکی لە کارەکانی دواتریدا لە ساڵی (١٩٩٥)ەوە بۆچوونەکانی لەبارەی گواستنەوەکان خستەڕوو، کە جووڵان لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا چالاکترە و زیاتر لایەنگیری جوڵەی شاراوە دەکات، چونکە ئەمەیان لە دوای شەقبوونەوە لە (LF)دا مۆرفۆلۆجییانە ڕوودەدات، هەرچی جوڵەی ئاشکرایە، بە هۆی کردەی (دواخستن)ەوە دوادەخات. (ب.رسول ٢٠١٣، ١٠٢) هەموو ئەم پرۆسە مۆرفۆلۆجی و نواندنانە دەچنە چوارچێوەی ئابوریکردنەوە. لە چوارچێوەی (MP)دا چۆمسکی( ١٩٩٥b) لە گفتوگۆی چەمکی دوایین پەناگە last resortدا جەخت لە سەر جوڵە دەکرێتەوە، ئەمەش وەک گشتاندنێک لە چوارچێوەی پرسیاری و کارا بزر و بەرزکردنەوەی کرداردا (Collins ٢٠٠١, ٤٩).

شوێنی دیاریکار لەم بەرنامەیە بە وشە پرسەکانی (ئایا، ئەریَ، ئاخۆ، کوا)، (کە جێی کرداری یاریدەدەری زمانی ئینگلیزی دەبینن.) (پ.قادر ٢٠١٨، ١٠)، وەک لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا خستوویەتییەڕوو:

-١٢٠




شوینی دیکارەکان بە پارتیکڵەکانی پرس پرکراونەتەوە، هیچ جووڵەیەک لە زمانی کوردیدا ئەنجام نادەن، چونکە ئەم ڕستە پرسیارییە، لە زمانی کوردیدا بەهۆی گواستنەوەوە دروست نابێت، بەڵکو بەهۆی زیادکردنەوە لە سینتاکسی شاراوەدا هاتوونەتە پێش ڕستەکە،

هاوکات فیچەرەکانیشیان لاوازن، لە (LF)دا پشکنراون، لەم ئاستەشدا پشکنین تێچووی کەمتر و هەرزانترە.[٢١]

لە کرداری ڕابردووی تێنەپەڕی ڕوودانـدا وەکـو فـۆرمی کـارا جۆرێک لە گواسـتنەوەی ئاشـکرا بەدی دێت، چونکە لە پێش شەقبووندا ڕوودەدەن، بۆ نموونە:

١٢١- چی سووتا؟ پووشەکە سووتا.


١٢٢- کێ پووشەکەی سووتاند؟ پیاوەکە پووشەکەی سووتاند.

لەمەوە ئەوە دەردەکەوێـت، کە کـردارەکە هەرچەنـدە یەک هێـزی/ ئـارگومێنتییە، بەڵام ڕۆڵی بابەتانەی ئەم جۆرە کردارانە وەک بەشێک لە فیچەری کردارەکە دادەنرێت، کە پێویستە بپشـکنرێن، (چـونکە پشـکنین ڕۆڵـی بابەتـانەی دەسـەڵات و بەسـتنەوە دەبینێـت)، لەگەڵ بـکەری ڕێزمـانی ڕسـتەکە لێکـدەدرێت، ڕۆڵە واتـاییەکەی دەپشـکنرێت و بـۆ لای (چی/پووشـەکە) دەگوێزرێتەوە، بەڵام دواتـر ڕۆڵـی واتـایی ئەو جـۆرە لە بـکەر دەستنیشـان دەکرێـت و دەبێتە کـارتێکراو، بەهەمانشـێوە دەبێـتە بەشـێک لە پریـدیکات و دواتـر پـێکەوە ڕۆڵـی بابەتـانە دەگوێزرێتەوە بـۆ DP/NP ی ڕسـتەکە، کە (کێ/پیـاوەکە)یە و ڕۆڵـی کـارا (Agent) دەبینێـت بڕوانە (ت. قادر ٢٠١١، ٥٨-٥٩).

جۆرێکی تری گواسـتنەوەی شـاراوە، هێنـانە پێشـەوەی بابەت/کـارتێکراوە بۆ سـەرەتای ڕستە، چونکە کارا تیایدا بزرە. بۆ نموونە:

١٢٣- <u>کێ</u> بینرا؟Ø   <u>ئەو</u> بینراØ.

١٢٤- من <u>کێم</u> بینی؟   من <u>ئەوم</u> بینی.




ئەم جۆرە جوڵەیە بریتییە لە بەرزکردنەوەی بەرکار بۆ شـوێنی بـکەر، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زمانی کوردی هەندێکجار لە پۆلێنی زمـانە فەرەنسـییەکانەوە نزیـک دەبێت. هاوکات بـکەرە ڕێزمانییەکە ڕێککەوتن لە گەڵ کردارەکەدا لە ڕووی ژمارە و کەسەوە دەکات.


---

[٢١]. زیادکردنی وشەی پرس بۆ سەرەتای ڕستەی هەواڵی لە زمانەکانی یابانی و کۆری و چەند زمـانێکی تـردا، هاوشـێوەی زمانی کوردییە وشـەی پرس دەخرێتە سـەرەتای ڕسـتە، ڕسـتەیەکی پرسیاری بەرهەمدێت، کە بە بەڵێ/نەخێر وەڵامدەدرێتەوە. ( Ginsburg٢٠٠٩، ٧٢).

١٢٥- أ- تەماشای کام فلیمە/چ فلیمێک دەکەیت؟

ب- کام فلیمە تەماشادەکەیت؟

لە ڕستەی (١٠٤ أ،ب)دا جوڵەی گرێی پرسی نیشانە[٢٢] لە سینتاکسی شاراوەدا ئەنجام دراوە، یاخود دەتوانرێت ئەوەش بگوترێت؛ کە پێشکاری (تەماشا)، وەک تەواوکەرێک لە کردارە سەرەکییەکە دابڕێنراوە، کە پێکەوە ڕۆنانێکی لێکدراویان هەیە. ئەمەش لە زمانی کوردیدا لە زۆر کرداری لێکداراودا نموونەی بەرچاویان هەیە.




## ١-٦-٧ گرێی ئەرکیی ڕێککەوتن AGR.P و دەرکەوتنی دیاردەی ئێرگەتیڤی لە ڕستەی پرسدا

ڕێککەوتن لە زمانی کوردیدا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت. ڕێککەوتنی کەرەستە بنچییەکانی ڕستە لە ڕووی ژمارەو کەسەوە، لە نێوان بەشە ئاخاوتنی بکەر و بەشە ئاخاوتنی کردارەوە ئەنجام دەدرێت، هەرچەندە ڕێککەوتن لە ڕێی کەرەستەی سەرەکیی بکەرەوە ئەنجام دەدرێت، بەڵام ڕەنگدانەوەی لە گرێی کرداری ڕستەکانی زمانی کوردیدا دەردەکەوێت؛ ١) ئەگەر کردار تێپەڕبوو، لە تافی ڕابردوودا بوو، ئەوا کەرەستەی ڕێککەوتنی کەس و ژمارە لەگەڵ بەرکاری ڕستەدا دەبێت. ٢) بەڵام ئەگەر لە تافی ڕانەبردوو بوو، یان ڕابردووی تێنەپەڕ، ئەوا کەرەستەکانی ڕێککەوتن لە گەڵ بەشەکرداردا دەبێت. ٣) هەروەها ئەگەر ڕێککەوتنەکە لەلایەن بەرکاری ڕستەکەوە بوو، کەرەستەی ڕێککەوتنیش لە بەشەکرداردا بوو، ئەوا بە دیاردەی ئێرگەتیڤی ناودەبرێت[٢٣]، هەرچەندە ئەم دیاردەیە لە زمانە ئێرانییە کۆنەکاندا هەبووە و ئێستا

---

[٢٢]. لە ڕووی ڕۆنانەوە ئەو گرێ پرسە بەم شێوەیە دروستبووە: کام....فلیم...ە، واتە بزوێنی کۆتایی بەشێکە لە وشە پرسەکە، لەبەرئەوەیە بە ئاوەڵناوی پرس ناودەبرێت و وەک دیارخەرێک بۆ ناوەکە (فلیم) ڕۆڵی بینیوە.

[٢٣]. لە زاری سەرووودا ئەو جۆرە ڕێککەوتنەی بەرکار و کردار لە لایەن (وریا عمر ئەمین)ەوە بە نیمچە ئێرگەتیڤ و مزگین عەبدولڕەحمان بە ئێرگەتیڤی قلیشاو ناویان بردوون، چونکە لە هەردوو جۆرەکەی ئێرگەتیڤ سینتاکسی و مۆرفۆلۆجیی، زیاتر ئێرگەتیڤی مۆرفۆلۆجییانە لە زمانی کوردیدا بوونی هەیە،

بەرەو کەمبوونەوە ڕۆیشتووە، ئەم دیاردەیە زیاتر لە زاری کرمانجیی سەرووی زمانی کوردیدا ماوە و لە زاری ناوەڕاست و خوارووودا بەرەو کەمبوونەوە ڕۆیشتووە. بڕوانە (أ.ئەحمەد ٢٠٠٦، ٦٧) و (ئەمین ٢٠٠٩، ٦٩).

ئەم دیاردەیە لە زاری کرمانجیی ناوەڕاستدا هەرچەندە بە دەگمەن هەستی پێدەکرێت، چونکە ئەم دیاردەیە و چەندین دیاردەی تری وەک نەمانی دۆخی نێر و مێ و کەمبوونەوەی بەکارهێنانی مۆرفیمەکانی نێر [/-ۆ/ وەکو (مامۆ ، خاڵۆ ، لالۆ ... )] و مێ [/-ێ/ وەک (کچێ، ژنێ ...)] گۆڕینیان بە /-ە/ [وەک؛ باوکە ، دایکە ، خاڵە ، لالە ...هتد] لەم زارەدا و شێوەزاری سلێمانی بەتایبەتی. لەگەڵ ئەوەشدا دیاردەی ئێرگەتیڤی لە زاری کرمانجیی ناوەڕاستدا هێشتا ماوە. بڕوانە (بەرزنجی ٢٠١٢، ٢٧)، کە (فەرەیدون عەبدول) لە هەردوو ناوی کرداریی (بوون) و(مان)دا دەستنیشانی کردووە.[٢٤] ئەم کارەش وەک پاڵپشتییەک و توێشوویەک بۆ سەر ئەو کارانەی باسکران بوونی دیاردەی ئێرگەتیڤییە لە زاری کرمانجیی ناوەڕاستدا لە ڕستەی پرسی زاری کرمانجیی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا.

دیاردەی ئێرگەتیڤی بریتییە لە ڕێککەوتنی بەرکار و کردار، واتە ڕێککەوتن ڕۆڵێکی گرنگ لە دیاردەی ئێرگەتیڤ دەبینێت. دوو جۆر ئێرگەتیڤ هەن؛ یەکەمیان سینتاکسییە و ئەوی تریشیان مۆرفۆلۆجییە، جۆری دووەمیان لە زمانی کوردیدا (کرمانجیی سەروو) بەدیدەکرێت، هەرچەندە لە کرمانجیی ناوەڕاست و خوارووشدا ئەم دیاردەیە بە شێوەیەکی سنووردار بەرچاو دەکەوێت.

١٢٦- أ-تۆ ئۆتۆمبیلەکە دەفرۆشیت؟

ب-تۆ ئۆتۆمبیلەکان دەفرۆشیت؟

لە هەردوو ڕستەی (١٢٦أوب)دا ڕێککەوتنە لەنێوان بکەر و کرداردایە، بەڵام کاتێک گرێی پرسی پێشناویی دێت، ئەوا بەرکارەکە مۆرفۆلۆجییانە ڕێککەوتن لەگەڵ کرداری ڕستەکەدا دەکات.


---

هەرچەندە سەرچاوەی دووەمیان ئێرگەتیڤی سینتاکسیشی خستۆتەڕوو، بەڵام نموونەی لەو زارەدا زۆر کەمە. بڕوانە (پژوە ٢٠٢٠).

[٢٤]. (فەرەیدون عەبدول محمد) لەم توێژینەوەیەدا، دیاردەکەی لەو جۆرە ناوی کرداریەی سەرەوەدا تۆمارکردووە، چونکە لە چەند خەسڵەتێکدا لەیەک دەچن؛ وەک هێزی هەردوو کرداری (بوو ، ما) بەتێپەڕی و تێنەپەڕی دەبینرێن، چونکە ناوازەن ...هتد.

ڕێککەوتنی بکەری


١٢٧- تۆ ئۆتۆمبیلەکە بەچەندی دەفرۆشیت؟ (هەرچەندە ئەو ڕێککەوتنە لێرەدا لەگەڵ بەرکار و تەواوکەرەکەدایە)




ڕێکەوتنی بکەرییەکە لەگەڵ گرێ کرداریییەکەدایە و ڕێککەوتنی بەرکاری جێناوی ڕێککەوتن، کە بە وشە پرسەکەوە لکێنراوە.


ڕێککەوتنی بەرکاری

١٢٨- تۆ ئۆتۆمبیلەکان بەچەند دەیانفرۆشیت؟ (بەڵام لێرەدا ئاسایی چووەتە سەر بەشەکردارەکە)




١٢٩- تۆ پارەکەت بەچی ناردØ؟

١٣٠- تۆ پارەکانت بەچی ناردن؟





١٣١- تۆ کتێبەکەت بۆ کێ بووØ.

١٣٢- تۆ کتێبەکانت بۆ کێ بوون؟



١٣٣- من لە تۆ زیاتر کێم هەیە؟ من لە ئێوە زیاتر کێم هەن؟




لەڕێی ئەو نموونانەی پێشووەوە، دەگەینە ئەم چەند تێبینییەی خوارەوە:-

١) هەموو کردارەکان لە ڕووی هێزەوە تێپەڕن و کەرەستەی بەرکار بە تەنیا ڕێککەوتنی لەگەڵ کردارەکەدا نەکردووە، بەڵکو لەڕێی گرێی ئاوەڵکرداری پرسەوە، کە وەکو بەرکاری دووەم دەرکەوتووە و هەندێک جاریش وەکو تەواوکەر، ئەمەش دیاردەیەکی زۆر ناوازەیە، لە زاری کرمانجیی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا دەرکەوتووە.[٢٥]

٢) ناوازەییەکی تری ئەم جۆرە دیاردەیە، کە بەتەنیا لە زاری ناوەڕاستدا هەیە، ئەویش ئەوەیە دوو کەرەستەی ڕێککەوتن دەردەکەون، کە یەکێکیان ڕێککەوتنی بکەری و کردارییە، یاخود بکەری و بەرکاری بە مەرجێک کرداری ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕبێت، ئەوەی تریشیان ڕێککەوتنی بەرکار و کردارە.

٣) واتە دیاردەی ڕێککەوتنی بەرکاری و کرداری بەهۆی گرێی پرسەوە لەم زارەدا بە تەواویی پەیپێدەبرێت و دەبێتە بەڵگەیەک بۆ ئەوەی بگوترێت گرێی ڕێککەوتن ڕۆڵی سەرەیی لە ڕستەی کوردیدا دەبینێت، چونکە زۆربەی وشە پرسەکان دەتوانن لە چوارچێوەی گرێی پرسدا ئەم ئەرکە ببینن.

[٢٥] . بۆ زانیاری دەربارەی ڕێککەوتنی بکەری و ڕێککەوتنی بەرکاری ناڕاستەوخۆ، بڕوانە (پژوە ٢٠٢٠، ١٣٨).

٤) فیچەرەکانی وشەی پرس ڕۆڵێکی گرنگ لەو جۆرە ڕێککەوتنەدا دەبینن، چونکە بە فلتەری پشکنیندا ڕۆیشتوون و لە LFدا پشکنینی واتاییان بۆ ئەنجامدراوە، بۆیە لە PFدا هەندێکجار ڕێکەوتنەکان کردارەکانیان تافی ڕابردووە و بەرکارەکانیش لەڕووی ژمارەوە تاکن، بۆیە بە مۆرفیمی سفر نواندنەکە ئەنجامدراوە، ئەمەش تایبەتمەندییەکی دەستەی جێناوەکانە، جێناوی کەسی سێیەمی تاک بۆ تافی ڕابردوو هەمیشە مۆرفیمی سفرە (Ø)، هەروەها بەرکارەکانیش ئەگەر تاکبن دەکەونە بەر ئەو جۆرە ڕێککەوتنەوە. [م – ین ، یت – ن ، Ø – ن] لەبەرئەوە کەرەستەی بەرکار کاتێک لە شێوەی کۆدا دەردەکەوێت ڕاستەوخۆ جێناوی ڕێککەوتنەکە دەبێتە (ن) فۆرمێکی فۆنەتیکی دەبێت.

هاوکات هەندێک جاریش مۆرفیمی ڕێککەوتن بەپێی مەبەست و خواستی پرسکەر دادەنرێت، چەمکی ڕێککەوتنی کۆ لە بری تاک بۆ یەک کەس بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە:

١٣٤- ئێوە کێن؟

ڕستەی (١٣٤) جێناوەکانی سەربەخۆ و ڕێککەوتن لە ڕووی ڕێزمانییەوە دروستن، وەک چەمکێکیش لە بنەڕەتدا بۆ کۆمەڵێک کەس بەکاردەهێنرێت، بەڵام هەندێکجار قسەکەری زمان بە مەبەست ئەم ڕستەیە بۆ تاکیش بەکاردەهێنێت، کە زیاتر مەبەستی ڕێزگرتنە لە کەسی بەرانبەر، لە بەرانبەریشدا گوێگر/وەڵامدەر ئەم جۆرە پرسیارکردنانەی لە لا پەسەندە، چونکە چەمکی کۆی لە تاک پێباشترە، لەبەرئەوەی وەک ئەوە وایە، بڵێن ئەوەندە کەسێکی بەڕێزیت، لە یەکێک زیاتریت.

لە سەرەتای ئەم پارەدا ئاماژە بەوەکرا، کە بەرنامەی کەمینە لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا هێڵێکی سەرەکی گەشێنراوە، بۆیە لەم پارەدا بنەماکانی ئەم بەرنامەیە و جیاوازییان لەگەڵ تیۆر و بنەماکانی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوەدا، بە کورتی ئاماژەیان بۆ کرا، هەنگاوەکان لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا درێژەدانێکی نەبڕاوەی لێکدانەوەی زمانە، لە ناو ئاستە پێکهێنەرەکانی زمانیشدا، ڕستە ڕۆڵی سەرەکیی فەراهەمکردنی تێگەیشتنە، بە تایبەت لەم تێزەدا، کە پەیوەستە بە تێگەیشتن و بەدەستهێنانی زانیاری لە ڕێگەی پرسیارە جۆراوجۆرەکانەوە. بە واتایەکی تر ئەم بەرنامەیە، لە بەکارهێنانی ئایتمەکان و پەیوەندییە سینتاکسییەکاندا بنەماکانی فەرهەنگ و ژمێرەییە، بۆ بەدیهێنانی خوێندنەوەی تەواوی دەربڕراوەکانە، کە خۆی لە دارشتەی پرسیارەکان، یان چۆنێتی پرسکردنە، بۆ گەیشتن بە زانیاری و تێگەیشتن لە هەڵوێستی پرسیارلێکراو و هەڵهێنجانی چەمکەکان کراوەتە پێشینەیەک.

# بەشی دووەم

# ناوەڕۆکی کردەی پرس

## بەشی دووەم: ناوەڕۆکی کردەی پرس

# ٢-١ لێکدانەوەی چەمک لە ڕێزمانی گشتیدا

### ٢-١-١ ناساندنی تێگەی چەمک:


(چەمک) پرۆسەیەکی ئاوەزییە، بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و تێگەیشتن لە ڕێی بیر و ئەزموون و هەستپێکراوەکانەوە، بە پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی ناو ئاوەزی مرۆڤ ناودەبرێت، لەگەڵ واتادا تێکەڵ دەبێت، جیاکردنەوەیان کارێکی سانا و ئاسان نابێت، چونکە لە بنەڕەتدا پرۆسەیەکی ئاوەزییە. لەم ڕوانگەیەوە دەگوترێت: (چەمک) فۆرمێکی گشتییە و لە چەند واتایەک پێکدێت، کە لە یەکترییەوە نزیکن. کاتێک باسی چەمکی (جوانی) دەکرێت، ئەوا ڕاستەوخۆ بیرەکان بەرەو شتێکی ناوازە و ڕێکخراو چڕدەبنەوە، هەر ئەمەش چەمکێک پێکدەهێنێت، مەبەستەکانی پشت بەکارهێنانی چەمکەکە چەندین واتا دەگەیەنن، وەک؛ جوانیی گوڵێک/کچێک/ کەسێک/ کردەوەیەک/ خانوویەک/ پارکێک/ زانکۆیەک ....هتد. کەواتە واتا؛ گشتییە و لە کردەی گوتندا بەپێی مەبەستی قسەکەر/ نووسەر بەکاردەهێنرێت.

واتای وشە (Word Meaning) "ڕەنگدانەوەی پلەبەرزی واقیعە لە مێشکی مرۆڤدا، هەر ئەو پلەیەیە، کە چەمکیش هەیەتی. واتای وشە گشتییە، لە هەمان کاتیشدا نیشانەی تایبەتی و گرنگی شتە، کە لە ئەنجامی پراکتیکی کۆمەڵدا پەی پێبراوە" (سدیق ٢٠١٦، ٢٣).

وشە دوو جۆر واتا لەخۆدەگرێت، یەکەمیان واتای چەمکییە (conceptual meaning)، دووەم واتای پەیوەستدار (associative meaning)ە. واتای چەمکی پێکهاتە بنەڕەتی و سەرەکییەکانی واتا دەگرێتەوە، کە فەرهەنگیش (لێکسیکۆگرافیا) هەر لە شێوەی واتای چەمکییەوە دروستبووە، بۆ نموونە پێکهاتە سەرەکییەکانی وشەی دەرزی (needle) لە زمانی ئینگلیزیدا ئەم وشانەی لەخۆی کۆکردووەتەوە؛ باریک (thin)، تیژ (sharp)، کانزا/ستیل (steel)، (کە لە ئاسنێکی پتەو دروستکراوە)، ئەو وشانە بەشێکن لە پێکهاتەی چەمکیی وشەی دەرزی. هەرچی ئەو وشانەی دیکەیە، کە بە وشەی دەرزییەوە پەیوەستکراون، وەک؛ ئازار (pain) ، نەخۆش (illness)، خوێن (blood)، بێهۆشکەر (drugs)، دروومان (thread)، ...هتد. هەرچەندە ئەم واتا پەیوەستکراوانە بە وشەی دەرزی (needle)ەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاواز دەبێت. بڕوانە (یول ٢٠١٤، ١٦٠) واتە دەتوانرێت ئەوە بگوترێت، کە چەمک یەکەیەکی ناو مێشکە؛ ڕەنگدانەوەی نیشانەی گشتی و گرنگی شتومەک و دیاردە لەواقیعدا دەکات. (سدیق ٢٠١٦، ٢٤)، بەشێوەیەکی وردتر (چەمک) "بەرئەنجامی تێگەیشتنە لە بابەتێک،

دیدگایەکی ئاوەزی گشتییە و پەیوەستە بە هەبووەکانەوە، یان بیرە گشتییەکانە بۆ دیاریکردن و ڕێکخستنی ئەزموونەکان بەکاریاندەهێنین" (حسێن ٢٠٢١، ٥٦).

چەمک ڕەوشێکی زیندووی مەبەستدارە بۆ کارپێکردنی چالاکیی زیندەوەرە ئاڵۆزەکان وەک مرۆڤ، بریتییە لە کۆگایەکی ڕێکخراوی کۆزانیاریی، لە ڕێیەوە ڕووداو و هەڵوێستەکان دەردەبڕرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە چەمک جلّەوی زمانیی گرتووە و لە شێوەی تۆڕی جاڵجاڵۆکە چەمکەکانی تری زمانەکە لەخۆدەگرێت. ئەم شێوەیەی خوارەوە نەخشەیەکی گرنگی چەمکە پەیوەستەکان دەنوێنێت ( Cruse٢٠٠٠، ١٢٧-١٢٨).




هێڵکاری ٣ چەمکە هاوبەشەکانی وشەی ئەسپ

١٣٥- أ- ئەسپ سەر بە چ پۆلێکی گیاندارە؟

ب- ئەسپ لە کوێ دەژی؟

پ- ئەسپ بۆچ مەبەستێک بەکاردەهێنرێت؟

ت- دەنگی ئەسپ چۆنە؟

ئەم پرسیارانە پەیوەندیی ئەو چەمکانەی ناو نەخشەکە دەنوێنن، بەڵام دەشێت هەریەک لەو چەمکانەی سەرەوەش پەیوەندییان بە چەند چەمکێکی تری زمانەوە هەبێت، بۆ نموونە (سم) لە زۆربەی ئاژەڵە چوارپێیەکاندا هەیە، بە هەمانشێوە لە هەندێک ئاژەڵی تریشدا هەیە، کە بۆ مەبەستی گواستنەوە بەکاردەهێنران، بەڵام هەندێکیشیان تایبەتن بەو ئاژەڵەی سەرەوە بۆ نموونە (حیلە) دەنگێکی تایبەتمەندی ئەو ئاژەڵەیە، کەواتە زانین و تێگەیشتن لەم سیمایانە پەیوەستە بە درکپێکردنی ئاخێوەرانەوە.

## ٢-١-٢ دەرکەوتنی بنەماکانی درککردن[٢٦] لای چۆمسکی:

لە دایکبوونی ڕێزمانی جیهانی (Universal Grammar) کاردانەوەیەک بوو بەرانبەر بنەماکانی تیۆری ڕەفتاریی، چونکە ئەوان پێیانوابوو، زمان ڕەفتارێکی فیزیکییە و لە سەر بنەمای کار و کاردانەوە دروستبووە، بەڵام چۆمسکی باوەڕی وابوو، زمان کۆزانیارییەکە، لە ئاوەزی قسەکەردا بە شێوەیەکی ئاڵۆز و ڕێکخستنێکی باڵا داکراوە. چۆمسکی لەم بوارەدا بە بیرۆدزی ڕەسەن (داهێنانکاری) لە زماندا ناوبانگی پەیداکرد، دەڵێت: منداڵ لە تەمەنی پێنج بۆ شەش ساڵی دەتوانێت بێسنوور ڕستە دەرببڕێت و لێی تێبگات، کە پێشتر هەرگیز نەیبیستوون. ڕەفتارییەکان هەر زوو وەڵامی ئەم داهێنانەیان دایەوە، بەوەی لە تیۆری فێربووندا تۆڕێکی پەیوەندییکردن هەیە، لە لایەن سیستەمی ڕەفتارییەوە مرۆڤ و گیاندار شییدەکاتەوە، ئەم تۆڕی پەیوەندییە لە کۆمەڵێک نەریت و بانگەشەی واتایی و بیرۆکە پێکدێت (لیونز ١٩٨٥، ٢٠٨)، بەڵام ئەم بیرە نەیتوانی سەرکەوتوو بێت، چونکە لە بەرانبەریدا بیردۆزەکەی چۆمسکی، زمانی وەک سیستەمێکی سەربەخۆ سەلماند. چۆمسکی لە سیستەمی ڕێزمانی جیهانیدا چوار پرسیار(کێشە)ی گرنگ دەورووژێنێت، ئەوانیش بریتین لە؛ "١. سیستەمی کۆزانیاری چییە؟ چ شتێک لە ئاوەزدایە، ئەو ئاوەزەی بە زمانی ئینگلیزی، ئیسپانی، یابانی ... دەدوێت چییە؟ ٢. چۆن سیستەمی کۆزانیاری لە ئاوەزدا دروستبووە؟ ٣. چۆن ئەم زانیارییانە لە قسەکردن، یا نووسیندا بەکاردەهێنرێن؟ ٤. پرۆسە ئەندامییەکانی پێکهێنەری بنەڕەتی هەستپێکراو(Materialistic)ی سیستەمی زانیاری و بەکارهێنانی ئەم کۆزانیارییانە چۆن دەبێت؟ (أ.تشومسكی ١٩٩٠، ١٢).

یەکەمین پرسیاری سیستەمی زانیاری بابەتی سەرەکیی توێژینەوەی ڕێزمانی سەدەکانی حەڤدەیەم و هەژدەیەم بووە، بەڵام پرسیاری دووەم بارودۆخێکی گرنگ و تایبەت بوو، کە بە کێشەی ئەفلاتون ناودەبرێت، ئەم کێشەیەش لەلایەن فەیلەسوفی بەریتانی (براتراند راسل) لە کۆتایی کارەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە و دەڵێت: "چۆن دەکرێت، تاکەکانی کۆمەڵی مرۆڤایەتی سەرەڕای کەمی ئەزموونکردنیان لەگەڵ گەردووندا ئەوە بزانن، کە دەیزانن؟! (راسل ٢٠٢٢) هەروەها ئەفلاتون ئەم کێشەیەی بە ئەزموونێکی ئاوەزیی گریمانەکردووە. چۆمسکیش

---

[٢٦]. زاراوەی درککردن لە کالکە(calque)ی زمانی ئینگلیزی (Cognition) ەوە وەرگیراوە، کە بریتییە لەو پرۆسە ئاوەزییانەی، تایبەتمەندن بە خستنە ناوەوە و داکردن (saving)ی زانیارییەکان و چۆنێتی بەکارهێنانەوەیان لە ئاڕاستەکردنی ڕەفتاری مرۆییدا. ئێمەش ئەم چەمکەمان پەیوەست بە ڕێزمانی بەرهەمهێنانەوە بەکارهێناوەتەوە.

پێیوایە، ڕووکەشی زانیارییەکان و تێگەیشتنیان تایبەتمەندییەکی خۆڕسکییە[27]، واتە بەشێک لە ئامادەگییە زیندەییەکان بە بۆماوەییەوە (Determined Genetically) بەستراوەتەوە. (أ.تشومسکی ١٩٩٠، ١٤)، لێرەوە چۆمسکی جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە، کە زمان خاوەن فیچەرێکی ناوازە (unique feature)یە، ئەم تایبەتمەندییەش مرۆڤی (لە ڕووی توانای بەستنەوەی ئاخاوتن بە بیرکردنەوە) لە تەواوی بوونەوەرانی تری جیاکردۆتەوە. زمانەوانی چۆمسکی بەپێی ئەنجامەکانی زانستی ئەزموونگەرایی پێشکەوتووە، لەگەڵ ئەو کێڵگە زانستییانەدا گەشەیکردووە، کەوا بایەخ بە لێکۆڵینەوەی ئاوەز و مێشک (mind/brain) وەک زانستی دەماری (neuroscience) و زانستی درکپێکردن (cognitive science) و دەروونزانی درکپێکردن (cognitive psychology) .... ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت؛ زمانەوانی چۆمسکی گرنگییەکی زۆری بە لایەنی زانستیی (ئەبستمۆلۆجی)، یان درککردن، داوە (epistemology/cognition)، کە مرۆڤی پێ جیادەکرێتەوە. بە تایبەت ئاگایی (consciousness). بڕوانە (راجح ٢٠١٩، ١١١)، چاپتەری یەکەمی (Chomosky ٢٠٠٦).

پرسیاری سێیەمی چۆمسکی بە کێشەی (دیکارت) ناودەبرێت، کە دەڵێت: "چۆن ئەم کۆزانیارییە لە قسەکردن و نووسیندا بەکاردەهێنرێن؟ ئەم پرسیارەش دوو کێشە، یان (ڕەهەند) لەخۆدەگرێت، ئەوانیش؛ کێشەی درککردن و کێشەی بەرهەمهێنان، کێشەی درککردن بەندە بە چۆنێتی ڕاڤەکردنی ئەوەی گوێمان لێی دەبێت، یان دەیانخوێنینەوە. ئەم ڕەهەندەش چۆمسکی[28] وەک پرسێکی لاوەکیی لێیدەڕوانێت، بەڵام ڕەهەندی دووەم پەیوەستە بە کێشەی بەرهەمهێنانەوە، تەمومژاوییە، چونکە پرسیار دەربارەی ئەوەی وامان لێدەکات بیانڵێین، دەورووژێنێت.

(دیکارت) لە ڕۆچوونی پێنجەمی[29] (Meditation Five)دا پێشنیازی بیرکردنەوەی خۆڕسکیی دەکات، ئەوەی بیرماندەکەوێتەوە، بەپێی بۆچوونی ئەو، مرۆڤ شتێک فێرنابێت، هەتا

---

[27]. ئەمەش بە سەرەتای خاڵی ناکۆکی قوتابخانەی درکپێکردن وقوتابخانەی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە دادەنرێت، چونکە قوتابخانەی درکپێکردن لەگەڵ ئەوەدا نین کۆزانیاریی زمانیی تایبەمەندییەکی خۆڕسکییان هەبێت، بەڵکو پێیانوایە سەرچاوەی کۆزانیارییەکان داکراون لەڕێی هەستەکانی (بینین و بیستن و بۆنکردن وتامکردن و بەرکەوتن)ەوە ئەزموونەدەکرێن. ئەمەش نزیککردنەوەی زماننناسییە لە دەروونناسی.

[28]. چۆمسکی لەڕێی خستنەڕووی ئەم پرسیارانەوە دەیەوێت، زانیارییەکەی بە ڕابردوویەکی فەلسەفییەوە ببەستێتەوە، خۆی لەو زانیارییانەی ڕابردوو بە دوور نەگرێت و لێی دانەبڕێت.

[29]. ڕۆچوون لە بەرانبەر (التأمل)ی عەرەبی و (Meditation)ی ئینگلیزی پێشنیازکراوە، بە واتای بیرکردنەوەیەکی قووڵ و ئەو بارودۆخەیە، کە مرۆڤ دەستبەرداری خۆی دەبێت و دەچێتە ناو واتا و بیرکردنەوەکانییەوە.

پێشتر شتێکی زانراوی بیرنەکەوێتەوە (منصور ٢٠٢٠، ٢٦). بە واتا هەموو داهێنانێک بنەمایەکی پێشینەی شاراوەی هەیە.

واتە کۆزانیارییەکان بە شێوەیەکی خۆڕسکیانە لە ئاوەزدا بە شێوەی کۆد هەڵگیراون، هەر کۆدێکیش زانیاریی تێدایە، ئەوەشی بە پرۆسە ئاوەزییەکان ناوزەندکردووە (عکاشة : ٢٠١٣، ٣٦)، دواتر ئەم بۆچوونەش لەلایەن ئەزمووگەراییەکانەوە بەتایبەت (جۆن لۆک و داڤید هیۆم) ڕەخنەیەکی توندی لێگیرا، پێیانوابوو بە هیچ شێوەیەک پەی بە جیهانی دەرەوە نابرێت، ئەگەر لەلایەن هەستەکانەوە ئەزموون نەکرابێت (منصور ٢٠٢٠، ٢٧).

لێکۆڵینەوە دەربارەی زمان مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، لێکۆڵینەوە دەربارەی ئاوەز و بیر بە گریمانەی "زمانەکان باشترین ئاوێنەی هۆشمەندیی مرۆڤن" (لەیبنیز Leibniz)... بیری باو ئەوەیە، کە وردبوونەوە لە گەوهەری ڕێزمانیی هەموو زمانەکان هەمان شتن، ئەگەرچی لە ڕووکەشیاندا جۆراوجۆرن (ت. تشومسکی ١٩٩٣، ٥١). (ڕۆجەر بیکسۆن) لە بارەی بە دەستهێنانی زانیارییەوە زۆرێک وایدەبینن، کە هۆش "نزیکترە، ئەگەر بکرێت شتێک بێت، ڕەخنە بگرێت، هەڵبشاخێت. لە زانیارییەکانییەوە بۆ شتێک، جامێک لە دەرەوەدا پڕاوپڕ بکات" (رالف کدورث Ralph Cudworth).

جەیمس هاریس (James Harris) دەڵێت: "گەشەی کۆزانیاری هاوشێوەی گەشەکردنی میوەیەکە، ئەگەر هەرچەندێک هاوکاربێت وەک هۆکارێکی دەرەکیی؛ ئاستی گەیویی میوەیەک کاردەکاتە سەر گوشراو/خۆشاوەکەی ئەمەش، کە بە هێزی ناوەکییە درەختییەکەی دادەنرێت.

ئەگەر ئەمە لە سەر بنەمای بیردۆزەکەی ئەفلاتون بە سەر زماندا بچەسپێنرێت، کە پێیوابوو زمان وەکو دارێکی بەردار وایە، هاوشێوەی ئەو درەختە بەردارە زمانی تایبەت گەشەدەکات و دواتر لەسەر ئاستی زنجیرەیەک ڕووداو پێدەگات و چەند بەشێکی خۆڕسکانە نوێ دەبنەوە و لەگەڵ چەند گۆڕانکارییەک، کە پێچەوانەی تێبینییەکانی بەکارهێنەری زمانەکەن.

دوای گەشەسەندنەکانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو (ڕێزمانی بەرهەمهێنان Generative Grammar) سەریهەڵدا. بەرهەمهێنان وەک تیۆرییەک بایەخی بە فۆرم و واتای دەربڕاوەکانی زمان دەدا، تیۆروانینەکانی زیاتر نزیک بوو لە (دەروونزانی تاک)ەوە؛ کە بایەخ بە بوونی واتا و پێکهاتەکان دەدات، کە لە (فاکەڵتی زمان Language Faculty)[٣٠]ەوە دەستنیشان دەکرێن.

---

[٣٠]. فاکەڵتی زمان، توانایەکی ئاوەزییە لەڕێیەوە قسەکەر زمانەکەی وەردەگرێت و بەکاری دەهێنێتەوە، هەرچەندە زاراوەکە پێش چۆمسکی لەلایەن (ئیبن خەلدون)ەوە باسکراوە و بە (ملكة اللسان) ناویی بردووە. بڕوانە: (مقدمة ابن خلدون، عبدالرحمن بن محمد (١٣٣٢-١٤٠٤م)، الطبعة الجديدة١٩٩٢، بيروت، لبنان).

سروشتی ئەم فاکەڵتییە توێژینەوەی تیۆریی گشتیی بونیادی زمانە، کە ئامانجی ئاشکراکردنی چوارچێوەی بنەما و ڕەگەزە هاوبەشەکانی زمانی مرۆییە. ئەم تیۆرە پێی دەگوترێت ڕێزمانی سەراپا/ گشتگیر(UG). چۆمسکی جیاوازی لە نێوان ڕێزمانی بونیادگەری و بەرهەمهێناندا کردووە، قوتابخانەی بونیادگەری بە قاوغی فۆنەتیکی Externalized پەسنکردووە و بە -E language ناوهێناوە، چونکە بایەخیان بە بونیادی زمان دەدا. تەنانەت (بلۆمفیڵد)یش بەمشێوەیە پێناسەی زمانی کردووە: "زمان کۆمەڵە دەربڕاوێکە دەکرێت لە ناو کۆمەڵی خاوەن زمانەوە دەربېڕێت" (ت. تشومسكی ۱۹۹۳، ٥٣)، ئەمەش جەختکردنەوەیە لە سەر چەمکی ڕووکەشی زمانی، دواتر بیرۆکەیەکی جیاوازتر لەم بۆچوونانە سەریهەڵدا، ئەویش گرنگیدان بوو بە بونیادی ناوەوەی زمان. لە سەرووی هەمووشیانەوە (یسپرسن Otto Jespersen) باوەڕی بە بوونی بونیادێک لە مێشکی قسەکەردا Internalized هەبوو، کە "بیردۆزێکی دیاریکراوە لە ڕۆنانی ڕستەدا، ئەویش پێکهاتەی دەربڕاوی ئازادە Free Expressions." پێیوابوو زمان بونیادێکی ناوەکیی هەیە I-language. لێرەدا زمان ڕەگەزێکە لە ڕەگەزەکانی هۆشی ئەو کەسەی زمانەکەی بەکاردەهێنێت، وەک قسەکەر و گوێگر ڕۆڵدەبینێت. (ت. تشومسكی ۱۹۹۳، ۸۰) چۆمسکی زیاتر لە چەمکی I-language نزیک دەبێتەوە، وەک ئەلتەرناتیڤێکی زمانیی E-language دادەنێت، ئەم گەنگەشەیەی چۆمسکی لە ساڵی ۱۹۸٦ بە دواوە بوو، بە شێوەیەکی ڕوون لە ۱۹٦٥ەوە بۆ ئەم بابەتە چووە، بە هۆی ڕوونکردنەوەی ئەم چەمکەوە و بەهۆی ڕێزمانی بەرهەمهێنانەوە ئێمە زیاتر لە تواناکانی ئاوەزی مرۆڤ تێدەگەین. پاڵنەری سەرەکی پشت بونیادی ڕستەی بەرهەمهێنانن، بێگومان ئەمەش بە داهێنانی زمان دادەنرێت، کە لە ڕاستیدا قسەکەر لەتواناییدا هەیە، ژمارەیەکی بێ شومار ڕستە دەربېڕێت، کە پێشتر نەیبیستوون (Jackendoff ۱۹۹۱, ۸).

درککردنیش پرۆسەیەکی ئاوەزیی گرنگە، چالاکییە ئاوەزییەکان ئاڕاستە دەکات، واتە ئامرازێکی ئاوەزییە یارمەتی تاک دەدات بۆ بەدەستهێنانی کۆزانیاریی دوای پرۆسەی پاکتاوکردنی وروژێنەرە دەرەکییەکان (البقمي ۲۰۱۸، ۲٥۹۸).

گوێزانەوەییەکان وایدەبینن، قسەکەر دەزانێت چۆن گوتە دەربېڕێت و لێی تێبگات، هەروەها توانای ئەوەشی هەیە جلەوی ڕستەی ڕاست و هەڵە و لێڵواتایی و ڕوونواتایی بگرێتە دەست، ڕووکەشی زمان ڕۆنانێکی ناوەکیی هەیە، قسەکەر کۆزانیارییەکانی دەربارەی زمانەکەی کۆزانیارییەکی گشتییە و ناڕاستەوخۆیە (Elgin ۱۹۷۳, ۷).

چۆمسکی وایدەبینێت، لە ڕووی تیۆرییەوە هەڵسوڕێنەرە سەرەتاییەکان پێکهاتەیەکی ئەبستمییان هەیە، بەڵام کەسیش لە ڕووی ڕێکارەوە ناتوانێت ئەوە بسەلمێنێت. ئەگەر گریمانەی

ئەوەمان کرد منداڵ چەمکی نوێکردنەوەی هەڵسوڕێنەرە سەرەتاییەکانی هەیە بە نموونە، ئایا دەکرێت پێشبینی ئەوە بکرێت، کە منداڵ ئاستی دیاریکردنی بکەری لە ڕستەدا هەبێت لە ڕووی سنوورەکەی –وەک ڕۆنانێکی ناوی- و لە ڕووی جێکەوتەیەوە؟ هاوکات منداڵ لە پرۆسەی بەدەستهێناندا هەڵسوکەوت لەگەڵ تەواوی پێکهاتەکانی ڕستەیەک دەکات، ڕستەکانیش کردارەکان دەخاتە بەر بژارکردنی واتایی و دەربڕاویی لە یەک ساتدا و لە دەوروبەر و شوێنی ڕاستەقینەدا، کە لە ڕووکەشدا هەڵسوڕێنەری واتایی و دەربڕاو پێکەوە لە بونیادی کۆزانیاریی زماندان (الزناد ٢٠١٠، ٥٩).

جگە لەو بابەتانەی چۆمسکی باسی کردوون (جاکندۆف)یش لای خۆیەوە؛ سێ ئاستی سەربەخۆی ڕۆنانی دەستنیشانکردووە، لەوانە فۆنۆلۆجیی و سینتاکتیکی و چەمکیی. سێیەمیان خۆی لە ناوەڕۆک و واتادا دەبینێتەوە، تەنانەت لە ڕووی پرەنسیپەوە ڕۆنانی چەمکی زۆر لە واتای زمانی دەوڵەمەندترە. لە زۆر تیۆری زمانەوانیدا لە پاڵ گریمانەی واتا، کە بەشێکە لە ڕۆنانی واتایی، گریمانەی چەمکییش کراوە بەو پێیەی بەشێکە لە درککردنی گشتیی ( General Cognition)، ئەمەش بە هۆی ئەوەی ڕۆنانی سینتاکسی ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە ڕۆنانی چەمکییەوە هەیە ( Cruse٢٠٠٠، ١٢٩).

پێویستیی زانیاریی لە دروستبوونی مرۆڤەوە، وەک بوونەوەرێکی بیرمەند سەرچاوەی گرتووە، پرسیارەکان لە سەر بنەمای هێزێکی ژیرییەوە بونیاد دەنرێن، هەوڵدەدەن گرنگیی جیهان و دەروون و دروستکەرەوە دەرببڕێت. بەڵگەی ژیرمەندیی مرۆڤ لە قورئانی پیرۆزدا چەندین جار دوپاتکراوەتەوە (الحسنی ٢٠١٦، ٤١).

بۆ نموونە، خوای گەورە دەفەرموێت: " **قُلْ لَا أَقُولُ لَكُمْ عِنْدِي خَزَائِنُ اللَّهِ وَلَا أَعْلَمُ الْغَيْبَ وَلَا أَقُولُ لَكُمْ إِنِّي مَلَكٌ ۖ إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰ إِلَيَّ ۚ قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الْأَعْمَىٰ وَالْبَصِيرُ ۚ أَفَلَا تَتَفَكَّرُونَ**"

چەمکیی شاراوەی پشت پرسیاری کۆتایی ئایەتەکە، ئەمەیە: "بێژە: من بە ئێوەم نەگوت کلیلداری گەنجینەکانی خوا منم، نەشمگوتووە لە نادیاران ئاگادارم، پێشم نەگوتوون فریشتەم، تەنها من هەر ئەوە دەکەم، کە خودا پێی ڕاگەیاندووم. بێژە: ئاخۆ کوێر و چاوساغ وەکو یەکن؟ دەیسا بۆ بیر ناکەنەوە" (هەژار ١٣٧٩، ١٣٣)

بۆچوونەکان دەربارەی خستنەڕووی دروستی زانیاری و گرنگییەکانی جیاوازن، ئایا بوونێکی کۆنکرێتی یان ئەبستراکتی هەیە؟ ئەگەر کۆنکرێتە، ئەوا پێویستە شوێنی پەیپێبردنیشی هەر کۆنکرێتی بێت، ئەگەر ئەبستراکتیشە ئەوا، پەی پێبردنی ئەبستراکتی دەبێت (الحسنی ٢٠١٦، ٤٢).

له وەڵامی پرسیاری "ئایا دەتوانیت شوێنی زمان لە ناو ئاوەزدا، بخەیتە ڕوو؟ کە لە لایەن (J. Mcgilvery)یەوە ئاڕاستەی چۆمسکی کراوە، چۆمسکیش بەم شێوەیە وەڵامی داوەتەوە: سیستەمی ڕووپۆشی دەمارەخانەی مێشک، کە بریتییە لە سیستەمی وەرگرتن و سیستەمی دەرکردە. وەک سیستەمی بینین، داتا و زانیارییەکان لە دەرەوە وەردەگرێت و هەندێک لە زانیارییەکان دادەکات. بەهەمانشێوە سیستەمی درکاندنیش هەندێک زانیاری لە ناوەوە وەردەگرێت و چەند شتێکی پێئەنجامدەدات کاریگەری لە جیهانی دەرەوە دادەنێت. زمانیش هەموو ئەم سیستەمانە بەکاردەهێنێت، من گوێم لە وتەکانی تۆ دەبێت و چەند شتێک دەدرکێنم. بەڵام ئەوە تەنیا شتێکە بە هۆی زمانەوە ئەنجام دەدرێت... ئەمەش بە سیستەمی کۆزانیاریی زمانی دادەنرێت (٢٠١٢, ٦٩ Noam Chomsky).

زمان سیستەمی کۆزانیاری لەخۆدەگرێت؛ زانیاریی دەنگی و واتایی و ڕۆنانێکی دروستی هەیە، سیستەمی درکاندن ئەو زانیارییانە دووبارە بەکاردەهێنێتەوە و دەیانخاتە شوێنی بەکارهێنانەوە. بەڵام لێرەدا پرسیارێکی ئەزموونی دەردەکەوێت، ئەویش ئەوەیە: تا چ پلەیەک سیستەمی درکاندن بە بەشێک لە فاکەڵتی زمان (FL) دادەنرێت، (واتا بۆ زمان تەرخانکراوە، تایبەتتر لەگەڵ زماندا گونجاوە)؟ لە ڕووی لایەنی دەنگییەوە وەڵامەکە ڕوون نابێت و شوێنی جیاوازییە؛ لە ڕووی واتاییشەوە پرسیارەکە گرانتر و زیاتر تەمومژیی دەهێنێتە ئاراوە ... چونکە گریمانەیەکی پێوانەیی هەیە، پێیوایە سیستەمی درکاندن لە دەرەوەی فاکەڵتی زمان (FL)ەوەیە (سدخان ٢٠٠٠، ١٠٦).

ململانێ لە لێکدانەوەی زمان لە نێوان ڕێبازی هۆشمەندی و ڕێبازی ئەزموونگەرابییەکان بۆ دەستنیشانکردنی پێگەی زمان دەگەڕێتەوە. لەکاتێکدا هۆشمەندییەکان بە ڕابەرایەتی چۆمسکی دەیگەڕێننەوە بۆ ناو ئاوەزی مرۆڤ، بە سەرچاوەی بوونی کۆزانیاریی زمانی دەزانێت، هەرچی ئەزموونگەرابییەکانن سەرچاوەی زانیاریی مرۆڤ بۆ ئەزموون دەگێڕنەوە، کە سەرەتای زاراوەکە بۆ یۆنانییەکان دەگەڕێتەوە، پاشان بوو بە ڕێبازی ئەزموونگەری (empiricism). (لیونز ١٩٨٥، ٢٣٣) ئەم جیاوازییە لە دەستنیشانکردنی سەرچاوەی کۆزانیاریی مرۆڤ مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، بۆ سەدەکانی حەڤدەیەم و هەژدەیەم دەگەڕێتەوە، دواتر فەیلەسوفە ئەوروپی و ئەمریکییەکان جیاوازیی ئەم دوو ڕێبازەیان لە پەیوەندیی نێوان ئاوەز و درککردنی جیهانی دەرەوەدا چڕ کردەوە، ئەزموونگەرابیە ئینگلیزەکان، وەک جۆن لۆک (Locke) و بێرکلی (Berkely) و هیوم (Hume) پێیانوابوو؛ شتێک نییە بە ناوی ئاوەزەوە و نکۆڵییان لە بوونیدا دەکرد و تەنیا بە تۆمارکردنێکی خراپی هەستە سروشتییەکانیان دەزانی و بەپێی یاسای پەیوەستبوونیش هیچ

پەیوەندییەک لە نێوانیاندا نییە، هەرچی (دیکارت)ە، پێیوابوو تێگەیشتن لە جیهانی دەرەوە و درکپێکردنی لە سەر چەند بنەما و بیرێک پەیوەستە، واتە زانینی بابەت و بنەمای خۆڕسکی (innate)، ئەمانە لەدایکبووی ئەزموون نین (لیونز ١٩٨٥، ٢٣٤). هاوکات چۆمسکیش پێیوایە؛ مرۆڤ چەند بنەمایەکی گرنگی هەیە، ئەویش فاکەڵتی زمانە، کە پێی دەگوترێت ئاوەز.

ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی بگوترێت، چۆمسکی بۆچوونەکانی دەباتەوە بۆ ئاستی مێشک، لەوێوە دەست بە ڕێکخستنەوەی ڕێزمانی زمانەکان دەکات، بۆ بەرهەمهێنانی ڕستەی زمانەکان (هەموو ڕستەیەک)، کە گەورەترین یەکەی ئاستی ڕێزمانە (ب. قادر ٢٠١٠، ١٠٢). هاوکێشەی (تێگەیشتن لە سروشتی مرۆیی) بەرئەنجامی پەیوەندییەکی دوو لایەنەیە؛ زمان جیهانی ناوەوەیە (ئاوەزمەندی) و جیهانی دەرەوە (درککردنی هەستی). ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە چۆمسکی ئامانجی لە لێکۆڵینەوەی زمان بەدەستهێنانی ئەنجامەکانی درککردنە –بەهاوکاریی زانستەکانی تر– هەوڵی تێگەیشتن لە سروشتی ئاوەزمەندی، یان سیستەمی درککردن دەدات، ئەمەش ئامانج و مەرامی زمانەوانی چۆمسکییە[٣١] (ڕاجح ٢٠١٩، ١٠٩).

## ٢-١-٣/ ڕۆڵی هەستەکان لە پێکهێنانی زانیاریدا:

هەستەکان لە پێکهێنانی زانیاریی مرۆییدا پشتئەستوورن بە وێنە و زانیاریی ڕاستی جیهانی دەرەوە لە ڕێی گواستنەوەی وێنەکان بەرەو جیهانی زەین/ئاوەز، خودی هەستەکان دەکرێن بە دوو بەشەوە:-

١) هەستە ڕووکەشییەکان.
٢) هەستە ناوەکییەکان.

## ٢-١-٣-١/ هەستە ڕووکەشییەکان:

بینین و بیستن و تامکردن و بۆنکردن و بەریەککەوتن هەستە ڕووکەشییەکانی مرۆڤ پێکدەهێنن، لە ڕێیانەوە وێنای زانیارییەکان لە جیهانی ڕاستەقینەوە بەرەو جیهانی دەرەکی دەگوێزرێنەوە. بەهای زانیارییە هەستییەکان گرنگییەکی زۆریان لە لای فەیلەسوفە ئاوەزمەندی و ڕەهایی و نموونەییەکانەوە هەیە، بەڵگەی زانستیشیان بۆ ئەم پرۆسەیە هەردوو هەستی بینین و بیستنە؛ بە دوو گوێزەرەوەی گرنگیی پەیپێبردنی مرۆڤ دادەنرێن. "کاتێک مرۆڤ هەر زانیارییەکی دەرەکی وەردەگرێت، ئەوا لە ڕێگەی یەکێک لە هەستەکانییەوە ئەو زانیارییە

[٣١]. چۆمسکی لە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانیدا زیاتر لە کێڵگەی زمانەوانی ڕۆنانیدا بوو، بەڵام لە قۆناغەکانی ناوەند و کۆتاییدا بەرەو کێڵگەی درککردن هەنگاوی ناوە، هەر لەبەر ئەمەش بوو، بە باوکی زمانەوانیی نوێ دادەنرا.

وەردەگرێت، بۆ نموونە ئەو زانیارییەی لە وێستگەی بیستنەوە وەریدەگرێت، زانیارییەکی بیستراوەییە، هەروەها ئەوەی لە ڕێگەی بینینەوە وەریدەگرێت، زانیاریی بینراوەییە و ئەوەشی لە ڕێگەی بۆن، یان تام، یان بەرکەوتنەوە وەریدەگرێت زانیارییەکی هەستییە، کەواتە ئەو زانیارییانەی لەڕێگەی هەستەکانەوە وەریدەگرێت، دەخزێنە ناو ئاوەز/عەقڵەوە" (صالح ٢٠٢٠، ١٤٦). وێناکردن و ئاوەزمەندی، ڕۆڵێکی گرنگی لە بە دەستهێنانی زمان و بەکارهێنانیدا دەبینن، چونکە وێناکردن توانایەکی ئاوەزییە، ڕووکەشێک (appearance) بە چەمکەکان (concepts) دەبەخشێت، بەهۆی ئەم توانا ئاوەزییەوە دەتوانرێت زمان بەدەست بهێنرێت و بەکاربهێنرێت (Brouwer ٢٠٠٣, ٧٤).

## ٢-١-٣-٢ / هەستە ناوەکییەکان:

وێنە و زانیارییەکان بە هۆی هەستەوەرە ڕووکەشییەکانەوە پەی پێدەبرێن و دەگەنە شوێنێکی باڵاتر، ئەویش پلەبەندیی زانیاریی/ درککردنە. دوای گەیشتن بە پلەی هەست دەگاتە پلەی خەیاڵ، کە هەڵدەستێت بە پارێزگاریکردنی وێنەکان بە شێوەیەکی کاتی؛ دوای دابڕان بەرەو هەستی ڕاستەوخۆ دەڕوات بەرەو شتەکان واتە ڕۆڵی وەرگر و پاراستنی وێنەکان بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا ئامادەبکرێن پاشان وێنە ئاوەزییەکان بەرەو هێزی ئەندێشەیی دەگوێزرێنەوە (الحسنی ٢٠١٦، ٤٨-٤٩).

هێزی ئەندێشەیی بەشێکە لە پەیپێبردنەکانی مرۆڤ، ڕۆڵی لە پێکهێنانی وێنە و بابەتی دەرەوەی دەسەڵاتی ئاوەزەوە هەیە، کۆنترۆڵی هێزی ڕەفتاری لە سەر بنەمای زانیاریی ناڕاست پێکدەهێنرێت؛ لەوانەیە ڕاستیش بێت، بەڵام بە وێنەیەکی هەڵە پلەبەندی کراوە. پاشان ڕۆڵی هێزی ڕەفتاری دێت، کە کار لە سەر پێکهێنانی وێنەی زەینی/ئاوەزی و هەوڵی پێکەوە بەستنی وێنەکان دەدات. بەپێی تیۆری زانیاری "هەمیشە ئاڵوگۆڕی زانیاری لە نێوان دوو لایەندا دەبێت و بە دوو پرۆسەی جیاوازیی پەیوەندییەوە ئەنجام دەدرێن، کە بریتین لە قسەکەر و گوێگر، قسەکەر بەشێکی زانیارییەکان بە کۆد دەکات و گوێگریش زانیارییە کۆدکراوەکە شیدەکاتەوە". (إفیتش ٢٠٠٠، ٤٢٧)

## ٢-١-٤ چەمکی پرس لە زمانی کوردیدا:

لە فەرهەنگی (GLOSSARY OF LINGUISTIC TERMS)دا هاتووە؛ پرس پرۆسەیەکی ئاگادارکردنەوەییە، خاڵی ئاراستەکردن و ڕێنماییکردنی تێدایە، بۆئەوەی وا لە گوێگر بکات، زانیاری پێببەخشێت. هەروەها دەڵێت: پرسکردن جۆرێکی ڕستەیە، کە خاوەن ڕۆنانی خۆیەتی،

بەردەوام بـۆ دەربڕینـی کـارێکی ئاگـادارکەرەوە لەگەڵ خـاڵی ئاڕاسـتەکراو و ڕاگەیەنـراو بەکاردەهێنرێت، بۆئەوەی گوێگر بە زانیارییەکانی خۆی لە بەخشینی زانیارییدا هاوکاربێت.

لێرەدا دەکرێت دوو جۆر کردەی پرس دەربکەوێت؛ یەکەمیان پرسیاری جەختکردنەوەیە، پرسکەر هەوڵدەدات، وا لە گوێگر بکات، دووپاتی بکاتەوە، کە پێشنیازی پشت ڕستە پرسیارییەکە ڕاستە، یان نا، لەوانەیە گوێگر وەڵامەکەی بە ڕستەیەکی ڕاگەیاندن، یان بە ڕستەیەکی ڕاگەیاندنی نەرێ بداتەوە (جەخت بکاتەوە کە پێشنیازەکە نەگونجاوە، یان هەڵەیە)، یاخود زانیاریی دروستی لەلا نەبێت. دووەمیان ئەو پرسیارەیە، کە پرسکەر دەربارەی پێشنیازێکی دیاریکراو بزانێت، ڕەنگە گوێگر وەڵامێکی زانیاریی بەخشی لەلا بێت، لەوانەیە گوێگر نەیەوێت هاوکاربێت (زانیاریی بەخش نەبێ)، یاخود وا خۆی نیشان بدات، هیچ زانیارییەکی لەلا نییە (Syntax ٢٠٠٢).

زمان بۆ زۆر مەبەست بەکاردەهێنرێت؛ یەکێکیان مەبەستی پرسکردنە، کە بۆ داواکردنی زانیاری دەربارەی شتێک بەکاردەهێنرێت، لە هەموو زمانێکدا ئەم چەمکە بوونی هەیە، بۆ نموونە لە هەموو زمانێکدا دەتوانرێت ئەم پرسیارانە بکرێت؛ "کەی ڕۆیشتیت بۆ ئەوێ؟"، یان "کێت بینی؟"، "ئایا ئارەزووی ئەو کارەت هەیە؟". چەمکی پرسکردنیش بە دوو شێوازە، یان پرسیاری ڕاوەرگرتنە بە (بەڵێ و نەخێر) وەڵامدەدرێتەوە، یاخود بەهۆی وشەی پرسەوە ئەنجامدەدرێت، کە بۆ وەرگرتنی زانیارییە. هەندێک جاریش هیچ وشەیەکی پرس لە ڕۆنانی پرسیاردا نییە، بەڵکو بەهۆی بەرزکردنەوەی ئاوازەکەیەوە دەتوانرێت، ڕستەکە لە هەواڵییەوە بۆ پرسکردن بگۆڕدرێت، لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە لە هەموو زمانێکدا بەمشێوەیە بێت، بۆ نموونە لە زمانی چیکاسۆ (Chickasaw)ی ئەمریکیی ڕەسەندا لە قسەکردنی ئاساییدا بەرزکردنەوەی دەنگیان هەیە، بەڵام لە پرسکردندا کەوتنی دەنگ لە کۆتایی ڕستەکەدا دەبێتە هۆی دروستبوونی ڕستەی پرسیاری (Polinsky ٢٠١٣).

١٣٦- أ- ئەوان بە خۆشی و شادی دەژین.

ب- ئەوان بە خۆشی و شادی دەژین؟

بە بەرزکردنەوەی دەنگ لە سەر گرێی کردارییەکەدا ڕستەی پرس دروست دەبێت، کە هیچ وشەیەکی پرسی لەگەڵدا نییە.

## ٢-١-٥/ بنەماکانی کردەی پرس:

ئەم کردەیە، لە سەرەتای چالاکبوونی فۆرمە زمانییەکانەوە، چەند بنەمایەکی گرنگ لەخۆدەگرن:-

١) پرس ویستی تێگەیشتن و زانین، لە بارەی شتێک، یاخود دیاردەیەک، کە لە لای ئاشنا نییە و نامۆیە.
٢) زۆرجار پرسکردن لە ئەنجامی تێنەگەیشتن و ڕامانەوە دروست دەبێت، کەسێک سەرنجی شتێک، یان کەسێکی تر دەدات و لێی تێناگات، بۆیە دەپرسێت، تا وەڵام وەردەگرێتەوە.
٣) تێگەیشتن؛ زانین و ناسینی شتێک بە کامی دڵ، تێگەیشتنی شتێک: خستییە مێشکییەوە و ناسیی، لە کەسێک تێگەیشت و تێیگەیاند، ئەویش لە قسەکەر تێگەیشت، پرسیاری دەربارەی شتێک کرد بۆ ئەوەی تێیبگات، ئەویش بە باشی تێیگەیاند (ابن منظور ١٩٨٤، ٤٥٩) .
٤) دڵنیایی؛ پاش ئەوەی کەسەکە وەڵامی پرسیارەکەی وەرگرتەوە و دڵنیا بوو لەو وەڵامەی وەریگرتووە، بۆیە دەگوترێت؛ گەیشتە ئاستی دڵنیایی.
٥) هەندێکجار تینەگەیشتن دەبێتە هۆی دروستبوونی ناکۆکی، چونکە پرسکردن هەندێکجار کەسی بەرانبەر دڵگران دەکات، بۆیە ئەویش وەڵامێکی وای دەداتەوە، کە ببێتە هۆی بریندداربوونی هەستەکانی پرسکەر، لە ئەنجامدا هیچ دڵنیاییەک نایەتە ئاراوە، بە پێچەوانەشەوە ڕەنگە ببێتە هەڵگیرسانی ناکۆکیی و دووبەرەکی لە نێوانیاندا.

## ٢-١-٦/ پۆلێنکردنی کردەی پرس لە ڕووی چەمکەوە

پۆلێنکردنی پرس لە سەر بنەمای چەمک و مەبەستی قسەکەر دەکرێت بە چەند جۆرێکەوە:

### ٢-١-٦-١ پرسیاری ڕوون (Clear questions)

جۆرێکی پرسیارە، بۆ ڕاییکردنی مامەڵە جۆراوجۆرەکانی هاووڵاتییان بەکاردەهێنرێت، وەک وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ناو فۆڕمێکی داواکراو لەلایەن فەرمانگەیەکی سەر بە حکومەت یان چینێکی دیاریکراو، وەک مامۆستایان و فەرمانبەران لەلایەن سەندیکاکانیانەوە هەندێکجار فۆڕمێک بۆ کۆکردنەوەی زانیاری. ئەم پرسیارانەی خوارەوە چەند پرسیارێکی ئەگەرین بۆ چەمک و مەبەستی (دامەزراندن):

١٣٧- ناوی سیانیت (چییە)؟


١٣٨- جۆری بڕوانامەت (چییە)؟

١٣٩- کەی زانکۆت تەواوکرد؟ (ساڵ و مانگ و ڕۆژ دیاریی بکە).

١٤٠- کۆنمرەت چەندە؟

١٤١- چەند زمان دەزانیت؟

لەبەرئەوەی گوێگر/خوێنەر دەزانێت ئەم پرسیارانە، پێویستیان بە وەڵامێکی ورد و ڕاست و دروست هەیە، بۆیە هەوڵدەدات پشت بە دۆکیومێنتەکانی ببەستێت و دوور لە تەمومژی وەڵامیان دەداتەوە.




هێڵکاری ٤ چەمکەکانی پرسیاری دامەزراندن

کلێشەی (٢)، ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە چەمکی پرسیاری دامەزراندن لە شوێنێکی ناحکومییدا، زیاتر وابەستەی بڕوانامە و خزمەت و شارەزاییە، بە سێ پرسیاری گرنگ و جەوهەری بۆ هەر تاکێک، کە بیەوێت لە شوێنێکی تایبەت دابمەزرێت، ئەگەرچی ئەم پرسیارانە لە کەرتی حکومیدا زیاتر لە یەک چەمک چڕ دەبێتەوە، ئەویش بڕوانامەیە، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پلەبەندییەی مووچە، کە بەپێی بڕوانامە شوێن و پێگەی هەریەکێک لە تاکی دامەزراو دیاریی کراوە، بەڵام لە کەرتی ناحکومیدا ئەم پلەبەندییە بەدیی ناکرێت، بۆیە دەشێت خاوەن بڕوانامەیەکی بەرز لە شوێنێکی نەگونجاو بێت و بە پێچەوانەشەوە.[٣٢]

[٣٢]. هەر ئەم هۆکارەیە وایکردووە، هەر کەسێک لە دوای تەواوکردنی خوێندن، ڕاستەوخۆ داوای دامەزراندن دەکات، کە پێویستی بە پێشینەی زانستیی و توانا و شارەزایی نییە.

## ٢-١-٦-٢ پرسیاری گومان[٣٣] (Questions of doubt)

جۆرێکی پرسیارە، کە لە نێوان دوو شتدا نازانرێت کامەیان هەڵبژێرێت و دیاربخرێت، ئەم جۆرە پرسیارە لە زمانی کوردیدا بە پرسیاری هەڵبژاردن، یان پرسیاری دوودڵی، کە وەڵامدەر دەخاتە، بارودۆخێکی دوودڵییەوە بۆ ئەوەی یەکێک لە بژاردەکان هەڵبژێرێت، کە بە هۆی ئامرازی (یان)ەوە سازدەبێت. بڕوانە (السکاکي ١٩٨٧، ٣٠٨).

١٤٢- (ئایا) (pro) ئاو دەخۆیتەوە، یان (pro) شەربەت دەخۆیتەوە ؟

١٤٣- (ئایا) (pro) پارەکەت دەوێت، یان (pro) ئۆتۆمبیلەکە دەبەیت؟

وەڵامی ئەم جۆرە پرسیارانە هەرگیز بە (بەڵێ و نەخێر) نادرێتەوە، بەڵکو بە یەکلاییکردنەوەی گوێگر، بۆئەوەی یەکێک لە بژاردەکان هەڵبژێرێت. هەروەها لە ڕووی واتاییەوە ئەو دوو پرسیارەی سەرەوە لە بنەڕەتدا دوو پرسیار لەخۆدەگرێت (١. ئایا ئاو دەخۆیتەوە؟ ٢. ئایا شەربەت دەخۆیتەوە؟) ئەگەر وەڵامەکەشی بە (هیچیان)، بوو ئەوا واتە هەردوو بژاردەکەی ڕەتکردووەتەوە، بەڵام ئەگەر هاتوو گوتی (نازانم) ئەوا هێشتا وەڵامەکەی بە تەواویی نەداوەتەوە و خۆی هێشتا یەکلایی نەکردووەتەوە، کە ئاخۆ ئاو، یان شەربەت کامیان دەچنە خانەی داواکەیەوە. بڕوانە ( Braun٢٠١١، ١٥)، لە ڕستەی (١٤٣)دا پرسکەر/فرۆشیار دەیەوێت بزانێت کڕیار پاشگەز نەبووەتەوە لە کڕینی ئۆتۆمبیلەکە، بۆیە بە گێڕانەوەی پارەکە دوودڵی دەخاتە ئاوەزی وەڵامدەر/کڕیارەوە، لێرەدا ناتوانێت وەڵامی (هیچیان) بداتەوە.

١٤٤- (ئایا) تۆ دەڕۆیت، یان دەمێنیتەوە؟

لەم جۆرە پرسیارانە، گوێکر یەکێک لە بژاردەکان دیاری دەکات، هەندێک جاریش وەڵامی بە (نازانم) دەدرێتەوە، ئەمەش وادەکات پرسکەر هەست بە دوودڵی و ڕاڕایی گوێگر بکات. پرسیارەکە "بۆ دوو مەبەست، یان پتر بە گوێگر/ یان خوێنەر ڕادەگەیەنێت، بە تەمایە یەکێکیان هەڵبژێرێت." دەشێت ئەوە لە یاد نەکرێت، کە لە ڕستەی پرسیاردا پارتیکڵی (ئایا) زۆرجار لادەبرێت و تەنیا ئاوازەکە ڕۆڵی ڕستەی پرسیاری دەبینێت.

---

[٣٣]. بڕوانە (العزاوي ٢٠٠٩).

## ٣-٦-١-٢ پرسیاری شاراوە (Hidden question):

ئەم جۆرە پرسیارە بە شێوەیەکی شاراوە و نادیار لە دووتوێی ڕستەیەکی تردا دەردەکەوێت، واتە فۆڕمی ڕستەکە پرسیاریی نییە، بەڵکو لە ناوەڕۆکی ڕستەیەکی هەواڵی، یان داخوازی، یاخود سەرسووڕماندایە، بۆ نموونە:

١٤٥- بەخوا! عەشتەبای خوا لە ماڵمان نییە.

١٤٦- حەزدەکەیت وەرە تەماشای ماڵەکەمان بکە.

ئەم ڕستانە، وەک پێشەکی و پێدانی دڵنیاییە بە گوێگر، کە وای لێبکات کاردانەوەیەکی هەبێت، چونکە لەم جۆرە هەڵوێستانەدا هونەری قەناعەت پێکردنیش لای قسەکەر لە پلەیەکی بەرزدایە، واتە هەمووی بۆ مەبەستی بزواندنی سۆزێتی. ئەوەی چاوەڕوانێتی لە گوێگر، بە یارمەتی ئەو ڕستانەی سەرەوە وایلێبکات، ئەم پرسیارانەی خوارەوە بکات.

١٤٧- دەتوانم چیتان بۆ بکەم؟

١٤٨- چی بە من بکرێت بەسەرچاو؟

١٤٩- پێویستتان بە چییە؟

هەمووی ئەم پرسیارانە وەڵامەکەی سوودوەرگرتنە بە کردەیی لەلایەن پرسکەری هەریەک لە سێ ڕستەکەی سەرەوە بۆ گوێگر، چونکە لە هیچ کامیاندا وەڵامێکی ئەوتۆی دەستناکەوێت. هەندێک جاریش سەرەتای ئەو جۆرە گفتوگۆیانە بە وشەی (پرسیارێک؟) دەستپێدەکات و پاش ئەوەی گوێگر دەیەوێت، وەڵامی بداتەوە، چەمکی پرسیارەکەی دەگۆڕێت بۆ داواکردن. هاوکات لەم جۆرە فۆڕمەدا پێدەچێت قسەکەر پرسیارێک بووروژێنێت، بە مەبەستی پێشنیازکردن، بۆ نموونە (زارا) دەبینێت، کە (سروە) مۆبایلی لە جانتای (سارا) دەرهێناوەو نامەکانی ناوی دەخوێنێتەوە، لەو کاتەدا (زارا) بە (سروە) دەڵێت:

١٥٠- پێتوایە ئەوە، کارێکی ئاسایی بێت؟

ئەم پرسیارەی (زارا) ئاڕاستەی (سروە) کردووە، لە شێوەی پێشنیازدایە، پێی دەڵێت خوێندنەوەی نامەکانی ناو مۆبایلی (سارا) کارێکی نابەجێیە. واتە پرسیارە شاراوەکە لە شێوەی پێشنیازدا دەخرێتەڕوو (Braun ٢٠١١, ٢).

جۆرێکی تری پرسیاری شاراوە، ئەوەیە لە پشت پرسیارەکەوە پرسیارێکی شاراوە هەیە، ئەویش لێپرسینەوە لە هۆکاری ئەنجامدانی کارێک بە هۆی چەند بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرەوە،

بۆ نموونە ئەگەر بێت و ژنێک پەڵەیەکی سوور لە سەر کراسی هاوسەرەکەی ببینێت، ئەوا دەکرێت پرسیارەکە بەم شێوەیەی خوارەوە بکات:

١٥١- ئایا ئەوە سووراوە بە سەر کراسەکەتەوە؟

پرسیارەکە بۆ دڵنیابوونەوەیە لە مێردەکەی، ئەمەش بە پرسیارێکی سیمانتیکی پڕ واتا دادەنرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێشبینیی وەڵامی هاوسەرەکەی دەکات، وەڵامێکی پرسیارێکی دیکە بداتەوە، وەک پرسیار لە هۆکاری بوونی ئەو ڕەنگە سوورەیە لە سەر کراسەکە، هەروەها پێشبینیی پەیوەندی هاوسەرەکەی بە کەسێکی ترەوە دەکات ( Braun٢٠١١، ١٧).

جگە لەمەش هەر لە ڕۆنانی پرسیارێکدا پرسیارێکی تری شاراوە هەیە، کە مەبەستە واتاییەکەیە، بۆ نموونە:

١٥٢- (ئەری) ئەوە چیت کرد؟!

ئەم پرسیارە لە ڕووی ڕۆنانەوە پرسیار دەربارەی کردەوەیەک دەکات، کە لە لایەن پرسکەرەوە ئەنجامدراوە، بەڵام لە ڕووی واتاییەوە پرسیارێکی دیکە لە ناو ئەم پرسیارەدا هەیە، کە مەبەستە سەرەکییەکەیە. ئەویش ئەوەیە، کاتێک پرسکەر چاوەڕوانی کەسێک دەکات، بەڵام ئەو درەنگ دێت، بۆیە ڕاستەوخۆ و دوای بینینی ئەو پرسیارەی سەرەوە دەدرکێنێت، بەڵام لە ناوەڕۆکدا پرسیارەکەدا دەربارەی هۆکاری دواکەوتنەکەیەتی، نەوەک پرسیار دەربارەی شتێک. واتە (-بۆچی دواکەوتیت؟) پرسیارە شاراوەکەیە، بۆیە هێمای ڕامانیش لەخۆدەگرێت.

## ٢-١-٦-٤ پرسیاری پروپاگەندە (Advertisement questions)

پرسیاری ورووژاندن جۆرێکی گرنگی پرسیارکردنە، بۆ مەبەستی دروستکردنی متمانەیە لە لای بیسەر و بینەر، کە جۆرێک لە زیادەڕۆیی تێدایە، وەک ئەو هاوارکردنانەی لە بانگەشەی بازرگانیدا بەکاردەهێنرێن، هەمیشە، ڕستەکان لە شێوەی پرسیارکردنە:

١٥٣- دەزانیت ئەمە چییە؟

١٥٤- دەتەوێت تاقی بکەیتەوە؟

١٥٥- وەرن وەرن تەماشا بکەن، چیمان بۆ هێناون؟

هەر یەکێک لەو ڕستانەی سەرەوە بەشێک نین لە گفتوگۆیەک، بەڵکو بۆ ئەوەیە گفتوگۆیەک لە نێوان کڕیار و فرۆشیاردا دروستبێت، کە لێرەدا هەمیشە فرۆشیار پرسیارێک دەورووژێنێت، کە ببێتە هۆی کۆبوونەوەی کڕیار لە دەوروبەری شتومەکەکانی، هەروەها لەگەڵ نزیک بوونەوەی

هەر یەکێک لە کڕیارەکان هەوڵدەدەن، گفتوگۆکانیان بە پرسیار دەستپێبکەن، لە بەرانبەردا دەمی فرۆشیار دەکرێتەوە، هەموو ڕستە زانیاریی بەخشەکان بە شێوەی وەڵام دەبێت، تەنانەت وەڵامی ئەو پرسیارانەش دەداتەوە، کە هێشتا ئامادەبووەکان لێیان نەکردووە، هەموو ئەمانەش لە بانگەشەی بازرگانییدا بۆ دروستکردنی متمانە و باوەڕپێکردنە.

١٥٦- ئەو هەنگوینە سروشتییە؟ (بێ فرت و فێڵە؟)

ئەم ڕستەیە زۆرجار بۆ دڵنیاکردنەوە و قەناعەت پێکردنی کڕیارەکانی فرۆشیارێک بەکاردەهێنرێت، هەنگوینەکە بە چەند شێوازێک تاقییدەکاتەوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت، سروشتییە و فێڵی تێدا نییە، ئەگەر نەگەیشتنە دڵنیایی ئەوا کارت و ناونیشانی خۆی بە کڕیارەکە دەدات، ئەمەش وادەکات دڵنیایی و باوەڕپێکردنەکە پشتڕاست بکرێتەوە. نموونەی ئەم جۆرە ڕستانە هەمیشە بە مەبەستی پێداهەڵدان و ڕاکێشانی کڕیارە و زیادەڕۆیی لە پەسنکردنیاندا هەیە.

## ٢-١-٦-٥ پرسیاری شرۆڤەیی (Analytical questions)

مامۆستایان پرسیارێک ئاڕاستەی فێرخوازان دەکەن، لەکاتێکدا خۆیان وەڵامەکەی دەزانن، لەمەوە دوو مەبەست دەپێکن، یەکەمیان ئاستی فێرخوازەکانیان بۆ ڕوون دەبێتەوە و دەیانەوێت فێرخوازەکان وەڵامی پرسیارەکانیان بدەنەوە، هاوکات دواتر دەیانەوێت، خۆشیان وەڵامی پرسیارەکە بدەنەوە و پاشان شیکاریی پرسیارەکە بکەن. فێرخوازان هەوڵدەدەن، ئەگەر هاتوو وەڵامی پرسیارەکە نەزانن ئەوا لە خودی مامۆستاکەیان وەربگرنەوە، بەمەش پرۆسەیەکی شرۆڤەیی دێتە ئاراوە، کە جۆرێک لە گفتوگۆ و ڕاڤەکردن دروست دەبێت، چونکە پرسکەر خۆی وەڵامی پرسیارەکە دەزانێت. هاوکات پێویستە لێرەدا بنەمای چەندێتی پەیڕەو بکرێت و وەڵامی پرسیارەکە نەدرێژ و نە کورت بێت بڕوانە ( Braun٢٠١١، ٢٧).

١٥٧- مۆرفیم چییە؟

١٥٨- لێکسیک چییە؟

١٥٩- سینتاکس چی لەخۆدەگرێت؟

هەر یەک لەو ڕستە پرسیارییانەی سەرەوە بۆ مەبەستی زانیاری بەخشینە، بەڵام زانیارییەکە زۆر لە پرسیارەکە زیاترە، وا لە گوێگر دەکات پشت بە داتا داکراوەکانی ناو ئاوەزی ببەستێت، واتە ئەو زانیارییانەی لە یادگەی درێژخایەندان، پێشتر بەهۆی بینین و بیستنەوە وەریگرتوون، لە وەڵامی هەر یەک لەو پرسیارانەی سەرەوەدا پێویستی بە بەخشینی کۆمەڵێک زانیاری هەیە.

ئەم جۆرە لە پرسیارکردن، یاخود ئەو پرسیارانەی بەهۆی گرێی پرسی (چی)یەوە دروست دەبێت، هەموو ئەو زانیارییانە پێویستیان بە لەبەرکردن، یاخود تێگەیشتنی پێشوەختەوە هەیە، لەبەرئەوەی ئەو زانیارییانە لە هەڵوێستێکی تردا پێویستیان بە پەخشکردنەوە دەبێت.

## ٢-١-٦-٦ پرسیاری ڕاگەیاندن (Media questions)

مەبەست لەو پرسیارانەیە، کە لە ڕاگەیاندنەکانەوە، ئاڕاستەی کەسێکی تایبەتمەند دەکرێت؛ مامۆستا، پزیشک، دادوەر، بازرگان، پیشەوەرە جیاوازەکانی ناو بازاڕ، بەتایبەت ئەو پیشەوەرانەی چەند ساڵێک بە پیشەیەکی تایبەت گیرساونەتەوە، کە زیاتر لە ڕاگەیاندنەکانەوە ئەم پرسیارە سەرپێیانەیان لێدەکرێت، هەر چەندە پرسکەر بۆ مەبەستی وەرگرتنی زانیاری نییە بۆ خودی خۆی، بەڵکو دەیەوێت لە ڕێی ئەو چاوپێکەوتنەوە کەسانی تر، بینەر و بیسەری بەرنامەکەی سوود لەو زانیاری و شارەزاییانەی پیشەوەرەوەکە وەربگرێت، ئەمەش نموونەی چەند پرسیارێکی ئەگەرین:-

١٦٠- چۆن ئەم پیشەیەت هەڵبژارد؟

١٦١- چەند ساڵە ئەم پیشەیە دەکەیت؟

١٦٢- کێ هاوکاری کردوویت؟

١٦٣- چەند جار کارت گۆڕیوە؟

١٦٤- چۆن بوویت بە خاوەن پیشەی خۆت؟

هەریەک لەم پرسیارانە داوای وەرگرتنی زانیارییە و هەرچەندە پرسیارەکان تایبەتین، بەڵام بەهۆی ڕاگەیاندنەوە دەبنە پرسیاری گشتی.

## ٢-١-٦-٧ پرسیاری گشتی (ڕستەیی) (total questions)

جۆرێکی گرنگی پرسیاری ئاشکرایە، بە دەنگێکی بەرز، (کە هەندێک جار بۆ مەبەستێکی دیاریکراو، پرسکەر زیاتر دەنگی هەڵدەبڕێت.) گوێگریش هەندێکجار بێ گوێدانە بنەمای هاریکاری پرسیارەکە، وەڵامێکی تر دەداتەوە.
١٦٥- (ئایا) نانت خوارد؟

ئەم پرسیارە دەشێت بە چەند چەمکێک وەڵام بدرێتەوە؛ (بەڵێ، با، ئا، نا ، نەخێر)، کە وەک وەڵامێکی هاریکار، بەڵام دەشێت گوێگر بۆ سوکایەتییکردن بە پرسکەر بە دەنگێکی بەرز و بەشێوەی تەنز بڵێ (سوێر بوو.) ئەمەش بە واتای (نەخێر) دێت.
هاوکات پرسیاری گشتی "ئەو ڕستەیەیە کە قسەکەر/ نووسەر ئاڕاستەی گوێگر، یان خوێنەری دەکات، تا وەکو بڕیاری لە سەر بدات -بڕیار لە سەر هەموو ڕستەکە- ڕەزامەندی یان ناڕەزامەندی لە سەر دەببڕێت." (أ.قادر ١٩٩٣، ١٨)
١٦٦- (تۆ) ڕۆشتیت بۆ پیشانگاکە؟ (بە ناخێری گیانم، بەڵێ...)

## ٢-١-٦-٨ پرسیاری تایبەتی (وشەیی) (partial questions)

ئەم پرسیارە بە پێچەوانەی پرسیاری گشتییەوە بە دەنگێکی نزمتر ئاڕاستەی گوێگر دەکرێت، واتە چەمکی پرسیارەکە و وەڵامەکەی پێویستی بە زانیاریی درێژدادڕ نابێت و پرسکەر "دەیەوێت زانیاری لە سەر خاڵێکی تایبەتی وەربگرێت لە ڕستەیەکدا، هەموو ڕستەکە ناخاتە بەر لێکدانەوە" (أ.قادر ١٩٩٣، ١٩).

١٦٧- سەعات چەند هاتیت بۆ زانكۆ؟

ئەم ڕستەیە تەنیا بۆ زانینی کاتی هاتنی گوێگرە بۆ زانکۆ.

١٦٨- (تۆ) چیی دەخوێنیتەوە؟

وەرگرتنی زانیاری لە سەر ئەو کتێبەی لەبەردەستیدایە.

١٦٩- لە ناو کورددا کێ خراپەکار بوو؟ (بەکر مەرگەوەڕ)[٣٤]

جیاوازی لە نێوان پرسیاری گشتی و پرسیاری تایبەتی، ئەوەیە، کە پرسیاری گشتی بەهۆی پارتیکڵی (ئایا) دروست دەبێت، یاخود لادەبرێت و بەهۆی ئاوازەکەیەوە دروست دەبێت و وەڵامەکەیشی بە (بەڵێ و نەخێر) دەبێت. هەرچی پرسیاری تایبەتییە بە هۆی (چەند و چیی و چۆن و کێ)ەوە دروست دەبێت و وەڵامی پرسیاری تایبەتی پێویستی بە زانیارییە.

## ٢-١-٦-٩ کلکە پرسیار (question tag)

ئەم جۆرە لە پرسیار پێویستی بە چەند ڕێسایەک بۆ سازکردنی هەیە Heidinger) (١٩٩٩, ٩٤. سەرنج بدە لەم نموونانەی خوارەوە بزانە چەند ئەستەمە بۆ منداڵێک، کە بتوانێت لەم شێوە پرسیارانە دروست بکات، هەر بۆیە بە پرسیاری گران دادەنرێن، چونکە پرسکەر داوای دڵنیایی، یان دانپێدانان لە گوێگر دەکات. بە واتا ئاڕاستەکردنی ئەم جۆرە پرسیارانە، بە مەبەستی دانپێدانانی گوێگرە لە سەر زانیاری ئاشکراکراو، بە پەسەندکردن، یان ڕەتکردنەوە لە چوارچێوەی واتا و چەمکی فۆڕمەکانی؛ وایە، وانییە، هاوکات فۆڕمەکانی پێتوایە، یان پێتباشە و نەرێکردنیان، هەمان چەمک دەردەبڕن، لەگەڵ جێکەوتەی ئەم جۆرە ڕستەیە، دوای ڕستەی دەربڕی زانیاری گەیاندن دێت، بۆ نموونە:

١٧٠- پێم وتی ئاگاداری کات بە، وانییە؟ بەڵێ (ئاگادارکردنەوە)

١٧١- ..................................، وایە؟ بەڵێ (دانپێدانان)

١٧٢- پێتباشە بچین بۆ زانکۆ؟ بەڵێ (پێشنیاز)

١٧٣- پێتوایە لە کاتی خۆیدا مووچە بدرێت؟ بڕواناکەم/ نەخێر (ڕاوەرگرتن)

---

[٣٤]. کارەکتەرێکی فیتنەباز و دووڕووە، سەرچاوەی هەموو کێشە و کارەساتێکە، ناوی (بەکر) خەڵکی گوندی (مەرگەوەڕ)ە لە کوردستانی باکوور، وەک ئیدیۆمێکیش بۆ خراپەکار و خیانەتکار بەکاردێت، لە داستانی (مەم و زیـــــــــــــن)ی ئەحـــــــــــــمەدی خـــــــــــــانی تۆمـــــــــــــارکراوە.
https://ckb.wikipedia.org/wiki/%D٩٪٨٥٪DB٪٩٥٪D٩٪٨٥_%D٩٪٨٨_%D٨٪B٢٪DB٪٨C%D٩٪

١٧٤- یەکجار بە زستان دەوترێت، سارده، وانییه؟ وایە (واتا بنجییەکەی خۆ گونجاندنە لەگەڵ کەشوهەواکەی، بەڵام واتا خوازراوەکەی تێگەیشتنە لە سروشت، یان ڕەفتاری کەسێک، کە ناگۆڕێت.)

١٧٥- منالەکە هێشتا نەهاتووەتەوە، وایە؟ وایە (بە تەنگەوە چوون)

١٧٦- جارێکی تر دوا نەکەویت، باشە؟ باشە (فەرماندان)

١٧٧- شاهۆ دەزگیرانەکەی خۆشدەوێت، وایە؟ وایە بە دڵنیاییەوە (دڵنیایی)

دوای ئەوەی زانیارییەک بە گوێگر دەدرێت، پاشان بۆ وەرگرتنی بۆچوونی گوێگر (وایە، وانییە، پێتوایە، پێتباشە، ...هتد)، وەڵامەکانیش بەپێی بارودۆخ و پەیوەندیی نێوان قسەکەر و گوێگر دەگۆڕێت، بۆ نموونە وەڵامی (با) زیاتر لە نێوان دوو هاوڕێدا بەکاردێت، بەڵام لە نێوان کەسێکی گەورەتر لە گوێگر، زیاتر وەڵامەکان بە بەڵێ و نەخێر و وایە و ڕاستە ...هتد، دەدرێتەوە، هەروەها بەپێی باردوخیش دەشێت وەڵامەکان بگۆڕێن.[٣٥]

لە نموونەکانی (١٧٠ بۆ ١٧٧) ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە کلکە پرسیار بۆ چەند مەبەست و چەمکێکی تر بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە ڕ(١٧٠) بۆ ئاگادارکردنەوەیە، ڕ(١٧١) دانپێدانانە، ڕ(١٧٢) چەمکی کلکە پرسیارەکە بۆ پێشنیازە، ڕ(١٧٣) بۆ ڕاوەرگرتنە، ڕ(١٧٤) پرسکەر ئاگاداری گوێگر دەکاتەوە و گوێگریش دەبێت خۆی لەگەڵ کەشوهەواکە ڕابێت و جلی ئەستوور لەبەربکات. ڕ(١٧٥) بە تەنگەوە چوونە، هاوکات ئەگەر ڕستەی زانیاری گەیاندنەکە نەرێ بوو، دەبێت کلکە پرسیار بە شێوەی ئەرێ بێت، بە پێچەوانەیشەوە، هەر ڕاستە. هەروەها نموونەی ڕ.(١٧٦) چەمکی فەرماندان لە شێوەی ڕۆنانی کلکە پرسیاردایە، ڕ(١٧٧)یش بۆ چەمکی دڵنیابوون لە بکەری ڕستەکە.

لە ڕووی ڕۆنانەوە کلکە پرسیار لەگەڵ پرسیاری ئاسایی ناسادە دەردەکەوێت لە کۆتایی ڕستەیەکی هەواڵی، یان داخوازییەوە دێت، هاوکات ئەم ڕستانە بە شێوەیەکی نافەرمی بەکاردەهێنرێن، واتە بە شێوەیەکی سەربەخۆ بەکارناهێنرێن، لەکاتێکدا پرسیاری ئاسایی بە شێوەیەکی سەربەخۆ و لە ڕۆنانێکی سادەیشدا بەرجەستە دەبێت.[٣٦]

لە کۆتایی ئەم پارەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە چەمک بابەتێکی زۆر گرنگی پرسکردنە، سەرجەم ڕستەکان بەپێی مەبەستەکانیان بۆ پۆلێنکردنیان ڕێگە خۆشکەرن.

- لە بەر ڕۆشنایی ڕوونکردنەوەی چەمکی وشەکاندا چەمکی هەر یەک لەو کردە پرسیارییانەی خرانە بەرباس بۆ مەبەست و چەمکێکی دیاریکراو هاتوونەتە ئاراوە.

---

[٣٥]. بۆ نموونە لە ڕستەی (١٧٣) دا لە کاتی پێش دروستبوونی قەیرانەکان لە هەرێمی کوردستان، هەمیشە بە نەخێر وەڵام دەدرایەوە، بەڵام لە سەردەمی قەیرانەکاندا، هەمیشە وەڵامی (بڕواناکەم) بە پەسەند دەزانرێت.

[٣٦]. بڕوانە پێگەی ئەلیکترۆنی (www.mahendras..org).

- هەر یەک لەو چەمکە پرسیارییانە بۆ سێ چەمک و مەبەستی سەرەکی خراونەتەڕوو، کە بەشێکیان سوودگەیاندنە بە پرسکەر و بەشێکی تریان سوود بە وەڵامدەر/گوێگر دەگەیەنێت، هاوکات بەشێکی تریشیان سوودگەیاندنە بە هەردوو لایەنی پرسکەر و وەڵامدەر.

- وەڵامدەر زۆر بە گرنگییەوە لە هەندێک چەمکی پرس دەڕوانێت، چونکە دواتر بەرئەنجامی ڕاستگۆیی و وەڵامە دروستەکانی خۆی دەچنێتەوە، بۆیە لە چەمکی دامەزراندندا زۆر بە ڕوونی بە دوای وەڵامە دروست و ڕوونەکاندا دەگەڕێت، بۆ ئەوەی گرێکوێرەی سەرجەم پرسیارەکانی چەمکی دامەزراندن بکاتەوە، ...هتد، کە ئەمەش لەگەڵ چەند کردەیەکی تری پرسدا بۆ ئەوەیە سوود بە وەڵامدەر بگەیەنێت .

- لە پرسیاری شاراوەدا هەمیشە قسەکەر، یان پرسکەر ئەو ڕستانە هەڵدەبژێرێت، بۆ ئەوەی سەرنجی گوێگر بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و چەند ڕستەیەک وەک دەستپێکی قسە بەکاردەهێنێت، کە لە دوو توێیاندا داواکردن، یاخود پرسیارێکی شاراوە دێتە ئاراوە، تا بتوانێت گوێگر بخزێنێتە ناو گفتوگۆیەکەوە و سەرنجی بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و یارمەتی دارایی، یان کۆمەکی بکات، ...هتد.

- هەندێک جاریش ڕستەی پرسیاری، وەک (پرسیاری ڕاگەیاندن) سوود بە کۆمەڵ و بینەری بەشێک لەو بەرنامانە تەلەفزیۆنییانە دەگەیەنێت، چونکە ئەزموونی کەسێکی سەرکەوتوو دەگوازێتەوە، کە ئەمەش دەچێتە خانەی سوودگەیاندنی کۆمەڵەوە.

- کردەی پرسی شرۆڤەیی، سوود بە هەردوو پرسکەر و وەڵامدەر دەگەیەنێت، چونکە بە لای پرسکەرەوە چەمک و مەبەستی هەڵسەنگاندنی لایەنی بەرانبەرە، یاخود وەڵامدەریش هەوڵدەدات وەڵامی پرسیارەکانی بە دروستی بداتەوە، کە زیاتر بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی نمرەیە، لە مامۆستا و هەروەها لە لایەکی ترەوە توانا و کارامەیی خۆی نیشانی پرسکەر دەدات.

## ٢-٢ سیمانتیک و پراگماتیکی کردەی پرس:

واتا ئاستێکی گرنگی زمانە، دیوی ناوەوەی وشەکانی زمانە، لە دوو لقی سەرەکی پێکدێت؛ ئەوانیش سیمانتیک و پراگماتیکن. سیمانتیک زانستێکە، لە واتای وشەکانی ڕستە دەکۆڵێتەوە. پراگماتیکیش لە هەمان ئەو وشە و واتایانە دەکۆڵێتەوە، بە پشتبەستن بە دەوروبەر/contextی بەکارهێنانی وشەکانی ناو ڕستەیەک. بە شێوەیەکی تر سیمانتیک لە واتای زمانەوانی دەکۆڵێتەوە و واتای دەستەواژەکان لێکدەداتەوە. بەڵام پراگماتیک لە پەیوەندییەکان و واتا و مەبەستی قسەکەر دەکۆڵێتەوە (Saeed ٢٠٠٩, ١٧-١٨). پێشتریش (سوسێر) ئەم بۆچوونەی خستۆتەڕوو، کە دەڵێت: "وشە دوو ڕووی هەیە، کە لەیەکتری جیا نابنەوە، ئەوانیش فۆرم و واتان" (عەبدولڕەحیم ٢٠١٤، ٣١). مەبەست لە واتای سیمانتیکییە، کە یەکەیەکی ئەبستراکتە، بەڵام لە بەکارهێناندا مەرج نییە هەمان واتای سیمانتیکی بە وشەیەکەوە

لکێنرابێت، "چونکە وشە واتایەکی شاراوەی هەیە و لەبەکارهێناندا بەدیار دەکەوێت" (دزەیی : ٢٠٠٤، ١٢).

- X واتای چییە؟ (واتای سیمانتیک)
- مەبەست لە X چییە؟ (واتای پراگماتیکی)

ئەم دوو کردە پرسیارییەی سەرەوە جیاوازی لە نێوان سیمانتیک و پراگماتیک دەردەخات، چونکە لە یەکەمیاندا واتا فەرهەنگییەکەی داوا کردووە، هەرچی پراگماتیکە پەیوەستە بە مەبەستی بەکارهێنانەوە. هاوکات مامەڵەی سیمانتیک لەگەڵ واتادا پەیوەندییەکی دوو ڕەهەندییە، هەرچی پراگماتیکە پەیوەندی لەگەڵ واتادا سێ ڕەهەندییە (Leech ٢٠١٤, ٦).

بەکارهێنانی وشەکانی زمان دەچنە خانەی واتای پراگماتیکییەوە. بۆ نموونە:

١٧٨- أ. چەند بلۆکت سەرخستووە؟ (پرسیار لە کرێکارێک)

ب. سەد بلۆکم سەرخستووە. (وەڵامی کرێکارەکە)

١٧٩- أ. ئەم مانگە چەند بلۆکت حەواڵە کردووە؟ (پرسیار لە خاوەن دوکانێک لە بازاڕی دۆلارەکە)

ب. نازانم، ڕەنگە دوو بلۆکم حەواڵە کردبێت. (وەڵامەکەی ...)

ڕستەی (١٧٨) بلۆک بە واتای فەرهەنگی خۆی بەکارهێنراوە، بەڵام ڕستەی (١٧٩) بە واتای بڕی دراو/دۆلار دێت. لێرەدا بە هۆی پیشە و شوێنی بەکارهێنانی وشەکان واتا و مەبەستێکی دیکەی گەیاندووە. جگە لەو دوو واتایەی بەکارهێنانی وشەی (بلۆک) ئێستا لە سۆشیاڵ میدیا بەکارهێنانی چالاکە، بۆنموونە دەگوترێت:

١٨٠- أ- (ئەگەر کۆمێنتی نەشیاو بنووسن، ئەوا یەکسەر بلۆکت دەکەم.) ...یان

ب- "(یەکسەر بلۆکی بکە و سەری خۆتی پێوە مەهێشێنە.)" (د.قادر ٢٠١٧، ٤٢٣)

لە دوانییەکانی (فێرناند دی سوسێر)دا، گرنگیدان بە ئاستەکانی (جێنشینی) و (تەکنشینی) لە ڕستەدا؛ ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە لایەنی ناوەڕۆک جێکەوتەی کەرەستەکانی زمان دەگرێتەوە، وەکو (ئەو نانی خوارد.) لە جێی جێناوە سەربەخۆکە دەتوانرێت، بکرێتە وەڵامی ڕستەی پرسیاریی (کێ نانی خوارد؟). ناتوانرێت لە لۆجیکیی ڕستە لابدرێت، چونکە ڕستەی نالۆجیکی بەرهەم دەهێنێت، دووەمیش لایەنی تەکنشینییە، ڕووکەش (فۆڕم) پەیوەندیی هاوسێیەتی کەرەستەکان نیشاندەدات، بە مەرجێک دەتوانرێت ڕیزبەندی کەرەستەکانی ڕستە تێکبشکێنرێت، ئەگەر ڕستەی ناڕێزمانی بەرهەم نەهێنرێت. کەواتە گرنگی دان بە فۆڕم و ناوەڕۆک لەلایەن (دی سوسێر)ەوە بەبێ هۆ نەبووە.

(کنون)یش دەڵێت: "هەموو دەقێک، کە پێکەوە گرێدراون و یەکتر تەواو دەکەن، فۆڕم و ناوەڕۆکی هەیە، کاردانەوە و کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا هەردووکیان (فۆڕم و ناوەڕۆک) پێکەوە تێگەیشتنێکی باش و گشتگیر دەستەبەر دەکەن" (کنون ٢٠٠٦، ١٦٤). سنووری نێوان سیمانتیک و پراگماتیک ئەوەیە؛ سیمانتیک بایەخ بە لێکۆڵینەوە لە لایەنی دەنگی و وشەسازیی وشەکانی ناو فەرهەنگ دەدات، هەرچی پراگماتیکە بایەخ بە بەکارهێنانی ڕستە لە

چوارچێوەی دەوروبەردا دەدات. بڕوانە (عكاشة، ٢٠١٣، ٦٨)، لەم شێوەیەی خوارەوە دەتوانرێت بەراورد لە نێوان سیمانتیک و پراگماتیک بکرێت:




**کڵێشەی ١**

ئاستەکانی زمان و ئەو بوارانەی لێی دەکۆڵنەوە[٣٧]

کەواتە سیمانتیک لایەنە ڕاستەقینەکانی واتای وشەکان لێکدەداتەوە و پراگماتیکیش لایەنە شاراوەکانی پشت وشەکان ڕووندەکاتەوە.

سیمانتیک، کە خۆی بە واتای بنجیی وشەکانی زمانەوە خەریکدەکات. ئەو زانستەیە، کە گرنگیی بە وشە و واتاکانی ناو دانەکانی ڕستەیەک دەدات، بە شێوەیەکی وردتر لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی نێوان دەستەواژە زمانییەکان و واتاکانیان دەکات، واتای وشەکان بەهەند وەردەگرێت بە بێ ئەوەی گرنگیی بە دەوروبەریان بدات. پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە سینتاکسەوە هەیە، بەو پێیەی سینتاکس گرنگی بە پەیوەندیی نێوان وشەکانی ڕستە دەدات و پەیوەندی ڕووکەشی نێوان هێماکان بەدیاردەخات (محمد ٢٠١٥، ٣٩). واتای سیمانتیکی بە واتای هۆشەکی وشەکانەوە پەیوەستە، لە ئەنجامی کۆبوونەوەی سیمای واتاییەوە دروست بووە (دزەیی : ٢٠٠٤، ٢٤). کەواتە "لە ئاستی سیمانتیکدا دەبێت ڕستەکان هەڵگری واتایەکی ڕاستەقینە بن" (ب.عەلی ٢٠١٤، ٥٤).

---

٣٧. ئەم وێنەیە لە (Upen)ەوە وەرگیراوە، لە بابەتێکیدا کە لە ٢٠١٨/٨/٢٨ بەناونیشانی ( Difference Between Semantics and Pragmatics) لە سەر پێگەی ئەلیکترۆنی (https://commons.wikimedia.org/wiki/File:Major_levels_of_linguistic_structure.svg).

پێویسته سەرەتا خودی واتا/ واتای سیمانتیکی بناسێنرێت. هەرچەندە پێناسەیەکی ورد بۆ واتا، کارێکی هێندە ئاسان نییە، چونکە واتا یەکەیەکی هۆشەکییە و بەرجەستە نابێت. لەگەڵ ئەوەشدا واتاناسەکان بە دوو شێواز لە واتا دەکۆڵنەوە؛ یەکەمیان بۆچوونیان وایە، ڕستە یەکەیەکی بنجییە و وشەیش بەشێکە لێی، واتا لە ڕستەوە بۆ بۆ وشە (لە گشتەوە بۆ بەش)، ڕستەیش پەیوەندیی هاوسێیەتی نێوان وشە/ گرێکان ڕێکدەخات. بۆ نموونە:-

١٨١- ئاوات پەرتووکەکەی بە کێ دا؟

(ئاوات) بەخشەرە و بکەری ڕستەکەیە و بەرکارەکەی، کە (پەرتووکەکە) یە بە کەسێک داوە (بە کێ) گرێی پێشناویی پرسە و (سوودمەندە) و بەرکاری دووەمە و (دا) کردارە.

بۆچوونی دووەمیش پێیانوایە دەبێت واتای وشەکان بکرێتە بنەمای لێکۆڵینەوەکانیان، چونکە وشە دەبێتە هۆی ڕۆنانی ڕستە (لۆبلان ٢٠٠٦، ٣٧). لە بەرانبەریشدا بۆچوونێکی تر هەیە، کە لە بۆچوونی یەکەمەوە نزیکترن و ڕێزمان کراوەتە بنەمای لێکدانەوەکان، سیمانتیکیش وەک پێکهاتەی کۆتایی ڕێزمان لە لایەن (چۆمسکی)یەوە دیاریکراوە، واتە ئەمە بەستنەوەی سیمانتیکە بە ڕێزمانەوە، کە مەبەست لێی دیاریکردنی سنووری واتایە بە توانستی زمانییەوە و ئەو لایەنانەی واتاش بریتییە لە (مەبەستی قسەکەر، دەوروبەر و ....)، کە لە چالاکیی توانای زمانییەوە وەردەگیرێن (حسەین : ٢٠١٢، ١٠٢).

## ٢-٢-١ جۆرەکانی واتا:

چەند جۆرێک پۆلێنکردنی واتا لەزماندا هەن:-

### ٢-٢-١-١ پۆلێنی دێرین:

سەرەتای ئەم پۆلێنکردنە بۆ یۆنانییەکان دەگەڕێتەوە، دوو جۆر واتایان دەستنیشان کردووە؛ ١) واتای بنجی ٢) واتای خوازراو.

١) واتای بنجی

بریتییە لە پەیوەندیی نێوان وشەکانی زمان و ئەو تەنە بەرجەستانەی لە دەرەوەدا دەبینرێن.

٢) واتای خوازراو

ئەم واتایە هەرچەندە بوونێکی سەربەخۆی نییە، بەڵام بە سەر وشەکانی واتای بنەڕەتیدا دێت، کە جگە لە واتا بنەڕەتییەکەی واتایەکی خوازراو دێت. بۆ نموونە:

١٨٢- ئازاد چۆنە؟ (باشە / خراپە) واتای بنجی. (بڵێم چی؟) واتای خوازراو.

١٨٣- چۆن هاتیت؟ (بەپێ ، بە ئۆتۆمبێل) واتای بنجی. (بیرم کردیت) واتای خوازراو

هەموو ئەو وشانەی لە ڕۆنانی ڕستەیەکی پرسیاریدان، بۆ واتای بنجی خۆیان بەکارهاتوون، بەڵام هەندێکجار هەر ئەو ڕستەیە بۆ واتای خوازراویش بەکاردەهێنرێت.

١٨٤- فلان کەس چۆن پیاوێکە؟!

١٨٥- توخوا (pro) پێم بڵێ، (pro) چۆن کچێکە؟!

هەردوو ڕستەی (١٨٤ و ١٨٥) بۆ وەرگرتنی زانیاریی نییە، بەڵکو بە هۆی سەرسامبوونی پرسکەرەوە بە پرسیارلێکراو (کەس)ێکەوە، کە پێویستی بە بۆچوونی گوێگر نییە، چونکە خۆی پێشوەخت پەسەندی کردووە. وەک لە ڕستەی (١٨٥)دا دیارە.

## ٢-٢-١-٢ پۆلێنی کرووز:

سێ جۆر واتای دەستنیشان کردووە؛ ١) واتای هۆشەکی ٢) واتای هەڵڕێژراو[٣٨] ٣)واتای ورووژاو[٣٩].

لە واتای هۆشەکیدا بڕیار لە سەر دروستی و نادروستی ڕستە دەدرێت، بە تایبەت ئەو ڕستانەی هەواڵێک دەگەیەنن، دەشێت ڕاستی و ناڕاستی تێدا بێت، بەڵام هەرگیز دروستی و نادروستی لە ڕۆنانی ڕستەی پرسدا بەدیی ناکرێت. بڕوانە (فتاح ٢٠١١، ١٦١-١٦٢).

١٨٦- تۆ کەی هاتیت؟ (ئێستا / ئەمڕۆ/ دوێنێ هاتم).

ئەم ڕستەیە پرسیار لە کاتی هاتنی گوێگر دەکات. واتە تەنیا گرنگی بە کاتی هاتنەکەی دەدات. (واتا هۆشەکییەکەیەتی)

## ٣-٢-١-٢ پۆلێنی جۆن لاینز (John Lyons)

(لاینز) سێ جۆر واتای پۆلێنکرد؛ واتای سەرچاوەیی و واتای پەسنی و واتای ڕاڤەیی ... هەردوو وشەی (horse) و (steed)، کە هەردووکیان بە واتای (ئەسپ) دێت، بەڵام جیاکردنەوەیان بەهۆی واتای سەرچاوەیی و سۆزدارییەوە دەکرێت، (یاخود لە نێوان واتای درکپێکراو و واتای سۆزداری، بەکارهێنانی زاراوەیش بەندە بە خودی نووسەرەوە). (steed) زاراوەیەکی کۆنە و پێشتر بۆ ئەو ئەسپانە دەوترا، کە لە کاتی جەنگدا بەکاردەهێنران. هەرچی (horse)ە زاراوەیەکی گشتگیرترە و ئێستا بەکارهێنانی باوترە هایپۆنیمی (ئەسپ)ە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم زاراوانە هەر یەکەیان بەپێی تایبەتمەندیی نووسەرانەوە بەکاردەهێنرێن بڕوانە (Lyons ١٩٩٦, ١٧٥). لە زمانی کوردیشدا هەردوو فۆڕمی (ئەسپ) و (بارگیر) بۆ یەک ئاژەڵ

---

[٣٨]. ئەم جۆرە واتایە پەیوەندیی بەو هەست و سۆزەوەیە، کە هەڵدەڕێژرێت و زیاتر دەرکەوتەیەکی فۆنەتیکین و هیچ تەنێکی بەرجەستە نانوێنن، وەک ئاخ و ئۆف و ئای ...هتد، بە هیچ شێوەیەکیش ڕاستی و دروستی لەم جۆرەدا سەرهەڵنادات.

[٣٩]. ئەم جۆرەشیان هەست و سۆز لای گوێگر دروست دەکات، یان دەیبزوێنێت، یان وەکو دیارخەر دەردەکەون، یاخود وەک سەربارێک لە ڕستەدا دەردەکەون.

بەکاردەهێنرێت، کە یەکەمیان بۆ سوارچاکی و پێشبڕکێ بەکاردەهێنرێت، دووەمیشیان وەک هۆکارێک بۆ گواستنەوەی کەلوپەل لە شوێنە دوورە دەستەکان بەکاردەهێنرێت.

### ٢-٢-١-٤ پۆلێنی لیچ Leech:

هەرچەندە زمانەوانەکان لە سەر پۆلێنکردنی جۆرەکانی واتا هاوڕا نین، بەڵام زۆربەیان کۆکن لەسەرئەوەی دوو جۆری سەرەکیی واتا هەن، ئەوانیش؛ واتای بنجی و واتای خوازراوە. لیچ (Leech) لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی ( Language and communication linguistics an introduction) دوو جۆری سەرەکیی واتای دەستنیشان کردووە، کە بریتین لە واتای بنجی و واتای بارکراو، هەرچی واتای بارکراوە و لە شەش جۆری تری واتا پێکهاتووە؛ "ڕاگەیاندن، شێوازی، دەروونی، ڕەنگدانەوە، هاوڕێیەتی، بابەتی." (ت.ئەحمەد ٢٠١٣، ٣٨)

١) واتای بنجیی

ئەم جۆرە واتایە واتایەکی هۆشەکییە، واتا بنجییەکانی وشە دەگرێتەوە و سەرەکیترین جۆری واتایە و بۆ گواستنەوەی بیروبۆچوونەکان هۆکاری سەرەکییە (ئەوڕەحمان ٢٠١٥، ٤٦). ئەم جۆرە واتایە لە لێڵی و تەمومژیی واتایی بە دوور نییە، دەتوانرێت بەهۆی بەکارهێنانەوە واتاکانیان ڕوون بکرێنەوە.

٢) واتای بارکراو

ئەم جۆرە واتایە لە دوای واتای بنجییەوە سەرهەڵدەدات و واتایەکی نوێ لە واتا بنجییەکە باردەکرێت و بۆ مەبەستێکی نوێ بەکاردەهێنرێت، چەند جۆرێکی لێ دیاری کراوە: أ-واتای لاوەکی ب-واتای شێوازی پ-واتای رەنگدانەوە ت-واتای هاوڕێیەتی ج-واتای دەروونی چ-واتای بابەتی بڕوانە (فتاح : ٢٠١١، ١٦١).

## ٢-٢-٢ تیۆرە واتاییەکان:

لێرەدا چەند تیۆرییەکی گرنگی واتا، کە پەیوەندییان بەم بابەتەوە هەیە، دەخرێنەڕوو، کە یەکێکیان پەیوەستە بە واتای هۆشەکی و ئەوی تریشیان بە بەکارهێنانەوە وابەستەیە:-

### ٢-٢-٢-١ تیۆری چەمک و ناولێنراوی فێرناند دی سوسێر:

واتا بریتییە لە بیرۆچکەیەک، یان چەمکێک. واتا لای سوسێر یەکسانە بە بەها، بەهاش یەکسانە بە چەمک.

هەموو کەرەستەیەکی زمانی بەهایەکی هەیە، هەروەها لە ناو پێڕەوی زماندا خاوەنی ڕێکخستن و ڕۆنانێکیشە، سەر بە یەکێک لە کێڵگە واتاییەکانە و ئەندامە تیایدا... بۆ نموونە وشە پرسەکان هەموویان سەر بە کێڵگەیەکی واتایین، پێیان دەگوترێت وشەکانی پرس، لە ڕۆنانی ڕستەدا لە دوو توێی گرێیەکدا بەشداری دەکەن و ڕۆنانێکی گەورەتر بونیاد دەنێن، ئەویش ڕستەیە. هەر وشەیەک ڕووبەرێکی لە ناو کێڵگە واتاییەکەیدا هەیە، بۆ نموونە وشەی پرسی (ئایا و ئەرێ و

ئـاخۆ)، هەر یەکێکیـان بەهـایەکی هەیە، کە جیـاوازە لەوانـی دیکە، هەرچەنـدە خـاڵی هاوبەشـیان هەیە؛ ئەویش هەرسێکیان پارتیکڵی پرسیارین.

١٨٧- أ- (ئایا) دانا زیرەکە؟ (بەڵێ)


ب- ئەرێ دانا زیرەکە؟ (زۆر نا)

پ- ئاخۆ دانا زیرەک بێت؟ (گومان)

بەکارهێنـان و بەکارنەهێنـانی (ئایـا) پەیوەسـتە بە تێگەیشـتنی قسـەکەرەوە، تـا پرسـکەر بەرەو بەکارهێنـانی زمـانە فەرمییەکە بڕوات، بە تـایبەت لە نووسـیندا ئەوا (ئایـا) بەکاردەهێنێت، بەڵام لە کاتی گفتوگۆشدا بە تایبەت ئەگەر گفتوگۆکە ئاسایی بێت و لە نێوان دوو بەکارهێنەری زمانـدا بێت، ئەوا بەهـۆی بەکارهێنـانی ئـاوازەی ڕسـتە و بەرزی و نزمیـی دەنگەکـانەوە لە نـاو بچێت و لاببرێت. هاوکات (ئەرێ) زیـاتر لە گفتوگۆکەیەکی ئاسـاییدا بەکاردەهێنرێت، بەڵام هـیچ کاتێک ناکرتێنرێت، واتە چ لە کـاتی قسـەکردن، یـان نووسـیندا بێت، بەکارهێنـانی چالاکە، بەڵام لێـرەدا پەیوەنـدی لە نێـوان قسـەکەر و گـوێگر ئاسـاییە و پەیوەنـدییەکی دۆسـتانەیە، ئەگەرچـی کەمتـر فەرمییـە، هاوکـات پرسـکەر دەیەوێـت خـۆی لە گـوێگر زیـاتر نزیـک بخـاتەوە. هەرچـی (ئاخۆ)یە لە نێوان قسـەکەر و گوێگردا زیاتر بۆ پەیوەندییەکی نـا هاوسـەنگە، قسـەکەر بە هـۆی تەمەن، یـان پـێگەکەیەوە بەکـاری دەهێنێـت، کە بـۆ دەرخسـتن و نیشـاندانی دەسـەڵاتی خـۆی بەکاریدەهێنێت.

## ٢-٢-٢-٢ تیۆری واتای هۆشەکی The Mentalist Theory of Meaning

ئەم تیۆرە بە (سێگۆشەی واتایی) ناوبانگی دەرکردووە، کە لە لایەن هەردوو زمانەوانی بەناوبانگ (ئۆگدن و ڕیچاردز)ەوە، لە کتێبەکەیاندا بە ناوی (واتـای واتـا) ( The meaning of meaning) لە سـاڵی ١٩٢٣ خـرایەڕوو، کە بەشـێوەیەکی سـانا گرنگیـی (واتـا)ی وشـەکانی زمانیان بە بوونی پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە شتێک لە دەرەوەی زمـان بەرجەسـتە دەکرد. لە تیۆرەکەیانـدا پەیوەنـدیی نێـوان (وشــە و چەمـک) و (چەمـک و بـابەت) و (واتـا و بابەت)یـان بەمشێوەیە ڕاڤەکرد؛ کاتێک گوێمان لەوشەیەک دەبێت، زۆرجار لە ئاوەزماندا وێنەیەک دروست دەبێت، کە بە (وێنەی ئاوەزیی) ناویدەبرێت (Sam ٢٠١٦).




هێڵکاری ٥ نواندنی وشەکان لە بیرەکانەوە و نمایندەی جیهانی دەرەوە

واتە "پەیوەنـــدییەکە پەیوەنـــدییەکی ســـێقۆڵییە، بەشـــێوەیەکی وردتـــر؛ دەکرێـــت پەیوەندییەکەیان بۆ سێ پەیوەندیی دووانەیی شیی بکرێنەوە؛ دووانیان سەرەکی و یەکێکیان لاوەکی" (Lyons ١٩٩٦، ٩٥).

لە لێکدانەوەی ئەو وێنە ئـاوەزییەی کلێشـەی (٤)دا ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە وشـەکان هەڵگـری چەمکـن و لە ئـاوەزدا داکـراون، تەنـانەت لە کـاتی دەربڕینشـیاندا شـتێک، یـاخود هەستپێکراوێک لە جیهانی دەرەوەدا دەنوێنێت.

١٨٨- أ- ئەو پیاوە کاری باش دەکات.

ب- کام پیاوە کاری باش دەکات؟

ئاوەڵنـاوی نیشـانەی (ئەو...ە) لە ڕسـتەی هەواڵـی (١٨٨-أ)دا ئامـاژە بـۆ نـاوی (پیـاو) دەکات، لە ڕووی ژمارەشەوە تاکێتی دیاریکردووە. لە ڕستەی (١٨٨-ب)دا، ئاوەڵناوی نیشـانەی پرس، وەک دیارخەرێکی ناوی (پیاو)، کە لە ئاوەزدا ژمـارەکە دیـاریکراوە، زیـاتر بۆ مەبەسـتی جەختکردنەوەیە لە ڕستە هەواڵییەکە، ڕەنگە وەڵامدەر بڵێت؛ [کام پیاوە (کاری باش دەکات؟)]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە لە تیـۆری هۆشـەکیدا "وشـە، یـان هێمـا، یـان واژە واتـادار نابێـت، ئەگەر بیرێک لەگەڵیدا دروست نەبێت، لە مێشکی ئەو کەسەی بە کاری دەهێنێت" (سـعید ١٩٨٩، ٢٨). واتە (کام...ە) هەمان ئەرکی ئاوەڵناوە نیشانەکە دەبینێت، بە شێوەی پرس.

## ٣-٢-٢-٢ تیۆری سیمانتیکی چەمکی[٤٠] Conceptual Semantic Theory

ئەم تیـۆرە لە چوارچێوەیەکی فراوانـدا هەنـدێکجار بە واتـای سـیمانتیکی، "یـان" واتـای درککردن ناودەبرێت، لە پەیوەندیی زمانییدا هەڵسـووڕێنەرێکی ناوەندییە، بە یەکێک لە تیۆرە گرنگەکان دادەنرێت، (بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت؛ واتای چەمکی بە گرنگترین ڕەگەزی هەموو کردەیەکی ناو کردەکانی پەیوەندیی زمانی دابنرێت)، بەڵکو هۆکاری سـەرەکی بە گرنگ دانـانی واتای چەمکیی ئەوەیە؛ کە ڕێکخسـتنێکی ئـاڵۆزی هەیە، کە دەتوانرێت لەگەڵ ڕێکخسـتنێکی تـری هاوشـێوە لە سـەر ئاسـتی سـینتاکتیکی و فۆنۆلۆجیـدا بەراورد بکرێـت. ئەمەش بە هـۆی دوو بنەماوە دەسەلمێنرێت، یەکەمیان؛ بنەمای هاوشێوەبوونە، بۆ نموونە فیچەرە واتاییەکانی دەنگی /ب/، کە (+لێـوی، + گـڕی، -لـووتی) یە. ئەمە هاوشـێوەی واتـای چەمکییە، بـۆ نمـوونە فـیچەرە واتاییەکانی وشەی ژن بریتین لە؛ (+مرۆڤ، +پێگەیشتوو، -نێر).[٤١] دووەمیان بنەمـای ڕۆنـانە، کە بریتییە لە شیکاری ڕستە بۆ گرێیەکان و پاشان بۆ مۆرفیمەکان بڕوانە (Leech. ١٩٨١, ٩-١٠).

---


[٤٠]. جاکندۆف (Ray Jackendoff) بە سەرمەشقی ئەم تیۆرە دادەنرێت، کە لە لایەن زانایانی زمـان، وەک (سـتیڤن پینـکەر) ١٩٨٩ و (پۆستیوفیسـکی) ١٩٩٥ و تـوێژەرانی دەرونزانـی (گریـزیکیفیچ) و (سـکۆت) ٢٠٠٣ و فەلسـەفە زان وەک (پـوزی) ١٩٩١ و (هۆرسـت) ٢٠٠٢ و ٢٠٠٩ و بیرکـاری زان (زفـارت) و (فرکویـل) لە سـاڵی (١٩٩٤)ەوە بونیادنراوە. بڕوانە (جاکندوف ٢٠١٠، ٥)

[٤١]. هەر ئەو نموونەیەی سەرەوە لە سـەر فیچەرەکانی وشـەی (ژن) هێنرانەوە، کە بریتیی بوون لە؛ (+مرۆڤ، +پێگەیشـتوو، -نێـر)، کە لە ڕوانـگەی بنەمـای هاوشـێوەبوونی سـیمانتیکی چەمکییـەوە خـرانەڕوو، دەتوانرێـت چەندین تایبەتمەندیی تری دەروونی و کۆمەڵایەتیی لە وشەی (ژن)دا بخرێنە ڕوو، لە نێوان سەد ساڵی ڕابردوو

١٨٩- چەند کەس لەهۆڵەکەدا شیعریان خوێندەوە؟

ڕ = [[چەند[کەس]] [لە ناو] [هۆڵ [ەکە] [دا ]] [شیعر [یان [خوێندەوە؟]]]

جاکندۆف[٤٢] دەڵێت : "ئەو زانیارییەی لە ئاستەکانی نواندنی ئاوەزییدا، کە زمان جێبەجێیان دەکات، دەبێت گونجاو بێت، زانیارییەکەش لە سیستەمی دەوروبەرەوە بەدەستهاتووە، وەک؛ بینین و بیستنی نازمانی و بۆنکردن و تامکردن، بەرکەوتن (جاکندوف ٢٠١٠، ١٤). دەتوانرێت بەم پێکهاتەیەی خوارەوە پەیوەندیی نێوان قسەکەر و گوێگر بسەلمێنرێت:-




هێڵکاری ٦ بەکۆدکردن و کۆدکردنەوە لە نێوان قسەکەر و گوێگر

کلێشەی (٥) ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە لە هەر پەیوەندییەکی زمانیدا لە نێوان قسەکەر و گوێگر بە شێوەیەکی ڕیزبەندیی هەر سێ ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس و سیمانتیک پێویستن بۆ بەرهەمهێنانی ڕستەیەکی تەواو (Leech. ١٩٨١، ١١).

هەروەها (جاکندوف) پێیوابوو؛ واتا لە ناو ڕۆنانی چەمکییدایە، کە لە ناو ئاوەزی مرۆڤدایە و بە هیچ شێوەیەک لە دەرەوە پێکناهێنرێت .... بەڵکو هەریەک لە سیستەمی دەنگ و لێکسیکۆن و مۆرفۆلۆجی و پراگماتیک ...تاد. پێکدێت، کە هەموویان لە خزمەتی سیمانتیکدان (جاکندوف ٢٠١٠، ١٨).

---

و ئێستادا، لە لایەنی (کۆمەڵایەتیی و غەریزەی دایکایەتی)یەوە، تا دەگاتە تواناکانی لە قسەکردندا، شارەزایی لە دروستکردنی خواردن. لەگەڵئەوەشدا کۆمەڵیش بە چەند شێوەیەک لە (ژن)یان ڕوانیوە؛ بۆ دەرخستنی لایەنی نەرێنی چەندین وشەیان بۆ بەکارهێناوە، وەک (زەعیفە، بێ دەسەڵات، گرینۆک، ...)، بەڵام ئێستا (ژن) چەند چەمکێکی ئەرێنیی بۆ خۆی بردووە، وەک (نەرمونیان، بەتوانا، قسەزان، ...هتد).


[٤٢]. جاکندۆف لە کارەکانی دواتریدا ئەم تیۆرەی خستەڕوو، بەتایبەت لە کتێبی (علم اللغة العرفاني)، هەرچەندە خۆیشی لە تیۆری درکپێکردن (Cognitive) جیادەکاتەوە و بۆچوونەکانی لەگەڵ (جۆرج لاکۆف و ستالنکەر و فۆکۆنی و تالمی)دا جیاوازە و پێیوایە ئەو دوو تیۆرە، یەک تیۆرن و سەر بە قوتابخانەی بەرهەمهێنانن، واتە جیاوازی لە نێوان قوتابخانەی بەرهەمهێنان و درکپێکردنی ڕەتکردووە (جاکندوف ٢٠١٠، ١٧).

## ٢-٢-٢-٤ تیۆری سیمانتیکی لێکدەرەوەیی Interpretive Semantic Theory

مرۆڤ (بە بێئاگایی) خاوەنی کۆزانیارییەکە، کە دەتوانێت زمانە سروشتییەکەی خۆی بەهۆیەوە بەکاربهێنێت، ئەم کۆزانیارییانەش بە هۆی سینتاکسەوە پەسن دەکات، کە بریتییە لە کۆمەڵێکی بێکۆتای بنەمای چەمکی، کەوا پەسن دەکرێن؛ کۆمەڵێکی بێکۆتا لە ڕۆنان هەن، قسەکەر دەتوانێت کۆنترۆڵیان بکات و ڕستەی بێکۆتا لە زماندا پێ بەرهەم بهێنێت (جاکندوف ٢٠١٠، ٥٤)، لێکدەرەوەیی" زاراوەیەکە، کە لە زانستی زمانی بەرهەمهێناندا ئاماژە بە جۆر و شێوەی پەیوەندیی نێوان ئاستەکانی دارشتن و نواندن دەکات" (مەحویی ٢٠٠٦، ٣).

کاتز و فۆدەر لە کاتی بڵاوبوونەوەی توێژینەوەکەیان بە ناوی (ڕۆنانی تیۆری واتاسازی) لە ١٩٦٣، ئامانجی سەرەکیی تیۆرەکە؛ پەسەندکردنی لایەنی کۆزانیاریی زمانی بوو لە پەسنکردنی بەستەرەکانی گونجان (mapping) لە نێوان فۆرمی ڕووکەش و واتا. دەتوانرێت کێشەی ڕاڤەکردنی واتا لە تیۆرە زمانییەکەدا بۆ دوو بابەتی گەورە شی بکرێتەوە؛ ١) کام پۆلەی شێوەی فۆرمی واتایە؟ ٢) چۆن واتاکان بە فۆرمی گراماتیکییەوە دەبەسترێنەوە؟

دواتر کاتز و فۆدەر ئەوەیان خستەڕوو، کە بەشێک لە واتا بە ئاستێکی وێنەیی دەردەبڕرێن، کە جیاوازە لە پێکهاتەی سیستماتیکی، ئەوەش بە پێکهاتەی واتای سیمانتیکی ناودەبرێت. ئەم ئاستە لە پێکهاتەی زمانییدا بە پێکهاتەی سیستماتیکییەوە گەیەنراوە، بە یارمەتی چەند ڕێسایەک؛ کە بە ڕێسا/ڕێزمانی کەواندن ناویان بردووە و بە ڕێزمانی گونجاندن ناسێنراوە (جاکندوف ٢٠١٠، ٥٥).




**کلێشەی ٢**

**نواندن و ڕۆنانە فەرهەنگییەکان**

لە کلێشەی (٦)دا ئەوە ڕوونکراوەتەوە، کە فەرهەنگ هەرسێ ڕۆنانی فۆنەتیکی و سیمانتیکی و سینتاکسی لەخۆ دەگرێت، هاوکات ڕۆنانی سینتاکسی لە ناوەندی پێکهاتەکە دایە، بە یاساکانی سەلامەتی پێکهاتەی سینتاکسیدا دەرباز دەبێت، ڕۆنانی سیمانتیکیش، کە لای ڕاستی پێکهاتەکەی گرتووە، بە یاساکانی سەلامەتی پێکهاتەی واتاییدا دەرباز دەبێت، لە نێوان هەردوو ئاستی ڕۆنانی سینتاکسی و ڕۆنانی سیمانتیکی، کە بە یاسای گونجاندنەوە گرێدراون،

ئەمەش وادەکات ئەم تیۆرە بە سیمانتیکەوە گرێبدات، چونکە پەیوەندیی سینتاکس و سیمانتیک پێکەوە دەبەستریێنەوە، ئەوەشی نواندنی دەنگی و سینتاکسی پێکەوە دەبەستێتەوە ئاستی فۆنۆلۆجییە.

ئەم تیۆرە بە سیمانتیکی لێکدەرەوەیی ناسراوە، پێکهاتەی سینتاکسیی سەربەخۆ لەخۆدەگرێت، وەک جێگرەوەیەکی ئەم تیۆرە لە ساڵانی حەفتاکاندا سیمانتیکی بەرهەمهێنان جێی گرتەوە، کە تیایدا هەردوو ڕۆنانی سیمانتیکی و ڕۆنانی سینتاکسی بە سەربەخۆیی و پێکەوەیی کاردەکەن. (جاکندوف ٢٠١٠، ٥٦)، تەنانەت (جۆرج لاکۆف)یش پێی وایە لە سیمانتیکی بەرهەمهێناندا ڕۆنانی واتایی ڕۆڵێکی ناوەندیی گرنگ لە بونیادنانی ڕستەدا دەبینێت، واتە لە ناوەڕۆکدا سیمانتیک ڕۆڵی بەرهەمهێنان دەگێڕێت، ڕۆنانی ڕستە و واتاکانی لە یەکتری جیانابنەوە، گواستنەوەکان و بەربەستە دارشتەییەکانیش بە شێوەیەکی گشتی ڕۆڵیان لە بەستنەوەی نواندنی سیمانتیکی و ڕۆنانی ڕووکەشدا هەیە ( Lakoff١٩٧١، ٢٣٢)، بەڵام دواتر ئەم تیۆرەش هەڵوەشایەوە؛ دەرکەوت شیکردنەوەکانی تیۆرەکە، کە پێشنیازکرابوو لە ڕووی سینتاکسی، یان سیمانتیکییەوە بەشێوەیەکی گشتی لە ڕووی پێکهاتن و واتاییەوە بە هەڵەدا چوون (جاکندوف ٢٠١٠، ٥٦).

ڕێزمانی بەرهەمهێنان (Generative Grammar) لە ڕێزمانی گشتیدا کاکڵەی کۆمەڵە یاسایەکە، کە دەتوانێت بەشێوەیەکی ڕێک ڕستەکانی زمان بەرهەم بهێنێت، واتە سینتاکس بەرپرسە لە سەر پرۆسە بەرهەم هاتووەکان، لە ڕێی بەرهەمهێنانی ڕستە و تێگەیشتنیان. جاکندۆف لە (٢٠٠٧a)دا هەر لە سەرەتاوە گومانی لە سەر ئەم پرۆسەیە هەبوو، چونکە پێیوابوو سینتاکس بە تەنیا ناتوانێت ببێتە هەڵسوڕێنەری بەرهەمهێنانی ڕستە و تێگەیشتن لێی، بەڵکو سینتاکس وەک هەر ئاستێکی تری نواندن بەپێی ڕیزبەندییەکەی لە بەرهەمهێنانی زماندا بەشدارە. بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە وازی لە گریمانەی بوونی جیاکاری لە نێوان ڕێزمان و فەرهەنگدا هێنا، لە سەر ئەوەش مکوڕ بوو؛ کە فەرهەنگ لە چەند نواندنێک پێکهاتووە. پێشنیازی ئەوەی کرد، کە هەموو ڕۆنانەکان لە ناویشیاندا ڕۆنانە سینتاکسییەکان بەشێکن لە زانیارییە داکراوەکانی ناو یادگەی درێژخایەن و بە شێوەی هەڕەمی ڕێکخراون، لەگەڵ چەند ئاستێکی بەرزتر شێوازی ڕیزبوونیان لە سەرەوە بۆ خوارەوە ڕێکدەخات ( Mazzone٢٠١٨، ٥٢).

## ٢-٢-٣ واتای پراگماتیکی

پراگماتیک لە ئینسکلۆپیدیای زانکۆیی (Encyclopaedia Universalis) بەمشێوەیە پێناسە کراوە: "کۆمەڵێک توێژینەوەی زمانەوانییە (...)، تیایدا لێکۆڵینەوەکان واتای بەکارهێنانی زمان دەگەیەنێت، بایەخ بە بابەتی گونجاندنی نێوان دەربڕاوی هێمایی و دەوروبەری سەرچاوەیی و شوێنیی، ڕووداني و مرۆیی دەدات" (بلانشیە ٢٠٠٧، ١٨).

واتای پراگماتیکی گرنگی بە ئاماژەکانی پشت بەکارهێنانی زمان دەدات و گوێگریش بە هۆی هۆکارە پارمەتیدەرەکانی وەک؛ دەوروبەر، بارودۆخی ئاوەزی، گفتوگۆکانی پێشووتری

بەکارهێنانەکەوە، مەبەستەکان هەڵدەهێنجێنێت. پراگماتیک بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە واتای شاراوە، یان چۆنێتی تێگەیشتن لە مەبەستی وتە و نووسین و هێماکانی هاتوچۆ. (یول ٢٠١٤، ١٨٠)، بۆ نموونە وێنەی هۆڕن، کە هێڵێکی بەسەردا هاتووە و لە ناو سێگۆشەیەکدایە واتای ئەوەیە، کەسێک ئۆتۆمبێلی پێیە و لە شوێنێکی هەستیاردا لە دەوروبەرێکی فیزیکیدا (نەخۆشخانە، قوتابخانە، خوێندنگا، زانکۆ، ناو تونێل) نابێت هۆڕن لێبدرێت، ئەوانەش مەبەستەکانی پشت هێماکەن، کە پێشتر لە کاتی دەرهێنانی مۆڵەتی شۆفێریدا فێرکراون. هەر لادانێکیش لەو هێمایانە سزای دارایی بەدواوەیە، یاخود لە لایەن پۆلیسی هاتوچۆوە ڕادەگیرێت و لێی دەپرسێت، بۆچی هۆڕن لێدەدەیت؟ یان لە شوێنێکی قەرەباڵغدا پێی دەڵێت: بۆچی خێراییت لە سەروو ڕێگا پێدراوەوەیە؟

کەواتە واتای پراگماتیکی لە گفتوگۆ و دواندنی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ لە ئەنجامی بەکارهێنانی زمانەوە بەرهەمدێت. پراگماتیک وەکو زانست؛ "ئەو زانستەیە، کە لە مەبەستی گوتراو و نووسراوە زمانییەکان، پەیوەست بەکۆمەڵێک بنەمای نازمانییەوە دەکۆڵێتەوە" (حەسەن ٢٠١٠، ٦). واتە، پراگماتیک لە پەیوەندیی نێوان دەربڕاوەکان و بەکارهێنەرەکانیان دەکۆڵێتەوە (Leech. ١٩٨١، ٣١٩).

جگە لەمەش "مرۆڤ توانای قسەکردنی هەیە ئەوەشمان لا ڕوونە، کە قسەکردن چالاکیەکیی کەسییە و قسەکەر بەپێی (توانا)ی خۆی دەتوانێت وشەکانی بۆ مەبەستی جۆراوجۆر و لە زۆر چوارچێوەدا بەکاری بهێنێت". (محەمەد : ١٩٩٠، ٤٠)، هەروەها واتای پراگماتیکی لە دەوروبەری نازمانییەوە وەردەگیرێت، کە واتای لە دەرەوەی وشە و ڕستەکانەوەیە. بۆ نموونە:

١٩٠- بۆ لە کوڕەکەتت داوە؟ (دزەیی : ٢٠٠٤، ٢٥)

ئەگەر لە ڕستەی (١٩٠) وردبینەوە، جگە لەو زانیارییانەی نووسەر خستوویەتییەڕوو، کە بە زانیاریی پراگماتیکی داینـاون، ئەو ڕستەیە پێشینەیەکی واتایشی هەیە، ئەویش ئەوەیە کەسێک منداڵێکی کوڕی هەیە و سزایداوە، بەڵام کەسێک لە هۆکاری لێدانەکە دەکۆڵێتەوە و بکەری ڕستەکە سەرزەنشت دەکات، واتە کەسێکە لە سەرووی دەسەڵاتی باوکەکەوەیە، کە ڕەنگە (باوکی، یان دایکی، یان خەزووری، یاخود خەسووی ...) بێت.

تیۆرە پراگماتیکییەکانیش، بریتین لە: (دەوروبەر، بەکارهێنان، کردەی قسەیی، لێکەوتەی ئاخاوتەیی، پەیوەندی)

## ٢-٢-٣-١ تیۆری دەوروبەر

**دەوروبەر** بیرۆکەیەکی هێڵکاری، یان نەخشەکاری (سکیماتیک schematic)یە، دەرەکی نییە، بەڵکو لە ئاوەزدا هەڵگیراوە، کەواتە بەدیهێنانی واتای پراگماتیکی بابەتی بەرانبەرکردنی ڕەگەزە زمانییەکانە لەگەڵ ڕەگەزە سکیماکانی دەوروبەر. بە نموونە ئەگەر لە یەکێک ببیستی بڵێت: "بەڕازیل ڕێک پێش فیکەی کۆتایی گۆڵێکی تۆمارکرد." ئەوا وشەی "بەڕازیل" دارستانە

باراناوییەکانی ئەمازۆن، یان قاوە یان کەنارەکانی "کاپاکابانا"مان بە مێشکدا ناهێنێت، (کە هەموویان گرێدراوی سکیمایین و دەشێت لە دەوروبەری تردا ئەگەریان زیاتر بێت). بەڵکو خەیاڵمان بۆ تیپێکی تۆپی پێ دەبات، کە ناوبانگی هەیە و تیپێکی بەهێزە (ویدووسن ٢٠٠٨، ١٠٠)، ئەمەش بە هۆی (فیکە لێدانەوە) ڕاستەوخۆ بە تیپێکی بەهێزی تۆپی پێوە گرێداوە.

(پاڵمەر) پێشنیازێکی دەربارەی دەوروبەر خستەڕوو، کە لە چوار لق پێکدێت (ب. بوقرە ٢٠١٦، ١٥٦):-

١) دەوروبەری زمانەوانی: بەرهەمی بەکارهێنانی وشەکەیە لە ناو سیستەمی ڕستەدا، لەگەڵ کۆمەڵە وشەیەکی تری هاوسێیدا.
٢) دەوروبەری سۆزداری: پەیوەندیی بە پلەی هەڵچوونەوە هەیە، لەکاتی کردەیی قسەکاندا بەپێی خواست و جەختکردنەوەی قسەکەر دروست دەبێت.
٣) دەوروبەری هەڵوێست: ئەو پێگەیەیە، کە لە نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەست دەکەوێت.
٤) دەوروبەری ڕۆشنبیری: کەسێک وشەی ماڵەوە بۆ خێزانەکەی بەکاربهێنێت جیاوازە لە کەسێک وشەی هاوسەرەکەم بەکاربهێنێت، واتە دەوروبەری ڕۆشنبیری بەکارهێناوە.

بەکارهێنانی زمان بە شێوەیەکی گشتی پشت بە زانیاری گشتی و دەوروبەر دەبەستێت. بۆ نموونە لە چەمکی زانیاری گشتیی کۆمەڵدا، لە دەوروبەری ڕۆشنبیریی کۆمەڵدا ئەو بیرۆکەیە زاڵە، کە (نەعامە) سەری دەخاتە ژێر گڵەوە بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی کێشەکان نەبێتەوە، (ئەم بیرۆکەیەش بەشێکە لە فەرهەنگی گشتی) (Langacher ٢٠٠٨, ٤٢)، هەر لەبەر ئەمەشە لە دەوروبەرێکی پراگماتیکیدا ئەم چەمکە بەکاردەهێنرێت.

(ستیڤن ئۆڵمان) دەڵێت: فەرهەنگنووس، دەبێت تێبینی واتای وشەکان بکات بە گوێرەی ئەو دەوروبەرەی تێیدا بەکار دەهێنرێت، لە کاتی قسەکردن، یان نووسیندا، پاشان دەتوانێت لە فەرهەنگدا تۆماریان بکات بە گوێرەی ئەو واتایانەی، کە لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکارهاتوون (موختار ١٩٩٨، ٦٨)، چونکە وشە واتایەکی شاراوەی هەیە و لە کاتی بەکارهێناندا بەدیاردەکەوێت (دزەیی : ٢٠٠٤، ٤٦). واتە وشە واتای تەواوی دەرناکەوێت، تا وەکو نەچێتە بواری بەکارهێنانەوە، دەرروبەر واتای یەکە واتاییەکان دەستنیشان دەکات (خۆشناو: ٢٠١١، ٤٦).

## ٢-٢-٣-٢ تیۆری بەکارهێنان The Use Theory :

مالینۆفسکی لە نێوان (زمانە پێشکەوتووەکان) و (زمانە سەرەتاییەکان)دا بەراوردکاری کردووە و ئەوەی ڕوونکردووەتەوە، کە لێکۆڵینەوە لە زمانە پێشکەوتووەکان و زمانە مردووەکانیش بە زۆری لە میانەی دەقە نوسراوەکانەوە ئەنجام دەدرێت، بەڵام ئەم کارە لە زمانە سەرەتاییەکاندا ئەستەمە، پاشان کاری زانای فیلۆلۆژیا جیاوازە لە کاری زانای ئیسنۆلۆژیا، چونکە ئەوەی یەکەم لە دەقە نووسراوەکاندا لێکۆڵینەوەی زمان دەکات، بەڵام دووەمیان لە ئاخاوتن دەکۆڵێتەوە. زانای فیلۆلۆژیا گرنگیی بە دووبارە داڕشتنەوەی هەڵوێست

(مەوقیف)ی گشتی دەدات، هەرچی ئیسنۆلۆژیایە لە دۆخی ڕۆشنبیریی تاکەکان دەکۆڵێتەوە، لە ژێر ڕۆشنایی خودی شتەکاندا بابەتەکان ڕاڤە دەکات. مالینۆفسکی دووپاتی دەکاتەوە، کە ئەم میتۆدە بۆ لێکۆڵینەوەی زمانەوانی و گەڕان بە ژیانی زمانەکاندا ڕاستترین ڕێگایە. بۆیە مالینۆفسکی لەم لێکۆڵینەوە و پێشنیازەیدا بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتووە:-

١) ئەو پێناسەیەی باوە بۆ زمان، کە گەیاندنی بیرە بە دەنگ، پێناسەیەکی بێ بەهایە و تەنیا بۆ لایەنێکی زمان شیاوە، ئەویش زمانی بەکارهێنراوی هۆڵەکانی خوێندن و گفتوگۆی ڕۆشنبیرانەیە.
٢) زمان پەیوەندیی بەرانبەریی بە بیر نییە، بەڵکو چەشنێکی چالاکییە و وەکو هەر چالاکییەکی تری کۆمەڵایەتی.
٣) دەربڕاوە زمانەوانییەکان لۆ خودی خۆیاندا دەرنابڕێن و تێناگەیەنرێن، (واتە بۆ خودی خۆیان نییە)، بەڵکو لە دەوروبەری بار (سیاق الحال)دا بەکاردەهێنرێن، جا دەوروبەری کەسیی، یان ڕۆشنبیریی و مێژوویی بێت، ئەو دۆخە فیزیکییە وا پێویست دەکات، کۆزانیارییەکی زمانەوانی لە نێوان قسەکەر و گوێگردا دروست بێت.
٤) بێگومان دەربڕاوە زمانەوانییەکان، وشەکان و ڕستەکان لە مییانەی دەوروبەرەوە تێدەگەیەنرێن، بۆیە پێویستە زمانەوانیش لەو چوارچێوەیەدا ڕاڤەیان بکات. نابێت پەیوەندیی واتا بە پەیوەندییەکی دووانەیی لە نێوان گۆکراو و ئاماژەبۆکراودا بێت، بەڵکو کۆمەڵێک پەیوەندیی هەمەلایەنەن، کە بناغەی پەیوەندییەکی ئەرکییە لە نێوان ڕستە و دەوروبەری ڕوودانیدا هەیە.
٥) جیاوازییەکی جیهانی لە دەربڕاوەکاندا نییە، هەر زمانێک دەربڕاوێکی بەرانبەریی لە زمانێکی تردا هەیە، بەڵام ئەوەی گرنگە بزانرێت، ئەوەیە هەموو دەربڕاوێک پشت بە ڕۆشنبیری کۆمەڵ دەبەستێت و لەکاتی وەرگێڕانیشدا تەنیا دەبێت لە دەوروبەری ڕۆشنبیرییەکەیدا لێی تێبگەیت (الراجحي ٢٠١٣، ٢٣)

فێرس زۆر کاریگەر بووە بەم بیردۆزەی مالینۆفسکی، توێژینەوەیەکی لە ژێر کاریگەریی ئەو بۆچوونانەدا نووسیوە، لەم چەند خاڵەی خوارەوە خراونەتەڕوو:-

١- پێشکەشکردنی تیۆرییەکی گشتی، بە تایبەت بەکارهێنانی تێڕوانینەکانی دەوروبەریی و جۆرەکانی ئەرکە قسەییەکان.
٢- بڕیاڕی دا، فۆرم لە ناو واتای دەوروبەری ڕۆشنبیریدا دیاریی بکرێت.
٣- لێکۆڵینەوە لە واتا و وەرگێڕان بکرێت.
٤- لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی زمان بە ڕۆشنبیری و پەیوەندیی زمانەوانی بە ئەنسرۆپۆلۆژیاوە ئاشکرا بکرێن.

فێرس پێیوایە زمان چالاکییەکی کۆمەڵایەتیی واتادارە. پاشان بەرهەڵستی بۆچوونی قوتابخانەی ئەمریکی کرد، لەوەی بابەتی واتایان لە شیکردنەوەی زمانەوانی دابڕی بوو، کە بۆچوونی بلۆمفیلد و خوێندکارەکانی بوو.

هاوکات ئەوە دەخرێتە ڕوو، کە واتا چەند جۆرێکی هەیە؛ "یەکەم واتای فەرهەنگیی وشە کە لە کرۆکەواتا و توێکڵەواتا پێکهاتووە، دووەم واتای ڕستەیی، وەک ئەرکی و باسمەندی و ناوەڕۆک. سێیەم بار و حاڵەت، کە (قسەمەبەست و میتافۆڕ و واتای دەرنەبڕاو) دەگرێتەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (حەسەن ٢٠١٠، ١٤-١٦).

(جۆن لاینز)یش دەڵێت: " واتای دەستەواژەیی لە زماندا بە هۆی بەکارهێنانییەوە دیاری دەکرێت، بەشێوەیەکی تر واتاکەی یەکسانە بە بەکارهێنانی لە زماندا" (لاینز ١٩٨٧، ٣٢). واتە کاتێک واتای وشە چالاک دەبێت، کە بچێتە بواری بەکارهێنانەوە (Lyons ١٩٩٦)، سەرچاوەی ئیلهامی ئەم وتەیەش دەگەڕێتەوە بۆ وتە بەناوبانگەکەی (ڤیتگنشتاین)، کە دەڵێت: "بە دوای واتای وشەدا مەگەڕێ، بەڵکو بە دوای بەکارهێنانەکانیدا بگەڕێن" (مختار ١٩٩٨، ٦٨). کەواتە دەتوانرێت ئەوە بگوترێت، کە واتای پراگماتیکی لە دەروبەرەوە وەردەگیرێت، واتای پراگماتیکی لە دەرەوەی واتای وشە و ڕستەکانەوە بەرهەمدێت (دزەیی : ٢٠٠٤، ٢٥).

## ٢-٢-٣-٣ تیۆری کردە قسەییەکانی پەیوەست بە ڕستەی پرسەوە

کردەی قسەیی چەمکێکی تیۆریی نوێیە، لە سەرهەڵدانی فەلسەفەی شیکاریی ڕۆژئاواوە سەری هەڵداوە، لە سەر دەستی فەیلەسوفی ئەڵمانی (گوتلوب فریگە G.Frece) لە کتێبەکەیدا بە ناوی بنەماکانی زانستی ژمێرەیی (صلاح الدین ٢٠٠٩، ٢٦). دواتر فەیلەسوفی نەمساوی (لۆدڤیگ ڤیتگنشتاین) بە شێوەیەکی قوولتر لەم بابەتەی کۆڵیوەتەوە، کە بە دامەزرێنەری فەلسەفەی زمانی ئاسایی دادەنرێت. دواتریش (جۆن ئۆستن)، کە پێیوایە دەبێت لایەنەکانی بەکارهێنانی زمان ڕەچاوبکرێت، دەڵێت: بابەتی لێکۆڵینەوە تەنیا ڕستە نییە، بەڵکو بەرهەمهێنانی قسەیە لە شوێنی ئاخاوتندا. بە واتا سەلیقە و لێهاتوویی قسەکەر لە هەڵبژاردنە درککراوەکانیدا کردەی قسەیی کاریگەر دەکات. زمانیش بە تەنیا ناتوانێت ببێتە گوێزەرەوەی بیروڕاکان و تەنیا پەسنی شتەکان بکات، بەڵکو بوارێکە، کردەکان (Acts)ی تێدا ئەنجام دەدات.

١٩١- ئەم سەیارەیە هی تۆیە؟

ڕستەی (١٩١) دارشتەیەکی پرسیاری هەیە، بەڵام بەپێی دەوروبەرەکانی بەکارهێنانی ڕستەکەوە چەندین مەبەست و واتا لەخۆدەگرێت، کە ئەمانەی لای خوارەوەن:-

"أ- لەوانەیە مەبەستی ئەوە بێت بیگەیەنێتە شوێنێک.

ب- لەوانەیە ڕێگەی گرتبێ.

پ-لەوانەیە سەرسوڕمان بێت.

ت- لەوانەیە بیەوێت بیکڕێت." (فتاح : ٢٠١١، ١٩٣)

هەریەک لەو خاڵانەی سەرەوە بەپێی دەوروبەر و تەنانەت کەسەکانی پشت پرسیارەکەشەوە ڕۆڵی لە دەستنیشانکردنی واتا و مەبەستە پرگماتیکییەکەدا هەیە، خاڵی(أ)

ئەگەر کەسێک پیادە، یان ماندوو بێت و داوای ئەوەت لێبکات بیگەیەنرێتە شوێنێک و ڕێگای دووری بۆ نزیک بکرێتەوە، ئەگەر هاتوو ئۆتۆمبیلەکە تەکسی بێت، کەسێکی ئاسایی ئەو پرسیارە بکات، ئەوا دەیەوێت بگەیەنرێتە شوێنی مەبەست. بەڵام ئەگەر پرسکەر پۆلیسی هاتوچۆ بێت، ئەوا بێگومان مەبەستی خاڵی(ب) دەگەیەنێت. ئەگەر لە پیشانگایەکی ئۆتۆمبیلدا بێت ئەوا مەبەستی سەرسامبوون، یان کڕینی ئۆتۆمبیلەکەیە. واتە نەک تەنیا کەسەکان ڕۆڵیان لە دەستنیشانکردنی مەبەست و واتا پراگماتیکییەکەدا هەبوو، بەڵکو شوێنەکەش ڕۆڵی لە دیاریکردنی واتا و مەبەستی پرسیارەکەوە دەبێت. هەموو ئەم مەبەستانەش لە دوای دەربڕراوە زمانییەکەوە، ئەوە دەگەیەنن، کە "مەبەست لە پراگماتیکدا ئاماژەکردنە بە پێکهاتە/ئاستی دووەمی واتا، ئەم زاراوەیەش لەلایەن (J.L.Austin)ەوە پێشنیازکراوە" (توماس ٢٠١٠، ٣٦-٣٧). ئۆستن ئەوەی سەلماند، کە دەتوانرێت زمان بۆ چەندین مەبەستی (کردەی قسەیی) دیکە، بەکاربهێنرێت (J.L.Austin ١٩٦٢, ٣-٤).

لۆدڤیچ ڤیتگنشتاین(L.Wittgenstein) پێشتر لە سەر بەکارهێنانەکانی زمان و گەمەکانیدا بۆچوونی نوێی لە سەر زمان خستۆتەڕوو، هەروەها مکوڕبوونی ئۆستن، لە سەر تیۆری (کردە قسەییەکان)، کە پێدەچێت نائاگا نەبووبێت لە کارەکانی ڤیتگنشتاین (Levinson ٢٠٠٣, ٢١٧).

ڤیتگنشتاین بە فەلسەفەی شیکاری/شرۆڤەیی و فەلسەفەی ئاسایی کاریگەر بوو. ناونانی (فەلسەفەی ئاسایی) دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گفتوگۆیانەی، لە سەر سروشتی زمان و سروشتی واتا لە قسەکردنی کەسێکی ئاساییدا، کردوویەتی، بەمەش ئاڕاستەیەکی نوێی داهێنا، ئەویش "فەلسەفەی زمانی ئاسایی" یان "فەلسەفەی سروشتی" بوو. کە لێکۆڵینەوە بوو لە سروشتی زمان و واتا لە قسەکردنی کەسێکی ئاساییدا، پێیوابوو واتا شتێکی جێگیر و سنووردار نییە. (ڤیتگنشتاین) کاریگەریی لە سەر بۆچوونەکانی (جۆن ئۆستن) دانا، کە خاوەنی تیۆری "کردە قسەییەکان" بوو، لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی (کاتێک قسە دەبێتە کردار) ڕەنگیدابووەوە (توماس ٢٠١٠، ٥٦). بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە، کە توێژەران ئەو زاراوانەی (ئۆستن) بەکاری هێناون وەک: کرۆکی قسە (locution)، مەبەستی قسە (illocution)، کاریگەریی قسە ( per locution)، هاوکات کردەی قسە و کردەی هێزی قسە بۆ هەردوو زاراوەکەی (ڤیتگنشتاین) دەگەڕێنەوە، کە بریتین لە ڕستەی ئازاد (Sentence-Radical) و ڕەگەزی مەرجی (Modal-Element) (عکاشة، ٢٠١٣، ١١١).

تیۆری کردە قسەییەکان لە کردەکانی زمان دەکۆڵێتەوە، واتە ئەو کردانەی بەکرداری ئەنجام دەدرێن، ڕاستی و درۆیان تێدا نییە، پەسنی شتێک ناکەن، کە لە کەتواری (واقیع) جیهانی دەرەوەدا بێت، پێویست ناکات ڕاڤەی ڕاستییەکی کەتواری بکرێت، بەڵکو جەخت لە سەر ئەو کردانە دەکاتەوە، کە لە کاتی گفتوگۆکاندا ئەنجام دەدرێن، قسەکەر کاتێک دەدوێت، هەواڵێک دەگەیەنێت، یان داوایەک دەکات، یان پرسیارێک دەکات، یان شتێک ڕەتدەکاتەوە، ...هتد (عکاشة، ٢٠١٣، ٩٦).

ئەو شتەی ئاوەزی (ئۆستن)ی سەرقاڵ کردبوو، وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بوو:

١٩٢- کاتێک قسە دەکەین، چی دەکەین؟

پێویستە وەک کردەیەکی قسەیی تەواو، لە سێ ڕەهەندەوە لێی بڕوانرێت، کە لەم کردانەی خوارەوە چڕ دەبنەوە:-

أ) کردەی قسەیی گوتن Locution (وشەی گۆکراو/درکێنراو)، کە مەبەست لێی پێکهێنانی دەنگە لە ڕستەیەکی واتاداردا، هاوڕێک لەگەڵ سێ لقی کردەیی، ئەوانیش: (کردەی دەنگی، کردەی پێکهێنان، کردەی واتای سیمانتیکی) (صلاح الدين ٢٠٠٩، ٢٨).

ئەم کردەیە بە یەکەم ڕەهەندی کردەی قسەیی دادەنرێت، کە "قسەکەر لە ڕێی لێکدانی وشەکانەوە بەپێی سیستەمی ڕێزمانی زمانەکەی دەریدەبڕێت (مستەفا ٢٠٢١، ١٠٥).

ب)مەبەستی ڕۆنانی، Illocution، مەبەستی پشت ڕۆنانی وشەکانەوەیە، کە لە ئەنجامی بەکارهێنانەوە دێت، بە گرنگترین بنەمای کردەی قسەیی دادەنرێت.

پ) ئامانج[٤٣] Per locution کاریگەریی کردەی قسەیی لە سەر گوێگر؛ هەموو کردەیەکی قسەیی کاریگەری لە سەر گوێگر دادەنێت، وەک قەناعەت، پڕوپاگەندە، بێهیوابوون، هتد (عەلی؛ ٢٠٠٠، ٨٣).

١٩٣- (ئەرێ) هەوای ژوورەکە، گەرم نییە؟

ڕستەی (١٩٣) ڕۆنانێکی مەبەستداری هەیە؛ پرسکەر داوای هەوای فێنک دەکات، بەمەش دەگوترێت (ڕۆنانی) و کاریگەریی لە سەر گوێگر دروست دەکات و بۆ ئەوەی پەنجەرەکەی بۆ بکاتەوە، یاخود فێنککەرەوەکە دابگیرسێنێت، ئەمەش بە ڕەهەندی (ئامانج) دادەنرێت.

(جۆن سیریل)[٤٤] وەک پاڵپشتییەک بۆ تیۆرەکەی ئۆستن، کاری لە سەر ئەم تیۆرەی ئۆستن کردووە، پێیوایە هەر گوتنێک بۆ هەر هەڵوێستێکی قسەکردنی ئاسایی، دەتوانرێت بە کردەی قسەیی (speech act) هەژمار بکرێت (سیریل ٢٠١١، ١٧٢)، ئەم تیۆرەی لە بواری پەیوەندییکردن و وەرگێڕاندا زیاتر گەشەی پێدا. پێیوابوو ئۆستن نەیتوانیوە جیاوازی لە نێوان کردەی قسەیی و کردەی کرداری قسەیی بکات، سەرەڕای ئەمەش بە هیچ شێوەیەک ئاماژەی بە کردەی کرداری قسەیی نەکردووە ( Mey٢٠٠١، ١١٨).

١٩٤- تکایە، ژوورەکە بەجێ بهێڵە.
١٩٥- (ئایا) ژوورەکە بەجێ دەهێڵیت؟
١٩٦- ژوورەکە جێدەهێڵیت.

---

[٤٣]- (محەمەد مەعروف فەتاح) زاراوەی (پاشکار)ی بەکارهێناوە لە وانەکانیدا، کە نزیکە لە (ئامانج) ی گوتنەکان، دیارە هەموو ڕستەیەک کاردەکاتە سەر گوێگر و ئامانجەکە بە هۆی نیشانە پراگماتیکییەکان و کردەکانی گوتنەوە، بە تایبەت کردەی پرسیار کاریگەریی لە سەر گوێگر دادەنێت و ئەویش، یان بە گوتن، یاخود بە کردەیەکی جوڵەیی ئەنجامی دەدات.

[٤٤]. خوێندکاری جۆن ئۆستن بووە، فەیلەسوف و زمانەوان و توێژەری بواری زیرەکیی دەستکردە لە ئەمریکا.

ئەم دەربڕاوانە (١٩٤، ١٩٥، ١٩٦)، لە چەمکێکدا یەکدەگرنەوە، ئەویش بەجێ هێشتنی ژوورەکەیە، بەڵام هەرسێکیان لە واتا و مەبەستدا جیاوازن؛ یەکەمیان تکا کردنە، دووەم پرسیارە، سێیەم پێشبینییکردنە (سیریل ٢٠١١، ١٧٣).

هاوکات (سیریل) بە پشتبەستن بە بۆچوونەکانی (ئۆستن) کۆمەڵێک مەرجی پەیوەست بە سەرکەوتنی کردەی بەجێهێنان خستەڕوو، کە تیایدا بۆچوونەکانی (ئۆستن)ی تێپەڕاند، ئەمەش بەهۆی چەند بنەمایەکەوە بەدەست دێت، بریتین لە: ١) مەرجەکانی ناوەڕۆکی بابەت prepositional content. ٢) مەرجی ئامادەکاری Preparatory Condition . ٣)مەرجی دڵسۆزی Sincerity Condition. ٤) مەرجی بنەڕەتی Essential Condition.

یەکەم: مەرجەکانی ناوەڕۆکی بابەت prepositional content

ئەم مەرجە بەهۆی پابەندییەکانی قسەکەر، یان گوێگرەوە جێبەجێ دەبێت، واتە مەرجی ناوەڕۆکی بابەت بەهۆی کرداری (بەڵێندەدەم/ بەڵێندەدەیت)ەوە بەدەست دەهێنرێت، بە تایبەت ئەگەر کاتی ڕستەکە بۆ داهاتوو بێت (النحلة ٢٠٠٢، ٤٨). پەیوەندیی بە ناوەڕۆکی کردارەکەوە هەبێت، بۆ نموونە:-

١٩٧- أ-بەڵێندەدەیت، هەفتەی داهاتوو بیهێنیتەوە؟ بەڵێندان: هێزی کرداری ناوەڕۆکە لە قسەدا.

ب-هەفتەی داهاتوو بیهێنیتەوە، ناوەڕۆکی بابەتە.

ڕستەی (١٩٧-ب) قسەکەر داوا لە گوێگر دەکات بە شێوەیەکی کردارییی پابەندی کات و بەڵێنەکەی ببێت، ئەویش لە بەرانبەردا دەڵێت:

پ- بەڵێن دەدەم، لەکاتی خۆیدا بیهێنمەوە. (بەشی یەکەمی ڕستەکە بۆ دروستکردنی متمانەیە.)

دووەم: مەرجی ئامادەکاری Preparatory Condition

ئەم مەرجە کاتێک بەدیی دەهێنرێت، کە قسەکەر توانای ئەنجامدانی کردارەکەی هەبێت، واتە قسەکەر توانای ئەنجامدانی کردارەکەی هەبێت. هاوکات پێویستە ڕەچاوی بارودۆخی دەروروبەر لە بەرهەمهێنانی قسەکردندا بکرێت (أحمد ٢٠١٢، ١٢٢).

سێیەم: مەرجی دڵسۆزی Sincerity Condition

کاتێک قسەکەر بەرانبەر گوتنەکانیدا دڵسۆزی بنوێنێت، شتێک نەڵێت باوەڕی پێی نەبێت، یاخود لە توانایدا نەبێت جێبەجێی بکات، بەڵکو پێویستە تەواو پابەندی قسە و گوتنەکانی ببێت (النحلة ٢٠٠٢، ٤٨).

چوارەم: مەرجی بنەڕەتی Essential Condition

قسەکەر دەیەوێت کاریگەری لە سەر گوێگر دابنێت، بۆئەوەی کردارەکە ئەنجام بدات (أحمد ۲۰۱۲، ۱۲۳). بەکارهێنانی چەند وشەیەک لە لایەن قسەکەرەوە بۆئەوەی هانی گوێگر بدات، کردارەکە ئەنجام بدات.

هەموو ئەم بنەمایانە هاندەرن، بۆ ئەوەی قسەکەر پابەندی قسەکانی بێت و ئەو قسانە بکات، کە لەتوانایدایە بە ئەنجامیان بگەیەنێت، ئەمەش زمان لە درککردنێکی ڕاستوڕەوان نزیک دەخاتەوە، بۆ ئەوەی بگاتە مەبەستی قسەکەر، کە لە قسەکانییەوە هەڵدەهێنجرێن، چونکە هەموو کردەیەکی قسەیی ڕەهەندێکی مەبەستداری هەیە[٤٥] (أحمد ۲۰۱۲، ۱۲۳).

## ۲-۲-۳-٤ لێکەوتەی ئاخاوتەیی[٤٦] (Conversational Implicates):

لێکەوتەی ئاخاوتەیی یەکێکە لەو چەمکانەی لە لایەن زمانەوانەکانەوە گرنگییەکی زۆری پێدراوە، یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی زمان جێبەجێدەکات، قسەکەر مەبەستەکانی لە ڕێی گوتنەوە ئاڕاستەی گوێگر دەکات (مستەفا ۲۰۲۱، ۱۱٤).

(گرایس) لە ساڵەکانی چل بۆ پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا لەگەڵ (ئۆستن) لە ئۆکسفۆرد پێکەوە کاریان لە سەر بنەمای هاریکاریی (cooperative principle) دەکرد؛ بنەما سەرەکییەکانیان گفتوگۆکردن بوو لە سەر فەلسەفەی زمان. ڕۆڵی لە گەشەسەندنی تیۆری پراگماتیکدا هەبوو، بە تایبەت گەنگەشەکانی دەربارەی بنەماکانی گفتوگۆ، (تیۆری گفتوگۆ)، کە ڕووی ڕاستەقینەی پراگماتیک نیشاندەدات، هەروەها کاریگەربوو بە فەلسەفەی شیکاری (توماس ۲۰۱۰، ۵۷).

چوار بنەما (ماکزیم Maxim) لە پراگماتیکدا دیارییکردووە:-

یەکەم: بنەمای چۆنێتیی (جۆری، دروستی) (Quality Maxim): مرۆڤ هەوڵدەدات ڕاستگۆ بێت، زانیاریی هەڵە و بێ بەڵگە نەڵێت ( Leech۲۰۱٤، ۸). بە قسەکەر دەڵێت: هەوڵبدە بە شێوەیەکی ڕاست و ڕەوان لەگەڵ ئەم بنەمایەدا هاریکار بیت؛ شتی هەڵە مەڵێ و شتێکیش مەڵێ ئەگەر بەڵگەی لەگەڵدا نەبێت.

---

٤٥. شایەنی گوتنە؛ پابەندبوونی قسەکەر بە کردەکانییەوە، لە قورئانی پیرۆزیشدا چەندین جار باسکراوە، بۆ نموونە **"يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ (۲) كَبُرَ مَقْتًا عِنْدَ اللَّهِ أَنْ تَقُولُوا مَا لَا تَفْعَلُونَ (۳)** " القران الكريم، سورة الصف. لە (تفسيري ابن كثير)دا، دەڵێت: پێویستە مرۆڤ (موسڵمان) پابەندی قسەکان (بەڵێنەکان)ی ببێت.

٤٦. پۆل گرایس H.P. Grise بە داهێنەری ئەم تیۆرە ناسراوە. ئەم زاراوەیە لەلایەن زمانەوانانی کوردەوە بە چەند شێوەیەک هاتووە؛ دەرکەوتەکان لای (عەبدولواحید موشیر دزەیی ۲۰۰۵) و واتای شاراوە لای (سازان ڕەزا موعین ۲۰۰۵) و بە خشکەیی دەربڕین لای (ئاڤێستا کەمال محمود ۲۰۰٦) و لێکەوتەی ئاخاوتەیی لای (عومەر مەحمود کەریم ۲۰۰۹) بەکارهێنراوە، ئێمەش ئەو زاراوەیەی کۆتاییمان بە پەسەند زانیوە، لەبەرئەوەی زاراوەکە لە وتە و ڕستەکان دەکەوێتەوە. بڕوانە پەراوێزی (کەریم ۲۰۰۹، ۳).

دووەم: بنەمـای چەنـدێتی (بـڕ) (Quantity Maxim) : مـرۆڤ هەمیشـە هەوڵـدەدات بەپێـی پێویست زۆرترین زانیاری، بە کەمترین تێچوو (وزە) ببەخشێت. واتە "دەبێت لە کاتی قسەکردندا هاوکاربێت، دوور بێت لە زیاڕەوییکردن" ( Braun۲۰۱۱، ۲٤)، هەروەها بڕی گوتنەکە ئەوەندە بێت، کە نە کەمتر و نە زیاتر بێت. بڕوانە (مەحوی ۲۰۱۰، ٤۲٤) و ( Leech۲۰۱٤، ۸).

سـێیەم: بنەمـای پەیوەنـدی (Relation Maxim): مـرۆڤ هەوڵـدەدات ئەو شـتانە بڵێـت، کە پەیوەندییان بە گفتوگۆکەوە هەیە.

چوارەم: بنەمای شێواز (Maxim of Manner): کاتێک کەسێک هەوڵدەدات قسـەکانی ڕوون و ڕەوان و ڕێکخراو بێت، دوور بێت لە لێڵی و تەمومژیی (مەحـوی ۲۰۱۰، ٤۲٥)، هەروەهـا کـورت و پوخت بن.[٤٧]

یەکەمـین بنەمـا جـۆرێکە لە پێوەر(نـۆرم)ە ڕەوشـتییەکان، سـەرەڕای ئەوەش پێویسـتە تێبینیـی ئەوە بکرێـت، لەبەرئەوەی بنەماکـان (maxims) ئامانجیـان پەسـنکردنی پێشـبینییە گشـتییەکانە، زەمینەیەکـی لـۆجیکی ڕوونیشـیان هەیە؛ گریمـانەی ئەوەش لەئـارادایە، کە هـیچ پەیوەندییەک ئەنجام نەدرێت، ئەگەر قسـەکەرەکان لە کەیسـێکی ئاسـاییدا ڕاستگۆ نەبن، نابێت هەڵخەڵەتاندن و قسەی نەشیاو بەکاربهێنرێت (Tomasello ۲۰۰۸, ۱۷٥).

تیـۆرەکەی گـرایس، (کە بە بنەمـای هاریکـاری نـاوی دەرکردبـوو)، "بەم جـۆرەیە؛ بـا گـوتنەکەت هێنـدە بێـت و لەو شـوێن و کـاتەدا بێـت و بەو جـۆرە بێـت، کە پێویسـتی تێگەیشـتن دەیەوێت" (مەحوی ۲۰۱۰، ٤۲٤) هەوڵێک بوو بۆ شـیکردنەوەی چـۆنێتی هەڵهێنجـانی گـوێگر بـۆ مەبەستی قسـەکەر، لە ئاسـتی واتـای دەربڕاوەکـانەوە بـۆ ئاسـتی واتـای چەمکیی هەنگـاوی دەنـا (توماس ۲۰۱۰، ۷٥).

دەرکەوتنی زاراوەی (مەبەست) لە بنەماکاندا، وەک بۆ مەبەستی ئاڵوگۆڕکردن لە بنەمای چەندێتیدا ...، بەکورتیی بنەماکان پەل بۆ زۆر لایەنی جیاواز دەهاوێژێت؛ قسـەکردن تیایدا، وەک هۆکارێک بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی پەیوەندیی قسـەکەر لۆجیکیی بێت (Mazzone ۲۰۱۸, ۱۳).

بنەمای هاریکاری کۆنترۆڵی هەموو گفتوگۆیەک دەکات، بنەڕەتی ئەم بۆچوونانەش لە سـەر بەرئەنجـام وەسـتابوو، هەمـوو وتـووێژێکیش، کە ئەنجـام دەدرێـت لەلایەن بنەمـایەکی گشتگیرەوە کۆنترۆڵ دەکرێت، پێی دەگوترێت بنەمـای هاریکـاری، کاتێـک ئێمە شـتێک دەڵێین،

---

[٤٧]. دوای بڵاوبوونەوەی ئەم بنەمایانە، چەندین زمانەوان قسەیان لە سەر کرد و پێشنیازی گەشاندنیان بۆ کرد؛ وەک هـارنیش (Harnish) کە هەردوو بنەمـای چەنـدێتی و چـۆنێتی تێکەڵ کـرد، هەروەهـا سـادۆک (sadock) ئاماژەی بە کورتکردنەوەی هەندێک لە بنەماکانی داوە، چەند چەمکێکی گفتوگۆی چارەسـەرکرد، هاوکات چەند پێوەرێکی تریشی بۆ هەڵسەنگاندنی چەمکەکان خستەڕوو. هەروەهـا ویلسـن (Wilson) و سـپێربەر (sperber) دژی وەسـتانەوە، پێیـانوابوو؛ ئەو بنەمایـانە نەیانـدەتوانی هەمـوو بـابەتێکی دەقی ئەدەبی و یاسـایی چارەسـەر بکات، بنەماکان پێویستیان بە گەشاندن و زیادکردن هەیە (عکاشة ۲۰۱۳، ۹٤).

چـاوەڕوانی وەڵام لە کەسـێکی تـر دەکەیـن، کاتێـک وەڵام دەداتەوە واتە گـوێگر هاریکـارە[٤٨] (Trask ۱۹۹۹, ۳۸).

۱۹۸- دانا: ئایا ئەمشەو دێیت بۆ ئاهەنگەکە؟

۱۹۹- تانیا: سبەینێ تاقیکردنەوەم هەیە.

لە ڕواڵەتدا (تانیا) هاریکار نەبووە لە وەڵامدانەوەی (دانـا)، چونکە دەبوو بە (بەڵێ)، یان بە (نەخێـر) وەڵام بـداتەوە. بەڵام (دانـا) ڕاسـتەوخۆ پێشـبینی وەڵامەکەی (تانیـا) دەکـات، کە (نەخێـر)ە، بەڵام (تانیـا) لەبەرئەوەی سـبەینێ تـاقیکردنەوەی هەیە ناتوانێت، بێـت و پێویسـتە ئەمشەو خۆی بۆ تاقیکردنەوەکەی سبەینێی ئامادەبکات، کەواتە لە ناوەڕۆکی وەڵامەکەدا (تانیا) وەکو پێویست هاریکار نەبووە ( Yule۲۰۰٦، ۱۳۱).

پراگماتیک ناسەکان پێیانوایە؛ ڕەچاوکردنی ئەم بنەمایانە دەبنە هۆی سەرکەوتنی هەموو جۆرە گفتوگۆیەک، تەنانەت ئەو گفتوگۆیـانەی، کە یەکێک لە بەشداربووەکانی گفتوگۆکە تیایدا هەڵدەچێت. (عکاشـة، ۲۰۱۳، ۹۲) بـۆ نمـوونە، دوو مامۆسـتا (أ و ب) گفتوگۆیەکی ڕاسـتەوخۆ لە نێوانیاندا دروستبووە، دەربارەی فێرخوازێک (پ)؛

۲۰۰- مامۆستای (أ) : (ئایا) فێرخوازەکە (پ) ئامادەیە لە بەشی فەلسەفە بەردەوام بێت؟

۲۰۱- مامۆستای (ب): خوێندکارەکە (پ) یاریزانێکی زۆر باشە.

(گـرایس) تێبینیـی ئەوەی کـردووە؛ ئەگەر وەڵامـی مامۆسـتای (ب) لە ڕووی واتـاوە وەربگیرێت، دەبینرێت؛ وەڵامەکە دوو واتا لە یەک کاتدا لەخۆدەگرێت، یەکەمیـان واتـای پێتییە و دووەمیشـیان پێویسـتییە، یەکەمیـان واتـا پێتییەکەی، ئەوەیە لە یاریکردنـدا زۆر شـارەزایە، دووەمیـان واتـای پابەنـدبوونەکەیەتی، کە فێرخـوازی نـاوبراو ئامـادە نییـە لە خوێنـدنەکەی لە بەشـی فەلسـەفە بخوێنێـت (أحمـد ۲۰۱۲، ۱۲۷). هاوکـات (گـرایس) دوو جـۆر واتـای جیـا کـردووەتەوە؛ یەکەمیـان مەبەسـتدار و ئەوی تریشـیان بـێ مەبەسـت. جۆری یەکەمیان لە لای گرایس بایەخی زیاتری پێ دراوە، لە بنەڕەتدا لە سـەر پێوەری واتای مەبەستدار کاری کردووە.

۲۰۲- أ-کەی ڕۆژی لە دایکبوونی پوورە ڕۆزە؟

ب-لە ڕۆژێکی مانگی چوار؟

لە پرسـیار و وەڵامەکەی (۲۰۲)دا، ئەوە ئاشـکرایە، کە وەڵامـدەر زانیـارییەکی وردی لە سـەر ڕۆژی لە دایکبوونەکە نییە، سـەرەتای مـانگە، یـان کۆتـایی مانـگ... لە سـەر ڕۆشـنایی نموونەی (۲۰۲)، چۆن بە واتای زیادە، یان واتای شاراوە دەگەین، بە سێ قۆناغ دیاریی کراون، کە (لیچ)

[٤٨]. ئەم تیۆرە سوودی بۆ زۆر بواری تر هەبوو، بۆ نموونە لە بواری ڕاگەیاندندا، کە بە ڕاگەیاندنکار دەڵێت هاریکـاریی خـۆت وەک پێویسـت پێشـکەش بـکە، شـتێک مەخەرە بەر بـاس، ئەگەر بەڵـگەی تەواوت پـێ نەبـوو ( Trask۱۹۹۹، ۳۸).

له کتێبەکەیدا دیاریی کردوون، کە خۆی لە چەند تێبینییەک لە سەر ڕستەی پرسیاریی (٢٠٢-أ،ب)دا خستوویەتییە ڕوو ( Leech٢٠١٤، ٣١):-

١) ئەوەی لە وەڵامی ڕستەی (٢٠٢-أ)دا تێبینیی دەکرێت ئەوەیە بڕی گوتنەکە کورتە و زانیاریی تەواوی نەداوەتە گوێگر. ئەمەش بەزاندانی بنەمای چەندێتییە.
٢) ئەمەش بە کەمتەرخەمیی گوێگر هەژمار ناکرێت، چونکە بەزاندنەکە سەرپشکیی و لە خۆڕا نەبووە، چونکە زانیارییەکانی هەر ئەوەندە بووە.
٣) دەکرێت هۆکاری بەزاندنی بنەمای چەندێتیی لەلایەن وەڵامدەری (٢٠٢-أ)دا، بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە پەیڕەوی بنەمای جۆریی/ دروستیی گوتنەکەی کردووە، زانیاریی هەڵەی نەداوەتە پرسەکەر، واتە تەنیا زانیاری لە سەر مانگەکە هەیە، بەڵام ڕۆژەکەی بە دیاریکراوی نازانێت.

گرایس گرنگییەکی زۆری بە درکپێکردنی پراگماتیکی (cognitive pragmatics) داوە، کە سیستەمێکی نوێیە، ئامانجی دەستنیشانکردنی میکانیزمە دەروونییە کردەییەکانی پشت ئاماژەکانە، لە سەر ئاستی شیکردنەوەی چەمکەکاندا پەیپێبراوە. درکپێکردنی پراگماتیکیی، کە بە خوێندنەوەی ئاوەزیش ناسراوە، وەک تیۆرییەکی باوی ئاوەزی، پێشتریش لەلایەن (دان سپێربەر و ویڵسن Dan Sperber and Deirdre Wilson)ەوە پەیوەندی لە نێوان پراگماتیک و خوێندنەوەی ئاوەز خراوەتە ڕوو، هەردوو زانا کاریگەرییەکی زۆریان لە سەر درککردنی پراگماتیکی هەبوو. هەروەها پێکەوە نموونەی تیۆرییەکی دەوڵەمەندیان لە ژێر ناوی (تیۆری پەیوەندی Relevance Theory) خستەڕوو ( Mazzone٢٠١٨، ١).

## ٢-٢-٣-٥ تیۆری پەیوەست (Relevance Theory)

تیۆرییەکی دەوڵەمەندە، لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا لەلایەن زانایانەوە کاری زۆری تێدا کراوە، لە سەرووی هەمووشیانەوە دان سپێربەر و وێڵسن، کە پێیانوایە؛ "ئامانج لە پراگماتیک شیکردنەوەی کەلێنی نێوان واتای ڕستە و ئەو واتایەی قسەکەر دەیەوێت" (Wilson ٢٠٠٢, ١) بیگەیەنێت، یان مەبەستێتی.

ئەمەش وەک پاڵپشتییەک بۆ تیۆرەکەی گرایس خراوەتەڕوو، چونکە بە هەمانشێوە بۆ مەبەستی خوێندنەوە و شیکردنەوەی ئاوەزی، لە سەر بنەمای پەیوەندیی تیۆرەکانیان دارشتووە. گرایس پێی وابوو؛ هەموو سیمایەکی پەیوەستکردن (زمانی و نازمانی)، بریتی بووە لە دەربڕین و تێگەیشتن لە مەبەست بڕوانە (Grice ١٩٨٩, ٥٢).

٢٠٣- أ- مامۆستا: ئایا وتارەکەت پێشکەش کرد؟

ب- فێرخواز: کارێکی زۆرم بە سەردا کەوتبوو.


وەڵامێکی ناڕاستەوخۆیە، بەڵام لەوانەیە مەبەستدار بێت، یان میتافۆری، یاخود گاڵتەئامێز بێت. لە کاتێکدا پرسیارەکە ڕاستەوخۆیە، لەلایەن مامۆستاوە بە (نەخێر) وەڵامەکە وەردەگیرێت،

هاوکات فێرخوازەکە ڕوونکردنەوەی بۆ هۆکاری پێشکەش نەکردنەکەی داوەتەوە، کە هەموو ئاماژە زمانیی و نازمانییەکان لە وەرگرتنی وەڵامی فێرخوازەکەدا بەشدارن ( Wilson۲۰۰۲، ۲). تیۆری پەیوەست، بە تەواویی لەگەڵ ئەو بۆچوونەی گرایسدا هاوڕایە، کە دەڵێت: تێگەیشتنی لۆجیکی پرۆسەیەکی ئاوەزییە، سەرەڕای ئەوەش پرۆسەکە لە ئاوەزدا خۆکردە، ئەو بیرەی، کە پارێزگاری لێدەکات و گریمانەی ئەوە دەکات؛ قسەکەر بەرئەنجامەکان بونیاد دەنێت، کە لە پێشەکی و بەرئەنجام پێکهاتووە، ئەم بەرئەنجامە نەسەلمێنراوانەش لەڕاستیدا جەوهەری پرۆسەی تێگەیشتنە. تیۆری پەیوەست سروشتی بنەمای چەندێتیی هەیە و پشت بە بیرۆکەی درکپێکراو لە پێناو فراوانکردنی زانیاریدا دەبەستێت ( Mazzone۲۰۱۸، ١٤). یەکێک لە پێشنیازە سەرەکییەکانی تیۆری پەیوەست (Relevance Theory) ئەوەیە؛ کە درککردن (cognition) و پەیوەندیکردن (communication) ڕێنمایی پێشبینییە پەیوەستدارەکان دەکەن. "بەپێی تیۆری پەیوەست، وشە گۆکراوەکان پێشبینییەکی پەیوەندیدار دەورووژێنن، نەک لەبەرئەوەی قسەکەران بە بنەمای هاوکارییەوە پەیوەست بن، بەڵکو لەبەرئەوەی پەیوەستکردن سیمایەکی بنەڕەتی درککردنی مرۆڤە" ( Wilson۲۰۰۲، ۱۰). لەبەرئەوەی سیستەمی کۆزانیاری بە شێوەیەکی بەردەوام ژمارەیەکی زۆر لە بەریەککەوتنە درکپێکراوەکان وەردەگرێت، چارەسەرکردنیان (processing) تەنیا لە ڕێی بژارکردنەوەوە دەبێت ( Mazzone۲۰۱۸، ١٦). کەواتە گرنگیی تیۆری پەیوەست چییە؟ با لە پەسنێکی نافەرمییەوە دەست پێ بکەین. چۆن وەرگرتن (input) پەیوەست دەبێت؟ پەیپێبردن وەرگرتنەکان لەڕێی (بینین، دەنگ، قسەکردن، یادەوەری)ەوە ئەنجام دەدرێن، کاتێک کەسێک پەیوەندی بە زانیارییە پاشخانەکانی خۆیەوە دەکات، بۆ ئەوەی بەرئەنجامێک بەدەست بهێنێت، بۆی گرنگ دەبێت، لەڕێی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی بەمێشکیدا دێن، بۆ باشترکردنی کۆزانیارییەکانی بە بابەتێکی دیاریکراو، یان ڕەواندنەوەی گومانێک، یاخود باشترکردنی خوویەکی هەڵەوە دەبێت ( Wilson۲۰۰۲، ۱۰)، هەرچەندە ئەم تیۆرییە لەلایەن خودی داهێنەرانییەوە لە ساڵی (۱۹۸۷) ڕەخنەیان لێگرتووە و پێیانوابووە بەسەر هەموو پەیوەندییەکدا جێبەجێ نابێت، پێشنیازی پێشخستنی تیۆرەکەشیان کردووە (Dan Sperber ۱۹۸۷, ۷۱۵). خاڵی گرنگ و شیاو لە تیۆری پەیوەستدا، ئەوەیە تیۆرەکە پشت بە هەموو ئاماژە زمانی و نازمانییەکان و دەرووبەر دەبەستێت، چونکە تیۆرییەکە تیۆرییەکی تەواو درکپێکراو و پراگماتیکییە، هەموو ئاماژەکان لە چارەسەرکردنی زانیارییە ئاڵوگۆڕکراوەکانی نێوان قسەکەر و گوێگردا بەشدارن. سپێربەر و وێڵسن پێیانوایە سیمایەکی گرنگی تیۆری پەیوەست، دەستەبەرکردنی پێشبینییەکی فرە چەشن دەخاتە بەردەست قسەکەر و گوێگر، کە پەیوەندییەکە بەهێزتر دەکەن، هەروەها چوار بەرئەنجامیش دەخەنەڕوو (Dan Sperber ۱۹۸۷، ۷۲۱):

١. چەمکی ناوەڕۆک، کە لە ڕێزماندا هاتووە، چەمکێکی نواندنییە (نواندنێکە بە زمانی بیر (Language thought) کورتکراوەکەی (LT) یە و لەلایەن (فۆدۆر)ەوە خراوەتەڕوو، کە لەگەڵ بۆچوونەکانی چۆمسکی لە ڕێزمانی سەراپا(UG)دا هاوڕایە.

٢. نواندنەکانی شێوەی لۆجیکی پەیوەست بە ڕستەی زمان وەک بەشێک لە ڕێزمانەکەیدا، ڕۆنانێکی سینتاکتیکی هەمان سیستەمی خودی زمانە سروشتییەکە نییە، بەڵکو ڕۆنانێکی ڕستەیی زمانی بیر(LT)ن (وەک بەرئەنجامێک بۆ دانانی ڕێزمان وەک سیستەمێکی وەرگرتن (input).
٣. ناوەڕۆکی تیۆریی ڕاستەقینەی شێوە گریمانییەکان تەرخان دەکرێت، دەربڕاوەکان لە زمانی بیر(LT)دا بە پرۆسەی پراگماتیکی تەواو کراون، نەوەک ڕاستەوخۆ بە دەربڕاوی زمانی سروشتی ( ئەمەش بەرئەنجامی ئەو شێوە لۆجیکیانەیە، کە ناوەڕۆکی گریمانەیی دەستنیشان دەکات).
٤. هەر لایەنێک لە لایەنەکانی ڕاڤەکردنی ڕاستەقینەوە بێت، ڕۆنانە نواندنییەکان وەک بەها لەخۆدەگرێت و دەچێتە ژێر ڕکێفی بنەمای پەیوەندییەوە.

هەموو قسەکردنێک دوو ئاستی نواندن لەخۆدەگرێت؛ کە ڕاڤەی بیری قسەکەر دەکات، یاخود پەسنی بارودۆخێکی دیاریکراو دەکات، لەم شێوەیەی خوارەوە، کرۆکی تیۆری پەیوەندی لە لایەن (سپێربەر و ویڵسن)ەوە خراوەتەڕوو (Dan Sperber ١٩٨٧، ٧٠٨):




هێڵکاری ٧ ڕەهەندە وەسفی و ڕاڤەییەکانی بەکارهێنانی زمان

لە شێوەی (١)دا ڕاڤەکردنی بیرە ئاوەزییەکان بە دوو شێوازی سەرەکی پەیپێدەبردرێت، ئەوانیش ڕاڤەیی و پەسنین، بەشێک لە کردەکانی زمان پەسنین و بەشێکی تریشیان ڕاڤەیی،

یاخو هەردوو پەسنی و ڕاڤەیی لەخۆدەگرن. بۆ نموونە جەختکردنەوە وەسفی بارودۆخێکی گشتگیر دەکات؛ داواکردن و ئامۆژگاریش پەیوەندییەکی وەسفییە لە نێوان بیری قسەکەر و بارودۆخی پەسنکراو، پرسیار و سەرسوڕمانیش لە پەیوەندییەکی ڕاڤەییدان لە نێوان بیری قسەکەر و بیری پەیوەستکراودا (Dan Sperber ،١٩٨٧ ،٧٠٨).

ئەو کردە پرسیارانەی ڕاڤەی بیر و بیرێکی پەیوەستکراو دەکەن، وەک ئەو پرسیارانەی لە (٢-١)دا خرانەڕوو. هەرچی پرسیاری دوو لایەنەیە، کە هەردوو پرۆسەکە لەخۆدەگرن.

٢٠٤- بۆ وا لاواز بوویت؟

ئەم جۆرە پرسیارانە لە نێوان قسەکەر و گوێگردا بۆ دەرخستنی بیری پەسنکراو و ڕاڤەکردنی بارودۆخی لێدەکەوێتەوە. هەندێک جاریش وەڵامدەر وەک سووکایەتی پێکردن لێیدەڕوانێت.

## ٢-٢-٤ فۆنۆلۆجیای پرسکردن و ڕۆڵی فۆنیمە ناکەرتییەکان لە سازکردنی چەمکی پرسکردندا بەپێی بەرنامەی پرات

فۆنۆلۆجیا لێکۆڵینەوەیە لە فۆنیمە کەرتی (segmental phoneme) و فۆنیمە ناکەرتییەکان (**suprasegmental phonemes**)، هەرچی فۆنیمی کەرتییە و هێمایەکی فیزیکیی و بەرجەستەیان لە زماندا هەیە، بەڵام فۆنیمە ناکەرتییەکان لە چوارچێوەی وشە و ڕستەکانی زماندا، ئەوانەی دەچنە بواری پێکهاتەی وشەوە، کە برگە و هێز (stress)[٤٩] و تۆن (tone)[٥٠]، و ئاوازە (Intonation)یە، کە لە ڕستەدا ڕۆڵدەبینێت. زۆرێک لە نووسەران پێیانوایە "ئاوازە بۆ دەربڕینی هەست و هەڵوێستەکانی مرۆڤ بەکار دەهێنرێت، بۆ نموونە؛ ڕستەیەک دەتوانرێت بە چەند ئاوازەیەک دەرببڕرێت، هەر یەکێکیان بۆ مەبەستێکی دیاریکراو بەکاردەهێنرێت؛ وەک تووڕەیی و دڵشادی و سوپاسگوزاری ..هتد" ( Roach٢٠١٠، ١٤٧). ئاوازە بەشێکە لە فۆنیمە ناکەرتییەکان، لە ئاستی دەنگدا بەکاردێت، فۆنیمی ناکەرتییەکانیش بەشێکی سەرکیین لە ئاخاوتندا، بە گۆڕینی بەرزی و نزمی دەنگ لە قسەکردندا بە سەرنجڕاکێشترین هۆکار دادەنرێت، کە گوێگر زانیارییەکان زووتر وەردەگرێت (حەمەد ٢٠١٤، ٣).

---

[٤٩] . بۆ زانیاریی زیاتر؛ بڕوانە (ئەمین ٢٠٠٩، ٢٨٤)، (Roach ٢٠١٠, ٨٢)

[٥٠] . لە زمانی ماندارینی چینییدا، پێشگر و پاشگر ڕۆڵی لە دەوڵەمەندکردنی وشەدا نییە، بەڵکو بەهۆی تۆنە جیاوازەکانی وشەوە چەندین واتای جیاوازیان دەبێت، بۆ نموونە وشەیەکی وەک (ma) چەند تۆنێکی جیاوازی هەیە، کە هەریەکەیان واتای خۆی هەیە، ئەگەر بە تۆنێکی بەرز بگوترێ، ئەوا بە واتای ڕووەکی (کەنەب) کە ڕووەکێکی گرنگە لە بواری پیشەسازییدا کەڵکی زۆر لە ڕیشاڵی وەردەگیرێت، وەکو گوریس و گوێنی ...هتد، هەمان وشە (ma) بە تۆنێکی نزم واتای سەرزەنشتکردن دەگەیەنێت، بە تۆنێک، یان ڕیتمێکی خێرا واتای (ئەسپ) دەگەیەنێت، ئەگەر بە زارێکی جیاواز بگوترێت ئەوا واتای (دایک) دەگەیەنێت ( McWhorter٢٠٢٢).

## ٢-٢-٤-١ بەرنامەی پرات[٥١] (Praat):

بەرنامەیەکی کۆمپیوتەرییە، ڕۆڵی تاقیگەی دەنگیی هەیە، بۆ شیکردنەوەی قسەکردن بەکاردەهێنرێت؛ شیکردنەوەی ئاوازە، ڕەگەزەکانی کۆنترۆڵکردنی دەنگ، توندی دەنگ، لەرینەوە و شکانەوەی دەنگ. پرات پێشکەوتووترین بەرنامەیە بۆ تۆمارکردن و شیکردنەوە و وەرگرتنی زانیاری لە سەر دەنگەکانی ئاخاوتن. (ع. فەرهادی ٢٠١١، ٧٤) ئەم بەرنامەیە "لەلایەن (پۆل بۆرسما و دێڤد وینینک) لە پەیمانگای زانستی فۆنەتیک لە زانکۆی ئەمستردام دانراوە و سەرپەرشتی دەکەن (حەمەد ٢٠١٤، ٣٩)، ئەم بەرنامەیە کاتێک دەکرێتەوە دوو پەنجەرە (window) دەکرێتەوە، یەکێکیان (praat objects) ەو تیایدا دەنگەکە تۆماردەکرێت. دوای ئەوەی دەنگەکە ڕیکۆرد دەکرێت، پاشان لە پەنجەرەی دووەم (praat picture) وێنەی دەنگەکە بە کۆمەڵێک بنچینەوە نمایش دەکات. ئەوانیش بریتین؛١) لە وێنەی شەبەنگی (spectrum)، کە تارمایی پشت پلەی (pitch) دەنگ و توندی (intensity)ی دەنگ دیاری دەکات. ٢) پلەی دەنگ (pitch) بەرز و نزمیی دەنگ دیاری دەکات ڕەنگی شینی باریکی هەیە. ٣) توندی دەنگ (intensity) ڕەنگێکی زەردی[٥٢] باریکە لە سەرووی پلەی دەنگ (pitch)ەوەیەو یەکەکەیشی بە (دیسی بێڵdB) دەپێورێت، کە لە نێوان (٠-١٠٠) dB... بۆ دیاریکردنی بەرزی و نزمی دەنگ، دەپێوێت.[٥٣] ئەم بەرنامەیە تواناى پێوانەی پلەی دەنگ و توندی دەنگی هێزی وشە و ئاوازەی ڕستەکانی زمانی هەیە.

## ٢-٢-٤-٢ فۆنیمە ناکەرتییەکان (suprasegmental phonemes):

فۆنیمە ناکەرتییەکان بریتین لەو سیما دەنگییانە، کە وەکو هێزی برگەکانی وشە و ئاوازەی ڕستەکانی زمان، هەروەها پێشی دەگوترێت پرۆسۆدی (prosody)، پرۆسۆدی "بەشێکە لە دەنگسازی و بایەخ بە هێز و ئاوازە دەدات، بە پێچەوانەی فۆنیمە کەرتییەکانەوەیە، کە بایەخ بە دەنگە ڤاوڵ و کۆنسنانتەکان دەدات" (Bittner ٢٠١٣).

## یەکەم: هێز (Stress):

سوپرا سەگمێنتی هێز ڕۆڵێکی گرنگی لە گۆڕینی واتا و پۆلی وشە، یان مۆرفۆسینتاکسدا هەیە. "هێز سیمایەکی چەسپاوی وشەیە و بەشێکی بنەڕەتی فۆڕمەکەیەتی بە

---

[٥١] . پرات [pra:t]، وشەیەکی هۆڵەندییە، واتای (قسە بکە) دێت، شیکردنەوەی دەنگەکانی زمان دێت، لەوانە فۆنیمە کەرتی و ناکەرتییەکان.

[٥٢] . ڤێرژنی بەرنامەکە ساڵی ٢٠١٧یە، پێشتر لە ڤێرژنە کۆنەکاندا بە ڕەنگی سەوز بووە.

[٥٣] . بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە (حەمەد ٢٠١٤، ٤٢).

جۆرێک، کە هیچ بژارێکی ڕاستەقینەمان بۆ چۆنێتی بەکارهێنانی لە بەردەمدا نییە" (ویدووسن ٢٠٠٨، ٦٧).

هێزی سەر وشە: هێز دەکەوێتە سەر یەکێک لە برگەکانی وشە و واتای مەبەست دەگەیەنێت.

٢٠٥- أ- هەمانە. (هەبوون)

ب- هەمانە؟ (ئەو شتەمان هەیە؟)

پ- هەمانە ("کیسێکە، لە چەرمی مەڕ دروست کراوە" (هەورامانی ١٩٧٤، ١٩)).


لە ڕستەی (٢٠٥-أ)دا هێزەکە لە سەر برگەی یەکەمە، واتای هەبوون دەگەیەنێت. ڕستەی (ب) هێزەکە دەکەوێتە سەر برگەی دووەم (ما) و ڕستەیەکی پرسیاری گەیاندووە. هێز گرنگیی فۆنیمی هەیە، چونکە جیاوازیی واتایی دروستدەکات (فتاح؛ ١٩٨٢، ٢٣٦). بۆ نموونە:

٢٠٦- أ- ڕەشە

ب- ڕەشە؟


لە (٢٠٦-أ)دا هێز لە سەر برگەی یەکەمە و ناوێکی داڕێژراویی سازکردووە و پۆلی وشەکەی لە ئاوەڵناوەوە گۆڕیوە بۆ ناو، بەڵام لە (ب)دا هێز کەوتووەتە سەر برگەی دووەم، واتای پرسیاریی گەیاندووە، پرسیار لە ڕەنگ کراوە.

٢٠٧- أ-نووستن (ناوی کرداری/ چاوگ)





وێنەی دەنگیی ١

ب- (pro) نووستن. (ڕستەی هەواڵدان)




وێنەی دەنگیی ٢

پ- نووستن؟ (ڕستەی پرسیاری)




وێنەی دەنگیی ٣

لە ٢٠٧(أ)دا هێز لە کۆتایە، ناوی کردارییە. لە (ب)دا هیچ هێزێک لە سەر وشەکە نییە، بەڵکو ئاوازەکەی لە کۆتاییدا نزمبوونەوە هەیە. لە (پ)دا هێز کەوتووەتە سەر برگەی یەکەم و بووەتە ڕستەی پرسیاری.

بە بەراوردکردنی هەرسێ وێنە دەنگییەکەی (نووستن، وەک چاوگ) و (نووستن وەک هەواڵگەیاندن) و (نووستن وەک پرسیار) ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە هێز ڕۆڵی لە دەستنیشانکردنی پۆلی وشە و ئەرکی ڕستەدا هەیە.

هێزی سەر وشەیەکی ناو ڕستەیەک:

٢٠٨- أ-**کچەکە** گوڵەکەی لێکردەوە. (وەڵامی پرسیاری کێ دەداتەوە)

ب- کچەکە **گوڵەکەی** لێکردەوە. (وەڵامی پرسیاری چی دەداتەوە)

پ- کچەکە گوڵەکەی **لێکردەوە**؟ (ڕستەیەکی پرسیارییە)


ڕستەکانی (٢٠٨ أ ، ب ، پ) ئەوە ڕوون دەکەنەوە، کە هێز لە سەر هەر وشەیەک، بێت ئەوا پرسیار دەربارەی ئەو گرێیە دەکات.

## دووەم: ئاوازە (Intonation):

ئاوازە فۆنیمێکی ناکەرتییە و لە نووسیندا هێمای بۆ دانەنراوە و تەنیا لەکاتی ئاخاوتندا ڕۆڵی چالاکیی خۆی دەبینێت، بەو پێیەی نووسین وەک هەوڵێک بۆ پاراستنی ئاخاوتن دادەنرێت. دەتوانرێت گریمانەی ئەوە بکرێت، کە ئاوازەی ڕستە ڕۆڵی هەبووە لە دیاریکردنی واتای ڕستەکانی زمان، ئەمەش بە هۆکاری دەرنەکەوتنی پارتیکڵی پرسیاری (ئایا) دادەنرێت، چونکە بە هۆی ئاوازەکەوە زۆر سانایانە دەتوانرێت ڕستەیەک لە هەواڵگەیاندنەوە بۆ پرسیاری بگۆڕدرێت، یان سەرسوڕمان. واتە جگە لە ڕستەی پرسیاری بۆ ڕستەی سەرسوڕمانیش دەتوانرێت، بە بێ بەکارهێنانی پارتیکڵی سەرسوڕمان، تەنیا بە بەرزکردنەوەی سەرجەم ئاوازەی ڕستەکە و کردنەوەی تەواوی چاوەکانەوە دەتوانرێت ڕستەیەکی سەرسوڕمان بەرهەم بهێنرێت.


ئاوازەی پرس بەرزە، لە ڕستەی هەواڵگەیاندندا لە شوێنێکی مەبەستدا ئاوازەکەی بەرزترە، جا لە سەرەتای ڕستە، یان ناوەند، یاخود لە کۆتاییەوە بێت، ئەوا چەمکە پرسیارییەکە لەو شوێنەدا بەرزتر دەکرێتەوە، هاوکات لە ڕستەی ڕاماندا ئاوازەی ڕستەکە زۆر بەرزتر دەکرێتەوە، بە تایبەت لە سەر پارتیکڵەکانی (ئای!، وای!، ....)دا. وردتر بگوترێت ئاوازەی ڕستەی پرسیاری لە نێوان نزمی (هەواڵگەیاندن) و بەرزە دەنگی (ڕامان) دایە.

٢٠٩-        (ئای) لەو شاخە بەرزە! (هەموو وشەکان بە دەنگێکی بەرز)




وێنەی دەنگیی ٤


٢١٠-       (ئایا، ئەرێ، ئاخۆ) ڕۆیشتن؟




وێنەی دەنگیی ٥

لە ڕستەی (٢١٠)دا پارتیکڵەکانی پرسیار سەرپشکی دەتوانرێت لاببرێن، ئاوازەکەی لە کۆتاییدا بەرزدەبێتەوە، ڕستەیەکی پرسیاری دروست دەبێت، کە ئەمەش بەڵگەیە لە سەر ئەوەی، کە لە قسەکردندا ئاوازە ڕۆڵی دروستکردنی پرسیاری ڕاوەرگرتنی هەیە، بەڵام لە نووسیندا پارتیکڵەکان دەنوسرێن، یان نیشانەی (؟) دادەنرێت. ئاوازەی ڕستەکە بە هێز خستنە سەر هەردوو برگەی (ڕۆیش) و (تن) بەرزکردنەوە هەیە.


٢١١-  (ئایا) (pro) دەڕۆیت بۆ زانکۆ؟




وێنەی دەنگیی ٦

لە وێنەی دەنگیی (٦)دا، ئەوە دەردەکەوێت، کە ئاوازەکە توندییەکەی (intensity) لە سەرەتا و لە سەر گرێ کرداریيەکەدا بەرزە، دواتر ئاسایی بووەتەوە، هەر بەرزکردنەوەی ئاوازەکەش جارێکی تر لە سەر وشەی (زانکۆ)ش دەرکەوتووە، بەڵام بە پلەیەکی (pitch) کەمتر.

٢١٢- ئەو دەڕوات بۆ زانكۆ.




وێنەی دەنگیی ٧

وێنەی دەنگیی (٧) ئەوە نیشان دەدات، کە ئاوازەکە ڕێکە و لە کۆتاییدا کەم دەبێتەوە.

ئەگەر بەراوردی هەردوو وێنەی دەنگیی (٦) و (٧) بکەین، ئەوا دەردەکەوێت لە ڕستە پرسیارییەکەدا، هێزەکە لە سەر کرداری (دەڕۆیت)ە، هاوکات بڕگەی کۆتایی بەرزترە، بەڵام لە ڕستە هەواڵییەکەدا هەموو کەرستەکان لە یەک ئاستدان و هیچ بەرزییەکە لە پلە و توندیی دەنگدا نابینرێت.


وەڵامی ئەم جۆرە پرسیارانەش؛ بە بەڵێ و نەخێر دەبێت، یاخود:

أ- (بەڵێ) (pro) دەڕۆم بۆ زانکۆ.

ب-(نەخێر) (pro) ناڕۆم بۆ زانکۆ.

هەندێک جاریش بەهۆی نەرێکردنەوە ڕستەی پرسیاری بەرهەمدێت، بەتایبەت ئەگەر جێناوی ڕێککەوتنەکە کەسی دووەمی تاک، یان کۆ بێت. بۆ نموونە:


٢١٣- ناڕۆیت بۆ زانکۆ؟ (واتە (ئایا) (تۆ) دەڕۆیت بۆ زانکۆ؟)




**وێنەی دەنگیی ٨**

لە وێنەی دەنگیی (٨)دا، توندییەکەی لە سەر گرێ کردارییەکە بەرزە، بەڵام دواتر ئاسایی بووەتەوە.

٢١٤- (pro) نایەیت بۆ بازاڕ؟




وێنەی دەنگیی٩

لە ڕستەی (٢١٤)دا، بە هۆی نەرێکردنی گرێ کردارییەکەوە، ڕستەی پرس بەرهەم هاتووە، واتە "ناکردن ڕۆڵی گرنگ لە ڕۆنانی ڕستەی پرسیاردا دەبینێت، چونکە دەتوانرێت، هەندێک لە ڕستەی پرسیارییەکانی ئەرێش بە نەرێ دەرببڕرێت" (ڕەسول ١٩٩١، ١٣). هەروەها لە هەردوو وێنەی دەنگیی (٨ و ٩)دا هێزەکە لە سەر کردارەکەیە و لە کۆتایی ڕستەکەشدا ئاسایی بووەتەوە.


بەڵام پێویستە ئاوازەی ڕستەکە لە سەر گرێ کردارییە نەرێکراوەکەدا بەرزتر ببێت، بەم شێوەیە:

٢١٥- (pro) <u>نایەیت</u> بۆ بازاڕ؟ (نەرێ)

٢١٦- (pro) <u>دێیت</u> بۆ بازاڕ؟ (ئەرێ)

هەریەک لەو دوو ڕستەیەی سەرەوە بەهۆی هێز خستنەسەر کردارەکە، دەتوانرێت وەک دوو ڕستەی پرسیاری هاوواتا دەربکەون. هێز خستنە سەر وشەیەکی ناو ڕستەیەک، هەر لەخۆوە نییە و بەپێی مەبەستی قسەکەر دەبێت.


٢١٧- <u>ئازاد</u> دوێنێ هات؟




وێنەی دەنگیی ١٠

لە وێنەی دەنگیی (١٠)دا هێز خستنە سەر ناوی (ئازاد) هەیە و وەستان و دووبارە بەرزبوونەوە لە کۆتاییشدا دەبینرێت.

٢١٨- ئازاد <u>دوێنێ</u> هات؟





وێنەی دەنگیی ١٦

لە وێنەی دەنگیی (١١)دا سەرەتا ئاوازەکە ئاساییە و بەرزکردنەوەکە و توندییەکەی لە سەر ئاوەڵکرداری (دوێنێ)دایە و بۆیە پرسیارەکە دەربارەی کاتی هاتنەکەیە.

ئەگەر بەرزکردنەوەکە، یاخود هێز خستنە سەر لە سەر (ئازاد) بوو، ئەوا ڕستەیەکی پرسیارییە و جەختکردنەوەیە لە سەر هاتنی ئازاد، هەروەها ئەگەر لە سەر (دوێنێ) بوو، ئەوا ڕستەیەکی پرسیارییە و جەختکردنەوەیە لە سەر کاتی هاتنەکەی ئازاد (ئەمین ٢٠٠٩، ٢٨٩-٢٩٠).


هەردوو وێنەی دەنگیی (١٠ و ١١) ئەوە نیشان دەدەن، هێز خستنە سەر هەر وشەیەک لە ڕستەکەدا ئەوا پرسیارەکە لە سەر ئەو کەرەستەیە دروست دەبێت، لە ڕستەی (١٠) پرسیارەکە دەربارەی (ئازاد) ە و ڕستەی (١١) پرسیار لە (کات)ی هاتنی دەکات. ئاوازە لە گفتوگۆکاندا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت، چونکە ڕستە بۆ هەر ئەرکێکی زمان بەپێی ئاوازەیەکی تایبەتە، دەتوانرێت، ڕستەی هەواڵی، یان رستەی پرسیاری، یاخود سەرسوڕمان بەبێ بەکارهێنانی هیچ پارتیکڵ/ئامرازێک سازبکرێت. "بۆ نموونە: ڕستەی (هات) ڕەنگە بەپێی بارودۆخ و هەڵوێستی قسەکەر ئاوازەی بگۆڕێت و کۆمەڵێک واتا بگەیەنێت" (موسا ٢٠٠٩، ٧٩).

٢١٩- أ-(pro) هات Ø. (هەواڵی)




وینەی دەنگیی ١٢


ب- (pro) هاتØ؟ (پرسیاریی)




وینەی دەنگیی ١٣

لە وینەی دەنگیی (١٢)دا ئاوازەکە سەرەتا بەرزە و دواتر بەرەو نزمبوونەوە ڕۆیشتووە، (ڕستەیەکی هەواڵی)یە، بەڵام لە وێنەی دەنگیی (١٣)دا بە پێچەوانەوە هێزەکە و توندییەکەی لە کۆتاییدایە، بۆیە (ڕستەیەکی پرسیاری)یە.

٢٢٠- (pro) هاتØ! (ڕامان)




وینەی دەنگیی ١٤

بەڵام لە وێنەی دەنگیی (١٤)دا توندیی دەنگەکە زۆر بەرزترە لە سەر کۆی گرێ کردابییەکە، بۆیە ڕستەی (ڕامان)ی سازکردووە.

ئەم بابەتە پەلکێشی بابەتێکی زۆر گرنگمان دەکات ئەویش ئەوەیە، کە ئاوازە ئەلتەرناتیڤی ئامرازەکان (پارتێکڵەکان)ە، کە لە ڕێزماندا لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت، هەرچی ئاوازەیە،

پەیوەندیی بە فۆنۆلۆجیاوە هەیە، وەک دەردەکەوێت لە قسەکردندا مرۆڤ هەمیشە ئابورییکردن بەکاردەهێنێت، دەیەوێت زۆرترین واتا بە کەمترین وزە دەرببڕێت، بێ هۆ (فاروق عومەر سدیق) نەیگوتووە: "ئەسڵ و جەوهەری زمان لە قسەدا، ڕەنگ دەداتەوە، کە بە شیکردنەوەی لێی تێ دەگەیت، هەرچی قسەشە بە درک و تێ گەیشتن ئامانجی خۆی، دەپێکێت" (سدیق . ۲۰۲۰، ۲۰). ئاوازە، بە واتای بەرزکردنەوە و نزمکردنەوەی دەنگ لە کۆتایی قسەدا، ڕستەی پرسیار و ڕامان و هەواڵدان لە یەکتر جیا دەکاتەوە (فتاح؛ ۱۹۸۲، ۲۳٦).

بۆ گۆڕینی واتا چوار ئاست لە ئاوازەی ڕستەکانی زماندا بەدیی دەکرێن، ئەوانیش؛ ۱) دەنگی زۆر بەرز. ۲) دەنگی بەرز. ۳) دەنگی ئاسایی. ٤) دەنگی نزم (Stageberg ۱۹۸۱, ٥٤).

۲۲۱- أ- (تۆ) دێیتە ژوورەوە! (ڕامان)، بە بەرزکردنەوەیەکی زۆری دەنگ لە سەر گرێ کردارییەکە، بە یارمەتی ئاماژەکانی جەستە (دەموچاو) ئەنجام دەدرێت.

ب- (تۆ) دێیتە ژوورەوە؟ (پرس)، بە هۆی بەرزکردنەوەیەکی مامناوەندەوە دروست دەبێت.

پ- (تۆ) دێیتە ژوورەوە. (فەرمان/داخوازی)، بە یارمەتی ئاماژەکانی جەستە (دەست).

لە ڕستەی (۲۲۱-أ)دا بەهۆی ئاوازەی زۆر بەرزەوە، ڕستەی (ڕامان) بەرهەم دێت، لە (ب)دا بەهۆی بەرزکردنەوەی ئاوازەی ڕستەکەوە بەتایبەت لە کۆتاییەوە ڕستەی پرسیاری دروست...هتد.

لە کۆتایی ئەم بەشەدا دەتوانرێت بگوترێت: گەیاندنی چەمکێک لە شێوەی پرسیاردا پەیوەستە بە کۆزانیاریی قسەکەر لە هەڵهێنجانی واتاکانیدا، ئەم هەڵهێنجانەش لە فەرهەنگی ئاوەزییەوە سەرچاوە دەگرێت، خودی یەکە فەرهەنگییەکان، کە خاوەنی سیما واتاییەکانن، (بنجی و بارکراو) ڕێگەخۆشکەرن بۆ ئاماژەدان بە تیۆرەکانی واتا، هاوکات بەکاربردن بۆ تیۆرەکانی پراگماتیک، کە لەم بەشەدا خراونەتە ڕوو، وێڕای دیاریکردنی جۆرەکانی پرسیار بەپێی چەمکە جیاوازەکانیان، تا ببنە بنەما بۆ لێکدانەوە و شیکاری ڕستەی پرسیار و بەدیهێنانی چەمکە شاراوەکانیان، هاوکات ئاوازەی ڕستە ڕۆڵێکی گەورە لە سازکردنی ڕستەی پرسدا دەبینێت، کە بە هۆی بەرنامەی (پرات)ەوە دەتوانرێت، دەنگی ئاسایی پرسکەر بپێورێت، پلەی دەنگی و توندییەکەشی بزانرێت، کە لە نێوان ئاوازەی ڕستەی هەواڵگەیاندن و ڕستەی ڕاماندایە.

# بەشی سێیەم

# چەمکە شاراوە بەشدارەکانی کردەی پرس لە زمانی کوردیدا

## ٣/ بەشی سێیەم/ چەمکە شاراوە بەشداربووەکانی کردەی پرس لە زمانی کوردیدا

لە بەشی دووەمدا ئەوە ڕوونکرایەوە، کە چەمک دەسەڵاتی بە سەر فۆرمە زمانییەکاندا هەیە، کە لە ناو ئاوەزدا بە شێوەیەکی سیستماتیکی داکراون. ئەوەش ڕوونکرایەوە، کە ڕستەی پرس لە دوای چەمکی هەواڵگەیاندنەوە، وەک بەشێک لە چەمکی داواکردن ڕۆڵی لە وەرگرتنی زانیارییەکاندا هەیە، ئەو زانیارییانەش بە چەمکێکی بنەڕەتی پرسیار لە زمان دادەنرێن، زمانی کوردیش وەک هەر زمانێکی زیندوو، شێوازی داڕشتەی ڕستە و کردەی پرسی تایبەت بە خۆی هەیە. لە ڕێی وشە و گرێ پرسەکان و هەروەها لە ڕێی ئاوازە و زمانی جەستەوە دەتوانرێت، سازبکرێن.

پرس ڕێگایەکی گرنگی دەربڕینی زمانییە و چەند شێوازێکی گرنگ و سەرەکی لە سازکردن و پێکهێنانی ڕستەی پرسدا هەن.

### ٣-١/ شێوازەکانی پرسیار

پرس چەند شێوازێکی باڵای لە زمانی کوردیدا هەیە، کە ڕۆڵێکی کاریگەریی لە گەیاندنی پەیامەکاندا هەیە. ئەمە جگە لەوەی لە بواری پەروەردە و وانەوتنەوەشدا ڕۆڵێکی گرنگ لە هەڵسەنگاندنەکاندا دەگێڕێت، کە بە باشترین ساتەکانی فێرکردن دادەنرێت، چونکە فێرخواز لە کاتی هەڵسەنگاندنەکانیدا بە باشیی خۆی ئامادەکردووە و بە بابەتەکاندا چووەتەوە.

لە خوارەوە چەند شێوازێکی پرسیار، (کە لە کایە گرنگەکانی ژیانی مرۆڤدا بەکاردەهێنرێن)، دەخرێنەڕوو، کە بریتین لە شێوازی پرسیاری گفتوگۆی فەرمی و نافەرمییەکان، شێوازی پرسیاری دەقی چیرۆک و ڕۆمان و دەقی شیعری. هاوکات شێوازەکانی پرسیار ڕۆڵێکی گرنگیان لە زانینی مەبەستەکانی پرسکەردا هەیە، زۆر جار لە گفتوگۆکاندا بە کەسی بەرانبەر دەگوترێت؛ مەبەستت چییە؟ یان ئامانجت چی بوو لە گوتنی ئەوەدا؟ بۆیە زۆرجار دەگوترێت بەبێ زانینی مەبەستەکانی قسەکەر هەرگیز ناتوانرێت بڕیار لە سەر دەربڕینێکی پێشووتری قسەکەردا بدرێت، جا دەربڕاوەکە پرسیاری بێت، یان هەواڵگەیاندن. واتە چەمکی مەبەست بریتییە لە واتای پێویست بۆ ئەنجامدانی هەر کردەیەکی زمانی بەپێی دەوروبەرە جیاوازەکانی کردەکە (عیدة ٢٠١٥، ٢).

## ٣-١-١/ شێوازی پرسیاری گفتوگۆ:

### ٣-١-١-١ شێوازی پرسیاری گفتوگۆی فەرمی

ڕۆنانی شێوازی پرسیار لە گفتوگۆ فەرمییەکاندا، زیاتر بە بەکارهێنانی کەرەستەکانەوە پابەندە، چونکە هەر کەرەستەیەک لە ناو ڕستە پرسەکەدا ئەرک و پێگەیەکی تایبەتی خۆی هەیە و کەمتر پەنا بۆ یاساکانی ئابوورییکردن دەبرێت، چونکە پەیوەندییەکانی نێوان پرسکەر و وەڵامدەر زۆرجار لە یەکترییەوە دوورە، بە هۆی دووری پلەی وەزیفی و ئاستی کۆمەڵایەتیی نێوان پرسکەر و گوێگر، کە ڕەنگە یەکێکیان لە ئاستێکی بەرزتردابێت و ئەوی تریشیان ئاستەکەی لە خوار پرسکەرەوە بێت. بۆ نموونە:

٢٢٢- أ-بەڕێوەبەر: لەبەرچی دوێنێ نەهاتبوویتەوە؟

ب-فەرمانبەر: دوێنێ پرسەمان هەبوو، لەبەرئەوە نەهاتمەوە.

یان

٢٢٣- أ-فەرمانبەر: تکایە بەڕێز بەڕێوەبەر، دەکرێت بۆ سبەینێ مۆڵەتم بدەیتێ؟

ب- بەڕێوەبەر: بەڵێ دەتوانیت نەیەیتەوە.

پ- (نەخێر ناتوانیت)، پێموایە مۆڵەتت زۆرە.

هەردوو پرسی (٢٢٢ و ٢٢٣) لەگەڵ وەڵامەکانیان پێکەوە دەچنە خانەی زمانی فەرمییەوە چونکە، شێوازەکانی داڕشتەی ڕستە پرسەکان و وەڵامەکانیان، پابەندیی پێوە دیارە. بەهۆی بەکارهێنانی بنەماکانی پابەندبوون بە پێگە و جێبەجێکردنی یاساکانی ڕاژەی شارستانییەوە، بۆیە شێوازێکی فەرمی لە پرسیار و وەڵامەکاندا بەدییدەکرێن. ئەوەی لەم دوو نموونەیەدا بەدیدەکرێن، کە چەمکی بنەمای پلەی وەزیفی پشت پرس و وەڵامەکانەوە دەسەڵاتی بە سەر شێوازی داواکردنەکە و ڕازی بوون، یاخود ڕازی نەبوونی بەڕێوەبەرەکە بەهۆی پێگەکەییەوە، بە سەر فەرمانبەرەکەوە هەیە، کەواتە لە شێوازی فەرمیدا پێگەی پرسکەر و وەڵامدەر ڕۆڵدەبینێت لە شێوەداڕشتنی پرسیار و وەڵامەکەدا.

### ٣-١-١-٢ شێوازی پرسیاری گفتوگۆی نافەرمی

لەبەرئەوەی پەیوەندیی نێوان پرسکەر و وەڵامدەر لە ئاستێکی باشدایە، یان پەیوەندییەکی ئاسایی لەنێوانیاندا هەیە، بۆیە لە ڕۆنانی شێوازەکانی پرسدا، دەشێت ئابوریکردن هەبێت،

دەتوانرێت ئارەزوومەندانە کەرەستەکان لاببرێن و بە هۆی بەرزکردنەوەی ئاوازەی ڕستەکە لە کۆتاییدا دەتوانرێت شێوازەکانی پرس ڕۆبنرێن. بۆ نموونە:

٢٢٤- أ- پرسکەر: (ئایا) (تۆ) دەتوانیت بێی بە شوێنمدا؟

ب-وەڵامدەر: باشە، بەسەرچاو.

پ- پێمناکرێت، خۆت وەرە.

ڕستەی پرسی (٢٢٤-أ) چەمکی داواکردنەکەی ڕۆنانێکی پرسیاری، کە کەرەستەی پرس و گرێ ناوییەکە دەتوانرێت لابرێت، تەنیا بە هۆی ئاوازەوە ڕستە پرسەکەی سازکردووە، هاوکات وەڵامەکانیش (ب و پ) دوو ڕستەی وەڵامی ئەگەرین، چەمکی پشت ڕۆنانی وەڵامەکانیش پەیوەندیی هاوڕێیەتی نێوان پرسکەر و وەڵامدەر نیشان دەدات.

## ٣-١-٢ شێوازی پرسیاری دەق:

لەبەرئەوەی پرسیاری ناو دەقەکان بە هۆی ڕێنووسەوە ئەنجام دەدرێن، بۆیە بەهۆی نیشانەی (؟)ەوە پرسیارەکان دروست دەبن، هاوکات لە ڕۆنانی ئەم جۆرە پرسانەدا کەمترین کەرەستە لادەبرێت، دەتوانرێت بۆ دوو جۆر پۆلێن بکرێن؛ یەکەمیان لە چیرۆک و ڕۆماندا و دووەمیشیان لە دەقی شیعریدا.

### ٣-١-٢-١ چیرۆک و ڕۆمان:

پرسیاری ناو چیرۆک و ڕۆمانەکان لەو گفتوگۆیانەوە هەڵدەگوێزرێن، کە لە نێوان تاکەکانی ناو کۆمەڵەوە دروست دەبن، وەک بەشێک لە ئەندێشەی دروستکراوی چیرۆکنووس ڕەنگیانداوەتەوە و بۆ مەبەستێکی دیاریکراو، بەپێی پراگماتیکی دەقە. ڕستە پرسیارییەکانیش دەشێت هەمان پرسیاری سیمانتیکی بن، یاخود پرسیاری پراگماتیکی بن، کە بۆ مەبەستێکی دیاریکراو لەو ئەندێشەیەی لە خەیاڵدانی نووسەرەوە بگەیەنرێت. بۆ نموونە: (حسێن عارف) لە کورتە چیرۆکی (دیمەنێکی ژەنگاوی) لە کتێبی (توێشووی سەفەرێکی سەخت)دا، ئەم گفتوگۆیەی نێوان کوڕێک لەگەڵ دایکی، کە گیرۆدەی تەلیسمێکی پێشووی ناو خانووە کۆنەکەیان بووە، خستۆتەڕوو:

٢٢٥- أ-"دایکم لەخەو ڕاچەناند. لێم پرسی: ئایا ئێمە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەو خانووەدا بووین؟

ب-لە سەری نەوەستا، وتی: ئا .... بووین" (عارف ١٩٧٩، ٧-٨).

له دەقی چیرۆکەکەدا ڕۆنانی پرسیارەکە، بەهۆی پارتیکڵی (ئایا) سازبووە، کە لانەبراوە و نەکرتێنراوە. وەڵامی ئەو جۆرە پرسانە بەبەڵێ/ئا و نەخێر/نا دەدرێنەوە. بە پرسیاری سیمانتیکی دادەنرێن، چونکە ئەوەی ویستوویەتی بەهەمان چەمک وەریگرتووەتەوە.

هەروەها، لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی (بەختیار عەلی) دا، ئەم گفتوگۆیە بەرجەستەبووە:

٢٢٦- أ-" دالیا گوتی: بێزەحمەت دەتوانیت تۆزێک ڕاوەستیت و ئەم گۆرانییە بێمەعنایە نەڵێیت؟

ب- من گوتم: بۆچی بیوەستێنم؟ گۆرانییەکی خۆشە، دەنگی من زۆر لەگەڵیدا دەگونجێت، وانییە؟ دالیا بە دەنگێکەوە کە تکای تیابوو، گوتی: تکات تیادەکەم جەلادەت شتێکی زۆر گرنگە..." (ب. عەلی ٢٠٠٥، ١٦٠-١٦١).

لە دەقی ڕۆمانەکەدا پرسیارەکە ڕۆنانێکی لێکدراوی هەیە، کە لە سێ ڕستەی سادە پێکهاتووە، واتە ڕۆنانێکی درێژی هەیە و لە یەکەمین ڕستەیدا گرێی پرسی (بۆچی) هاتووە، هەروەها بوونی نیشانەی (؟) لە کۆتایی ڕستە لێکدراوەکەدا، مەبەستی پشت پرسیارەکەش داواکردنی تێدایە. هاوکات وەڵامەکەش هەر ڕۆنانێکی پرسی تێدایە، داوای هۆکاری وەستاندنی گۆرانییەکەی لێدەکات. لە کۆتایی ڕستەکەشدا کلکە پرسیاری (وانییە؟)ی تێدایە، کە دەیەوێت ڕای بەرانبەرەکەی وەربگرێت. ئەم جۆرە پرسیارانەش بە پرسیاری ڕەوانبێژی دادەنرێن، چونکە جگە لە پرسیارەکە مەبەستێکی تری پشت پرسیارەکە دەگەیەنێت، ئەویش داواکردنە و یادگارییەکی ناخۆشی بیردەخاتەوە. ئەم جۆرە پرسیارە ڕەوانبێژییانەش زیاتر لە دەقە شیعرییەکاندا بەرجەستە دەبن.

### ٣-١-٢-٢ دەقی شیعری:

ڕۆنانی پرسیار لە دەقی شیعریدا زۆرجار بۆ گەیاندنی مەبەستێکی دیکەیە، وەک ئەوەی بیەوێت بە هۆی پرسیارەکە واتایەکی بەهێزتر بە دەقەکە بدات، کە تەنیا خوێنەری زیرەک دەتوانێت پەی بەو چەمکەی لە پشتی ڕستە پرسیارییەکەوەیە بیگەیەنێت.

(بێخود) لە بەیتێکدا، دەڵێت:

٢٢٧- "من چۆن نما ئەکەم کە وەکو گیسکەکەی هەیاس

هاوشانی گورگی دێوو سەگی نەفسی سەرکەشم" (بێخود ١٩٧٠، ٤٩).

نیوەدێڕی یەکەم لە شێوەی ڕۆنانی پرسدایە، کە بە پرسیاری خوازەیی ناودەبرێت، چونکە داوای وەڵام ناکات، بەڵکو دەیەوێت هۆکاری گەشەنەکردنی ببەستێتەوە بە پەندێکی کوردییەوە، ئەویش گیسگەکەی هەیاسە، کە بەردەوام گورگی نیشانداوە و نەیهێشتووە قەڵەو بێت، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە بە دەست نەفسی یاخییەوە. کە دوو هۆکاری گەشەنەسەندنێتی. شاعیر لێرەدا بە توانایاکی باڵاوە وشەی پرسی (چۆن)ی، کە وەک ئاوەڵکرداری پرسی هۆیی بەکارهێناوە. واتا و چەمکێکی زۆر گەورەتری بە هۆیەوە دەربڕیوە، کە **ترس و یاخیبوونە**.

### ٣-١-٣ پرسیار بە هاوکاری ئاماژەکانی زمانی جەستە (Body Language)

زمانی جەستە دوو جۆرە، یەکەمیان زمانی ئاماژەیە و لە بری قسەکردن؛ جوڵەی دەستەکان و دەموچاو و سەر بەکاردەهێنرێت، (بە هۆی ئەوەی خاوەنی ئەم جۆرە زمانە ناتوانن وشەکان بە دەنگ دەربڕن، ئاماژەکانی جەستە بەکاردەهێنن). دووەمیان بەکارهێنانی هەندێک لە جووڵە جەستەییەکانە لەکاتی قسەکردندا بەکاردەهێنرێن و پێیدەگوترێت زمانی جەستە. ئەم دیاردەیەش لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکانەدا زیاتر بەکاردەهێنرێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک زمانەوان پێیانوایە ئەم زمانە هەر لە سەرەتای تەمەنی منداڵییەوە بوونی هەیە، بۆ نموونە ئەگەر منداڵیک تێر بێت و کاتێک خواردنی پێبدەیت، ئەوا ڕاستەوخۆ سەری بەلای ڕاست و چەپدا ڕادەوەشێنێت و دەڵێت نامەوێت، بەڵام ئەگەر برسیی بێت، ئەوا لە وەڵامی پرسیاری "شیر دەخۆیت؟" ڕاستەوخۆ جووڵەی سەری بەرەو سەرەوە و خوارەوە ڕادەوەشێنێت، واتای بەڵێ دەگەیەنێت. زمانی جەستە لە "کلتورێکەوە بۆ کلتورێکی تر دەگۆڕێت، بۆ نموونە ئاماژەی جەستەی سەرڕاوەشاندن لەلای هیندییەکان واتای ڕاستگۆیی و دڵسۆزی دەگەیەنێت" (کلیتون ٢٠١٩، ١٣٤).

لە بواری توێژینەوەی ئەکادیمیشدا، کتێبەکەی (داروین)، کە لە ساڵی ١٨٧٢ بە ناونیشانی (دەربڕینی ئاماژەکان لای مرۆڤ و ئاژەڵ The Expression of The Emotions in Man and Animals) بڵاوبووەوە، ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری لە سەر توێژەران هەبوو، کە بە هۆی تێبینییەکانی (داروین)ەوە، توێژەران توانییان نزیکەی یەک ملیۆن ئاماژەی پەیوەندیی گۆنەکراویان دیارییکرد، دواتریش توێژەری بواری زمانی جەستە(ئەلبێرت مێهرابیان)، لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا ئەوەی خستەڕوو، کە هەموو پەیامێک بە ڕێژەی لە ٧%ی وشە پێکدێت، بەشە دەنگییەکە ڕێژەی ٣٨% (کە ژێیە دەنگییەکان و گۆڕانە دەنگییەکانیش لەخۆدەگرێت)، بەشە گۆنەکراوەکەی (زمانی جەستە) ڕێژەی ٥٥% پێکدەهێنێت (Allan ٢٠٠٤، ٩). سەرەتا زمانناسەکان توێژینەوەکانیان دەربارەی ڕەچەڵەکی زمان بوو، دوای تیۆرەکەی

داروین پرسیار و گریمانەی زمانناسەکان دەربارەی ڕاڤەکردنی پەرەسەندنی زمان بوو، سیستەمەکانی پەیوەندییکردنی نازمانی وەک هاوار و قیژە و ئاماژەکان (Lyons ١٩٩٦، ٨٥).

بەکارهێنانی زمانی جەستە لەکاتی ئاخاوتندا ڕێژەیەکی زۆر و کاتێکی زۆر کەمی بە بەراورد بە دەربڕینی ڕستە دەوێت. زانای ئەنترۆپۆلۆجی (رای بیردوستل Ray Birdwhistell)، کە بە ڕابەری پەیوەندیی گۆنەکراو دادەنرێت، چەند تویژینەوەیەکی بە شێوەی داتا خستەڕوو؛ کە دەڵێت "کەسێکی ئاسایی لە بەکارهێنانی وشەکاندا دە بۆ یانزە خولەکی لە ڕۆژێکدا پێویستە، بۆ ڕستەیەکی ئاسایی پێویستی بە ٢.٥ چرکە هەیە. هەروەها دەتوانرێت، نزیکەی (٢٥٠٠٠٠) ئاماژەی دەموچاو دەرببڕرێت و بیانناسێت" (Allan ٢٠٠٤، ١٠).

لە چەند ڕوانگەیەکەوە زمانی جەستە پێناسەکراوە:

١) زمانی جەستە (پەیوەندییە گۆنەکراوەکان) بریتییە لە گەیاندنی زانیارییەک، یان پەیامێک لەلایەن مرۆڤەوە لەڕێی هێما و بزواندنی ئەندامەکانی لەشەوە، هەروەها بەهۆی دەربڕینە ڕوخسارییەکانەوە (مینە ٢٠٠٤، ١٧).

٢) زمانی جەستە ڕەنگدانەوەی دەرەکیی بارودۆخی سۆزداریی کەسێکە، دەکرێت هەموو ئاماژەیەک، یان جوولەیەک بەهایەکی هەبێت (Allan ٢٠٠٤, ١١).

٣) زمانی جەستە یەکێکە لەو هۆکارە گرنگانەی، کە بەهۆیەوە دەتوانرێت پەی بە نهێنییە نەدرکاوەکانی ناخی بەرامبەر ببرێت (صالح ٢٠٢٠، ١٨٨).

٤) زمانی جەستە بە شێوەیەکی ناهەستیی بەکاردەهێنرێت، دەربڕی زۆرینەی لایەنە ڕاستەقینەکانی ناو ناخی مرۆڤە، کە بریتین لە وەک هەستەکان و هەڵچوونەکان و پێویستییەکان و تێڕوانینەکان ... ئەم زمانە، گرانە بتوانرێت بە دەست بنووسرێنەوە، بەڵام بە ئاسانی پەیامەکە دەگەیێت (غانم ....، ١٢٣).

پێناسەکانی سەرەوە ئەوە دەگەیەنن، کە زمانی جەستە بەشێکی گرنگی گفتوگۆکان داگیردەکات و ڕۆڵێکی گرنگییان لە گەیاندنی واتادا هەیە، لە یەکەمین پێناسەدا زمانی جەستەی وەک پەیوەندییەکی زمانیی داناوە و لە ڕێی جوولە فیزیکییەکانەوە بەیارمەتی ئاماژەکانی دەموچاو و جوولە دەستییەکان و قاچەوە ئەنجامدەدرێن. دووەمین و سێیەمین پێناسە لە ڕێی زانستی دەروونییەوە، وەک ڕەفتارێکی تاکە کەس لەو پەیوەندییە گۆنەکراوانە دەڕوانن.

ئەوەی لێرەدا مەبەستە بخرێتەڕوو، بەکارهێنانی زمانی جەستەیە بەپێی ئەرکەکانیان، زمان هەر لە یەکتر بینینی دوو کەسەوە دەستپێدەکات، تا ماڵئاوایی کردن. لە هەموو ئەرکەکاندا زمانی جەستە بە ڕێژەیەکی باش لەو پەیوەندییانەدا بەشدارێکی کارایە.

پرسکردن وەک ئەرکێکی گرنگی زمان، ڕۆڵێکی گرنگیی لە پڕکردنەوەی بۆشایی زانیاریی پرسکەردا هەیە، هیچ گومانی تێدا نییە جگە لەو ڕستانەی بە هۆی وشە و گرێی پرسەوە داڕێژراون، بەهەمانشێوە زمانی جەستەش لەگەڵیاندا بەشدار دەبن، تەنانەت هەندێکجار بە بێ دەربڕینی ڕستەی پرس، هەر بە ئاماژەی دەموچاو و دەستەکانەوە پرسکردن ئەنجامدەدرێت. تەنانەت پرسکردن لە زمانی ئاماژە (نابیستان)یشدا ڕووبەرێکی فراوانی داگیرکردووە، ڕستەی پرس "گەورەترین پانتایی گفتوگۆی نابیستان دەگرێتەوە، کە بەربەستی بیستنیان لە وەرگرتنی زانیاری بێبەشی کردوون" (موعین ٢٠٢١، ١٨٧).

زمانی جەستە لە ڕستەی پرسدا زیاتر لە نێوان دوو کەسدا ئەنجامدەدرێت، کە لە ڕووی تەمەن، پیشە، کار، یاخود هاوڕێیەتییەوە نزیک بن، یاخود یەکتری ببینن.

٢٢٨- ئەوە کێیە؟

ئەم جۆرە ڕستەیە، هەندێکجار پرسکەر بە بێدەنگی لە هاوڕێ، یان هاوپیشەکەیەوە دەربارەی کەسی سێیەم دەیکات، بۆ ئەوەی گوێی لێ نەبێت هەر بە ئاماژەی سەر و چاوەکان و دەستی ڕاست و پەنجەکانی بە کراوەیی لە ئاستی سنگدا بە لای ڕاست و چەپدا (جووڵەی کورت) ڕادەوەشێنرێت. گوێگریش بە هێواشیی بە گوێیدا ناوەکەی دەدرکێنێت، یان دەڵێت: "نایناسیت؟" ئەوە ئاواتی هاوڕێی منداڵیمانە، ...هتد.



وێنەی ئاماژەی پرسیاری ١

وێنەی ئاماژەیی (١) لەگەڵ پرسیاری (٢٢٨)دا لە کردە پرسەکەدا بەشدارە، کە دەستی ڕاست بە لای ڕاست و چەپدا ڕادەوەشێنرێت. ئەم دیمەنە بۆ ئەوەیە کەسی بەرانبەر (پرسیالێکراو) پێی نەزانێت. تەنانەت هەریەک لەم هێمایانەی زمانی جەستە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە، بۆ نموونە:



وێنەی ئاماژەی پرسیاری ٢

وێنەی ئاماژەیی (٢) لە هەمان ئەم پرسیارەدا لە ئەمریکا، دەستی ڕاستی بۆ ئاستی دەمی بەرزدەکاتەوە و پەنجەکانی تووتە و برای تووتە بە نوشتاوەیی تەواو و بالآبەرزە بە نیمچە کراوەیی و پەنجەی دۆشاومژەی لە سەرەوە بە ئاراستەی خوارەوە دەنووشتێنێتەوە و ئەم جووڵەیە دووبارە دەکاتەوە؛ بە واتای ئەوە کێیە؟ (Taylor ٢٠١٦)

٢٢٩- کوا؟

بەرزکردنەوەی دەستی ڕاست بۆ نیوە و بەکراوەیی و ناولەپی دەست ڕووی لە سەرەوەیە، جووڵەیەکی کەمی دەستی ڕاست لە ئاستی ئاسایی بۆ لای ڕاست.



وێنەی ئاماژەی پرسیاری ٣

جگە لە دەستەکانیش ئاماژەکانی؛ [بەرزکردنەوەی برۆکان و سەر ڕاوەشاندن، یان لارکردنەوەی سەر و چاو تیژکردنەوە و ...] ڕۆڵێکی گرنگ لە ڕۆنانی ڕستەی (٢٢٩)دا دەبینن. بۆ نموونە ئەگەر بڵێین؛ کوا ڕزگار؟ لە وەڵامیشدا دەشێت بە دەستەکان ئاماژەی بۆ بکرێت، یاخود بە ئاماژەکانی سەر و دەموچاو دەشێت، وەڵامی پرسیارەکە وردتر بدرێتەوە ( Strazny ٢٠٠٥، ٥٥٧).

٢٣٠- کەی؟

پرسیار لە کات دەکات، بەهەمان وێنەی ئاماژەی پرسیاری ٣ لەگەڵدا بەکاردەهێنرێت.

٢٣١- چی؟

پرسیار دەربارەی شتێک، پرسیارەکە زۆرجار بە بەرزکردنەوەی هەردوو دەست بۆ نیوە و هەندێک بلاو، ڕاوەشاندنێکی کەمی هەردوو دەست بە لای ڕاست و چەپدا، لە زۆربەی زمانەکاندا هەمان شێوەیان هەیە.




وێنەی ئاماژەی پرسیاری ٤

٢٣٢- چەند؟

هەمان وێنەی پرسیاری ٤ بەکاردەهێنرێت، بەڵام تەنیا دەستی ڕاست ڕادەوەشێنرێت.

٢٣٣- چۆن؟

لەگەڵ بەکارهێنانی وشە پرسەکە و جووڵەیەکی کەمی سەر بەلای ڕاست و چەپدا.



وێنەی ئاماژەی پرسیاری ٥

بەڵام لە زمانی ئینگلیزی- ئەمریکیدا جیاواز لەوەی پێشتر، هەردوو دەستەکان بەکاردەهێنرێن، بە نیمچە کراوەیی ناوەڕاستی پەنجەکان بە یەکترییەوە دەنووسێنن و هەردوو بۆ پێشەوە هەردەگێڕنەوە.



وێنەی ئاماژەی پرسیاری ٦


٢٣٤- بۆ/ بۆچی ؟ شێوەی دەموچاو لە کاتی پرسیاری بۆ/بۆچی چاوەکان بە کراوەیی و برۆکان شێوەی کەوانەیی وەردەگرن و شێوە دەم بە شێوەی هێلکەیی وەستاو، تەنانەت تاوەکو دوای پرسیارەکەش ئەم شێوەیە وەکو خۆی دەمێنێتەوە. (Taylor ٢٠١٦)



وێنەی ئاماژەی پرسیاری ٧

٢٣٥-	لەبەرچی؟

پرسیاری (لەبەرچی؟) دەستی ڕاست ڕووی لە خوارەوەیە و لەگەڵ پرسیارەکەدا دەستی ڕاست هەڵدەگێڕێتەوە و ناولەپی دەست ڕووی لە سەرەوە دەبێت.



وێنەی ئاماژەی پرسیاری ٨

ئەوەی جێی سەرنجە لە زۆربەی جووڵەکاندا، جگە لە دەموچاو، کە بەشێکن لە زمانی جەستە، وەک یارمەتیدەرێکی گرنگ هاوکارییەکی باشی زمانی قسەکردنیان کردووە، کە بەشێکی گرنگی گفتوگۆکان پێکدەهێنن، دەستەکان بە تایبەت دەستی ڕاست هاوکاری ڕستە پرسەکانی زمانی کوردیی کردووە.[٥٤] لەکاتی قسەکردندا تێبینیی کراوە ، قسەکەر دەستەکانی زۆر بەکاردەهێنێت، تەنانەت لەکاتی بەخشینی زانیاریشدا دەستەکانی بۆ ڕوونکردنەوەی تێڕوانینەکانی یارمەتیدەرن (غانم ...، ١٤٤). هاوکات لە دوای وشە پرسەکەوە هیچ دەنگێک دەرنابڕێت، جگە لەو ئاماژانە، کە ڕۆڵیان لە تەواوکردنی ڕستە پرسیارییەکەدا هەیە.

## ٣-١-٤ خاڵبەندی:

خاڵبەندی لە ڕۆنانی پرسی نووسراودا ڕۆڵێکی دیاری لە سازکردنی ڕستەی پرسدا هەیە، ناتوانرێت هیچ ڕستەیەکی پرس بە بێ دانانی نیشانی (؟) ڕستەکان بە پرسیاری دابنرێن، هەربۆیە ئەم نیشانەیە وەک چەمک بۆ مەبەست بەکارهێنراوە، بۆنموونە بە کەسێک دەگوترێت نیشانەی پرسیاری لە سەرە، کە زۆرجار بۆ هەمان مەبەست بە ئاماژەکانی جەستە ئەم وێنەیە نیشانی بەرانبەر دەدرێت:



ئەم چەمكە واتە ئەم كەسە گرفتێكی هەیە، جا گرفتەكە دەروونیی بێت، یان كەمی زانیاریی....[55] ئەگەر لەكاتی نووسیندا پەیڕەو نەكرێت، ئەوا هەرگیز بە گرنگییەوە تەماشا ناكرێت و كاریگەرییەكی ئەوتۆ بە نووسینەكە نابەخشێت. بۆ نموونە:

٢٣٦- تۆ كتێب ناخوێنیتەوە

٢٣٧- تۆ كتێب ناخوێنیتەوە؟

٢٣٨- تۆ كتێب دەخوێنیتەوە؟!

ئەگەر لەو سێ ڕستەیە سەرەوە وردببینەوە، لە یەكەمیاندا (بە بێ خاڵبەندی) ئەگەرچی كەرەستەكانی ڕستەكە هاتوون، بەڵام بە ڕستەیەكی ناتەواو دادەنرێت... نازانرێت هەواڵگەیاندنە، یان پرسیار، ئاوازەی ڕستەكە لە كۆتاییدا بەرزە، یان نزمە، بەڵام ئەگەر تەماشای ڕستەی دووەم بكەین، نیشانەی پرسیاری پێوەیە، واتە ئاوازەكەی بەرزترە، بۆیە نیشانەی (؟) بۆ بەكارهێنراوە، بەڵام لە ڕستەی سێیەمدا هەمان دارشتە نیشانەكانی (؟!) پرسیارەكە بە ڕامان ئاوێتەكراوە.

## ٣-٢ مەبەستەكانی پشت جێگۆڕكێی وشەی پرس و زیادكردن و لابردن

هەر جووڵەیەكی وشەی پرس، یان زیادكردن و لابردنی كەرەستەیەك لە ڕستەی وەڵامدا، چەند مەبەستێكی پشت ڕستە پرسیارییەكە دەخەنەڕوو.

### ٣-٢-١ جێگۆڕكێی وشەی پرس لە ڕستەدا بەپێی مەبەستەكانی پرسكەر

وشە پرسەكان بە تایبەت ئەوانەی ڕۆڵی ئاوەڵكرداریان لە ڕستەدا هەیە، دەتوانن جێگۆڕكێ بكەن، هەرچەندە هەندێكجار ئازادانە دەتوانرێت، شوێنی ئاوەڵكرداری پرسەكە لە ڕستەدا بگۆڕرێت، بەبێ ئەوەی هیچ واتایەكی شاراوە نیشان بدات، هەندێك جاریش دەتوانرێت، جۆرە جووڵەیەك ئەنجام بدەن، كە نزیكە لە چەمكی گواستنەوە، بەڵام بە گواستنەوە دانانرێت، چونكە چەمكی گواستنەوە زۆر لەوە فراوانترە، كاتێك بە گواستنەوە هەژمار دەكرێت، كە ڕستەیەكی هەواڵی، یان فەرمانـدان، یان سەرسوڕمان، یان هەر ئەركێكی تری ڕستە بە

[55]. ئەم نیشانەیە تەنانەت لەلایەن نووسەرە گەورەكانیشەوە گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، بۆ نموونە كاتێك (ڤیكتۆر هۆگۆ) نووسەری گەورەی ڕووسی لە نووسینی شاكاری (بێ نەوایان) دەبێتەوە دەستنووسی كتێبەكە دەبات بۆ چاپخانە و لە سەر لاپەڕەیەكی گەورە نیشانەی (؟) بە گەورەیی دەنووسێت و پاش چاوەڕوانییەكی زۆر لەكاتی چوونی بۆ سۆراخی دەستنووسی كتێبەكەی نیشانەی (!) ڕامان دەبینێت، بۆیە زۆر خۆشحاڵ دەبێت، چونكە ئەوەندە كارەكەی بە گەورە تەماشاكراوە و پێی سەرسام بوون. ئەمەش بە كورتترین نامە لە مێژوودا دادەنرێت.

ڕستەیەکی پرسیاری بگۆڕێت، یاخود بەپێچەوانەوە. واتا چەمکی گواستنەوە بۆ ڕستەیەکە، کە لە ئەرکێکی دیاریکراوەوە بەهۆی گواستنەوەکەوە بۆ ئەرکێکی تری زمانی بگۆڕێت. لە دوای کنەوپشکنینی ڕستە پرسەکانی زمانی کوردیدا چەند وشەیەکی پرس، کاتێک کە شوێنەکانیان دەگۆڕدرێت، ویست و مەبەستی پرسکەر لە ڕستە پرسیارییەکەدا ڕەنگدەداتەوە، بەڵام ڕستەکە هەر پرسیارییە و ئەرکەکەی نەگۆڕدراوە، بۆ نموونە:

٢٣٩- أ-چۆن ئەو پیاوە هاتووە؟

ب-ئەو پیاوە چۆن هاتووە؟

لە (٢٣٩-أ)دا پرسکەر مەبەستی ئەوەیە، کە (ئەو پیاوە) نەدەبوو بهاتبایە.

بەڵام لە (ب)دا وشە پرسەکە چووەتە دوای گرێ دیارخەرییەکە و لێرەدا مەبەستی چۆنێتی، یاخود هۆکاری هاتنی گرێی دیارخەری (ئەو پیاوە)یە.

٢٤٠- أ-بۆچی/لەبەرچی کاروانیان دەرکرد؟

ب- کاروانیان بۆچی/لەبەرچی دەرکرد؟

پرسکەر لە (٢٤٠-أ)دا گرێی پێشناویی پرس کەوتووەتە پێش کاروان، کە مەبەستی ئەوەیە، نەدەبوو (کاروان)یان دەربکردایە، بەڵکو دەبوو کەسێکی تریان دەربکردایە.

بەڵام لە (ب)دا مەبەستی پرسکەر ئەوەیە، بزانێت ئەو هۆکارانە چی بوون، کە بوونە هۆی دەرکردنی (کاروان).

(بەهیە حاجی ئەحمەد) لە نامەی ماستەری (سیماسینتاکسی پرس لە زمانی کوردیدا)، لە لاپەڕە (١٨٢)دا، تەنیا یەک وشەی پرس بە نموونەی جووڵە وەرگرتووە مەبەستەکانی ناو ڕستە پرسیارییەکە دەگۆڕێت، بەڵام دواتر ئەمەی بە گواستنەوە داناوە، پێیوایە ئەمە گواستنەوەی خورتییە لە زمانی کوردیدا، ئەمەش هەڵەیە، چونکە گواستنەوە چەمکەکەی زۆر فراوانترە، بەهۆی جێگۆڕکێی کەرەستەیەکەوە ڕستەیەک لە ئەرکێکەوە بۆ ئەرکێکی تری زمانی بگۆڕێت، واتە لە هەواڵگەیاندنەوە بگۆڕێت بە پرسیار، بەڵام ئەمە هەر پرسیارە و ئەرکەکەی نەگۆڕیوە، بەڵکو فۆکەسێکە لە سەر وشە پرسەکە و مەبەستێکی دیکەی پرسیاری گەیاندووە، بڕوانە (ب. ئەحمەد ٢٠٢٢، ١٨٢-١٨٣).

٢٤١- أ-کەی ئازاد هاتبوو؟

ب- ئازاد کەی هاتبوو؟

لە (٢٤١-أ)دا پرسکەر مەبەستی لە کاتی هاتنی (ئازاد) نییە، بەڵکو مەبەستێتی بڵێ، ئازاد هەر نەهاتبوو، واتە ڕەتکردنەوەی کردارەکەیە.

بەڵام لە (٢٤١-ب)دا پرسکەر مەبەستی لە کاتی هاتنی (ئازاد) دەیەوێت، کاتی هاتنەکەی بزانێت.

ئەوەی لە ڕستەکانی (٢٤٠و٢٤١) بەدیی دەکرێت، ئەوەیە؛ کە ئەو ڕستانە هەموویان هەر لە ئەرکی پرسدان، بەڵام بە جێگۆڕکێی گرێ پرسەکان بەهۆی ویست و مەبەستەکانی پرسکەرەوە بووە، ئەو گرێ پرسانەش هەموویان چەمکی هۆکار و چۆنێتی و ڕەتکردنەوە و کاتی ئاوەڵکرداریی ڕوون دەکەنەوە، کە بەشێکیان کەوتوونەتە پێش ڕستەکەوە، کە پرسیارەکە دەربارەی گرێ ناوی/ئەرکییەکەوە، مەبەستێک دەگەیەنن و بەشێکی تریشیان کەوتوونەتە پێش گرێ کردارییەکەوە، پرسیار لە هۆکار، یان چۆنێتی، یاخود کاتی کردارەکە دەکەن.

## ٣-٢-٢ مەبەستەکانی پشت زیادکردن و لابردنی کەرەستە لە وەڵامی ڕستەی پرسدا

### ٣-٢-٢-١ زیادکردنی کەرەستە لە وەڵامدا

٢٤٢- أ-ئازاد ئیشی چییە؟

ب-ئەندازیارێکی زۆر بەناوبانگە.

دەکرا بە تەنیا وشەیەک زانیارییەکە بە پرسکەر بدات، کەچی بە گرێی ئاوەڵناوی (زۆر بەناوبانگ) وەڵامەکەی بە سوودی (ئازاد) فراوانتر کردووە، کە بۆ مەبەستی پیاهەڵدان بەکاری هێناوە، دەیەوێت زیاتر بیخاتە بەردڵی پرسکەرەوە. بە پێچەوانەیشەوە، وەڵامدەر دەتوانێت لەبەرچاوی پرسکەری بخات و گرێی ئاوەڵناوی نالەباری بۆ بەکاربهێنێت. واتە زیادکردنەکە بەپێی خواستی وەڵامدەر دەبێت. لەکاتێکدا تەنیا دەیتوانی بڵێ (ئەندازیارە) و ناوی پیشەکەی پڕاوپڕی وەڵامەکەی بێت.

٢٤٣- أ-ئاوات چ کارەیە؟

ب-ئاوات کوڕێکی باشە، بەڵام بێکارە.

وەڵامدەر وەڵامەکەی بە مەبەست درێژدەکاتەوە بۆ ئەوەی وا لە پرسکەر بکات، کارێکی بۆ بدۆزێتەوە.

٢٤٤- أ-بەچی هاتیت بۆ زانکۆ؟

ب-بەپێ هاتم، بەڵام زۆر ماندوو بووم.

وەڵامەکە درێژدادڕی تێدایە، لەکاتێکدا تەنیا دەیتوانی بڵێ (بەپێ هاتم.)، بەڵام بە مەبەست وەڵامەکەی درێژکردەوە و بۆ ئەوەی منەت بەسەر پرسکەردا بکات و لەوە زیاتر ماندووی نەکات، چونکە وەک دەردەکەوێت، بە خواستی خۆی نەهاتووە.

### ٣-٢-٢-٢ لابردنی کەرەستە لە وەڵامدا

#### ١- لابردنی گرێی ناوی (بکەر)

٢٤٥- أ-باوکت چۆنە؟

ب-باشە.

لابردنی بکەر لە ڕستەی وەڵامدا، مەبەست و پەیامێکی لە پشتەوەیە ئەویش ئەوەیە، لە کورتی بیبڕێتەوە و پرسیاری تری لێ نەکات (گەردی ١٩٧٩، ٥٤).

ئەگەرچی هەندێک جاریش دەرنەبڕینی بکەر بۆ ئەوەیە، کە وەڵامدەر بتوانێت لە سات و کاتێکی تردا بواری پاشگەزبوونەوەی هەبێت.

٢٤٦- أ-ڕێبوار چۆن کوڕێکە؟

ب-باشە/خراپە.

دەرنەبڕین و لابردنی بکەر بە ویستی وەڵامدەر بووە، بۆ ئەوەیە بیەوێت، لە هەر کاتێکدا بێت پاشگەز ببێتەوە. هاوکات ئەم وەڵامەش لەلای پرسکەر قەناعەت پێهێنەر نەبێت، ئەوا پێویستە بە دوای وەڵامەکەیدا وێڵ بێت، ڕەنگە بیەوێت خزمایەتی لەگەڵ دروست بکات، یان بیەوێت مامەڵەیەکی لەگەڵدا بکات.

#### ٢- لابردنی بابەت و گرنگیی پێنەدانی

٢٤٧- أ-تۆ کتێبەکەت نووسیوە؟

ب-بەڵێ من نووسیومە.

لابردنی بابەت (بەرکار) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، قسەکەر دەیەوێت زیاتر گرنگی بە کردارەکە بدات و بابەتەکەیشی لەلا خۆشەویست بکات و ئامادەیە هەر پرسیارێکی تری لێ بکات بە سنگفراوانی وەڵامی بداتەوە، ئەمە لەکاتێکدا دەتوانێت بە تەنیا وەڵامی(- بەڵێ.) کۆتایی بە پرسیارەکە بهێنێت و نەیەوێت پرسیاری تری لێ بکات و پرسکەر کتێبەکە بخوێنێتەوە.

#### ٣- لابردنی کردار

٢٤٨- أ-تۆ نەهاتیت بۆ کۆڕەکە؟

ب-بەڵێ/ با. (هاتم، نەهاتم)

دەرنەبڕینی کردار لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا بۆ ئەوەیە، وەڵامێکی کورتبڕ بداتەوە.

## ٤- لابردنی گرێی ناوی (بکەر) و گرێی پێشناوی و گرێی کرداری (پێکەوە)

٢٤٩- أ-(ئایا) جەمال شەڕی بە جەلال فرۆشت؟

ب- بەڵێ.

مەبەست لە دەرنەبڕینی بکەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بەشێک لە زانیارییەکانی ڕستە پرسکەر لە نێوان قسەکەر و گوێگردا زانراوە، پرسکەر پێشبینی ئەوەی کردووە کە بکەر (جەمال) شەڕی بە (جەلال) فرۆشتووە، چونکە پێشینەیەکی شەڕەنگێزی هەیە. واتە بە مەبەست لە وەڵامەکەیدا ئابوری کردووە و گرێی ناوی (بکەر) و گرێ پێشناوییەکەی دەرنەبڕیوە، بۆ ئەوەی هەرکاتێک وەک شایەتحاڵێک بانگکرا، بواری پاشگەزبوونەوەی هەبێت. مەبەست لە دەرنەبڕینی گرێی کرداریش بەهۆی گرنگی پێ نەدانی وەڵامدەرەوەیە.

پەیوەست بەم کارەوە لە پێناو هەڵهێنجانی واتا و چەمکی پرسە دەربڕراوەکانی کردەی پرس دابەشدەکرێت بۆ:

## ٣-٣ کردەی پرسی ڕاستەقینە و کردەی پرسی خوازەیی (مەبەستدار)

ڕستە بەپێی مەبەست دەبێت بە دوو بەشەوە، یەکەمیان هەواڵگەیاندن، دووەم دارِشتن، لە هەواڵگەیاندندا هەموو هەواڵێک ڕێژەی ڕاستی و درۆکردنی تێدایە، کە دەگەڕێتەوە بۆ قسەکەری هەواڵەکە، واتە ئەگەر هەواڵەکە درۆ، یان ڕاست بوو، ئەوا بۆ هەواڵدەر (قسەکەر) دەگەڕێتەوە (الواعظ ١٩٦٧، ٢٧). هەروەها "جگە لە درۆ و ڕاستی ڕستەی هەواڵگەیاندن بۆ مەبەستی هوشیارکردنەوەی گوێگریش بەکاردەهێنرێت" (گەردی ١٩٧٩، ١٩)، بەڵام ڕستەی دارِشتن مەبەستی ڕاستی و درۆکردن لەخۆناگرێت، کە پێنج جۆر داواکردن لە خۆدەگرێت، ئەوانیش بریتین لە؛ (داخوازی، ناکردن، خۆزگەخواستن، بانگکردن و پرس). بۆ نموونە ڕستەی پرس هەرگیز ڕاستی و درۆی تێدانییە:

٢٥٠- ناوت چییە؟

٢٥١- چۆن هاتیت؟

لە هەردوو ڕستەی دارِشتنی پرسدا، داوای زانیارییەک لە گوێگر دەکات، بەڵام دەشێت لە وەڵامەکەیدا ڕاستی و درۆی تێدابێت. واتە پرس وەک زاراوە داواکردنی زانیارییەکە لە گوێگر، کە لە ڕووی دارِشتنەوە بەهۆی یەکێک لە وشە، یان گرێیەکی پرسەوە ئەنجامدەدرێت، یاخود بەهۆی ئاوازەوە دەشێت ڕستەیەکی هەواڵی بۆ مەبەستی پرس بەکاربهێنرێت.

کردەی پرسیش دوو جۆرە، (یەکەمیان ڕاستەقینە و ئەوی تریشیان خوازەیی)ە، ئەوەی یەکەمیان زیاتر لە گفتوگۆ و ئاخاوتنەکاندا دەردەکەوێت، "کە پرسکەر زانیارییەکی نەزانراوی دەوێت". دووەمیشیان خوازەییە، هەرچەندە ئەم کردەیە بە شێوەیەکی بەرچاو هەیە، بەڵام لە

نووسـینـدا مەبەسـت لەو دەقە نووسـراوانەیە، کە ژانرەکـانی ئەدەبی پـێ دەسـتەبەر دەبێت. بە واتایەکی ڕوونتر کردەی پرسیاری خوازەیی زیاتر لە نووسینە ئەدەبییەکاندا بەرچاو دەکەون، ئەگەرچی لە نووسینی ئاساییشدا زۆرجار ئامادەن. "کە پرسکەر زانیاری دەربارەی چەمکەکەوە هەیە، بەڵام مەبەسـتی سـەرەکیی پرسـکەر بۆ بەدەسـتهێنانی واتـایەکی خـوازەییە، گوێگریش لە ڕێـی دەوروبەرە زمانەوانییەکـانەوە پێشـبینیی چەمکـی ڕسـتەکە دەکـات" (گەردی ١٩٧٩، ٣٧) و (فاعور ٢٠٠٦، ٧٦)، چونکە لە یەکەمیاندا بۆ مەبەستی وەرگرتنی زانیارییە، لە سـەر شتێک، یان دیـاردەیەک ئەو واتایـانە لە ڕووە سـیمانتیکییەکانەوە هەڵهێنجـراون و چەمکەکـانی پشـت پرسـیارەکە ڕاسـتەقینەن و بـۆ مەبەسـتێکی دیـاریکراو پراگماتیکییـانە بەرجەسـتە کـراون. دووەمیشـیان بە خـوازەیی ناسـێنراوە، چـونکە پرسـیارەکان بـۆ مەبەسـتێکی دیـکە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا، دەگەیەنێت، کە دوورە لە واتا بنجییەکانی پرسیارەکە.

بە واتـایەکی ڕوونتـر ڕسـتەی پـرس لە ڕووی ڕۆنـانەوە داوای زانیـاریی ناکـات، بەڵکـو واتـایەک، یـاخود چەمکێکـی تـر دەگەیەنێـت؛ (کە ڕەنـگە پێشـنیاز، هەڕەشـە، ئاگـادارکردنەوە، هەواڵگەیاندن، زانیاری، ...) بێت. واتە داوای زانیاری ناکات، بەڵکو زانیارییەک دەگەیەنێت.

لێرە بەدوواوە هەمـوو ڕۆنـان و چەمـک و زانیـارییە شـاراوە و پەی پێنەبراوەکـانی ڕسـتەی پرس ئاشکرا دەکرێن، کەرەستەکانیش بریتین لە گفتوگۆکـان، دەقە ئەدەبییە نوسـراوەکانی وەک شیعر و چیرۆک و پەند و مەتەڵ و ...هتد.

## ٣-٣-١ سیمانتیکی کردەی پرس

کردەی پرس لە سیمانتیکدا بەو ڕستانە دەگوترێت، کە سـیمایەکی سینتاکسـییان هەیە و پێکهاتەکانیـان واتـایەکی فەرهەنگـی لەخـۆدەگرن و هـیچ واتـایەکی تریـان لێچـاوەڕوان ناکرێت، چونکە ڕۆڵی سیمانتیک لە ڕستەی پرسدا "بایەخ بە پەیوەندیی نێوان ئەو دەربڕینـانە دەدات، کە لە ڕووی پێکهاتەی سینتاکسی و واتای سیمانتیکییەوە ڕاست و دروستن" (أ.علی ٢٠١١، ٣٧٧).

لە سـیمانتیکی پرسـدا پارتیکڵ و وشـە پرسـەکان لە شـوێنی خۆیانـدا دەربـارەی زانیـارییەک بـۆ پرسیارکردنە، کە لەلای پرسکەر زانراو نییە و هەندێک جاریش بەشێکی زانیارییەکەی لەلا هەیە و دەیەوێـت بگـاتە ئاسـتی دڵنیـایی. هاوکـات زۆرجـاریش ڕسـتەی پـرس بە هـۆی بەکارهێنـانی ئاوازەوە، کە لە سـەرووی ڕستەی هەواڵدانەوەیە سازدەکرێت.

واتە ڕستەی پرسیاری [± وشەی پرس]

ڕسـتە پرسـیارییەکە بیرێـک، یـان چەمکێـک دەردەبڕێـت، پەیوەنـدییەکی ڕاستەوڕاسـتی لەگەڵ وشەکانی ڕستەکە و ئەو شتانەی لە جیهانی دەرەوەدا دەیاننوێنێت.

ڕستەی پرس ڕستەیەکی داڕێژراوە لە دوای ڕستەی هەواڵییەوە دروست دەبێت، کاتێک گومـان، یان تێنەگەیشتن و دڵنیایی دروست نابێت، ڕستەی پرسـیش ڕاستەوخۆ چـالاک دەبێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، ڕستەی پرسیاری هەنگاوێک لە دوای ڕستەی هەواڵدانەوەیە.

ڕۆڵی سیمانتیکی گشتییە و واتای ڕستە لە پێکهاتەی بنەڕەتییەوە بۆ واتای پرسکردن دەگۆڕێت، واتاکانیان پێشبینیکراوە و لە واتای فەرهەنگی، یان بنچیی وشەکانەوە هەڵێنجراون، کە واتای بەشێک، یان گرێیەک دەستنیشان دەکات، کە پرسیارەکەی لە بارەوە دەکرێت (أ.علی ٢٠١١، ٣٧٩).

گواستنەوەکان لەم ئاستەی زماندا جێگیرە و زیاتر بە هۆی باسمەندییەوە بەدیی دەهێنرێن، چونکە ڕیزبوونەکە بەهۆی هێنانە پێشەوەی گرێیەک ئەنجام دەدرێت، کە زیاتر بۆ فۆکەس خستنەسەر دێتە پێشەوە. بۆ نموونە:

٢٥٢- أ- کێ سێوەکەی خوارد؟

ب- سێوەکە کێ خواردی؟

هەمان واتا، بەڵام بە هۆی هێنانە پێشەوەی بەرکارەکە، مەبەستی پرسکەر زیاتر دەچێتە سەر بەرکار/کارتێکراو، کە (سێوەکە)یە. (کریستاڵ D.Crystal) دەڵێت: "بنەمای بەرهەمهێنانی ڕستەی باسمەند لە زماندا ڕستەی تۆپیکییە، ڕۆنانی ڕستەی تۆپیک/سەرتۆپیش لە سیمانتیک و ڕێزماندا وەک جێگرەوەیەکی ڕۆنانی سینتاکسی چاولێکەری ڕستە (بکەر و بەشەکردار) بەکارهێنراوە (حسەین : ٢٠١٢، ٩١).

بەپێی تیۆری سیمانتیکی چەمکی، زانیارییە ئاوەزییەکان، لە سیستەمی وەرگرتنەوە وەک هەستەکانی (بینین و بیستن و بۆنکردن و هەستکردن و تامکردنەوە)ەوە بەدەستدەهێنرێت، لەڕێی زانیارییە فۆنۆلۆجی و سینتاکسی و سیمانتکییەکانەوە ڕستەیەکی تەواو بەرهەمدەهێنرێن.

٢٥٣- أ-ئەم بۆنە چییە؟! (لە دوای بۆنکردنەوە، پرسیارەکە دەکرێت، کە مەبەستی پرسکەر دەشێت خۆبردنەپێشەوە و پێداهەڵدان بێت)

ب- بۆنێکی زۆر خۆشە، فەڕەنسییە.

ڕاستەوخۆ ناو و جۆر و بۆنەکەی لە ئاوەزدا دادەکرێت.

هاوکات بەپێی سیمانتیکی لێکدەرەوەیی، هەموو ڕۆنانەکان لە فەرهەنگ (Lexicon)دا تۆمارکراون، وەک ڕۆنانی سیمانتیکی و سینتاکسی و (دەنگی) فۆنۆلۆجی، بەڵام هەریەک لە ڕۆنانی سیمانتیکی و ڕۆنانی سینتاکسی و ڕۆنانی دەنگی بە سەربەخۆیی کاردەکەن، بەڵام لە بەرانبەردا جۆرج لاکۆف پێیوایە، ڕستە و واتا وەک دوو دیوی دراوێک وان، هەرگیز لەیەکتری جیا نابنەوە (Lakoff ١٩٧١, ٢٣٢).

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت؛ ئەو ڕستە پرسیارییانەی بە هۆی پارتیکڵەکانی (ئایا و ئەرێ)وە دروست دەبن، پێویستیان بە وەڵامی (بەڵێ/با و نەخێر/نا) دەبێت، ناتوانن لە شوێنی یەکتری بەکاربهێنرێن، چونکە واتای سیمانتیکی جیاوازیان هەیە. بۆ نموونە:

٢٥٤- (ئایا) تۆ خوێندکاریت؟ (بەڵێ و نەخێر)

٢٥٥- (ئەرێ) تۆ خوێندکاریت؟ (بەڵێ و نەخێر)


(ئایا) پەیوەندییەکی فەرمی لە نێوان پرسکەر و وەڵامدەر نیشان دەدات، هەرچی (ئەرێ)یە، پرسکەر دەسەڵاتی بە سەر وەڵامدەردا هەیە، کە ڕەنگە مامۆستایەک بێت، پرسیار لە خوێندکارێک بکات، یاخود کەسێکی تر بێت، بەڵام تەمەنی پرسکەر لە وەڵامدەر زیاترە.

### ٢-٣-٣ سیماسینتاکسی کردەی پرس:

لەم وەچە پارەدا تیشک دەخرێتە سەر ئەو پرسیارانەی، کە داوای وەڵامێک لە گوێگر دەکات، یاخود هەڵوێستێکیان لە لا گەڵاڵە دەکات. واتە سەرچاوەی زانیارییەکە دەگەڕێتەوە بۆ گوێگر و پرسکەر لە زانیارییەکە دڵنیا نییە، بۆیە لە گفتوگۆیەکی ڕاستەوخۆدا داوای زانیاری لە گوێگر دەکات. بەپێی تیۆری سیمانتیکی لێکدەرەوەیی مرۆڤ کۆزانیارییەکانی لە ڕێی پێکهاتە سینتاکسییەکانەوە پەسن دەکرێن، کە پێشتر لە ڕێی هەستەکانییەوە لە ئاوەزیدا دایاندەکات و لە پەیوەندییە زمانییەکانییدا بۆ هەمان مەبەست بەکاریان دەهێنێتەوە.

٢٥٦- چەند کەس لە هۆڵەکەدا ئامادەبوون؟


ڕستەی پرسیاری (٢٥٦) پرسکەر داوای ژمارەی بەشداربووانی هۆڵەکە لە گوێگر دەکات.




گرێی پرسی (چەند کەس) لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ژمارەی کەسەکان لە یەکێک زیاترە، بۆیە ڕێککەوتنەکە (ن) کەسی سێیەمی کۆیە. هەستە ناوەکییەکانی گوێگر بەشداری لە وەڵامێکی ورد و درشت دەکات، کە ببێتە هۆی ڕەزامەندیی پرسکەر، بە پشتبەستن بە هەستە ڕووکەشییەکانی گوێگر، کە پێشتر لە ڕێی هەستی بینینەوە، یاخود لە ڕێی ئەژمارکردنی بلیتی بەشداربووان


وەڵامێکی دروست، کە بە لای پرسکەرەوە گرنگە، بداتەوە. کەواتە ڕێکخستنی زانیارییەکە یا لە ئاوەزی گوێگرەوە ئەنجام دەدرێت، (کە ڕەنگە ئامارێکی ورد نەبێت)، یاخود لە ڕێی ژماردنی بلیتەکانی ئامادەبووانەوە دەبێت. لە ڕووی چەمکیشەوە بە پرسیارێکی شرۆڤەیی لێکدەدرێتەوە. هاوکات پرسیارەکە بەگشتی ئاوازەیەکی بەرز لەسەر گرێی پرسی (چەند کەس)، لە سەر وشەی پرسی (چەند) بە دیاریکراوی هەیە، جووڵە جەستەییەکانیش هاوکارن لە گەیاندنی زانیارییە شاراوەکانی پشت بەکارهێنانی پرسیارەکەوە، کە ئایا بە دەنگەوە هاتن و بەشداریکردن لە بۆنەکەدا، شیاوی بابەت و پێشکەشکار بووە، یان نا؟ بۆ نموونە لە سیمینارێکی زانستی لە سەر جینۆساید، کە مەڵبەندی کوردۆلۆجی ڕێکی خستبوو، ژمارەی ئامادەبووان، زۆر کەم بوو. کاتێک قسەکەر پرسیار لە یەکێک دەکات؛ مەبەستی پرسکەر ژمارەکە نییە، بەڵکو ئاماژەیەکی لە سەر ناگەرموگوڕی سیمینارەکە دەوێت.

٢٥٧- [ [کێ] [[بەرپەرسی نەهامەتییەکانی کۆمەڵی کوردەواری] ی[ە Ø]؟]]





پرسکەر پرسیاری (٢٥٧) بۆ مەبەستێکی دیاریکراو بەکاردەهێنێت، کە زیاتر لە چەمکی پرسیاری ڕاگەیاندنەوە نزیکە، مەبەستێتی ڕای گشتی بۆ ڕووداوەکانی پێش گوتنی پرسەکە بگەڕێنێتەوە و گومان لە بۆچوونی هاووڵاتی دروست بکات و سەرنجیان بۆ خستنەڕووی باکگراوندێکی پڕ لە کەموکوڕیی ڕابکێشێت و هەڵوێستێک لە دیدوبۆچوونی تاکی کورد بونیاد بنێت. وشەی پرسی (کێ)ی بۆ ئەوە بەکارهێناوە، بە وێنایەکی داکراو (هەستپێکراو)ەوە، کاریگەریی بخاتە سەر تاک بە تاکی کۆمەڵ و قۆناغێکی ڕاگوزەر بەڕێبکات، بە هۆی ئەو وێنا خراپەی لە ڕێی هەستی ڕووکەشی چەشتنەوە بیانخاتە سەر ڕێچکەیەک ویستی پرسکەر، یان نووسەری پرسیارەکە تیایدا بەرجەستە بکات. واتە بە هۆی کاریگەریی ڕۆنانە سینتاکسییەکەیەوە، ڕۆنانێکی سیمانتیکی ویستراو لە ئاوەزمەندیی تاکدا گەڵاڵە بکات. بێ ئەوەی چاوەڕوانی وەڵامدانەوە بکات، بەڵام لە دیبەیت، یان گفتوگۆیەکی کراوەدا، هۆکارەکانی پشت نەهامەتییەکان و ئەوانەی لێی بەرپرسن گەنگەشە دەکرێت و پاساو بۆ بەرپرسیارەکان دەهێننەوە.

٢٥٨- (ئایا) (ئێوە) مووچەتان دەوێت، یان نەوت؟ØØ





ڕستە لێکدراوەکە، لە بەرئەوەی لە بکەر و بەرکاردا هاوبەشن، بۆیە لە ڕستەی دووەمدا هیچ کام لە مۆرفیمی ڕێککەوتنی بکەری و بەرکارییەکە و تەنانەت کرداری ڕستەی دووەمیش بەهۆی پرەنسیپی ئابوریکردنەوە دەرنەکەوتوون. لە ڕووی چەمکیشەوە کردەیەکی پرسی گوماناوییە، بەهۆی ئامرازی (یان)ەوە، سازبووە، چونکە لەم پرسیارەدا دوو بژاردەی خستووەتە بەردەست گوێگر، کە نازانێت کامەیان بۆی سوودمەندە، لەبەرئەوە ناتوانرێت وەڵامی ئەم جۆرە پرسیارانە بە (بەڵێ و نەخێر) بدرێنەوە. هۆکاری پشت ئەم پرسیارە، ئەوەیە، کە دۆخی ئابوری کوردستان ناجێگیرە، نەوت، کە سەرچاوەیە بۆ داهات، وەک پێویست بە گەڕ نەخراوە بۆ مووچەخۆران، هاوکات لایەنی بەرانبەر، هەمیشە لە هەوڵی لاوازکردنی هەرێمدا بووە و بەردەوامیشە.

٢٥٩- پێتان وانییه، دانیشتنەکه ئەمڕۆ بکرێت؟




کلکه پرسیاری (٢٥٩)، که به پرسیاری گران ناودەبرێت. پرسکەر بۆچوونی گوێگر له سەر کۆی پرسیارەکه به گرنگ دەبینێت و خۆی گومانی له کردەکه هەیه، بۆیه دەیەوێت بۆچوونی گوێگر بکاته سەرچاوەی زانیارییەکانی. هەندێکجار پرسکەر زانیاریی له سەر چەمکی پرسیارەکه هەیه، بەڵام دەیەوێت بەپشتبەستن به زانیارییەکانی بەرانبەر گومانەکانی بڕەوێنێتەوە.[٥٦] یان دەیەوێت بزانێت، بۆچوونەکەی خۆی هەڵبسەنگێنێت، که ئایا ڕاسته، یان پێچەوانەیه.

٢٦٠- ئەم کتێبه هی کێیه؟





زانیارییه سیمانتیکییەکه لەگەڵ ڕۆنانه سینتاکسییەکەدا هاوسەنگن، بەو پێیەی واتای پێشبینیکراو له ڕۆنانەکەدا ڕاستەقینەن.


---

[٥٦] . کورد دەڵێت: "ئەقڵی دووان باشتره له یەک." مرۆڤ پشت به زانیارییەکانی بەرانبەرەکەی دەبەستێت بۆ ئەوەی له بڕیاره هەڵەکان به دوور بێت، یان گومانەکانی بڕەوێنێتەوە، یان زانیارییەکانی پشتڕاست بکاتەوە، بۆیه ئەم جۆره پرسیارانه دەکات.

٢٦١- ئێمەی کورد لەگەڵ نەیاراندا هەمیشە خۆشباوەڕین، ئایا (ئیمە) واین؟




له نموونەکانەوه ئەوه ڕوون دەبێتەوه، کە سیمانتیک پێکهاتە واتاییەکانی بە ڕۆنانی ڕستە، ڕوون دەکاتەوەوه، واتە واتای سیمانتیکی لەگەڵ ڕۆنانە سینتاکسییەکەدا هاوسەنگ و هاوتەریب نین. هاوکات چەمکی هەڵهێنجراو ئەوەیە، کە ئێمەی کورد ساویلکە و پەند وەرگر نین، لە نەیارانمان تێنەگەیشتووین و ناشمانەوێت بەرانگاری پلانەکانیان ببینەوە. ئەمەش لە بەرنامەی کەمینەدا بەرجەستە دەبێت:




دوای هەڵبژاردنی کەرەستەکان لە فەرهەنگدا، جووڵان و لێکدانیان لە سینتاکسی ئاشکراوە، بۆ هەردوو لایەنی واتایی و دەنگی شەق دەبن، هەرچی لایەنە واتاییەکەیە زانیارییەکانی لە لۆژیکدا لێکدەدەرێنەوە، هاوکات لایەنی دەنگییش لە ڕێی دەربڕینەوە زانیارییەکان دەگەیەنرێتە گوێگر. واتە "فۆڕمی فۆنەتیکیی π لە درکاوە-هەستپێکراوەکاندا لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، فۆڕمی لۆجیکیش λ لە چەمکە مەبەستدارەکاندا لێکدانەوەی بۆ دەکرێت" (ت. قادر ٢٠١١، ٢٠).

## ٣-٣-٣ پراگماتیکی کردەی پرس

پراگماتیک وەک ئاستێکی گرنگی واتای زمانی، کە لە ڕێیەوە هەموو تەمومژییەک دەڕەوێنرێتەوە، چونکە لێکدانەوە بۆ تەواوی واتاکانی پشت بەکارهێنانی وشەکانەوە دەکات و ئەو واتایەی لە ڕێی کلتور و دابونەریت وەک دەوروبەری زمانیی تاک و واتاکانی پشت بەکارهێنانەکانی وشە و هەموو ئەو مەبەستانەی لە پشت قسەوە دروست دەبن، دەگرێتەوە.

لێرەدا کۆی واتای ڕستەکان لەگەڵ ئەو مەبەستەی دەیاننوێت، لە دوای خوێندنەوەی تەواوی پێکهاتەکاندا لە هەردوو لایەنی واتایی (فۆڕمی لۆجیکی) و لایەنی دەنگی (فۆڕمی دەنگی)دا هاوسەنگ دەردەچن، ئەگەرچی واتای ڕستە پرسیارییەکان لەگەڵ فۆڕمە دەنگییەکەدا هاوسەنگن، بەڵام خوێندنەوەی تەواوی گوێگر کاتێک بەرجەستە دەبێت، کە شارەزایی و بەئاگایی لە سەر واتای خوازراو و دەوروبەردا یەکانگیر دەکات و لە واتای سیمانتیکیی ڕاستەقینەی وشە ڕێکخستنی سینتاکسی هەڵهێنجان دەکات.

کردەی ڕاپەڕاندن یەکێکە لەو ئەرکە گرنگانەی لە ڕستەکانی زماندا هەیە. کردەی قسەیی لە "چەند کردەیەکی زارەکیی جیهانی پێکهاتووە، بەهۆی قسەکردنەوە کردەیەک ئەنجام دەدرێت" (Mey ٢٠٠١, ٩٥). کردەی پرس وەک کردەیەکی قسەیی بۆ ئەنجامدانی کارێک پشتی پێ دەبەسترێت، کردەی وەڵام، یان بەخشینی زانیارییەکی نەزانراوە، یاخود ڕاپەڕاندنی کارێکە، بە شێوەیەک وەڵامی پرسیارەکە بە شێوەی هەواڵدان، یان گەیاندنی ڕاسپاردەیەکە. واتە "کردەی پرس ئەو کردانە دەگرێتەوە، کە لەشێوەی پرسدا دێنە بەرچاو، بەڵام ئەرکێکی دیکە دەبینن" (دزەیی : ٢٠٠٤، ٩٩). هەروەها دەتوانرێت بەمشێوەیەش کردەکە نیشان بدرێت، "ئەو ڕستانەی، کە بە فۆڕم پرسیارین لە هەمان کاتیشدا کردەی پرسیار دەگەیەنن و داوای وەڵامدانەوە لە گوێگر دەکەن بە گوتن بێت، یان بە ڕەفتار". (مەحمود ٢٠٠٩، ٥٢)

بۆ ڕوونکردنەوەی وەڵامدانەوە بە ڕەفتار لە جیاتی گوتن، دەتوانرێت نموونەی ئەم جۆرە پرسیارەی خوارەوە بهێنرێتەوە:

٢٦٢- بۆچی قەڵەو بوویت؟

ئەم پرسیارە ئەگەرچی ڕەنگە لەلایەن وەڵامدەرەوە ڕاستەوخۆ فۆڕمی نەرێکردنی (نازانم)، واتە بە کردارێکی ڕانەبردووی نەرێی وەڵام بداتەوە، بەڵام گوێگر ئەم فۆڕمە بۆ دەربازبوون لە ڕەفتارێکی نێگەتیڤی، چونکە لە ناخی خۆیدا ئەم وەڵامەی پێ پەسەند ناکرێت، بۆیە لەگەڵ وەڵامەکەدا ڕووگرژکردنیش، وەک کردەیەکی ناڕاستەوخۆی لێ چاوەڕوان دەکرێت.

هاوکات کردەی پرس دیارترین کردەی ئاخاوتنە و زۆر چالاکانە لە ناو گفتوگۆکانی ڕۆژانەدا لە هەموو شوێنێکی کارکردندا بەدیدەکرێت. ئەم کردەیە بۆ چەند مەبەستێک بەکاردەهێنرێت، وەک پڕکردنەوەی بۆشایی زانیاریی پرسکەر، هەروەها بۆ دڵنیایی لە بازاڕی کڕین و

فرۆشتندا، بۆ مەبەستی ئەنجامدانی کارێک، یاخود بۆ مەبەستی هەڵسەنگاندن بەکاردەهێنرێت، .....هتد.

ڕستە پرسیارییەکانی، کە بە (ئایا) دەست پێدەکەن و پێویستیان بە وەڵامێکی ڕاستەوخۆ هەیە، بە (بەڵێ و نەخێر) وەڵام دەدرێنەوە، واتە وەڵامەکە بە شێوەی گۆکردنە و هیچ کردارێک ئەنجام نادەن، لەبەرئەوەی ئەم جۆرە ڕستانە بە کردەی قسەیی ڕاستەوخۆ دادەنرێن ( Yule ٢٠٠٦، ١١٨).

٢٦٣- ئایا تۆ دەڕۆیت؟
ئەم ڕستەیە ڕۆنانێکی پرسیاری هەیە و داوای ئەنجامدانی هیچ کارێک لە گوێگر ناکات، بەڵکو تەنیا بە قسەکردن وەڵام بداتەوە، کە یان بە (بەڵێ)، یاخود بە (نەخێر) وەڵام دەداتەوە، یاخود بە بەکارهێنانی ئاماژەکانی جەستە، سەری لە سەرەوە بۆ خوارەوە ڕادەوەشێنێت.

٢٦٤- Ø (pro) دەتوانیت تۆزێک بچیتە دواوە؟
ئەم ڕۆنانە ڕستەییە، وەک کردەیەکی ناڕاستەوخۆ تەماشا دەکرێت، چونکە ئەو کەسەی پرسیارەکەی ئاڕاستە دەکرێت، مەرج نییە وەڵام بداتەوە، ڕەنگە ڕاستەوخۆ بە کردەیی بجوڵێت، واتە پێشبینی ئەوەی لێناکرێت، بە (بەڵێ)، یان (لەوانەیە بتوانم.) وەڵام بداتەوە، لەوانەیە یەک بستیش نەجوڵێت، کە ئەمەش بە وەڵامێکی نەشیاو، لەلایەن پرسکەرەوە وەردەگیرێت ( Mey ٢٠٠١، ١١١).

٢٦٥- دەڕۆیت بۆ کەرکوک؟
لەم پرسیارەدا پرسکەر کاری بە وردەکاری ڕۆیشتنەکە نییە، مەبەستی سەرەکی لەو پرسیارەی سەرەوە گەیاندنی ڕاسپاردەیەکە.

هاوکات (سیریل) دوو جۆر کردەی قسەیی جیاکردەوە، کە بریتین لە کردەی قسەیی ڕاستەوخۆ و کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ؛

## ٣-٣-٣-١ کردەی قسەیی ڕاستەوخۆ:

کردەی جێبەجێکردن لەلای (سیریل) ئەوەیە، کە کردە قسەییەکە لەگەڵ مەبەستەکانی قسەکەردا یەکبگرێتەوە. واتە بەشەکانی ڕستەکە واتایەکی سیمانتیکیان هەبێت، بۆ نموونە:

٢٦٦- (pro.) دەتوانیت، یەکشەممە بێیت بۆ زانکۆ؟ (بەڵێ/ نەخێر)

ڕستەی (٢٦٦)، ڕۆنانێکی ئاڵۆزی هەیە، هاوکات ڕستەیەکی پرسیارییە و پێویستی بە وەڵام هەیە.

کردە قسەییە ڕاستەوخۆکان ئەو قسانە دەگرێتەوە، کە لە نێوان واتای ڕستەکە و واتای قسەکەدا لە پەیوەندییەکی بەرانبەریی تەواودا بن، قسەکەر زۆر جار هەوڵدەدات ئەو دەربڕاوانە بە شێوازێکی ڕەوان و دوور لە تەمومژیی واتایی بەکاربهێنێت، کە پێچەوانەی مەبەستی

قسەکەر نەبێت (أحمد ٢٠١٢، ١٢٠). هاوکات جگە لە گفتوگۆی ئاسایی مەتەڵ باشترین نموونەی پرسیاری ڕاستەوخۆیە.[٥٧]

مەتەڵ (Riddle)[٥٨]، بە یەکێک لە ڕاهێنانە گرنگەکانی ئاوەزیش دادەنرێت و لە کایەی کۆمەڵایەتی، مێژوویی، جوگرافی، ئابوری و ڕۆشنبیرییەوە دەدوێت. "مەتەڵ بە هەموو جۆرەکانییەوە داهێنانێکی گەورەی زارەکییە، ئامانج لێی ڕاهێنانی مێشکە، کە بەشێکیان دەچنە خانەی ئەدەبەوە و بەشێکی تریشیان دەچێتە بواری زانستی و ڕۆشنبیرییەوە" (أ.رسول ٢٠١١، ١٤٧). هاوکات "دەربڕراوێکی داهێنانکارییە، ڕوویەکی بیرمەندی و شارستانێتیی کۆمەڵ دەخاتەڕوو، مەتەڵ هەرچەندە قووڵ و پڕ ئاماژە بێت، ئەوا بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە بەندە بەو فەزایەی تێیدایە، هەر ئەم تایبەتمەندییەش بووەتە هۆی مانەوەی" (خشاب ٢٠٢٠، ٥٢).

بۆ هەر پرسیارێکی گران دەکرێت کۆمەڵێک وەڵامی گونجاو هەبن، بە کۆی هەموو وەڵامەکانەوە دەتوانرێت، وەڵامێکی گونجاوتر بۆ ئەم جۆرە پرسیارە بدۆزرێتەوە، دەشێت هەموو وەڵامەکان نزیک بن لێیەوە، هاوکات ئەم جۆرە لە پرسیارکردن کۆمەڵ خاوەنێتی، واتە موڵکی تاکە کەس نییە (Ben-Amos ٢٠١٧، ٢٤٩).

مەتەڵ لە زمانی کوردیدا بە زۆری بە شێوەی هۆنراوە خراوەتە ڕوو، هەوڵدراوە لە کۆتایی نیوەدێڕەکاندا سەروای یەکگرتوویان (السجع) هەبێت. بۆ نموونە:

٢٦٧- "سواری ئەسپێ بووم، بێ گیان بوو

دوو مەڕیشم خوارد، بێ ئێسقان بوو؟" (فەتاح ١٩٧٧، ٩) (-بێشکەو مەمکی دایک-)

---

[٥٧]. پرسیاری ڕاستەوخۆ زیاتر لە دادگاکاندا بەکاردەهێنرێت، لە لایەن پارێزەرانەوە ئەم جۆرە لە پرسیار ئاراستەی بینەری ڕووداو (شاهد حدث)ی دەکات و پرسیارەکانیش بە پارتیکڵی (ئایا)، یاخود بەرزکردنەوەی ئاوازەی ڕستە ئەنجام دەدرێت و وەڵامەکانیش زیاتر بە (بەڵێ و نەخێر) دەدرێنەوە. هەروەها ئەو پرسیارانەش کە کۆتاییەکی کراوەیان هەیە، بۆ نموونە: [کێ و چی و کەی و چۆن...]، کە زیاتر بوار بەو بینەری ڕووداوانە دەدرێت، بۆئەوەی زۆرترین گێڕانەوە و زۆرترین زانیاریی ببەخشن (Strazny ٢٠٠٥, ٢٤٧).

[٥٨]. شێوازێکی پرسیاریی چێژبەخشە، بۆ هەموو تەمەنەکان گونجاوە، لە ڕێیەوە پەسنێکی تەواوی دیاردەیەک دەکات و سەرنجی گوێگر/وەڵامدەر بە لای پرسیارەکەدا ڕادەکێشێت، دەیەوێت هەڵبیسەنگێنێت و ڕادەی زانیارییەکانی بپێوێت. مەتەڵ "پلەی ژیری دانیشتوانی دەرخستووە و کۆڕی شەوانی پاییز و زستانی دیوەخانی لادێکانی کوردەواری گەرم کردووە و کاتی بێ ئیشیان پێ بردۆتە سەر" (فەتاح ١٩٧٧، ٥)، یان مەتەڵ پرسیارێکی ئاڵۆزە و زۆرجار وەڵامدانەوەی قورس و گرانە، هاوکات "بەشێکی سەرەکیی فۆلکلۆرە، لە گفتوگۆیەکی کورتدا زۆرترین ئاماژە لەخۆدەگرێت، وەکو کۆدێک وایە، بەرانبەرەکەی هەوڵدەدات بیانکاتەوە (Ben-Amos ٢٠١٧, ٢٤٨)، هەروەها مەتەڵ لە کۆندا گرنگییەکی یەکجار زۆری هەبووە، بەشێکە لە فۆلکلۆری میللەتان، میللەتی کوردیش لە پاڵ فۆلکلۆرەکەی خاوەنی زۆر بەرهەمی وەک شیعر و چیرۆک و سەرگوزشتە و قسەی نەستەق و پەند و مەتەڵ، کە بە شێوەی دەماودەم لە نێو خۆیاندا گێڕاویانەتەوە (افخمی ١٣٦٨، ٣).

پەسنێکی جوان و دەربڕینێکی باش و بیرخستنەوەیەکی گونجاوی پەروەردەییە، کە پەیوەندیی نێوان دایک و منداڵ پتەوتر دەکات.

مەتەڵ لقێکە لە زمان (وشەسازی و ڕستەسازی)، ئەگەرچی لە چوارچێوەی ئەدەبدا پۆلدەکرێت، زانستێکە بە هۆیەوە وشە جیاواز و نامۆکان ڕووندەکرێنەوە (أ.کمال ١٩٨١، ١٠).

٢٦٨- "ئەمە چییە، چی پێ ئەڵێن؟

ئەگەر زانیت بە کێ ئەڵێن

پەپکە بە کونجی پێ ئەڵێن

عەبای نارنجی پێ ئەڵێن" (افخمی ١٣٦٨، ٣٢)، (فەتاح ١٩٧٧، ١٠) (-تەماتە-)

چەمکی شاراوە لە مەتەڵدا بە هۆی هێما و ئاماژەکانەوە دەردەخرێن، بە شێوەیەکی چێژبەخش واتایەکی شاراوە لە ناو چەندین شتی هاوشێوەدا دەدۆزرێتەوە. بڕوانە (أ.کمال ١٩٨١، ٢١).

٢٦٩- "ئەوە چییە لە سەر حەوزە

کراسەکەی سوور و سەوزە" (افخمی ١٣٦٨، ٣١) (-ماسی-)

پەسنکردنەکان زۆرجار بیرۆکەی جوان و چەمکی نزیک لێیەوە دروستدەکەن، بەڵام کۆتاییەکەی هەر ئەوەیە کە کۆمەڵ پەسەندی کردووە.

٢٧٠- "ئەمە چییە گیزە گیزێتی؟

عالەم بە تەمای خۆشەی میزێتی" (فەتاح ١٩٧٧، ١٤) (-چای سەماوەر-)

هەموو ئەو شت و کەلوپەلانەی لە سەردەمە جیاوازەکاندا بۆ مرۆڤ گرنگ بوون، بە وشەی چالاک ناودەبرێن، بۆیە هەوڵدراوە مەتەڵەکان زیاتر بۆ ئەو چەمکانە بن، کە گرنگییان هەبووە و ڕۆژانە سوودیان لێ بینراوە، وەک سەماوەر کە بەردەوام لە بەر دەستدا بووە. هاوکات مەتەڵ بە شێوەی پەخشانیش وتراوە:

٢٧١- "ئەمە چییە .؟! لە دوورەوە دەمی بۆ ئەکەیتەوە؟!" (فەتاح ١٩٧٧، ٢٧) (-خواردن و خواردنەوە-)

٢٧٢- مارێک لە ناو حەوزێکایە، گوڵێکی بەدەمەوەیە، مارەکە ئاوەکە ئەخوا، گوڵەکەش مارەکە ئەخوا ... (فەتاح ١٩٧٧، ٢٨) (-چرا-)

بە سوودوەگرتن لەو سامانە فۆلکلۆرییە، مەتەڵ ئێستا گرنگییەکی زیاتری پێ دەدرێت، پەیوەست بە هەموو بوارە زانستییەکانەوە کاریگەرییەکی باشی لە پەروەردە و فێرکردندا هەبووە، ئەو پرسیارانەی دەربارەی زمان، بیرکاری و زانست، ...هتد، هەن، وەکو کێبڕکێی زانستی لە نێوان قوتابییان و خوێندکاراندا، ئەمەش جگە لە چێژوەگرتن لە زانستەکان، زانیارییەکی باش لە ڕێیەوە پاشخاندەکرێت.

٢٧٣- ئەوە کێیە ئەستێرە بە شان هەڵدەگرێت؟ (-ئەفسەر-)

٢٧٤- ئەگەر سێ سۆندە ئاومان هەبێت، یەکەمیان بە یەک سەعات تەنکییەک پڕدەکات، دووەمیان بە دوو سەعات، سێیەمیان بە سێ سەعات، ئەگەر هەرسێ سۆندەکە بخەینە سەر هەمان تەنکی. ماوەی چەندی دەوێت بۆ ئەوەی پڕ بێت؟ ( وەرگیراوە لە پرسیاری فیکری)

٢٧٥- ئەوە چییە؟ بەیانی چوار دانەیە، نیوەڕۆ سێ دانەیە، ئێوارە دوو دانەیە، لە خەودا یەک دانەیە؟ (مەتەڵی کوردی) (-خاڵ-)

## ٣-٣-٣-٢ کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ:

واتایەکی پراگماتیکییە، پرسیارێکی ناڕاستەوخۆیە، داوای وەڵامدانەوە لە گوێگر ناکات، بەڵکو دەیەوێت کارێکی بۆ ئەنجام بدات، هاوکات کردەی پرسیاری ناڕاستەوخۆ واتایەکی خوازراوی پراگماتیکی هەیە، داوای وەڵام لە گوێگر ناکات، بەڵکو داوای ئەنجامدانی کارێکی لێدەکات، یاخود مەبەستێکی تر لە پشت چەمکی پرسیارەکەوە خۆی مەڵاسداوە.

١) داواکردن: پرسیارێکی ناڕاستەوخۆیە، داوا لە گوێگر دەکرێت کارێک ئەنجام بدات، لێرەدا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئەتەکێتەکانی گفتوگۆ وەک بنەمایەکی ڕێزگرتن، لە داواکردنەدا ڕۆڵدەبینن.

سیریل ئەم نموونەیە دەهێنێتەوە:

٢٧٦- بێزەحمەت، ئەو خوێدانەم نادەیتێ؟

پرسیارێکی ناڕاستەوخۆیە، چونکە لە بنەڕەتدا داواکردنی تێدایە، بەڵام بەشێوەیەکی جوان، گوێگریش بە کردەیەکی جوڵەیی خوێدانەکەی دەداتێ (یول ٢٠١٤، ١٨٩). واتا بۆ مەبەستی داواکردنە، بەڵام بە شێوەیەکی جوان.

٢) ئاشـكراكردنی نهێنیـیەک: پرسـکەر ڕسـتەیەک دەردەبڕێـت، کە مەبەسـتێکی شـاراوەی لە پشتەوەیە، هاوکات پرسکەر ئاگاداری بارودۆخێ پرسیارلێکراوە، بۆیە ئەو نهێنییەی لایەتی بە ڕستەیەکی دەردەبڕێت.

(سـیریل) لەم بـارەیەوە دەڵێـت: "هەنـدێک بـارودۆخ هەن، کە لە ڕێگەیەوە قسـەکەر ڕسـتەیەک دەڵێـت، بەڵام واتـاکەی لە ڕۆنـانەکەیەوە بەدیـی نـایەت، بەڵکـو مەبەسـتێکی تـری پـێ بەجـێ دەگەیەنێت" (Searl ١٩٧٢, ٧١)، بۆ نموونە:

٢٧٧- خۆم دەزانم، کوێی دێشێت؟ دەزانم شینی چی دەکات؟

٢٧٨- دادگاکان نیشانەی پرسیاریان لە سەرە؟

ئەم دوو ڕستە پرسیارییە ئەوە نیشـاندەدەن، کە پرسـکەر داوای وەڵام لە گوێگر ناکات، بەڵکو خـۆی زانیارییەکـانی لە لایە، وەک نهێنیـیەک لای خـۆی پارسـتوویەتی و لە کـاتی خۆیـدا ئاشکرای دەکات.

٣) نەرێکردنی کردار: ئەم جۆرە لە پرسـیار بە هـۆی نەرێکردنـی کردارەکەوە دروسـت دەبێت، داوای وەڵام لە گـوێگر ناکـات، بەڵکـو دەیەوێـت لە ڕێـی ڕۆنـانە پرسـیارییەکەوە چەمکێـک بگەیەنێت.

٢٧٩- نازانم چۆن خزمەتت بکەم؟

ئەم ڕۆنانە پرسیارییە، مەبەستی لە خزمەتکردنی گوێگر نییە، بەڵکو دەیەوێت بزانێت بۆچی هاتووە و چی بۆ بکات.

٢٨٠- ناکرێ، نەڕۆیت؟

ئەم ڕستە پرسیارییە ڕۆنانێکی ئاڵۆزی هەیە، هەردوو کردارەکەش تیایدا نەرێکراوە، لەم پرسیارەدا، کە دوو مۆرفیمی نەرێکردنی تێدایە، پرسکەر ئەم جۆرە پرسیارانە بۆیە دەردەبڕێت، چونکە بواری پەشیمان بوونەوەیان تێدایە، وەک ئەوەیە بڵێت: (خوات لەگەڵ).

پێویستە، قسەکەری زمـان ئاگاداری هەردوو کردە قسـەییەکە بێت، نابێت تێکەڵ بکرێن، واتە کاتێک کردەیەکی پرسـیاری ڕاسـتەوخۆی لێدەکرێت، پێویسـتە بەپێی بنەماکانی پرسـیاری ڕاستەوخۆ وەڵام بداتەوە، بۆ کردەی پرسـیاری ناڕاسـتەوخۆش بەهەمانشـێوە، چـونکە ئەگەر وا نەبێت، ئەوا ئەم گفتوگۆ نادروستەی لێدەکەوێتەوە:

بۆ نموونە، لە لایەن گەشتیارێکەوە پرسیارێک ئاڕاستەی ڕێبوارێک بکرێت:

گەشتیار:

٢٨١- أ-ئایا دەزانیت، ئوتێل فەرەح لەکوێیە؟

ڕێبوار:


ب- بەڵێ دەزانم. (ڕاستەوخۆ دەڕوات)

ئەم دیمەنەی (٢٨١ -أ، ب) پرسیارێکی ناڕاستەوخۆیە، هاوکات وەڵامەکەشی بەشێوەی ڕاستەوخۆ بوو، کە دەبوو لە بری وەڵامە زمانییەکە زمانی جەستە و ئاماژەی لەگەڵدا بووایە، چونکە گەشتیار ڕستەیەکی بەکارهێناوە، کە ڕۆنانێکی ئاڵۆزی هەیە مەبەستی داواکردنی ناونیشانێکە، دەبوو بە شێوەی ئاماژەی جەستەوە ناونیشانەکەی پێ بڵێت، بەڵام وەڵامەکەی هاریکار نەبووە بۆ دۆزینەوەی شوێنی مەبەست.

## ٣-٣-٤ پراگماسینتاکسی کردەی پرس:

زاراوەی پراگماسینتاکس بەکارهێنانی ڕستەیەکە بۆ مەبەستێکی دیاریکراو، کە بەپێی کەس و کات و شوێن، ...هتد. دوور لە واتا ڕاستەقینەکانی ڕستەیەکدا بەکاردەهێنرێن.


٢٨٢- ئەرێ ئەوە هێشتا لێرەیت؟




مەبەستی سەرەکی لەم ڕستەیەدا ئەوەیە، گوێگر لە شوێنێکی هەڵەدایە، کە دەبوو ئەو شوێنەی زووتر بەجێ بهێشتایە. هاوکات پرسکەر دەسەڵاتی خۆی بەسەر گوێگردا دەسەپێنێت و ئاگاداری دەکاتەوە، کە بە زووترین کات ئەو جێگەیە چۆڵ بکات. کردەیەکی ناڕاستەوخۆیە و داوای وەڵام لە گوێگر ناکات، بەڵکو دەیەوێت بە کردەیی شوێنەکە چۆڵ بکات.

پێشتر ئاماژە بۆ ئەوە کرا، کە لە بەرنامەی کەمینەدا سیستمەکانی فەرهەنگ و ژمێرەکاری میکانیزمی سینتاکسی وشەکان ڕێکدەخات، لە لێکدان، یان یەکگرتنیان، تا بتوانرێت ئاڕاستەی دەربڕین، مەبەست بپێکێت، پشتبەستن بە ئاگایی ئاخێوەر لە هەڵبژاردنی وشەگەلی زمانەکەی، کە ڕێگە خۆشدەکات، لە هەڵبژاردنی سەرە و تەواوکەری گرێکان و ڕیزبەندییان وەک لە نموونەکاندا تێبینی دەکرێت:

٢٨٣-ئەرێ من نەمگوت؛ ئەم ماستە بێ موو نییە؟





لەم بەرنامەیەدا سەری گرێکان جۆرێک لە هاوسەنگی دەنوێنن، ئەگەرچی پەیوەندییەک لەخۆدەگرن.

پرسکەر دەیەوێت بە گوێگر بڵێت، کە پێشتر ئاگاداری کردووەتەوە، کە بابەتێکی تەمومژاوی لە نێوانیاندا هەبووە، بەڵام گوێگر گوێی پێ نەداوە و کارەسات ڕوویداوە.

بنەمای چەندێتی لە بنەماکانی لێکەوتەی ئاخاوتەیی بەزاندووە و لەلایەن پرسکەرەوە زیاڕەویی تێدایە و دەیەوێت بابەتەکە قەبارەیەکی گەورەتری پێ بدات.

٢٨٤- کێ بووØ، ئەو شەکرەی شکاندØ؟





شیکاریی ڕستە پشتبەستووە بە هەڵبژاردن و لێکدانی ئایتمە فەرهەنگییەکان، لێرەدا پێکهاتەی ڕستەی شوێنکەوتوو، بە هەمان ڕەوتی پێکهاتەی گرێکانی ترن، بەپێی بنەمای سەرەی گەردانکەر، کە تێیدا ئایتمی کات، دەچێتە سەرەی ڕستەی سەرەکی و سەرەی ڕستەی شوێنکەوتوو.

لە هەڵبژاردنی ئایتمە فەرهەنگییەکان و لێکدانی دووانەییان ناوەکی ترین یەکە دروست دەبێت، بۆ بەدیهێنانی هەردوو شێوەی دەنگی و لۆژیکی پڕاوپڕ، کە لەگەڵ ئاستی تێگەیشتنی گوێگردا بگونجێت.


هاوکات پرسکەر، پرسیار لە بارەی ئەو کەسە دەکات، کە قسەیەکی کردووە لە دەرەوەی خواستی پرسکەرەوەیە، بۆیە بە تووڕەیەوە داوای سەرچاوەی زانیارییەکەی لێدەکات، هەروەها بەم هەڵوێستەی دەیەوێت پاکانەی بەرانبەر گوێگر نیشان بدات، کە ئەو قسە نەشیاوەی نەکردووە. پرسکەر بە شێوەیەکی توند ڕستەکەی دەربڕیوە و دەیەوێت بەرانبەرەکەی بە نزمتر لە خۆی نیشان بدات، کە ئەمەش بەپێی تیۆری پەیوەندی بەزاندنی بنەمای هاریکارییە.

٢٨٥- ئەو بلۆکە چی بوو، وەشاندت؟





ڕستەیەکی لەم شێوەیە لە دەوروبەرێکدا بە کەسێک دەگوترێت، کە لە جێی خۆیدا وەڵامێکی پڕ بە پێستی بەرانبەرەکەی داوەتەوە و بە باشی پێکاویێتی. هەرچەندە (بلۆک) دوور لە واتا بنجییەکەی خۆی بە واتای قسەیەک دێت، کە گرنگ و لەجێی خۆی بێت، وەک تانە و تەشەر بەرانبەر بە کەسی سێیەم دەگوترێت.

٢٨٦- ئەم جانتایە هی کێیە؟




لەم ڕستەیەدا مەبەستی پرسکەر زانینی خاوەندارێتی جانتاکە نییە، بەڵکو دەیەوێت بڵێت؛ ئەو شوێنە هی خۆیەتی و کەسێک، کە نازانرێت، کێیە بە هەڵە شوێنەکەی گرتووە. چەمکی پرس مافی بەکاربردنی جێگەکەیەتی.

٢٨٧- ئەلوو، ئەوە تۆ لە کوێیت؟




(ئەلوو/ سڵاو) بەرکاری کردارێکی دەرنەبڕاوە، واتە (سڵاوت لێبێت)، کە ئەمەش بە کرتاندن ناودەبرێت، هەرچەندە کردار لە زمانی کوردیدا بە تەنیا خۆی ناکرتێت و هەمیشە نیشانەی بکەرەکەشی لەگەڵدا دەڕوات (عەلی ، ١٩٩٢، ٥٥). (ئەلوو) وشەیەکی وەرگیراوی زمانی ئینگلیزییە، بە واتای (سڵاو) دێت. لە ڕووی ڕۆنانەوە ئەم ڕستەیە ڕۆنانێکی لێکدراوی هەیە، بۆ مەبەستی جێخۆشکردن، ئەو وشەیە لە سەرەتای هەموو پەیوەندییەکی تەلەفونیدا بەکاردەهێنرێت، وەک دەردەکەوێت پرسکەر لە پەیوەندییەکی تەلەفونیدا لەگەڵ هاوڕێیەکی، یان پیاوێک بە خێزانەکەی دەڵێت، مەبەستی ئەوە نییە، شوێنی خۆی پێ بڵێت، بەڵکو دەیەوێت بە زووترین کات بگەڕێتەوە.

ڕۆنانە سینتاکسییەکان لە گەڵ مەبەستە پراگماتیکییەکاندا هاوسەنگ نین، چونکە واتای پراگماتیکی بە پێچەوانەی واتای سیمانتکییەوە لە واتای پیتی وشەکانەوە بەدی نایەن، بەڵکو بەپێی مەبەستەکانی پشت ڕستە پرسیارییەکانەوە لێکدانەوەکان بەرهەمدار دەبن، لە ئەنجامی بەکارهێنانەوە لێکدانەوەیەکی تری واتایی بۆ دەکرێت، کە مەبەستی پرسکەر چەمکێکی ترە و گوێگریش لە ئاستێکی باڵادا لە مەبەستی پرسکەر تێدەگات.

٢٨٨- ئەرێ ئەوە تۆ بۆ دواکەوتی؟

ڕستەیەکی پرسیارییە و دوو کەرەستەی پرسی تێدایە، (ئەرێ) پەیوەندیی هاوڕێیەتی نێوان پرسکەر و وەڵامدەر دەردەخات، کە پێویستی بە وەڵام نییە، دەیەوێت پەلە بکەن، بۆ ئەوەی بە کارەکەیان ڕابگات، وشەی پرسی (بۆ) لە هۆکاری دواکەوتنەکە دەکۆڵێتەوە.

## ٣-٣-٥ لێکەوتە ئاخاوتەییەکانی کردەی پرسی پراگماتیکی:

دوو جۆر لێکەوتە لەلایەن (گرایس)ەوە دیاریکراون، ئەوانیش:

١) لێکەوتەی ئاسایی کردەی پرس:

لەو گفتوگۆیانەدا بەرجەستە دەبن، کە ڕستەکان بۆ مەبەستی ڕاستەقینەی خۆیان بەکاردەهێنرێن، واتە بەکارهێنەری زمان پابەند دەکات بە هەندێک دەربڕاوی واتادارەوە،

تەنانەت ئەگەر لە دەوروبەرێکی تریشدا هەمان مەبەست بە ڕۆنانێکی ترەوە بەکاربهێنێت. (عیدة ٢٠١٥، ١٠٠) بۆ نموونە:

٢٨٩- کوا سویچی ئۆتۆمبیلەکە؟

داوای شوێنی سویچەکە دەکات، بۆ واتای ڕاستەقینەی خۆیان بەکارهێنراون. کە نزیکە لە واتای سیمانتیکییەوە.

٢) لێکەوتەی ئاخاوتەیی کردەی پرس:

لەم لێکەوتەیەدا واتاکان بەپێی گۆڕینی دەوروبەر دەگۆڕێت. بۆ نموونە کە دەگوترێت:

٢٩٠- سەعات چەندە؟

مەبەستی پشت ڕۆنانی ڕستەی پرسیارکردنەکەی (٢٩٠) بۆ یەکێک لەم ئامانجانە؛ أ) قسەکەر دەیەوێت هەواڵی کاتەکە بە گوێگر ڕابگەیەنێت. ب) قسەکەر بێزارە، چونکە گوێگر درەنگ هاتووە. پ) قسەکەر پێیوایە کاتی ڕۆیشتنەوەی گوێگر بۆ ماڵەوە هاتووە. هاوکات مەبەستی قسەکەر بەپێی ئەو دەوروبەرەی تێیدا بەکاردەهێنرێت، واتاکەیشی دەگۆڕێت، کە دەشێت مەبەستی لەوە بێت کاتەکەی درەنگە، نەوەک بزانێ سەعات چەندە؟

هەمان پرسیاری (٢٨٩)، لە دەوروبەرێکی پراگماتیکیدا دەشێت (لێکەوتەی ئاخاوتەیی) لێ بکەوێتەوە، ئەگەر باوکێک ئەو داوایەی لە کوڕە هەرزەکارەکەی کردبێت، ئەوا واتاکەی دەگۆڕێت، دەیەوێت ئۆتۆمبیلەکەی لێ وەربگرێتەوە.

واتە بەکارهێنانە جیاوازەکانی ڕستەیەکی پرسیاری دەبێتە هۆی گۆڕانی واتا و مەبەستەکانی پرسکەر.

بەپێی بنەماکانی ئاخاوتن پێویستە، هەموو پرسیارێک ڕەچاوی ئەم چوار بنەمایە بکات، ئەگەر وا نەبێت، ئەوا لادان لەو بنەمایانە دەبێتە هۆی لادان لە بنەماکان، ئەوانیش بریتین لە:

١. بنەمای چۆنێتی: کە پرسکەر هەر پرسیارێک ئاڕاستەی وەڵامدەری دەکات پێویستە پرسیارێکی دروست و کەتواری (واقیعی) بێت.

٢٩١- (ئایا) (تۆ) دەتوانیت بە پێ بڕۆیت بۆ گۆیژە؟

ئەم پرسیارە پێویستە پرسکەر بزانێت ئاڕاستەی کێی دەکات، چونکە بە پێ ڕۆیشتن جگە لەوەی وەرزشێکی باوە و سوودبەخشیشە، بەڵام دەبێت ئاڕاستەی کەسێک بکرێت، کە توانایەکی باشی لە ڕۆیشتندا هەبێت و هیچ نەخۆشییەکی درێژخایەنی نەبێت و تەمەنێکی دیاریکراو و گونجاوی بۆ ڕۆیشتنەکە هەبێت. ئەو کاتە دەتوانرێت وەڵامی گوێگر بە هاریکار دابنرێت و بە پرسیارێک دابنرێت، کە بنەمای چۆنێتی نەبەزاندبێت.

واته ئەم پرسـیارە ئەگەر ئاڕاسـتەی کەسـێکی بە تەمەن و نەخـۆش بکرێـت، ئەوا نە پرسیارەکە و نە وەڵامەکیشی بە هاریکار دانانرێت، زۆرجاریش دەبێتە مایەی گاڵتەپێکردن.

٢. بنەمای چەندێتی: پێویست بە کەرەستەی زیادە ناکات و تا دەکرێت لە ڕووی تێچوونەوە کەرەستەی کەمتر بێت (بنەمایەکی ئابورییانەیە).

٢٩٢- بۆچی سەردانمان ناکەیت؟

بەهۆی جێناوی ڕێککەوتنەوە دەزانرێت، گرێی ناویی بکەری تاکە و کەسی دووەمی تاکە، بۆیە زۆر ئاسایی لە زمانی کوردیدا شوێنی بکەر (pro) بێت و پارتیکڵە پرسیارییەکەش بە هۆی بنەمای چەندێتی (ئابوریکردنەوە) دەرنەبڕرێت. بەڵام ئەگەر هاتوو لە شوێنی بکەردا گرێیەکی ناویی بە چەند دیارخەرێک فراوان کرابێت، ئەوا بە پرسیارێکی درێژدادڕ دادەنرێت.

٣. بنەمای پەیوەندی: ئەو شتانە بڵێ، کە پەیوەندیی بە گفتوگۆکەوە هەیە.

٢٩٣- أ-من کەسێکم، زۆر شارەزای مێژوو نیم.

ب- ئەی کەی بوو، بۆ یەکەمجار مرۆڤ چووە سەر مانگ؟

ڕستە هەواڵییەکە ئەوە دەردەخات، کە هەواڵدەر شارەزای مێژوو نییە، بەڵام پرسیارەکە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە مێژووەوە هەیە، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە لەو ڕستە پرسیارییەدا بنەمای پەیوەندی بەزێنراوە، بە پرسیارێکی هەڵە دادەنرێت، چونکە پێشتر گفتوگۆکە پەیوەندیی بە مێژوو نەبووە.

٤. بنەمای شێواز: دوور لە تەمومژی و دوورکەوتنەوە، ڕاست و ڕەوان پرسیارێک دوور لە تەمومژیی و کورت و پوخت بێت.

٢٩٤- چی دەربارەی نانۆتەکنەلۆجیا دەزانیت؟

ئەم پرسیارە ئەگەر لە کەسێکی شارەزا لەو بوارە بکرێت، ئەوا ئاساییە و ڕەچاوی بنەمای شێواز کراوە، بەڵام ئەگەر ئاڕاستەی کەسێک بکرێت، کە هیچ دەربارەی ئەو زانستە نەزانێت، ئەوا بە پرسیارێکی ئاڵۆز و تەمومژاوی دادەنرێت.

بە پێچەوانەشەوە ئەگەر بنەمای شێواز لە پرسیاردا ڕەچاو نەکرێت، ئەوا تەمومژیی دروست دەبێت، بە تایبەت ئەو فۆڕمانەی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دەبنە تابۆ و دەچنە خانەی تابۆی سێکسییەوە. بۆ نموونە:

٢٩٥- أ- هەڵتانگرت؟

ب- خۆش بوو؟

پ- پیاچوو؟

هەریەک لەو فــۆرمە پرســـیارییانەی (٢٩٥-أ،ب،پ) لە لایەن پرســـکەرەوە بە بـــێ مەبەست ئاڕاستەی وەڵامدەر دەکرێت، بەڵام هەندێکجار وەڵامدەر وەک تابۆ و پرسیاری سێکسی لێکیاندەداتەوە، بۆ نموونە لە ڕ(٢٩٥-أ)دا پرسکەر مەبەستی لە هەڵگرتنی کتێب، یان کەلوپەلی تایبەت بە وەڵامدەرە، هاوکات لە ڕ(٢٩٥-ب)دا هەرچەندە ئاوەڵناوی (خۆش) لە زمانی چەند واتایەکی جیاواز دەگەیەنێت، بۆ چێژی خواردن، دیمەنەکانی سروشت و چێژی سێکسی ...هتد بەکاردەهێنرێت، بەڵام لێرەدا پرسکەر مەبەستی لە گەشت و چێژ بینینە لە دیمەکانی سروشت. لە ڕ(٢٥٩.پ)دا فۆرمی (پیاچوو) بە هەمان شێوە بۆ زۆر مەبەست بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە ئەگەر کەسێک ئۆتۆمبیلەکەی لە پارکێکی ئۆتۆمبێل لە نێوان دوو ئۆتۆمبێلدا ڕابگرێت، بە تایبەت، ئەگەر نێوانیان تەسک بێت، ئەو فۆرمە بەکاردەهێنێت، کە مەبەســـتی پرســـکەر ئەمەیە، بەڵام لە ڕووی کـــۆمەڵایەتییەوە بـــۆ مەبەســـتی سێکســـیش بەکاردەهێنرێت.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێـت، کە بەپێـی دەوروبەر و لە پەیوەنـدیی کۆمەڵایەتیـدا، ئەم فۆرمانە تێگەیشتنی جیاواز دەهێننە ئاراوە، بە تایبەت ئەو فۆرمانەی، تەمومژیی واتاییان هێناوەتە ئاراوە.

## ٣-٤ ڕستەی پرسی ڕەوانبێژی

مەبەست لەو پرسیارانەیە، کە داوای وەڵام لە گوێگر ناکات، بەڵکو دەیەوێت پەیامێک بە گوێگر/خـوێنەردا بگەیەنێـت، هەر پەیامێـک، کە نووســەر/ پرسـکەر بیەوێـت لە ڕێـی پرســەوە بیگەیەنێت، ئەوا چەمک و مەبەستێکی شاراوەی لە پیشتەوەیە، کە خوێنەری زیرەک دەتوانێت پەی پــێ ببــات، لەبەرئەوەی ئەم جــۆرە پرســیارە داوای وەڵام، یــان ئەنجامــدانی کارێــک لە گوێگر/خوێنەر ناکات، بۆیە بە پرسیاری خوازەیی دادەنرێت، چونکە پرسکەر زانیاری لە بارەی پرسیارلێکراوەوە هەیە و داوای وەڵام نەکات، دەیەوێت مەبەستێکی خوازەیی بگەیەنێت، جا ئەو مەبەستە هەرچییەک بێت (عەبدوڵڵا ٢٠١٣، ٢٠٦).

بۆ ڕۆنانی ئەم جۆرە پرسیارەش هەموو گرێ پرسـەکان و ئاوازەش، کە هەندێکجار لە بـــری وشـــەی پـــرس، بە گشـــتی ئامرازەکـــانی پرســـی (ئایـــا و ئەرێ و ئـــاخۆ) بە تـــایبەت بەکاردەهێنرێـت، واتە فۆنیمە ناکەرتییەکـانیش دەتـوانن بەشـداری لە پێکهێنـانی ڕسـتەی پرسـی ڕەوانبێژی بەشداری بکەن. لە هەردوو جۆرە سەرەکییەکەی زماندا، قسەکردن و نووسین.

چەمکەکانی پشت ڕستەی پرسی ڕەوانبێژی، ئەو چەمکانەن، کە لە پشت پرسیارەکانەوە هەڵـدەگوێزرێن، زۆربەی نموونەکـان لە دەقـی شـاعیرانەوە وەرگیـراون، هاوکـات هۆکـاری سـەرەکیش لەو ڕۆنـانە پرسـیارییانە، کە هەنـدێکجار لە یەک چەمـک زیـاتر دەگەیەنـن، ئەوەیە مەبەستەکە بە شێوازێکی بەهێزتر بە گوێگر/ خوێنەر ببەخشن.

## ١- داواكردن:

ئەم جۆرە ڕستەیە، بەبێ بوونی وشەی پرس ڕستەی پرس دروست دەبێت، هەندێک جاریش بە هۆی نەرێکردنی گرێی کردارییەوە ئەنجام دەدرێن. بۆ نموونە:

٢٩٦- بە بێ من نارۆیت؟ (داواکردن و ئاگادارکردنەوەیە).

٢٩٧- ئەو کتێبەم نادەیتێ؟ (بۆ تۆ ناشێ/ بە کەڵکی تۆ نایەت)، چەند واتایەکی شاراوە لەخۆدەگرێت.

نموونەکانی سەرەوە ئەوە دەگەیەنن، کە پرسکەر دەیەوێت، کردەیەک لە لایەن وەڵامدەرەوە بنوێنن، بە کردەی پرسیاری ڕاستەوخۆ دادەنرێن.

٢٩٨- دەتوانیت، چەترەکەتم بدەیتێ؟

٢٩٩- دەکرێت، دەرگاکە دابخەیت؟

هەروەها بە هۆی بەکارهێنانی گرێی کرداری (دەتوانیت و دەکرێت، دەشێت)، کە بە کردەیەکی ناڕاستەوخۆ دادەنرێت و داوای ئەنجامدانی کارێکی لێدەکات، پێویستی بە وەڵام نییە. ئەم جۆرە پرسیارانە توانای گوێگر لەخۆدەگرن، کە هەموویان دەچنە ژێر چەتری چەمکی داواکردنەوە.

٣٠٠- دەرگاکەم لێ دامەخە؟

مەبەست لەم پرسیارە داوا لە وەڵامدەر دەکات، کۆتایی بە گفتوگۆکە مەهێنە، چونکە ڕوونکردنەوەی زیاتری لە لایە.

٣٠١- "بەخشندەگی تۆ لە عالەم باوە

عاسی لە بەهەشت بۆ دەرکراوە؟

بەهەشت بە تاعەت لەکوێ بەخشینە؟

لەگەڵ گوناهدا بەخشین تەواوە" (خەیام ٢٠١٩، ٩٢)

لەم چوارینەیەدا خەیام ڕوو لە خودا دەکات و دەڵێت؛ خودایە، تۆی بەخشندە و میهرەبان، چۆن یاخی بوو لە بەهەشتەکەت دەردەکەیت؟ کەی توانراوە بەهەشت بە تاعەت بەدەست بێت. بەخشین کاتێک بەخشینە، کە لێبووردەیی بەرانبەر هەڵەو تاوان بێت. چەمکی پشت ئەم دێڕانە داوای گەورەیی و لێبوردەییە لە خودا، کە بەرانبەر بە تاوانکاران دەیکات.

## ٢- پەسنکردن (وەسف و ستایش):

نووسەر بەهۆی بەکارهێنانی ڕۆنانێکی پرسیارییەوە، چەمک و مەبەستێکی تر لای خوێنەر گەڵاڵە دەکات، کە پرسیارەکە گوێگر بۆ چەمکێکی تر ڕادەکێشت، کە لەم نموونانەی خوارەوە وەسفی چاو و برۆ و برژانگی یار دەکات، پلەیەکی بەرزی جوانی بە کەسێک [+مێ] دەبەخشێت، کە لەوانی تردا نییە، (گۆران) دەڵێت:

٣٠٢- کام ڕەشی ئەگا بە ڕەشیی چاوی؟ برژانگی؟ برۆی؟ ئەگریجەی خاوی؟ (گۆران ١٣٨٢، ٤٣).

گۆران لە شیعری (ئافرەت و جوانی) لە چوار بەیتی کۆتاییدا هەشت جار گرێی پرسی (کام..)ی بەکارهێناوە، کە لە هەموویاندا پەسنی چاو و برۆ و برژانگ و کوڵم و لێو و قژ و باڵا و تیشکی نیگای و بەرزی باڵای یاری کردووە. لە هیچیاندا داوای وەڵامی نەکردووە و پرسیاری خوازەیین و چەمکی پەسنکردنی بەژن و باڵای ئەویندارەکەی پێدەکات، هەرچەندە لە هەمووشیاندا نیشانەی (؟) بەکارهێنراوە، بەڵام لە هیچیاندا داوای وەڵامی نەکردووە. هاوکات بەکارهێنانی گرێی پرسی (کام .....) لەگەڵ گرێی کرداری (ئەگا) وادەکات، وەڵامی نەرێ لەلای خوێنەر دروستبکات و بڵێت هیچ جوانییە نییە بە ڕەشیی چاو و برۆ و برژانگی ئەو بگات.[٥٩]

## ٣- سەرسوڕمان یان زیادڕەوییکردن:

ڕستەکە لە شێوەی پرسدایە و مەبەستەکانی پشت پرسیارەکە، کە چەمکە شاراوەکەیەتی، دەکرێت ڕامان بێت.

٣٠٣- أ-چەند نازدارە؟!

ب-چەند بە وەفایە؟!

لێرەدا مەبەست لە وەرگرتنی وەڵام نییە، بەڵکو پێڕاگەیاندنە بەشێوەی سەرسوڕمان (فاعور ٢٠٠٦، ٨٨).

بۆ جیاکردنەوەی هەردوو ڕستەی پرس و ڕامان، پشت بەم هاوکێشەیەی خوارەوە دەبەسترێت:

[قسەکەر + کار (یان کردار) ڕامان + بابەتێک + ئاوازەکە لە سەرەتاوە تا کۆتایی بەرزە]. بۆ نموونە

**[ڕامان/ ø + چەندە + نازدارە + !] (پیاهەڵدانی تێدایە)**

[قسەکەر + کار (یان کردار) پرس + بابەتێک + ئاوازەکەی بەرەو سەرەوەیە.] بۆ نموونە

[٥٩] . چاو و برۆ و برژانگی ڕەش یەکێک بووە لە پێوەرەکانی جوانیی سەردەمی ژیانی شاعیر.

**[پرس/ ø + چەندە + نازدارە + ؟]** (صلاح الدين ٢٠٠٩، ٤٠)

## ٤- دەربڕینی هەست و کاریگەرییەکانی:

(شێرکۆ بێکەس) لە گۆڕستانی چراکاندا دوای خستنەڕووی ئارگومێنتەکانی تاوانی ئەنفاڵ، دەگاتە لوتکەی شەرمەزارکردنی ئەو تاوانە و ئازاری ویژدانی دەجوڵێنێت:

٣٠٤- "چیتان بۆ بگێڕمەوە؟ چی؟ چیرۆکی سەمای ئەو

ئاوەڵ کراسانەی کە "قەحطان" و "عەدنان" و "دەحام"

بەپێش قافڵەی زیلەکانەوە هەڵیان ئەواسین؟!" (بێکەس ٢٠٠٤، ٤٤)

گێڕانەوەیەک بە ڕۆنانی پرس و ئاوازەیەکی ڕامانەوە، کە هزری مرۆڤایەتی ڕادەژەنێت، ڕامانێک لە بەرانبەر ئەو کارەساتە جەرگبڕانەی بە سەر میللەتی کورددا هێنراون. دەقەکە ڕۆنانێکی پرسیاری لەخۆدەگرێت و کەتافۆری دوای ڕستە پرسیارییەکە بووەتە جێی تێرامان لە گێڕانەوەیەکی تراژیدیی مەرگەساتانەی سەردەم، بەکارهێنانی وشەی ئاوەڵکراس و ناوهێنانی هەر سێ (قەحطان و عەدنان و دەحام)[٦٠] تۆمەتبارکردنی نەوەکانیانە دەرهەق بە میللەتی کورد.

دواتر لە لاپەڕە (٤٥)دا دەڵێت:

٣٠٥- "چیتان بۆ بگێڕمەوە؟!

ئاخر زریکە چۆن ئەگێڕدرێتەوە؟!

قیژە چۆن ئەنووسرێتەوە؟!

عەرعەر چۆن ئەخوێنرێتەوە؟!"

لە نموونەی (٣٠٥)دا بە چوار ڕستەی سادەی پرسیاری دیمەنە ترسناکەکانی ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە، کە هەموویان پرسیاری خوازەیین و داوای وەڵام ناکەن، بەڵکو هێز دەبەخشێتە چەمکەکانی ڕستە پرسەکانەوە، مەبەستی سەرەکی پشت ڕۆنانە پرسیارییەکان ئەوەیە، کە هەرگیز ناتوانرێت ئەو زریکە و قیژەیەی لە کاتی خۆڵ بەسەرداکردنیان، هەرگیز ناتوانرێت ڕووداوەکە وەک خۆی پەسن بکرێت.

(مەحوی) بەم بەیتەی خوارەوە، تێرامانێک لە هزری خوێنەردا دروست دەکات و دەڵێت:

٣٠٦- "ئەری دڵ بێ شەرابی لەعلی گوڵ ڕەنگت لە گوڵ چیبکا؟!

---

[٦٠] . سێ ناوی دیاری عەربی، (کە لە لاپەڕە (٤٦)ی ڕۆمانە شیعرەکەدا) هاتووە، بە شێوەی خوازەیی، کە سەرپەرشتی پرۆسەکەیان کردووە و ئەو کارانەیان دەرحەق بە ژن و منداڵ و گەنج و بەتەمەنەکان کردووە، بە تایبەتی (دەحام) کە لە هەرەتی هێز و دەسەڵاتدا بووە و بە هاوکاری (قەحتان و عەدنان) چاودێری بەرێوەچوونی هەڵکەندی چاڵەکانیان دەکرد، بۆ ئەوەی بە زیندوویی بیانکوژن.

که جیلوەی گوڵ لە گوڵشەندا نەبێ، بولبول لە چڵ چیبکا؟!" (مەحوی ١٩٨٤، ١٣)

(مەحوی) لەم بەیتەدا دڵی خۆی بە دوو شت چوواندووە و یەکەمیان وەک هەنگ لە نیوەدێڕی یەکەمدا ڕووی یاری بە گوڵ و ماچی لێوی بە مژینی شیلەی گوڵ چوواندووە، دووەمیان دڵی خۆی بە بولبول و بالآی یاری بە چڵی دارگوڵ و دیسانەوە ڕووی بە گوڵ چوواندووە. بڕوانە پەراوێزی (مەحوی ١٩٨٤، ١٣). ئەو چەمکەی پشتی ڕۆنانی پرسیارەکەش ئەو هەستەی ناو دڵی خۆیەتی، کە بە شێوەیەکی کارامە پەسنی کردووە.

## ٥- پلار و توانج لەو کەسانەی دەورووبەری دەسەڵاتدار دەدەن:

(پیرەمێرد) لە پەندەکانیدا، پلار دەگرێتە ئەو کەسانەی چواردەوری دەسەڵات و بە توانجەوە دەڵێت:

٣٠٧- تیکە قووت ئەدەن ناپرسن چییە؟


ئەم لوقمە چەورە بێ (لەقمە) نییە!

هاوکات (حاجی قادر)یش بە هەمان شێوە، توانج لەو کەسانە دەدات، کە خۆیان بە دەمسپی و خۆیان لێ بووەتە نیشتمانپەروەر، دەڵێت:

٣٠٨- "بۆچی یارانی وەتەن دڵ دەشکێنی ((حاجی))

(ظاهرا) ناچیەوە تۆ، باسی مەکە غوربەتی خۆت" (أ.حاجی ١٩٨٦، ٥٩)

حاجی لەم بەیتە شیعرەدا پلار و توانج لەو کەسانە دەدات، کە پێیانوایە نیشتمانپەروەر و دڵسۆزی کوردن، بۆیە حاجی نقورچیان لێ دەگرێت و بە یارانی وەتەن ناوی بردوون، چونکە شاعیر لە نیوەدێڕی دووەمدا دڵی خۆی دەداتەوە، دەڵێت خۆ تۆ تازە بەنیازی گەڕانەوە نیت، پێویست ناکات باسی غوربەت و دووریی نیشتمان بکەیت، چونکە ئەوان خۆیان بە ڕیش سپی و دەمڕاست زانیوە.



لە ڕۆنانی پرسیارە خوازییەکەدا (حاجی) کارایە، پێویستە لە پێش، یان دوای وشەی پرسی (بۆچی)یەوە بێت، بەڵام لێزانانە گواستوویەتییەوە دوای کرداری ڕستەکە، ئەم دیاردەیەش تەنیا لە دەقە ئەدەبییەکاندا ڕێگەپێدراون، بە مەبەست دوایخستووە.

## ٦- پێڕاگەیاندن و دەرخستنی ڕاستی:

بەکارهێنانی ڕستەیەک بۆ ئەوەی بە کەسێک، یان کۆمەڵێکی ڕابگەیەنرێت، تاوەکو هەڵەکانی بۆ ڕاست بکرێتەوە، بۆ نموونە:

٣٠٩- کە تۆ خۆت شل کرد لە ڕووی ناکەسێ

ئەڵێ: بـڕوانە چـۆن لـێم ئەترسـێ؟

لەم پەنـدەی (پیرەمێـرد)دا چەمکـی پێڕاگەیانـدن دەگەیەنێـت و خـوێنەر ئاگـادار دەکـاتەوە، ڕایـدەگەیەنێت، کە مـرۆڤ دەبێـت کەسـێتی خـۆی بپارێزێـت و هەڵسـەنگاندنی دروسـت بـۆ بەرانبەرەکەی بکات و خۆشباوەڕی و لێبوردەیی سنووردرابکرێت، هاوڕێیەتی کەسانێک نەکات، کە قەدری تەمەن و ئەزمـوونی کەسـانی لە خۆیـان گەورەتـر نـازانن، چـونکە بە خۆشـباوەڕ تەماشـایان دەکات و لەلای کەسـانی تـر خۆیـان هەڵدەکێشـن و شـانازی بە خۆیـانەوە دەکەن و تۆش بە کەمتر لەخۆیان دەزانن.

٣١٠- "کێ دەس بۆ دەرگای هەژارێ ئەبا

کـێ ئەیـــکاتەوە غەیری ڕەشـەبا" (خەیام ٢٠١٩، ٢٠١)

ئەم دێڕە ئاوێنەی ژیانی چینایەتی نـاو کۆمەڵە، ڕاسـتییەک دەخـاتەڕوو، کە هەژارەکـان ئاوڕیـان لێنادرێتەوە و فەرامۆشکراون.

## ٧- فەرماندان:

ڕۆنانێکی تری ڕستەی پرسیارییە، بەڵام لە ناوەڕۆک و چەمکیدا فەرماندانی پێوە دیـارە، کە ئەمە دەچێتە نـاو چوارچێوەی کـردەی قسـەیی ناڕاسـتەوخۆوە، چـونکە داوای وەڵام لە گـوێگر ناکات، بەڵکو لە ئەنجامدا دەیەوێت کارێکی بۆ جێبەجێبکات، بۆ نموونە:

٣١١- بەبێ باوکت نەیەیتەوە، تێگەیشتی؟

ڕۆنانی پرسیارەکە لە شێوەی کلکە پرسیاردایە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا فەرماندانە.

هەمـان ڕسـتەی (٣١١) دەشـێت لە لایەن بەڕێـوەبەری خوێنـدنگایەکەوە ئاڕاسـتەی خوێندکارێکی بکات وەک هەڕەشەیەک، کە ئاماژەیە بۆ خوێندکارەکە، کە هەڵەی ئەنجامداوە.

## ٨- ئاگاداركردنەوە:

ڕۆنانێكی پرسیارییە، چەمكی ئاگاداركردنەوە دەگەیەنێت، بۆ نموونە:

٣١٢- "تو خوا نایزانی دەوڵەت وماڵت؟

لەگەڵتا نابێ، هاوار بە ماڵت" (پیرەمێرد ١٦٧١، ٢٩٩)

(پیرەمێرد) لەم پەندەدا ئاگاداری كەسانێك دەكات، كە دەستیان گرتووە، بە ماڵ و سامانیانەوە، ئامادەن هەموو شتێك بكەن لە پێناوی بەدەستهێنانیان، جا بە هەر شێوازێك بێت، بۆیە هەڕەشەی مردنیان لێ دەكات، كە ئەگەر كاتی خۆی هات، ئەوا هیچ ماڵ و سامانێك، كە پەیدایان كردووە بە كەڵكیان نایەت و نایبەن لەگەڵ خۆیاندا.

هاوكات (مەحوی)ش لەم بەیتەی خوارەوەیدا بە هەڕەشەكردن نەوەستاوەتەوە و هێرشی توند دەكاتە سەر كەسانی بێ ئاگا و هەجوویان دەكات و بە (ئەحمەق) ناویان دەبات، ئەو دەڵێت:

٣١٣- "كەی لە كن ئەحمەق دەبێ حاجەتی دانا ڕەوا؟!

قەت دەكرێ چەرمەكەر یا بە عەبا یا كەوا؟!"

(مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس) لە لێكدانەوەی ئەم بەیتە شیعرییەدا دەڵێت: پەنابردنە بەر مرۆڤی نەفام و بێ وێڵ، بۆ جێبەجێكردنی كاری مرۆڤی هوشیار، وەك ئەوە وایە، چەرمەكەرێ بكرێ بە عەبا یان كەوا، كە نەشیاوە و ناگونجێت. مەبەستی شاعیر ئەوەیە، كە مرۆڤی نەفام كاری باش ناڕەوێنێ و پێی جێبەجێناكرێت. دەرهاویشتەی چەمكی ئەم دێڕە ئەوەیە، كە لێهاتوویی كەسی پێویستە بۆ ئەوەی پەنای بۆببرێت. بڕوانە (مەحوی ١٩٨٤، ٣٧).

## ٩- بەرپەرچدانەوە و شانازیكردن:

(نالی) لەم بەیتەدا بەرپەرچی ئەو كەسانە دەداتەوە، كە دەیانەوێت خۆیان لەگەڵ ئەودا هاوتا بكەن، بۆیە شانازی بە بەرهەمەكانییەوە دەكات و بە ناسك پەسنیان دەكات، دەڵێت:

٣١٤- "شیعری خەڵقیی كەی دەگاتە شیعری من بۆ نازكیی؟!

كەی لە دیققەتدا پەتك دەعوا لەگەڵ هەودا دەكا؟!" (نالی ١٩٧٦)

(حاجی قادر)یش لە بەیتێكدا پێیوایە؛ ئەوانەی دەیانەوێت لە غەزەل داناندا كێبڕكێی بكەن، تووشی (خەتا) بوون، (واتە بە هەڵەدا چوون)، بۆیە بە داماو وەسفیان دەكات، ئەم شیعرەش دەچێتە خانەی شانازیكردنەوە:

٣١٥- "لە نقووشی غەزەلم چین و خەتا داماون

کێ دەڵێ ئەمتیعەی کوردە کەڵاش و کەپەنەک؟" (أ.حاجی ١٩٨٦)

نیوەدێڕی دووەم پرسیارێکی خوازەییە، چونکە داوای وەڵام ناکات، مەبەستی (حاجی) لێرەدا شانازیکردنە بە کوردبوونی خۆیەوە، واتە کەڵاش و کەپەنەکی کورد هێندە چاک و گرنگە، خەڵک نالێن ئەوانە کورد خۆی دروستی کردوون (عەبدوڵڵا ٢٠١٣، ٢٠٧)، لێرەدا مەبەستی لە بالاپۆشیی کوردە.

حاجی لە شوێنێکی تریشدا دەڵێت:

٣١٦- "بۆچی (حاجی) نەخوێنێ وەک تووتی

ئەم زوبانە هەزاری خستە قەفەس" (أ.حاجی ١٩٨٦، ٦٧)

حاجی بەرپەرچی بەرانبەرەکەی دەداتەوە بەبێ ئەوەی سڵ لە کەس بکاتەوە و دواتر شانازیی بە خۆیەوە دەکات، کە بەهۆی ئەو زمانەیەوە هەزارانی خستۆتە ناو قاوغەکەی خۆیەوە.

## ١٠- بەراوردکردن:

ڕۆنانێکی پرسیارییە و بەراورد لە نێوان دوو کەس، یان دوو نەتەوە دەکات، یاخود لە نێوان مرۆڤ و گیانداردا بەراوردەکە دەخاتەڕوو. بۆ نموونە:

٣١٧- "شێر چۆن لە دەنگی دەهۆڵ ئەترسێ؟

کە ژنی خۆی بێ کەس لێی ئەپرسێ"؟

لەم پەندەدا (پیرەمێرد) بەراورد لە نێوان شێر (کە سیفەتی ئازایەتی وەرگرتووە)، لەگەڵ کەسێکدا دەکات، کە تۆ شێرئاسای چۆن دەبێت لە دەنگی دەهۆڵ بترسیت، لەکاتێکدا شێر گیاندرایێکی دڕندەیە، بەڵام کاتێک مێیەی شێر پەیدا دەبێت، سڵی لێ دەکاتەوە، ئەم دیمەنەی بە مرۆڤێکی ئازا بەراوردکردووە، کە لە ژنی خۆی بترسێ، کەس لۆمەی ناکات.

گۆران لە هەڵبەستی ((گوڵاڵە برایمە ...گری...گری چووینە غەزای ناوگاوری)) فۆلکۆری کوردیدا باس لە شۆڕشی کۆریا دەکات، کە وەک کورد بەشکراو و بەشخوراو بوون، بەڵام ئەوان توانییان شۆڕشێک سەربخەن، بە میللەتی کورد بەراوردی دەکات، کە وەکو ئەوان داگیرکراو و بەشخوراوە، بەڵام نوستووە هیچ ناکات.

٣١٨- "دەم ئاخنراو لە جنێوا        وررووژان لە دەریا و کێوا،

لەکێ؟ لە نەتەوەی کۆریا!    بۆچی؟ چونکە مەردە و وریا!

مل کەچ ناکا بۆ ئیستیعمار    بۆ ناپاکی ناوخۆی زۆردار،

ئەیەوێ ئازاد، یەکگرتوو       بژی، نەک وەک کوردی نوستوو." (گۆران ١٣٨٢، ١٨٦)

هەروەها لە هەڵبەستێکی تریدا، گۆران زۆر ئازایانە داوای ڕاپەڕین دەکات، بە مەبەستی هاندان دێت، بە ناوی (دەمی ڕاپەڕینە)، دەڵێت:

٣١٩- "دەمی ڕاپەڕینە، دەمی ڕاپەڕین!

هەتا کەی بە سستی و بە پەستی بژین؟" (گۆران ١٣٨٢، ٣٠٣)

لە نیوەدێڕی یەکەمدا بە ئاوازەیەکی بەرز و ڕامانەوە ڕستەکە دەردەبڕێت و دواتر لە نیوەدێڕی دووەمدا بە گرێی پرسی (هەتا کەی) پرسیار لە کاتی ڕاپەڕینەکە دەکات بۆ ئەوەی کورد لە سستی و پەستی ڕزگاری ببێت، بۆیە داوای پەلاماردان و شۆڕش دژی داگیرکەر دەکات، واتە جگە لە بەراوردکردن داوای شۆڕش دژی داگیرکەر دەکات.

## ١١- ئامۆژگاری:

(پیرەمێرد) سەرگوزشتەی گەورەپیاوان بە نموونە دەهێنێتەوە، بۆ ئەوەی ئاماۆژگاریی کەسە گەورەکانی پێبکات، کە هەرچەندە دیکتاتۆر و زاڵم بن، ئەوا هەر لە کۆتاییدا دەبێت بە خەونێک سەربنێیتەوە. بۆ نموونە:

٣٢٠- " (هیتلەر) چووە سەر قەبری (ناپلیۆن)

وتی: ناوداری تەئریخ چۆنی، چۆن؟؟

ناڵەیەک لە خاک هات بە حەزینی

وتی: وا تۆیش دێی بۆ خۆت ئەیبینی

لە داخی ئینگلیز من هاتمە گۆڕێ

ئێستا چۆن بە تۆ دنیا ئەگۆڕێ؟ " (پیرەمێرد ١٦٧١، ٣٨)

لە شوێنی تردا لەلاپەڕە (١١٣)ی هەمان سەرچاوە، (پیرەمێرد) دەڵێت:

٣٢١- "ئێستا نازانێ خوێن ڕێژی چییە؟

چونکو خۆی ژن و منداڵی نییە

ئەگەر کەسێکی خۆی بکوژرایە

نەدەبووە باعیس بۆ ئەم هەرایە"

کەسانێک خەریکی خراپەکاری و ستەمکارین، خوێنی کەسانی تر دەڕێژن و منداڵی خەڵک دەکوژن و جەرگی دایکان دەسووتێنن، لەبەرئەوەی کەسوکاری خۆیان نین، بەڵام ئەگەر ئەوان

له شوێنی زوڵملێکراوان بن، ئەوا دەیانزانی جەرگ سووتان چییە؟ بۆیە هەرزوو وازیان لەو کارە خراپانە دەهێنا.[٦١]

(پیرەمێرد)، وەک ئامۆژگاری دەڵێت:

٣٢٢- شەماڵ خەرمانی پێ شەن ئەکرێ

ڕەشەبا، کەڵکی چیمان بۆ ئەگرێ؟

جگە لە ئامۆژگاری بەراورد لە نێوان دوو دیاردەدا دەکات، یەکەمیان هێمنی و نەرمونیانی، کە سوودبەخشە، دووەمیان تووڕەیی و هەڵچوون و زیانەکانێتی. (شەماڵ) و (ڕەشەبا) دوو دیاردەی سروشتییە، یەکەمیان ئاماژەیە بۆ مرۆڤی هێمن، دووەمیان ئاماژەیە بۆ مرۆڤی هەڵەشە، کە هیچ کەڵک و بایەخیان نییە.

(کامەران موکری) لە هەڵبەستێکدا بەناوی (بۆ شاژنە جوانەکە) دەڵێت:

٣٢٣- "پەرچەمی زەردی نەرم و خاو

چاوی گەش، لێوی تەڕ، گۆنا

یا ڕەنگی کاڵ، لە گەردنا

نموونەی جوانین، گەشو جوان

بۆ سیس بن، کز بن، بە گریان؟!" (موکری ١٩٨٨، ٥٨)

لە پێشەکی پرسیارە خوازەییەکەیدا ئەندامەکانی لەش وەک؛ دەموچاو و پێستی وەک ئارگومێنتێک دەهێنێتەوە و پەسنی ڕەنگ و ڕوخساری دەکات و پاشان ئامۆژگاری دەکات، کە بۆچی بە خۆڕا و لە پێناوی هیچدا ڕەنگ و ڕوخساری بەو تەمەنە کەمەوە بژاکێن و سیس بن بە گریان![٦٢] لە ڕۆنانی پرسیارەکەشدا یەکجار وشەی پرسی (بۆ)ی بەکارهێناوە، کە دەبوو دووجار لە ڕستەی دووەمیشدا (Ø- سیس بن) بەکاری بهێنایە، کە مەبەستی تێکنەچوونی کێشی شیعرەکەوە بێت (هەشت برگەیی)، ئەگەر وانەبووایە، دەبوو ئەم ڕستە لێکدراوە بەم شێوەیە بووایە:

---

[٦١] . ئەم پەندە شیعرییەی (پیرەمێرد) دەچێتە خانەی (درکپێکردنەوە)، کە سەر بە ئەزموونگەراییەکانن، ئەزموونکردنی هەر کارێکیش دەبێتە هۆی تێگەیشتن لە هەستی ئەو ئازارەی، دەیچێژن، واتە هەتا ئازار نەچێژیت لە ئازار تێناگەیت.

[٦٢] . وەک دەردەکەوێت ئەم شۆخە پێشتر لەگەڵ شاعیری ئەم دەقە بووە، دواتر لەگەڵ کەسێکی تردا هاوسەرگیری کردووە، بەڵام هێشتا دڵکوتەیەتی بۆ ئەم، بۆیە ئەمیش ئامۆژگاری دەکات و پێی دەڵێت، مادەم بوویتە مەلی ناو قەفەس، ئەوا نامەوێ جارێکی تر هەستی خۆتم بۆ دەرببڕیت، چونکە تۆ ئێستا شاژنی کەسێکی تری. ئەمەش ڕەوشتی بەرزی شاعیر نیشان دەدات.

٣٢٤- بۆ سیس بن، (بۆ) کز بن بە گریان؟[٦٣]

بۆیە دەتوانرێت بگوترێت، لێرەدا شاعیر ئابووری لە بەکارهێنانی وشەی پرسی (بۆ)ی دووەم لەم ڕستە لێکدراوەدا کردووە، بۆ مەبەستی تێکنەچوونی کێشی هۆنراوەکەیە.

٣٢٥- "چەند خۆشە ئینسان لە خوا بترسیٚ؟

ڕێگەی ڕاست بگریٚ و لە شا نەپرسیٚ؟

خزمەتی قەوم و قیلەی خۆی بکا

نەیەویٚ هیچ کەس تکای بۆ بکا

هەر چۆنێک ئەژی خۆشە نەک بە شەڕ

خۆت خۆشەویست کە لای خوا و بەشەر" (پیرەمێرد ١٦٧١)

ئامۆژگاری کەسانی بیٚ باوەڕ دەکات و دەڵێت خۆشبەختی مرۆڤ لە خواترسییەوەیە، چونکە ڕێگەیەکی ڕاست و ڕەوانی نیشانداوە، دوور لە توندوتیژی و شەڕ، هەروەها دەیەوێت لەڕێی ئەم پەندەوە ڕێگایەکی ڕەوان و بیٚ خەوش نیشانی خوێنەر بدات و ئامۆژگارییان بکات.

٣٢٦- " لە چەند و چوونی دنیادا بە ضایع چوونی عومرم چەند

خودایا با بەس بە ضایع چم، بە حەققی ذاتی پێچوونت" (مەحوی ١٩٨٤، ٧٦)

شاعیر لەم بەیتەیدا ئامۆژگاریی خوێنەر دەکات، بەوەی تاقیکردنەوە و چەندوچوونەکانی خۆی لە دنیادا، کە هەمووی بە خۆڕایی بووە، هەر بۆیە داوا لە یەزدانی مەزن دەکات، بە هانایەوە بچێت و ڕزگاری بکات. لە نیوە دێڕی یەکەمدا دوو جار وشەی پرسی (چەند)ی بەکارهێناوە، کە پرسیار لە ژمارەی ئەو ساڵانە دەکات کە بە سەری بردوون.[٦٤]

٣٢٧- "بە دەم مەوجی خوێنی ئەشکەوەم، بڕوانە چۆنم بۆت؟

دەروونم کەیلی زوخی دەرد و غەم، بڕوانە چۆنم بۆت؟" (مەحوی ١٩٨٤، ٧٧)

مەبەستی ڕستەی یەکەمی هەردوو دێڕەکە، کاریگەریی ڕەفتاری دڵبەرە چی بە سەر هێناوە، بەڵام خۆڕاگری و لێبوردەیی ئەم ڕێگرە لە بەرەنگاربوونەوە و ئاشکراکردنی ئەو ئەنجامەی پێی گەیشتووە.

---

[٦٣] . هەروەها شاعیر دەیتوانی بەم شێوەیە ئەم دێرە دەرببڕێت: (بۆ سیس و کز بن بە گریان؟)، بەڵام واتاکەی تێکدەچوو، چونکە ناوی کرداری (سیسبوون)ی بۆ جوانییەکەیەتی و ناوی کرداری (کزبوون) بۆ چاوەکانییەتی، لەمەدا بە توانایی شاعیر دەرخراوە.

[٦٤] . بڕوانە پەراوێزی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و مامۆستا موحەمەدی مەلا کەریم، کە بۆ ئەم بەیتە شیعرییەیان نوسیوە.

٣٢٨- "بە غەدداری نەوەک ناوت بەرن، بمئەنجنی، قەت من

شکاتی جەوری تۆ بەر کەس دەبەم؟ بڕوانە چۆنم بۆت؟

پرسیارەکە بەم چەشنەیە: ئایا من بەرانبەر هەموو ئەو ناڕەحەتییانەی بە سەرت هێناوم، ئاشکرام کردووە بۆ کەس، کەواتە بۆ پێی نازانی؟

لە بەشێکی بەرچاوی شیعرەکاندا وەک دەقێک، بابەتێک خراوەتە ڕوو، دواتر پرسیارێک هاتۆتە ئاراوە، هاوکات لە هەندێک لە پرسیارەکاندا وەڵام ئاشکرا کراوە، ئەوەی بۆ ئەم کارە گرنگە هەڵهێنجانی چەمکی دەربڕراوەکانە، کە گوزارشت لە هزری شاعیر و بیرمەندان دەکات، وەک لە نموونەکاندا خراونەتە ڕوو.

## ١٢- فێرکاری و ڕێنمایی:

(پیرەمێرد) دەیەوێت لە ڕێی ئەم پەندەوە، ئاماژە بەوە بکات، کە سروشتی مرۆڤ لە چوار ڕەگەز پێکهاتووە، کە ئەوانیش؛ (ئاو و ئاگر و با و خاک)ن، هیچیان لەگەڵ ئەوی تریاندا هەڵناکات و هەمیشە ناکۆک و دوژمنی یەکن، بۆیە لە کۆتاییدا بە پرسیارێکی خوازەیی و بێ وەڵام، دەڵێت:

٣٢٩- "ئەو چوار عونسورەی سروشتی منن

هەر چواریان لەگەڵ یەکدا دوژمنن

ئاو و ئاگر و با، لەگەڵ خاکا

ئەویان لەگەڵ ئەو کاتێ هەڵ ناکا

کە من لەمانە دروست کرابم

چۆن لەگەڵ برای خۆما برابم؟" (پیرەمێرد ١٦٧١، ١٣٠)

شاعیر دوژمنایەتیی نێوان ئەو چوار ڕەگەزە گرنگەی سروشتی وەک نموونەیەک بۆ مرۆڤ هێناوەتەوە، کە بەشێک لەو سروشتەیان لەیەکێک لەو چوار ڕەگەزەوە وەرگرتووە. بۆیە ناتەبایی و خۆویستییان لا پەسەندە، نەک برایەتی و لێبوردەیی.

لە شوێنێکی تریشدا لە لاپەڕە (٢٠٠)ی هەمان سەرچاوە، دووبارە ئەو نموونەیەی دووبارە کردووەتەوە و دەڵێت:

٣٣٠- "سروشتی ئادەم لە چوار عونصورە

زدی یەک: باو خاک، ئاو و ئاگرە

ئەمانە لەگەڵ یەک چۆن هەڵدەکەن؟

تا دەستیان بڕوا یەک لە ناو ئەبەن"

هەمان واتا و مەبەستی نموونەی (٣٢٩) دەگەیەنێت، تەنیا یەک جیاوازیی لە نێوانیاندا هەیە، ئەویش باسی دەستڕۆیشتن دەکات، واتە ئەگەر کەسێک دەسەڵاتێک، یاخود سامانێکی هەبێت، هەوڵدەدات نزیکترین کەسی خۆی، کە براکەیەتی، چاڵی بۆ هەڵبکەنێ و دژایەتی بکات.

سەرەتای کۆپلەکان فێرکردن و ناساندنی توخمە پێکهێنەرەکانی مرۆڤە، تایبەتمەندیی توخمەکان لە سروشتی مرۆڤەکاندا ڕەنگدەداتەوە.

٣٣١- "کێ گوناه ناکا، کێیە؟ پێم بڵێ

هیچ کەس بێگوناه، کێیە؟ پێم بڵێ" (خەیام ٢٠١٩، ٥٠)

چەمکی ئەم دێڕە، لەوەدا بەدیدەکرێت، کە مرۆڤەکان لە ژیاندا، هەڵە دەکەن واتە ئەنجامدانی هەڵەو تاوان، لە سروشتی مرۆڤدایە و دەبێت عیبرەتی لێوەربگیرێت.

## ١٣- ئاگادارکردنەوە:

گێڕانەوەی کورتە چیرۆک و سەرگوزشتەکان بە شێوازێکی ئەدەبی باڵا بۆ ئەوەیە، مرۆڤی کورد بە ئاگا بهێنرێتەوە، لە ڕێیەوە ئامۆژگاریی تاکی کورد بکرێت، بۆ نموونە:

٣٣٢- "ئەڵێن چوار ڕێوی شێرێ کەوڵ ئەکەن

ئێوە کە شێرن بۆ چ پشت هەڵدەکەن؟

لەڕێی خزمەتی گەلا مەسرەون

وەک شێری بەیداخ ژوور سەرمان کەون

ئێوە دوو چشتتان بۆ دانراوە

یەکێ پێڵاو و یەکێ کڵاوە

ئەگەر پێڵاو بن ئەتاتکەنە پێ

کڵاو بن خەڵکی لەسەرتان ئەنێ

سەرو ژێر کەوتن بەدەست خۆتانە

خوێندن و جەهلە ڕێگای ئەم دوانە" (پیرەمێرد ١٦٧١، ٣٠٧).

لەم پەندە شیعرییەی (پیرەمێرد)دا دوای خستنەڕووی چیرۆکەکە، پێیان دەڵێت، چارەنووسی خۆتان بەدەستی خۆتانە، دوو بژاردەی دژبەیەکی بۆ بەرجەستەکردوون، ئەوانیش

(کڵاو و پێڵاو)ە، ئەگەر کڵاو هەڵبژێرن، ئەوا دەخرێنە سەر، ئەگەر کەمتەرخەمیش بن، ئەوا وەک پێڵاو دەکرێنە پێ.

٣٣٣- "چەند پێت ناخۆشە، لای خەڵکیش وایە؟

دەستت درێژ کرد، کورتی لە دوایە" (ب.پیرەمێرد ١٦٧١، ٣٦٣).

ئەم پەندە شیعرییە ئاگادارکردنەوەی تێدایە، ئەگەر کەسێک کارێکی خراپی لەگەڵ کردی، چەندێک ناخۆش بێت بەلاتەوە، دەبێت ئەوە بزانیت، ئەگەر پێچەوانەی بکەیتەوە، تۆ کارێکی خراپ بەرانبەر کەسێک بکەیت، ئەوا ئەویش وەکو تۆ پێی ناخۆشە، بۆیە ئامۆژگاری دەکات، ئەگەر دەستدرێژی بکەیتە سەر کەسێک، ئەویش دەتوانێت بەرەنگارت بێتەوە و چاوەڕوانی ئەوەش بە، کە هەمان کارت بەرانبەر بکاتەوە.

## ١٤- بێباکی:

مرۆڤ ئەگەر بێت و لەو ڕووداوانەی دەوروبەری خۆیەوە وانە وەرنەگرێت و بێباک بێت، ئەوا هەر ڕۆژێک دێت، لەو کردارانەی لە ڕابردوودا ئەنجامی داون، پەشیمان دەبنەوە، بەڵام کاتێک لەو کردارەی دەیکەیت، ئاگاداریان کردیت، ئەگەر بێباک بوویت بەرانبەریان، ئەوا هەر ڕۆژێک دێت، خۆیشت بە چاو دەیبینیت. بۆ نموونە:

٣٣٤- "بە مەلایان گوت قیامەت کەیە؟

وتی کە مردی مەحشەر ئەوەیە

تا خۆمان نەمرین نازانین چییە؟

بە مردنی خەڵک باوەڕمان نییە" (پیرەمێرد ١٦٧١)

لە شوێنێکی تری هەمان سەرچاوە لاپەڕە (٣٣١) پیرەمێرد، دەڵێت:

٣٣٥- "بە خواجەیان گوت: قیامەت کەیە؟

وتی: کە مردم، قیامەت ئەوەیە

ئەڵێن: فەلەستین لە دەست حەوت دەوڵەت

چۆن وا بە ئاسان دەست جوولەکە کەوت؟!"[٦٥] (ب.پیرەمێرد ١٦٧١، ٣٣١).

---

[٦٥] . هەردوو پەندە شیعرییەکە دوو نیوەدێڕی یەکەمیان هاوبەشە، بەڵام لە نیوەدێڕی سێیەم و چوارەمدا لە نیوەدێڕی سێیەم و چوارەمی (٣٣٥)دا، (فەلەستین)ی ژێردەستی جوولەکە بە وشەی پرسی ئاوەڵکردای چۆنێتی (چۆن)ەوە گومانی لای خوێنەر دروست کردووە، کە هەر حەوت دەوڵەتە زلهێزەکەی جیهان چۆن بە ئاسانی پێشکەشی جوولەکەیان کرد.

پرسیارێکی ڕاستەوخۆ لە کەسێکی شارەزا دەکرێت، کە پاشخانێکی باشی هەیە، ڕاستەوخۆ وەڵامێک لە جێی خۆی دەداتەوە، بۆیە ئەگەر دوور لە ڕای شارەزایان ڕەفتار بکەیت، ئەوا دوارۆژێکی خراپ چاوەڕوانت دەکات.

## ١٥- لۆجیک و بیرکردنەوە:

مرۆڤی دانا توانایەکی باشی لە لۆجیک و بیرکردنەوەکاندا هەیە، مرۆڤیش توانایەکی باشی لە لێکدانەوەی ڕووداوەکاندا هەیە، هەموو ئەوانە لە شوێنێکدا پارێزراوە، پێی دەگوترێت (ئاوەز/هۆش)، دوای بیرکردنەوە لە ئەنجامدانی هەر کارێک، دەتوانرێت چارەسەری سەرجەم گرفتەکانی پێ بکرێت، بەو کەسەش دەگوترێت (لۆجیکی). بۆ نموونە:

٣٣٦- "عەقڵ ئەڵێ کارێک کە لەڕێتایە

لێکی بدەرەوە، بزانە چی تیایە؟" (پیرەمێرد ١٦٧١)

لەم پەندەی (پیرەمێرد)دا ئاوەز/هۆشی بە سەرچاوەی لێکدانەوەکانی مرۆڤ داناوە، چونکە دەتوانێت ژیانێکی شایستەی پێ ببەخشێت، سەرچاوەی شرۆڤە و شیکارییە وردەکان هەر لە (هۆش)دا دەکرێت، بۆیە لێکدانەوەی پشت ڕووداوەکان وادەکات، مرۆڤ کەمترین هەڵە بکات.

لە لاپەڕە (٣٢٩)ی هەمان سەرچاوە، (پیرەمێرد) دەڵێت:

٣٣٧- "زاتەن نەتیجەی دنیا ئەمەیە

هیچ کەس نازانێ ژینی تا کەیە؟"

تا ئێستا ڕوون نەبووەتەوە، بۆ هیچ کەسێک تا کەی دەژی و نهێنی ژیان چییە؟ بۆیە نازانێت، لە کەی و لە کوێدا کۆتایی دێت؟

## ١٦- سەرزەنشتکردن، گلەیی:

(حاجی قادر) لەم بەیتەدا دەڵێت:

٣٣٨- "چی لە من داوە ئەجەل حەققی نی یە بێتە سەرم

خۆم ئەسیرم، دڵە نەزرە، ئەوە جانیش گرەوە" (أ.حاجی ١٩٨٦، ١٢٣)

نیوەدێڕی یەکەم ڕۆنانی پرسیارێکی باسمەندیی هەیە، (بەرکار پێشخراوە بە یاسای topic)، سەرپشکیانە بکەرەکەی بۆ دوای کردارەکە گواستووەتەوە و داوای وەڵامیش ناکات، بۆیە بە پرسیارێکی خوازەیی دادەنرێت، سەرزەنشتی خۆی دەکات، کە لێرەدا مەبەستی لە میللەتەکەیەتی لە نیوەدێڕی دووەمدا ڕوونی کردووەتەوە و بە ئەسیریی و نەزرکراویی، لەولاشەوە (جانی)، کە مەبەستی لە داگیرکەرە گرەو لە سەر داهاتووی کورد دەکات، لەبەر هەموو ئەمانە (ئەجەل)، کە مەبەستی مەرگە بێت و ناوم گوم بکات؟!

٣٣٩- "کێ قەدری شیعری ئێمە دەزانێ، بەری دەکا

هەر صاحێبە لەبەرکەری کالایی بێ ڕەواج" (مەحوی ١٩٨٤، ٩٣)

ئەم بەیتەی مەحوی گلەییەکی بەسۆزە لە کۆمەڵێکی پاشکەوتوو.[٦٦] کە مەبەست لەو کۆمەڵە بەناو خوێنەوارانەیە، کە خۆیان لە شتی بێ کەڵک و بەرهەمی ناجۆر نزیک کردووەتەوە، لەولاشەوە بەرهەمی بەسوود و گرنگیان وەلا ناوە.

(مەحوێ) دەڵێت: هەر کەسێک، کە قەدری شیعرەکانم دەزانێت لەبەریان دەکات و دەیانڵێتەوە، بەڵام کالای نارەواج تەنیا خاوەنەکانیان لەبەری دەکەن. ئەمەش بەراورد و نرخاندنی بەرهەمی خۆیەتی، بەرانبەر بە بەرهەمی بێ سوود و بێ کەڵک.

هاوکات (موفتی پێنجوێنی)یش لە شیعری (گەورەیەکدا) سەرزەنشتی ئەو کاربەدەست و بەرپرسانە دەکات، کە خزمەتی خەڵک ناکەن، لەگەڵ ئەوەی کەسانێک هەن، بێ بەرانبەر گوێڕایەڵیان دەکەن:

٣٤٠- "گەورەیەک بۆ من نەبێ سێبەری

بۆ خۆم بگێڕم لە دەوری سەری؟

بە وشکی بۆچی ببمە مەیتەری

وەختێ دەرکەوێ هەستم لەبەری" (پێنجوێنی ٢٠١٦، ١٠٨)

لە شوێنێکی تردا، (موفتی پێنجوێنی) دەڵێت:

"کەی ئەمە حاڵە، کەی ئەمە ژینە؟

کەی ئەمە ڕەحمە، کەی ئەمە دینە؟"

بەهەمانشێوە ناڕەزایی و گلەیی لەم دێڕە شیعرەی (موفتی پێنجوێنی)دا ڕەنگی داوەتەوە، کە بە زمانی کچەکەی (ڕابیعە خاتوون) نووسراوەتەوە.[٦٧]

## ١٧- ڕێنماییکردن:

ڕۆنانێکی پرسیارییەو دەیەوێت ڕێنمایی گوێگر بکات و بابەتە گرنگەکانی پێڕابگەیەنێت. بۆ نموونە:

٣٤١- أ- تۆ ناتەوێ، دەربچیت؟

---

[٦٦] . بڕوانە پەراوێزی (٦)ی لاپەڕە (٩٣)یی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و مامۆستا موحەمەدی مەلا کەریم، کە بۆ ئەم بەیتە شیعرییەیان نوسیوە.

[٦٧] بەهەمانشێوە ناڕەزایی و گلەیی لەم دێڕە شیعرەی (موفتی پێنجوێنی)دا ڕەنگی داوەتەوە، کە بە زمانی کچەکەی (ڕابیعە خاتوون) نووسراوەتەوە. بڕوانە https://www.youtube.com/watch?v=q٦Z_٥٥JnYs٠

ب- تۆ دەتەوێ دەربچیت؟ (ئاوازەکەی لە گرێ کردارییەکەدا بۆ سەرەوەیە)

ئەم ڕۆنانە پرسیارییە، کە بەهۆی ئاوازە و نەرێکردنەوە سازبووە. بۆ ڕێنماییکردنی قوتابییەکە، کە لە بابەتێکدا دەرنەچووە و ڕێنماییکار، کە دەشێت مامۆستای بێت، دەیەوێت پێی بڵێ: وەرە لەم بابەتانەدا کۆشش بکە چونکە گرنگن و بۆی دەستنیشان دەکات، پێیدەڵێت ئەگەر دەتەوێت دەربچیت، ئەوا دەبێت ئەو بابەتانە بخوێنیتەوە، کە بۆت دەستنیشان کراوە. واتە هەردوو ڕستەی (٣٤١أ و ب) هاوواتان.

٣٤٢- "ئەو کەسەی کە لووت لە دۆست هەڵدەکا

بێگانە چۆنی باوەڕ پێ دەکا؟

ئەوانەی بەدی ئەهێننە دی

ئایا لە چاکەی بەدی چیان دی؟" (پیرەمێرد ١٦٧١، ٣٨)

شاعیر ڕێنمایی ئەو کەسانە دەکات، کە پشت لە دۆستەکانیان وەردەگێڕن، بۆیە وشەی ئاوەڵکرداری چۆنێتی پرس پێیان دەڵێت لە ئاکامی ئەو کارەتان بەرانبەر بە دۆستەکانتان، متمانەتان لە (بێگانە) نامێنێت، بۆیە نموونەی ئەو کەسانەی بەدخوون دەهێنێتەوە، کە لە کۆتاییاندا هیچیان دەست نەکەوتووە. ئەمەش دەچێتە خانەی ڕێنماییکردنەوە.

لە هەمان سەرچاوە لاپەڕە (٣١٣)دا دەڵێت:

٣٤٣- "تۆ بۆنی شیری خاوت لە دەم دێ

کە ڕێ نازانی چۆن ئەگەیتە دێ؟

بەردێ هەڵگرە کە بیوەشێنی

نەک شان و قۆڵی پێ بڕەنجێنی"

هەروەها لە پەندە شیعری (٣٤٣)دا، مەبەستی لەو کەسە کەم ئەزموون و تازە هەڵکەوتووانەیە، کە خۆیان بە کارێک لە خۆیان گەورتر خەریکدەکەن، بەڵام لە کۆتاییدا ناتوانن ئەنجامی بدەن و هەر ماندووبوون و ڕەنجدانیان بۆ دەمێنێتەوە. لەپاڵ ڕێنماییکردندا سەرزەنشت هەیە، وەک ئەوەی دەوترێت، ئاسنی سارد دەکوتێت.

## ١٨- نکۆڵیکردن:

دوو جۆری هەیە، یەکەمیان ئاگادارکردنەوەیە و ئەوی تریشیان بە درۆخستنەوەیە (الثوابیة ٢٠١٤، ٥٠٤) واتە ڕۆنانێکی پرسیارییە و چەمکی نکۆڵیکردن دەگەیەنێت، ئەم چەمکەش زیاتر لە گفتوگۆیەکی ئاساییدا بەدییدەکرێت، هاوکات لەو گفتوگۆیانەی لە ناو چیرۆک و ڕۆمانەکاندا هەن، بۆ نموونە (ئەحمەد موختار جاف) لە چیرۆکی (مەسەلەی ویژدان)دا خاوەنکار، کە پێشتر

لە گوندەکاندا (تووتن)ی کۆکردووەتەوە، دوای ئەوەی فێڵی لە باتمانە تووتنەکانیاندا کردووە، لە سەر وەختی ساغکردنەوە و فرۆشتنی تووتندا جووتیارەکان هاتوون، داوای پارە و حەقدەستی تووتنەکانیان وەربگرنەوە، ئەم گفتوگۆیە بەرجەستە بووە:

٣٤٤- "ئەم قەرەباڵغیە چییە؟ بۆچی هاتوون؟

- قوربان هاتووین بۆ نرخی تووتن بڕین

کە وایان وت، دەفتەرێکی دەرهێناو وتی:

- مردووتان مریێ، نرخی چی؟ هەموو قەرزارن! ئەمساڵ باتمانێ تووتن دوو ڕوپیە ناکات." (جاف ٢٠٠٨، ٢٤)

ڕستەی کۆتایی، کە دەڵێت: "مردووتان مریێ، نرخی چی؟" لەگەڵ خستنەڕووی کەتافۆڕی (ئەمساڵ باتمانێ تووتن دوو ڕوپیە ناکات!) ئەوەی نیشانداوە، کە نایەوێت حەقدەستەکەیان بدات، چونکە بە قسەی خۆی نرخێکی زۆر کەمی کردووە، بۆیە بە پرسیاری (نرخی چی؟) نکۆڵی لە پێدانی مافەکانیان دەکات، کە دەیەوێت بەهۆی ئەو ڕستە پرسیارییەوە چەمکێکی نەرێنی بەهێز نیشانی خاوەن مافەکان بدات، هاوکات دەیتوانی پێیان بڵێت: (نرخەکەیتان نادەمێ.)، بەڵام باشتر نەیدەتوانی مەبەستەکە بگەیەنێت، بۆیە ئەو ڕۆنانە پرسیارییە بەهێزەی بەکارهێناوە، چونکە "کردەی پرس لە ناو کردەکانی زماندا کاریگەرترینیانە" (عیدة ٢٠١٥، ١). هاوکات "بەکارهێنانی چەمکی (نکۆڵیکردن) بۆ ئەوەیە گوێگر ئاگادار بکاتەوە و شەرمەزاری بکات و واز لە مافەکەی خۆی بهێنێت" (فاعور ٢٠٠٦، ٨٤).

## ١٩- ڕوونکردنەوە و تێگەیاندن:

ڕۆنانێکی پرسیارییە و چەمکی تێگەیاندن بەرجەستە دەکات، بۆ نموونە:

٣٤٥- ئەی ئەوە چییە بە سەر سەرتەوەیە، چاویلکەکەت نییە؟

ڕستەیەکی ئاڵۆزی پرسیارییە و ڕستەیەکی شوێنکەوتووی ئاوەڵکردارییە و شوێنی چاویلکەکە ڕوون دەکاتەوە.

دوای ئەوەی پرسکەر زەرفێکی نامە دەداتە دەستی گوێگر و ئەم ڕستەیەی خوارەوە دەردەبڕێت:

٣٤٦- دەزانیت؛ ئەوە چییە، بە دەستەوە؟!

ئەم ڕستەیە نایەوێت پرسیار لەو شتە بکات، کە پێیداوە و بە دەستییەوەیە، بەڵکو دەیەوێت تێیبگەیەنێت، ناوەڕۆکی ئەو شتەی لە ناو دەستی گوێگردایە ڕوون بکاتەوە و تێیبگەیەنێت.

٣٤٧- "من لێبوومەوە لەم پەند و بەیتە

من وا بۆ تۆمە، ئەی تۆ بۆ کێتە؟" (پیرەمێرد ١٦٧١، ١٨٧).

شاعیر ڕاشکاوانە پێیان دەڵێت، هەموو پەندە شیعرییەکانم بۆ خستوویتە بەردەست، واتە بۆ تۆیە و  لە پێناو ڕێنماییکردن و ڕوونکردنەوەیە بۆ ئەوەی تێبگەن.

## ٢٠- دووبارەبوونەوە:

ئەم چەمکە لە ڕێی ڕۆنانێکی پرسیارییەوە، کە زیاتر گرێی پرسی (چەند ...) بەکاردەهێنرێت و لە ڕێیەوە ئەوە دەخرێتەڕوو، کە کارێکی خراپ، یان باشی لەگەڵدا کردووە و دووبارەشی کردووەتەوە، واتە چەمکی دووبارە بوونەوە بۆ بە ئاگا هێنانەوەیە. بۆ نموونە:

٣٤٨- چەند جار کێڵگەی دڵمت سووتاند؟

لەم ڕستە پرسیارییەدا دووبارەبوونەوەی ڕەفتارێک نیشان دەدات، کە پرسکەر داوای وەڵام ناکات، بەڵکو دەیەوێت لە ڕێیەوە ئازارەکانی خۆی لە ڕێی گرێی ئاوەڵناوە پرسکەوە ڕابگەیەنێت. کەواتە دەتوانرێت بگوترێت هەندێک ڕۆنانی ڕستەی پرس، دەکرێت دەربڕی دوو مەبەست، یان زیاتر بێت، وەک دووبارەبوونەوە و ئازارچەشتن.

## ٢١- خۆزگەخواستن:

خۆزگەخواستن بۆ شتێکە لە داهاتوودا بێتە دی، "داوای هاتنە دی، یا کردنی شتێکی ئازیز و خۆشەویستە، کە بوونەکەی لەوانە نەبێ بێتە دی" (گەردی ١٩٧٩، ٤٣). وشەی پرسی (ئاخۆ و ئاخ) بۆ چەمکی پرسی خۆزگەخواستن بەکاردەهێنرێت.

٣٤٩- ئاخۆ کەی بێت، ...؟

بەکارهێنانی (ئاخۆ و خۆزگە) مەبەست و چەمکی خۆزگەخواستن دەگەیەنێت، وەک ئەوەیە بڵێی بۆچی نەهاتیت؟

٣٥٠- "ئاخ کێ بێ بانگ و هاوار و پەیام

بگەیەنێتە گوێ گۆڕی خەیام؟" (أ.دیلان ٢٠٢٢)

شاعیر مەبەستێتی لە ڕێی ئەو ڕۆنانە پرسیارییەوە بانگ و هاوار و داخوازی میللەت بگەیەنێتە گوێ گۆڕی خەیام بۆ ئەوەی بەو توانا گەورەیەوە هاوار و ناڵە و پەیامی کورد بە گوێی هەموو جیهاندا بدات.

٣٥١- کەی دێتەوە، کەی دێتەوە، تافی لاوی، کەی دێتەوە؟ (ئەم دەقە شعرییەی (پیرەمێرد) لە زاری (عەلی مەردان)ەوە، چەمکی خۆزگەخواستن لەخۆدەگرێت، کە هەرگیز نایەتە دی.)

## ٢٢- ڕەتکردنەوە (بە زمانی جەستە):

ڕەتکردنەوەی داوایەک، کە زۆرجار بە زمانی جەستە ئەنجام دەدرێت.[٦٨] بۆ نموونە:

٣٥٢- "گوتم: ئایا بە زاری خۆت دەپرسی حاڵی زاری من؟

بڕۆی هێنایە یەک، وەک شکڵی (لا) یەعنی کە بێ زارم" (نالی ١٩٧٦، ٢٧١)

لەم بەیتەی نالیدا نیوەدێڕی یەکەم ڕۆنانێکی پرسیارییە، تەنانەت وەڵامەکەشی پێشبینی کردووە، ئەویش بە بەکارهێنانی ئاماژەکانی دەموچاوی، پرسیارەکەی ڕەتکردووەتەوە و نایەوێت لە حاڵی زاری (نالی) بپرسێت، واتە بە ئاماژە وەڵامی داوەتەوە، چونکە (بێ زارە)، واتە نەیدرکاندووە، شاعیر لەم بەیتەدا هاوبێژی لە نێوان هەردوو وشەی (زار)دا بەرجەستەکردووە، کە لە یەکەمیاندا پرسینی حاڵی نالییە و لەوی تریشیاندا (زار)ی وەک زمان بەکارهێناوە.

## ٢٣- بڕیاردان:

پرسکەر داوا لە گوێگر دەکات، بڕیار لە سەر شتێک بدات و هەڵوێستێک دەرببڕێت، جا بە ڕەتکردنەوە بێت، یان لەگەڵیدا بێت. بڕیاردان بە دوو شێوە دەبێت: یەکەم "داوا لە گوێگر دەکات هەڵوێستی بەرانبەر ڕووداوێک هەبێت، کە بە ویستی پرسکەر بێت. دووەم لێکۆڵینەوە و جەختکردنەوە و جێگیرکردن ئەمەش گوێگر پابەند دەکات بە داواکارییەکانی پرسکەرەوە" (الثوابیة ٢٠١٤، ٥٠٣).

(فەرەیدون عەبدول بەرزنجی) لە هۆنراوەی (ئێستاش چاوەڕێم بییتەوە)دا، دەڵێت:

٣٥٣- "خەمی تۆ لای کێ باس بکەم؟

چی دڵی من ئەداتەوە؟

عەشقی تۆ چۆن پێناس بکەم؟

بە چی دڵ ئاو ئەخواتەوە؟"

لە دوای ئەوەی دڵبەرەکەی بەجێی هێشتووە، پەسنێکی جوانی ئەو ساتانەی دەکات، کە هەست بە چی دەکات و چی دەگوزەرێ، بۆیە بەم چەند پرسیارە بێ وەڵامە تامەزرۆی گەڕانەوەی دەکات، واتە بڕیاری داوە، چیتر لە بیری نەکات و چاوەڕێی گەڕانەوەی بکات.

---

[٦٨] . مرۆڤ هەر لە منداڵییەوە زمانی جەستەی چالاکە و دەتوانێت هەموو داواکارییەکانی خۆی پێ ئەنجام بدات، لە کاتێکدا دایک کە نزیکترین کەسە لە منداڵەکەیەوە لە ڕێی ئاماژە جەستەییەکانەوە دەزانێت منداڵەکەی برسییەتی، دەگری، ئازاری هەیە، کە لە هەموو گریانەکانی تێدەگات و تەنانەت شوێنی ئازارەکەش دەزانێت، تێرە سەری ڕادەوەشێنێت بەملاو بەولا، واتە برسیم نییە، ... هتد.

## ٢٤- ئازارچەشتن:

چەمکی پشت ڕستە پرسیارییەکان، کە لەلایەن پرسکەرەوە دەکرێت، زۆربەیان بۆ وەرگرتنەوەی وەڵام نییە، بەڵکو دەردەدڵی و ئازارچەشتنی پرسکەر نیشان دەدات، بڕوانە ئەم نموونانەی خوارەوە: گۆران لە هەڵبەستی (سەوزەگیای پاییز)دا لە دێڕی حەوتەم و هەشتەمدا، دەڵێت:

٣٥٤- "خۆم بە خۆم ئەڵێم: یاران من چیم کرد؟  بۆچ عومری جوانیم وەک پیر بەسەر برد؟

منیش لە دایکی تەبیعەت زاوم،  بۆچ کردەوەی ئەو نابینێ چاوم؟" (گۆران ١٣٨٢، ١٣٧)

لەم دوو بەیتەدا شاعیر سەرزەنشتی خۆی دەکات، ئازار دەچێژێت، بەهۆی لەدەستچوونی تەمەنی لاوێتییەوە، کە هەرچەندە ئەم کەسێکی خاکییە و لەو سروشتە جوانە لەدایکبووە، بەڵام بەپێی پێویست نەیتوانیوە سوود لە جوانیی وەرزی بەهار ببینێت، کەچی ئەم لە پاییزدا بەهۆش خۆی هاتووەتەوە، واتە کاتێک وریا بووەتەوە کە ئیتر تەمەنی بەرەو خەزان هەنگاوی ناوە.

هەروەها لە هەڵبەستی (ئاخ، هەزار ئاخ) دا، چەند ڕۆنانێکی پرسیاری هەیە، کە هەموویان سەرزەنشتکردن و بێزاریی شاعیری زۆر پێوە دیارە، کە ئازارێکی زۆر دەبینێت:

٣٥٥- "مەردی، بێباکی، دلێری بوو هەموو ...

کوا؟ مەگەر ئەسڵی نەبوو؟

بۆ سەرم نەرمە لە عاستی بەندی دیلی، داخەکەم؟

بۆ لە نزمی و پەستییا وەک گۆمی لووت[٦٩] شاخەکەم؟"

(مەحوی) پێشتر ئازاری دووری و ڕوو وەرگێڕانی یاری بینیوە، بۆیە لەم بەیتەدا دەڵێت:

٣٥٦- "وتم: ئەو خاڵە چ بوو هەر کەڕەتێکت دەرخست

وتی: داغێ بوو بە جەرگ و دڵی (مەحوی)ما نا." (مەحوی ١٩٨٤، ٣٥)

شاعیر پرسیار دەکات، دەربارەی ئەو خاڵەی لە سەر ڕووی یاری هەبووە، کە تەنیا یەکجار لە نزیکەوە بینیوویەتی، بەڵام هەرگیز جارێکی تر خۆی بۆ دەرنەخستووەتەوە، وەڵامی یاریش بۆ شاعیر ئەوەیە، کە جارێکی تر ڕووی بەو شێوەیە بۆ دەرناخاتەوە، ئەو جارەش تەنیا بۆ ئازاردانی بووە.

---

[٦٩] . گۆمی لووت: بەحری مەییت لە فەلەستین، کە لە ڕووی ئاستی دەریاوە زۆر نزمترە. بڕوانە (گۆران ١٣٨٢، ١٥٠)

(عەباس ساڵح) لە هۆنراوەی (ڕۆحێکی وەریو)دا هەمان ئازاری چەشتووە.

٣٥٧- "ئەی ئەڤینی حەقیقەت و

تێکشکانی من

ئێستا لە کوێی؟

یاری بە چ ڕۆحێکی دی دەکەی؟" (ساڵح ٢٠٠٧، ٤)

هەردوو ڕستە پرسیارییەکەی کۆتایی هۆنراوەکە، کردەی پرسی ڕاستەوخۆیە، بەڵام بەهۆی ئامادەنەبوونی گوێگرەوە هیچ وەڵامێک بۆ پرسکەر بەدەستناهێنرێت. لەڕێی ڕستەکانی پێش ڕۆنانە پرسیارییەکەوە، بە بەکارهێنانی ئامرازی (ئەی) بانگکردنەوە، بانگی ئەڤینی ڕاستەقینەی خۆی دەکات، بەڵام دواتر بووەتە هۆی تێشکانی و بەهۆیەوە ئازار دەچێژێت، دواتر دوو پرسیاری بێ وەڵامی ئاڕاستە دەکات؛ جارێک داوای شوێنی لێ دەکات، کە ئەمەش تامەزرۆییە و ئەوی تریشیان نائومێدییە، چونکە پێیوایە بووەتە پیشەی و یاری بە کەسێکی تر دەکات.

## ٢٥- هاندان:

٣٥٨- "تا کەی چاوەڕێی ئەم و ئەو ئەبی؟

تا کەی تەمەڵ و چاو لە خەو ئەبی؟

تا کەی خەریکی ڕۆژ و شەو ئەبی؟

تا کەی بۆ ڕاوی قەومت، کەو ئەبی؟

بمرە قەت مەژی خۆت مەکە بەدناو." (خەیام ٢٠١٩، ٢٢٢)

چەمکی پشت چوارینە پرسیارییەکە و ڕستە هەواڵییەکەی کۆتایی کە بە شێکە لە وەڵامی پرسیارەکان، هاندانی خوێنەرە بۆ ئەوەی کارکردنەکانی و هەوڵدانەکانی دژی نەتەوەکەی نەبن، نەبنە پوازی دەستی دوژمن.

## ٢٦- بێدەسەڵاتی و بێتوانایی:

٣٥٩- "کەی من هاتنم بە دەستی خۆم بوو؟

یاخۆ مردنم بە ئارەزوو بوو؟" (خەیام ٢٠١٩، ١٥٨)

ئەگەرچی ئەم دێڕە واتایەکی سادە و ڕوون لەخۆدەگرێت، بەڵام چەمکی شاراوەی پشت دێڕەکە بێدەسەڵاتی و دەستەوسانی و بێتوانایی لەخۆدەگرێت.

له شوێنێکی تردا، (خەیام) دەڵێت:

٣٦٠- "کێ له هاتندا پرسی پێکرا؟

خۆ له مردندا هەر بەزۆر برا.

کە، من بەدبکەم، هەر تۆش بەدبکەی

فەرقی من و تۆ چییە؟ پێم بڵێ" (خەیام ٢٠١٩، ٣٦)

له نیوەدێڕی یەکەمدا ڕاستییەک دەدرکێنێت، کە هاتنەئارای ڕۆح و جەستەیە، کە له دەسەڵاتی خودا دایە، هەروەک چۆن بەرزکردنەوەی ڕۆح و جیاکردنەوەی له جەستە له دەسەڵاتی تاکدا نییە. بۆیە له دێڕی دووەمدا بێدەسەڵاتی مرۆڤ و باڵادەستی خودا لەوەدا دەبینێت، تاوانی مرۆڤەکان بە لێبوردەیی و بەخشینی خودا بەرانبەر دەکاتەوە، نەک هاوسەنگی.

## ٢٧- قەناعەت:

٣٦١- "لەم دنیایەدا گوزەران وایە

کێ ئەڵێ: گێتی ئاسوودەی تیایە؟" (پیرەمێرد ١٦٧١، ٣٠٨)

(پیرەمێرد) لەم دێڕەدا دڵنەوایی بەرانبەر دەداتەوە، کە گوزەرانی مرۆڤ له هەموو شوێنێکدا وەکو یەکە، له هەر شوێنێکی جیهاندا بیت، ئەگەر ئاسوودە نەبوویت، ئەوا هەر وەکو خۆتیت، کەواتە دڵگران مەبە بەم ژیانەی تێیدایت. چەمکی شاراوە هاندانی مرۆڤە بۆ ئەوەی ڕازی بێت بەو بەشەی بۆیبڕاوەتەوە.

٣٦٢- "بە دوو ڕۆژ نانێ پەیدا بکا پیاو

گۆزە شکاوێ لەگەڵ دوو قوم ئاو

بۆچی خزمەتی ئەم و ئەو بکا؟

وەیا مەئمور بێ: درۆ وچاوڕاو" (خەیام ٢٠١٩، ٦٢)

مرۆڤ، کە بە ڕەنج و شانی خۆی بژێوی خۆی پەیدا بکات، بۆ دەبێت خزمەتکاری کەسانی تر بێت؟ یان داوای لێبکرێت درۆودەلەسە بۆ بەرژەوەندیی خەڵکێک بکات. بە واتا مرۆڤ دەبێت، خاوەنی کەسێتی خۆی بێت و خۆی ڕسوا نەکات و قەناعەتی بە ژیانی سادەی خۆی هەبێت.

له شوێنێکی تردا (خەیام)، دەڵێت:

٣٦٣- " تا کەی بۆ دنیا غەم ئەخەیتە دڵ؟

چاو پڕ له فرمێسک، دڵت پڕ له کوڵ" (خەیام ٢٠١٩، ١٤٦).

چەمکی شاراوەی پشت ئەم دێڕە ئەوەیە؛ با ژیان قورس نەکەین و گرفتەکان بە سەر خۆماندا زاڵ نەکەین، تەمەن بە حەسرەت و غەمەوە بەڕێ نەکەین، بەڵکو قانیع بین.

٣٦٤- "لە پەنجەرەی کۆشکێکەوە

تیرێک دەستی

بە ورگی خۆیا ئەهێناو

ئەیوت: سەیرە

هێجگار سەیرە

چۆن لەتێ نان

ئەبێتە تەنیا دروشمێ

بۆ شۆڕشی برسییەکان" (بەرزنجی ٢٠١٨، ١٣٤).

هەرچەندە ئەم دەقەی (٣٦٤) بەراوردێکی چینایەتییە لە نێوان چینی دەوڵەمەند و چینی هەژاردا، بەڵام چینی دەوڵەمەند پێی سەیرە، کە هەژارەکان تەنیا بۆ بەدەستهێنانی لەتە نانێک هەوڵێکی زۆر دەدەن، بۆ ئەوەی هیچ نەبێت، لە برسانا نەمرن و بەردەوام بن، هاوکات ئەوەی هەژارەکانی لە سەر مانەوە و بەردەوامییان لە ژیانکردن مکوڕ کردووە، ئەویش قەناعەتکردنە بەو ژیانەی تێیدان.

## ٢٨- خۆبەختکردن:

٣٦٥- "لە ڕێی میللەتدا مردن مەردییە

مردن مردنە لینگەفڕێ چییە؟!" (ب.پیرەمێرد ١٦٧١، ٤٤)

(پیرەمێرد) لەم دێڕەدا ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە مرۆڤ پێش ئەوەی بمرێت، پێویستە بۆ میللەتەکەی دڵسۆز و بە وەفا بێت، ئامادە بێت خۆی بۆ بەخت بکات، هیچ سڵ لە مردن نەکاتەوە.

لە کۆتایی ئەم بەشەدا دەگوترێت: شێوازەکانی پرسیار لە گفتوگۆیەکدا، یان لە چوارچێوەی دەقێکی نووسراو، پەخشان بێت، یان شیعر، فەرمی بێت، یان نافەرمی، دەربڕاو بێت، یان جەستەیی، یاخود لێکەوتەیەک بەرهەمدێنێت، جا ئەو لێکەوتەیە تێگەیشتنی سیمانتیکی بێت، یان پراگماتیکی، دەبێت خوێندنەوەیەکی تەواو لەخۆبگرێت، کە لە توانای گوێگر، یان پرسلێکراو بێت، بە تایبەت لە پرسیاری ڕەوانبێژیدا بۆ جووڵاندنی هەستێک، یان هەڵوێستێک لە ناخیدا دروستدەکات.

# ئەنجام

# ئەنجام

١. پرسکردن وەک ئەرکێکی سەرەکیی پەیوەندییکردن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لە فۆڕمی وشە و گرێی پرسدا دیاریکراوە، بە دوو شێوە بەرچاو دەکەوێت، یان وەک مۆڕفیمێکی سەربەخۆ، یاخود لە ڕۆنانی مۆرفۆسینتاکسدا.

٢. چەمک وەک پێکهاتیەکی ئاوەزی لەگەڵ واتاو مەبەستدا، ناوەڕۆک و کرۆکی ڕستە نیشاندەدەن، بە شێوەیەک چەمک دەسەڵاتی بە سەر فۆڕمە زمانییەکاندا هەیە، لەم تێزەدا بەپێی چەمک (نۆ) جۆری چەمکی سەرەکیی ڕستەی پرس دیاریکراون.

٣. دەرکەوتنی دیاردەی ئێرگەتیڤی لە زاری کرمانجیی ناوەڕاستدا، کە بە هۆی وشەی پرسەوە دروست دەبێت، جۆری ئێرگەتیڤەکەش مۆرفۆلۆجیانەیە و ڕێککەوتنەکەش بە هۆی بەرکاری ناڕاستەوخۆی پرسەوەیە لەگەڵ کرداری ڕستەکە.

٤. لە سیماسینتاکسی پرسدا پەیوەندیی لە نێوان سیمانتیکی ڕستەی پرس و سینتاکسی ڕستەی پرسدا پەیوەندییەکی هاوتەریبی بەدیدەکرێت، بە شێوەیەک واتاکانیان لەگەڵ کەرەستەکان یەکسان دەبنەوە، چونکە واتایەکی ڕاستەقینە بە هۆی ڕیزکردنی کەرەستەکانەوە پێشبینی دەکرێت، بەڵام لە پراگماسینتاکسی پرسدا پەیوەندییەکە نایەکسانە، چونکە واتای پراگماتیکی زیاتر لە واتایەک دەنوێنن، هەرچی ڕستەی پرسی ڕەوانبێژییە ڕستە پرسەکان بۆ بەهێزکردنی دەربڕینەکانە، داوای وەڵام لە گوێگر/خوێنەر ناکەن، چەمکێک، یان دوو چەمکی زیاتر دەگەیەنن.

٥. چەمک لە ڕوانگەی درککردنەوە لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیدا بەپێی پراگماسینتاکسی دەوروبەر، مەبەست و تێگەیشتنی جیاواز دەهێنێتە ئاراوە بە تایبەت لەو فۆرمانەی، کە تابۆن.

٦. لە پرسیاری شاراوەدا هەمیشە قسەکەر، یان پرسکەر ئەو ڕستانە هەڵدەبژێرێت، بۆ ئەوەی سەرنجی گوێگر بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و چەند ڕستەیەک وەک دەستپێکی قسە بەکاردەهێنێت، کە لە دوو توێیاندا داواکردن، یاخود پرسیارێکی شاراوەی تر دێتە ئاراوە، تا بتوانێت گوێگر بخزێنێتە ناو گفتوگۆیەکەوە و سەرنجی بەلای خۆیدا.

٧. ڕستەی پرسی ڕەوانبێژی لەگەڵ ڕۆنانە پرسیارییەکەدا تەواو پێچەوانە دەبنەوە، کە زیاتر لە دەقە ئەدەبییەکاندا دەستنیشاکراون، تیایدا پرسیارەکان داوای وەڵام ناکەن،

بەڵکو بۆ چەند مەبەست و چەمکێکی تر بەکاردەهێنرێن، کە (٢٨) چەمک و مەبەستی پشت بەکارهێنانی ڕستە پرسیارییەکان دەستنیشانکراون.

٨. ئاوازەی ڕستە ڕۆڵێکی گەورە لە سازکردنی ڕستەی پرسدا دەبینێت، کە بە هۆی بەرنامەی (پرات)ەوە دەتوانرێت، دەنگی ئاسایی پرسکەر بپێورێت، پلەی دەنگی و توندییەکەشی بزانرێت، کە لە نێوان ئاوازەی ڕستەی هەواڵگەیاندن و ڕستەی ڕاماندایە.

# سەرچاوەکان

# سەرچاوەکان

## أ- بە زمانی کوردی:


١. ئەحمەد ,بێستون حەسەن .*کۆمەڵەوشەو پێکەوەهاتن لە زمانی کوردیدا* .سلێمانی :چاپخانەی لەریا.٢٠١٢ ,

٢. ئەحمەد ,بەهیە حاجی .*سیماسینتاکسی پرس لە زمانی کوردیدا* .سلێمانی :کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی.٢٠٢٢ ,

٣. ئەمین ,د.وریا عومەر .*ئاسۆیەکی تری زمانەوانی* .هەولێر :چاپی دووەم، بڵاوکراوەی ئاراس .٢٠٠٩ ,

٤. ئەوڕەحمان ,ئالان محەمەد .*پەرچە واتا لە بۆتەی کۆزمانەوانیدا* .سلێمانی :زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زمان.٢٠١٥ ,

٥. أ.حاجی ,حاجی قادری کۆیی، .*دیوانی حاجی قادری کۆیی* .لە چاپکراوەکانی ئەمینداریتی گشتیی ڕۆشنبیریی و لاوانی ناوچەی کوردستان.١٩٨٦ ,

٦. أ.علی ,طالب حسین" .ڕستەی پرسیار لە زمانی کوردیدا تێڕوانینێکی سیماسینتاکسی ".*زانکۆ*.٣٨٥-٣٦٣ :٢٠١١ ,

٧. أ.فەرهادی ,ساجدە عەبدوڵا .*هەندێ لایەنی ڕستەسازی زمانی کوردی* .هەولێر :چاپخانەی حاجی هاشم.٢٠١٣ ,

٨. أ.فەرهادی ,ساجیدە عەبدوڵا .*ڕستەو پاش ڕستە تێڕوانینێکی ئەرکی* .هەولێر :دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس , ٢٠٠٨.

٩. أ.قادر ,أبوبكر عمر .*پرسیار لە زمانی کوردیدا* .هەولێر :کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین.١٩٩٣ ,

١٠. ا.قادر ,ئەبوبەکر عومەر" .شرۆڤەکردنی ڕستەی زمانی کوردی لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا ". *زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی ، بەرگی (٣)، ژمارە* .١٥٨-١٢٨ :٢٠١٧ ,*(٤)*

١١. أ.مەعروف ,.عەبدولجەبار مستەفا .*دروستەی ڕستەی ئاڵۆز لە زمانی کوردییدا* .سلێمانی :کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.٢٠٠٩ ,

١٢. أ.ئەحمەد ,مزگین عەبدولڕەحمان .*دۆخی ئێرگەتیڤ لە زمانی کوردیدا (کرمانجی سەروو* .)هەولێر :کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین.٢٠٠٦ ,

١٣. افخمی ,ابراهیم .*ئەوە چیە دەنگ و مەتەڵ کوردی* .تبریز، ایران :انتشارات محمدی-سقز.١٣٦٨ ,

١٤. أمین ,وریا عمر" .هێز و ئاواز ".*گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٣٤)، بەغدا*.١٥ :١٩٩٤ ,

١٥. ب .قادر ,سەباح ڕەشید" .تیۆری پاساودان لە زمانی کوردیدا ".*گۆڤاری ئەکادیمی ژمارە* .١٣٥-١٠٠ :٢٠١٠ ,*(١٦)*

١٦. ب.پیرەمێرد .*پەندەکانی پیرەمێرد* .ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان.١٦٧١ ,

١٧. ب.رسول ,صلاح حوێز .*پرەنسیپی ئابوریکردن لە زمانی کوردیدا، لەڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە و بچوکترین پرۆگرامدا* .کۆیە :کۆلێجی زمانی زانکۆی کۆیە.٢٠١٣ ,

١٨. ب.عەلی ,بەکر عومەر .*چەند لایەنێکی زمانەوانی* .هەولێر :چاپخانەی هێڤی.٢٠١٤ ,

١٩. ب.مەعروف ,عەبدولجەبار مستەفا" .پارامێتەری سەری ڕێزمانیی لە زمانی کوردیی و فارسییدا In "*لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردیی* by ,عەبدولجەبار مستەفا أ.مەعروف .٣٤-٦ ,سلێمانی :چاپخانەی سارا.٢٠٢٠ ,

٢٠. ب.مەعرووف ,عەبدولجەبار مستەفا" .نیشانەکردنی سینتاکسییانەو توخمییانە لە زمانی کوردییدا In "*پارامێتەری سەری ڕێزمانیی لە زمانی کوردیی و فارسییدا* .١٦٥-١٣٠ ,سلێمانی :چاپخانەی سارا.٢٠٢٠ ,

٢١. بوقرە ,بوقرە و .نەریمان خۆشناو ، نعمان *.ئاراستەکانی زمانەوانی نوێ )لە سوسێرەوە تا چۆمسکی .(*هەولێر : چاپخانەی ڕۆژهەڵات.٢٠١٦ ,

٢٢. بێخود ,مەلا مەحمودی مفتی، *.دیوانی بێخود* .بەغدا :چاپخانەی سلمان الاعظم.١٩٧٠ ,

٢٣. بێکەس ,شێرکۆ *.گۆڕستانی چراکان، ڕۆمانە شیعر* ."سلێمانی :دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.٢٠٠٤ ,

٢٤. بەرزنجی ,فەرەیدون عەبدول" .پاشماوەی سیستەمی ئێرگەتیڤی لە کرمانجی ناوەڕاستدا "*گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی B ژمارە* .٣٦-٢٧ :٢٠١٢ ,*(٣٧)*

٢٥. بەرزنجی ,فەرەیدون عەبدول *.نادیاری* .سلێمانی :چاپخانەی ڕۆمان.٢٠٠٨ ,

٢٦. بەرزنجی *.دیوانی فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی* .سلێمانی :کتێبخانەی یادگار بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.٢٠١٨ ,

٢٧. پ.قادر ,ابوبکر عمر" .بەراوردکردنی کردار لە زمانی کوردی و فارسیدا )لەڕوانگەی بەرنامەی کەمینەوە ".( *گۆڤاری زانکۆی جیهان*.٣٣-١ :٢٠١٨ ,

٢٨. پژوە ,ن .فاطمە دانش پژوە، و.شیروان حوسێن *.ئێرگەتیڤ لە زمانی کوردیدا کرمانجی سۆرانی -هەورامی* . هەولێر :ناوەندی ڕۆشنبیری ئاوێر.٢٠٢٠ ,

٢٩. پیرەمێرد *.پەندەکانی پیرەمێرد، بەرگی ٢*. ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان.١٦٧١ ,

٣٠. پێنجوێنی ,مەلا عەبدوڵای توتنجی، موفتی *.دیوانی موفتی پێنجوێنی* .سلێمانی :ناوەندی ئەندێشە، چاپی دووەم.٢٠١٦ ,

٣١. ت.ئەحمەد ,تریفە عومەر *.پراگماتیکی فەرهەنگی و پێکداچوونی پێکهاتەکانی، تێزی دکتۆرا* .سلێمانی :زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زمان.٢٠١٣ ,

٣٢. جاف ,ئەحمەد موختار *.مەسەلەی ویژدان، یان چۆن بووم بە خانەدان* .هەولێر :بڵاوکراوەی ئاراس.٢٠٠٨ ,

٣٣. حاجی ,ڤیان سلێمان *.کەرەسە بەتاڵەکان لەڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە )شێوەزاری کرمانجی سەروو .(* هەولێر :کۆلێجی زمان ، زانکۆی سەلاحەدین.٢٠٠٧ ,

٣٤. حسێن ,شیلان عومەر" .زمان و پەرەپێدانی مرۆیی In "*.زانستی زمانی کارەکیی* by ,شیلان عومەر حسێن .٨٤-٤٩ , سلێمانی :چاپخانەی پیرەمێرد.٢٠٢١ ,

٣٥. حسەین ,:شیلان عومەر *.پەیوەندیی سینتاکس و سیمانتیک لە ڕێزمانی کوردیدا* .سلێمانی :بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.٢٠١٢ ,

٣٦. حسەین ,:ئازاد ئەحمەد" .یاساکانی گواستنەوە بەگشتی لە شێوەزاری سلێمانیدا "*گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ژمارە* .٤٨-٢٩ :٢٠١٢ ,*(٣٤)*

٣٧. حەسەن ,فەرهەهاد تۆفیق *.پەیوەندییە سیمانتیکییەکان و هەندێک دیاردەی واتایی لە زمانی کوردیدا* .سلێمانی :کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.٢٠١٠ ,

٣٨. حەمەد ,سۆران عبدالرحمان .*ڕۆڵی ئاوازە لە گەیاندنی واتادا* .سلێمانی :کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.٢٠١٤ ,

٣٩. خۆشناو ,.سەلام ناوخۆش و نەریمان .*زمانەوانی بەرگی دووەم )واتاسازی* .(هەولێر :چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.٢٠١٠ ,

٤٠. خۆشناو ,:شێروان حوسێن .*تیۆروانینێکی نوێ بۆ سینۆنیم* .سلێمانی :بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی , ٢٠١١.

٤١. خەیام ,شێخ سەلام، چوارینەکانی .*بەرهەمەکانی شێخ سەلام، بەرگی ٢ چوارینەکانی خەیام، کۆکردنەوەی کاروان عوسمان خەیات* .سنە :ئینتشاراتی کوردستان.٢٠١٩ ,

٤٢. د.قادر ,کاروان عومەر" .دارشتەی چەمک لە زمانی کوردیدا "*گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین* )گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە .٤٥٢-٤١٩ :٢٠١٧ ,((١٣)

٤٣. دزەیی ,:عەبدولواحید موشیر .*واتای کاریگەری لە بواری ڕاگەیاندندا* .هەولێر :زانکۆی سەلاحەدین.٢٠٠٤ ,

٤٤. دزەیی ,:عەبدولواحید موشیر .*ڕستەسازی ڕۆنانکاری و گوێزانەوە* .هەولێر :ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە , ٢٠١٣.

٤٥. دیلان ,ئا .ئومێد ئاشنا،ن .محمد ساڵح .*بارانی سلێمانی بەرهەمی بڵاونەکراوە و لەیادکراوی* .هەولێر :بڵاوکراوەی ئاراس.٢٠٠١ ,

٤٦. ڕەسول ,عەبدوڵا حوسێن .*ناکردن لە کوردیدا* .هەولێر :کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.١٩٩١ ,

٤٧. ساڵح ,عەباس .*گوڵە پەمەییەکانی ڕۆح، دیوانە شیعر* .سلێمانی :چاپخانەی چوارچرا.٢٠٠٧ ,

٤٨. سدیق ,.فاروق عومەر .*قەرزی وشە* .سلێمانی :چاپخانەی چوارچرا.٢٠٢٠ ,

٤٩. سدیق ,فاروق عومەر .*لەدایکبوونی وشە* .سلێمانی :ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی دووەم , ٢٠١٦.

٥٠. سعید ,بێ خاڵ عبدالله .*واتاسازی وشە لێکۆڵینەوەیەکی کارەکییە* .هەولێر :کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین , ١٩٨٩.

٥١. سەعید ,سازان زاهیر .*نواندنی سینتاکسیی لە زمانی کوردیدا* .سلێمانی :ناوەندی سارا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە , ٢٠٢٠.

٥٢. صالح ,دەروون عبدالرحمن .*ڕۆڵی زمان لە ئاراستەکردنی لایەنی دەروونیی تاکدا* .سلێمانی :چاپخانەی شڤان.٢٠٢٠ ,

٥٣. عارف ,حسێن .*تونێشووی سەفەرێکی سەخت* .بغداد :مطبعة دار السلام.١٩٧٩ ,

٥٤. عەبدولڕەحیم ,عوسمان کەریم .*وشەی زمانی کوردی و ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی* .سلێمانی :زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زمان، بەشی کوردی.٢٠١٤ ,

٥٥. عەبدوڵڵا ,ئیدریس .*کۆوانەکانی ڕەوانبێژی* .هەولێر :چاپخانەی منارە.٢٠١٣ ,

٥٦. عەلی ، ,بەکر عومەر .*بەستن و کرتاندن لە کوردیدا* .هەولێر :کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین.١٩٩٢ ,

٥٧. عەلی؛ ,بەکر عومەر .*میتافۆر لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە* .سلێمانی :زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زمان.٢٠٠٠ ,

٥٨. عەلی ,بەختیار .*شاری مۆسیقارە سپییەکان* .سلێمانی :چاپخانەی ڕەنج.٢٠٠٥ ,

٥٩. فتاح ,:محمد معروف *.زمانەوانی* .هەولێر :بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (١٢٤)، چاپی سێیەم.٢٠١١ ,

٦٠. فتاح؛ ,محمد معروف" .ڕێنووسی کوردی لە ڕوانگەی فۆنەتیکەوە "*.کۆڕی زانیاری عێراق، بەرگی* ٩, ١٩٨٢: ٢٢٩-٢٦٧.

٦١. فە .ئازادیی ,حەمە ڕەشید قەرەداخی *.فەرهەنگی ئازادی ئینگلیزی -کوردی* .منتدی اقرأ الثقافی.٢٠١٢ ,

٦٢. فەتاح ,سەردار *.خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی* .سلێمانی :چاپخانەی ڕاپەڕین.١٩٧٧ ,

٦٣. فەرهادی ,عاطف عبدالله *.هەندێ لایەنی دەنگسازی شێوەزاری باڵەکایەتی لە سەر بنچینەی (praat).* هەولێر :کۆلێ زمان، زانکۆی سەلاحەدین.٢٠١١ ,

٦٤. فەرەج ,شاخەوان جەلال *.تابۆ وەک نمونەیەکی پەیوەندیی نێوان زمان و کلتور* .سلێمانی :کۆلێجی زمان زانکۆی سلێمانی.٢٠١١ ,

٦٥. قادر ,:کاروان عومەر *.فۆرمی لۆژیکی لە زمانی کوردیدا* .سلێمانی :بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی , ٢٠١٢.

٦٦. قادر ,تارا موحسین *.زمانی کوردیی و مینیماڵ پرۆگرام* .سلێمانی :کۆلێجی زمان ، زانکۆی سلێمانی.٢٠١١ ,

٦٧. قادر ,.سەباح ڕەشید *.هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە (GB)لەزمانی کوردیدا* .هەولێر :چاپخانەی حاجی هاشم.٢٠٠٩ ,

٦٨. ک.قادر ,کاروان عومەر *.ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا* .سلێمانی :چاپخانەی تیشک ، مەڵبەندی کوردۆلۆجی , ٢٠٠٨.

٦٩. کمال ,:دیار علی *.ڕێزمانی کوردی ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە* .هەولێر :زانکۆی سەلاحەدین.٢٠٠٢ ,

٧٠. کەریم ,عومەر مەحمود *.سیمای پراگماتیکی و سیمانتیکیی گریمانە پێشەکەییەکان* .کۆیە :کۆلێجی زمان، زانکۆی کۆیە.٢٠٠٩ ,

٧١. گۆران ,عەبدوڵڵا *.دیوانی گۆران* .تهران-ایران :کتابخانه ملی ایران.١٣٨٢ ,

٧٢. گەردی ,عەزیز *.ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا بەرگی سێیەم واتاناسی* .سلێمانی :چاپخانەی کاکەی فەلاح.١٩٧٩ ,

٧٣. لۆبلان ,و.یوسف شەریف سەعید، کلۆد جێرمان و ڕیمۆ *.واتاسازی* .هەولێر :چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.٢٠٠٦ ,

٧٤. محمد ,حاتەم ولیا محمد و ژیان عبدالله" .پێکهێنانی زانیاریی و کردە قسەییەکان "*.گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی ١٩ -ژمارە* ٤, ٢٠١٥: ٣٩-٦٤.

٧٥. محەمەد ,:حاتەم ولیا *.پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان* .دهۆک :چاپخانەی خانی.٢٠٠٩ ,

٧٦. محەمەد ,:عەبدوڵڵا عەزیز *.گۆڕانی واتای وشە لە زمانی کوردیدا* .هەولێر :کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین , ١٩٩٠.

٧٧. مستەفا ,نەزیرە سابیر *.پراگماتیک و شێوازگەری* .هەولێر :ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.٢٠٢١ ,

٧٨. موسا ,عەبدولوەهاب خالید *.هێزو ئاوازە لە دیالێکتی کوردیی ژووروودا* .هەولێر :بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە .٢٠٠٩ ,(٥٧)

٧٩. موعین ,سازان ڕەزا" .جۆرەکانی ڕستە لە زمانی ئاماژەدا "*.زانکۆی گەرمیان ٨ژمارە* (٣), ٢٠٢١: ١٨٢-١٩٢.

٨٠. موكری ,عەبدوڵڵا عەزیز خالد، کامەران .*دیوانی کامەران موکری* .بەغدا :ئەمینداریتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان ، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری کاروان.١٩٨٨ ,

٨١. موکریانی ,.کوردستان .*سینتاکسی ڕستەی تێکەڵ* .هەولێر :بڵاوکراوەی ئاراس.٢٠٠٤ ,

٨٢. مینە ,محەمەد ئەمین حسەین، .*زمانی جەستە* .سلێمانی :نوسەر.٢٠٠٤ ,

٨٣. مەحمود ,ئاڤێستا کەمال .*پراگماتیکی رستەی پرسیارو فەرمان لە زمانی کوردیدا* .سلێمانی :چاپخانەی ڕەنج.٢٠٠٩ ,

٨٤. مەحوی ,محەمەدی مەحویی و کاروان عومەر قادر و شیلان عومەر حسین .*دروستەی کردار لە زمانی کوردییدا بنەماو دیاردە* .سلێمانی :زانکۆی سلێمانی.٢٠١٠ ,

٨٥. مەحوی ,ل.مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و محمدی مەلا کەریم،ن .مەلا موحەممەدی کوڕی مەلا عوسمانی باڵخی، .*دیوانی مەحویی* .سنە :انتشارات کوردستان، چاپی دووەم.١٩٨٤ ,

٨٦. مەحویی ,محەمەدی .*ئاوەزداریی و ڕێزمانی ئاوەڕۆک وابەستە* .سلێمانی :زانکۆی سلێمانی.٢٠٠٦ ,

٨٧. مەحویی ,.محەمەدی .*ڕستەسازیی کوردیی* .سلێمانی :زانکۆی سلێمانی.٢٠٠١ ,

٨٨. نالی ,مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیسی مکایەڵی، پیاچوونەوە محمدی مەلاکریم .*دیوانی نالی* .سنە، ایران :انتشارات کردستان.١٩٧٦ ,

٨٩. هەژار ,عبدالرحمن شەرەفکەندی .*قورئانی پیرۆز* .ایران :وەزارەتی ڕۆشنبیری ئیسلامی، چاپخانەی احسان.١٣٧٩ ,

٩٠. هەورامانی ,محمد أمین .*فۆنەتیکی زمانی کوردی* .بەغدا :دار الجاحظ.١٩٧٤ ,

٩١. ویدووسن ,پ.هـ.د.ویدووسن، و .د.هۆشەنگ فاروق .*سەرەتایەک بۆ زمانەوانی* .دهۆک :چاپخانەی خانی.٢٠٠٨ ,

٩٢. أ.دیلان ,محمد ساڵح .٢٠٢٢ ,١٠ ٥ .*Galawej* .
https://www.facebook.com/gelawij/posts/٥١٠٦٦٥٢٤٨٦١٢٢٦٢٩/?locale=ms_MY&paipv=٠&eav=AfaWP-ylpWmycqOz٢bslFkJubTy٢dfq-O٥t_jMAosyoy٧MwZF٠TflGl-Uht_KYBauPI&_rdr (accessed ٥ ٢, ٢٠٢٣).

**ب- بە زمانی فارسی:**

١. مقدم ,محمد دبیر .*زبانشناسي نظرري* .تهان :انتشارات سخن.١٣٨٩ ,

**پ- بە زمانی عەرەبی:**

١. أ.تشومسكى ,ت .حمزة بن قبلان المزيني، نعوم .*اللغة ومشكلات المعرفة، محاضرات ماناجوا* .المغرب :الدار البيضاء.١٩٩٠ ,

٢. أ.رسول ,عزالدين مصطفى .*دراسة فى أدب الفولكلور الكردي، الطبعة الثانية* .اربيل :مطبعة الحاج هاشم.٢٠١١ ,

٣. أ.كمال ,عبدالحي .*الأحاجى والألغاز الأدبية* .الطائف -السعودية :الطبعة الثانية.١٩٨١ ,

٤. ابن منظور ,أبو الفضل جمال الدين محمد ابن مكرم .*لسان العرب ، الجزء ١٢* .قم ، ايران :ادب الحوزة.١٩٨٤ ,

٥. أحمد ,واضح .*الخطاب التداولي في الموروث البلاغي العربي من القرن الثالث الهجري الى القرن السابع الهجري* . الجزائر :جامعة وهران .٢٠١٢ ,

٦. إفيتش ,ت .سعد عبدالعزيز، وفاء كامل، ميلكا *.اتجاهات البحث اللسانى* .المجلس الأعلى للثقافة، الطبعة الثانية.٢٠٠٠ ,

٧. البقمي ,خلود صالح عثمان الصالح و فاطمة جازي سعيد" .الفكر البيني في اللسانيات الحديثة :اتجاهات في اللسانيات النفسية "*.مجلة الدراسات العربية، كلية العلوم ، جامعة المنيا*.٢٦١٤-٢٥٨٣ :٢٠١٨ ,*volume. ٣٨, issue ٥*,

٨. بلانشيه ,ترجمة صابر الحباشة، فيليب *.التداولية من اوستن الى غوفمان* .اللاذقية، سوريا :دار الحوار للنشر والتوزيع , ٢٠٠٧.

٩. بوقره ,نعمان *.اللسانيات، اتجاهاتها و قضياياها الراهنة* .اربد، الاردن :ط١، عالم الكتب الحديث.٢٠٠٩ ,

١٠. تشومسكى ,ت .محمد فتيح، نوم *.المعرفة اللغوية* .القاهرة :دار الفكر العربى.١٩٩٣ ,

١١. توماس ,ت.نازك ابراهيم عبدالفتاح، جينى *.المعنى فى لغة الحوار )مدخل الى البراجماتيه -التدوالية* .(الرياض :دار الزهراء /السعودية.٢٠١٠ ,

١٢. الثوابية ,هيثم" .الاستفهام البلاغي في شرح ديوان الحماسة للمرزوقي "*.دراسات للعلوم الانسانية والاجتماعية* :٢٠١٤ , ٥٠٠-٥١٧.

١٣. جاكندوف ,ت .عبدالرزاق بنور ، مختار كريم ، ن .راى *.علم الدلالة والعرفانية* .عمان الاردن :عالم الكتب الحديث , ٢٠١٠.

١٤. الحسنى ,محمد على حسن *.إبستمولوجيا التأويل* .بيروت، لبنان :الرافدين.٢٠١٦ ,

١٥. الحشيشة ,سرور *.المعجم وتمثيل النّحو في النّظريّة التّوليديّة* .صفاقس.٢٠١٦ ,٢٩ ,٩ ,

١٦. خشاب ,جلال" .اللغز الشعبي من منظور تداولي "*.مجلة الاداب واللغات والعلوم الانسانية، العدد الخامس، جامعة الشادلي بن جديد*.٥٢-٦٤ :٢٠٢٠ ,

١٧. راجح ,ابراهيم محمد علي" .نظرية تشومسكى وتفسير القضايا الادراكية الذهنية :دراسة لسانية إدراكية بينية "*.المجلة العربية للعلوم ونشر الابحاث، العدد الثاني، المجلد الخامس*.١٠٨-١١٩ :٢٠١٩ ,

١٨. الراجحي ,عبده *.اللغ ُوعلوم المجتمع* .مصر :دار الصحابة للتراث بطنطا.٢٠١٣ ,

١٩. راسل ,براتراند *.الفيلسوف الانجليزى الشهير* .(*١٨٧٢-١٩٧٠*) المملكة المتحدة .٢٠٢٢, ٦ ٦, UK

٢٠. الزناد ,الأزهر *.نظريات لسانية عرفنية* .اليمامة، تونس :دار محمد علي للنشر.٢٠١٠ ,

٢١. سدخان ,رمضان مهلهل" .أحدث دراسة ل)تشومسكى "تحقيقات صغرى داخل اطار المنطق الرياضي في مشكلات اللغة البشرية "*.الثقافة الاجنبية ، العدد الثاني*.١٠٥-١٢٨ :٢٠٠٠ ,

٢٢. السكاكي ,ضبطه وكتب هوامشه و علق عليه؛ نعيم زرزور، لأبي يعقوب يوسف بن أبي بكر *.مفتاح العلوم* .بيروت - لبنان :دار الكتب العلمية.١٩٨٧ ,

٢٣. سيريل ,ت .صلاح اسماعيل، جون *.العقل واللغة والمجتمع الفلسفة فى العالم الواقعى* .القاهرة :المركز القومى للترجمة , ٢٠١١.

٢٤. صلاح الدين ,ملاوي صلاح الدين" .نظرية الافعال الكلامية في البلاغة العربية "*.مجلة كلية الاداب والعلوم الانسانية والاجتماعية -الجزائر*.٢٥-٥٤ :٢٠٠٩ ,

٢٥. عكاشة ,:محمود *.البراجماتية اللسانية )التداولية* .(القاهرة :مكتبة الاداب.٢٠١٣ ,

٢٦. عكاشة، ,محمود *.البراجماتية اللسانية )التداولية* .(القاهرة :مكتبة الاداب.٢٠١٣ ,

٢٧. عمامة ,محمد بو" .أصول النحو التحولي في النحو العربي "*.مجلة العلوم الاجتماعية والانسانية لجامعة الباتنة* :١٩٩٦ , ١٠٢-١٢٠.

٢٨. العماني ,عبدالرحمن توفيق *.أدوات الاستفهام دراسة أحصائية )رسالة ماجستير* .(الاردن :كلية الدراسات العليا للجامعات الاردنية.٢٠٠٥ ,

٢٩. عيدة ,ناغش" .الاستفهام في الحديث النبوي من منظور مباحث التداولية "*.الكتاب الاول، مجلة اللغة العدد الرابع* , ٢٠١٥: ١-٣٥.

٣٠. الغالي ,المضرري محمد" .التعريف والمفهوم في الصناعة النحوية "*.مجلة إشكالات، العدد* .٨٠-٦٥ :٢٠١٧ ,*١٢*

٣١. غانم ,محمد حسن *.فن قراءة لغة الجسد* .مصر :مكتبة الانجلو المصرية... ,

٣٢. فاعور ,منيرة" .الاستفهام المجازي في كتاب )الصاحبي (لابن فارس "*.التراث العربي*.٩٧-٧٥ :٢٠٠٦ ,

٣٣. كليتون ,ت.مهند الخيرى، بيتر *.لغة الجسد مدلول حركات الجسد وكيفية التعامل معها* .الأردن :دار الفاروق.٢٠١٩ ,

٣٤. كنون ,أحمد زكي *.المقدس الديني في الشعر العربي المعاصر ) :من النكبة إلى النكسة* .(أفريقيا الشرق :الدار البيضاء , ٢٠٠٦.

٣٥. لاينز ,جون *.اللغه والمعنى والسياق* .بغداد ، العراق :دار الشؤون الثقافية العامة -افاق عربية.١٩٨٧ ,

٣٦. ليونز ,ت.حلمى خليل، جون *.نظرية تشومسكى اللغوية* .الاسكندرية، مصر :دار المعرفة الجامعية.١٩٨٥ ,

٣٧. م.عكاشة ,محمود *.علم اللغة ، مدخل نظري في اللغة العربية* .القاهرة، مصر :دار النشر للجامعات.٢٠٠٧ ,

٣٨. مختار ,احمد عمر *.علم الدلالة* .القاهرة، ط :٥عالم الكتب.١٩٩٨ ,

٣٩. منصور ,أسماء بن" .الاسس الابستمولوجيه فى الفكر اللغوي لدى تشومسكى "*.مقدمات المجلد ٣، العدد الاول* , ٢٠٢٠: ١٩-٤٧.

٤٠. موختار ,أحمد *.علم الدلالة* .القاهرة، مصر :عالم الكتب.١٩٩٨ ,

٤١. النحلة ,محمود احمد *.افاق جديدة فى البحث الغوى المعاصر* .الأسكندرية -مصر :دار المعرفة الجامعية.٢٠٠٢ ,

٤٢. هدسن ,ت .محمود عبدالغنى *.علم اللغة الاجتماعى* .بغداد :دار الشؤون الثقافية.١٩٨٧ ,

٤٣. الواعظ ,عبدالله الفرهادى *.أحسن الصياغة في حلية البلاغة* .بغداد :سلمان الاعظمي.١٩٦٧ ,

٤٤. يول ,و.حمزة بن قبلان المزينى ، ن.جورج *.دراسة اللغة* .بيروت، لبنان :جداول للنشر والترجمة والتوزيع.٢٠١٤ ,

٤٥. العزاوي ,قصي سمير *.التصور والتصديق في أسلوب الاستفهام* www.alukah.net/sharia .٢٠٠٩ ,١ ٦١ . (accessed ١١ ١٨, ٢٠٢٢).

٤٦. مهران ,ابتسام *.المرسال* ,https://www.almrsal.com/post/٩٩٦٥١٧ (accessed ١١ ٢٧ .٢٠٢١ ,٢ ٢ . ٢٠٢١).

**ت- بە زمانی ئینگلیزی:**


١. Abney, Steven Paul. *THE ENGLISH NOUN PHRASE IN ITS SENTENTIAL ASPECT.* USA: DOCTOR OF PHILOSOPHY, MASSACHUSETTS INSTITUTE OF TECHNOLOGY, ١٩٨٧.

٢. Allan, Barbara pease. *The Definitive Book of BODY LANGUAGE.* Australia: McPherson's Printing Group, ٢٠٠٤.

٣. Ben-Amos, Dan. *Solutions to Riddles.* Department of Near Eastern Languages and Civilizations (NELC), USA, Pennsylvania: University of Pennsylvania, dbamos@sas.upenn.edu, ٢٠١٧, ٢٤٨-٢٥٤.

٤. Berwick, Noam Chomsky and Robert. *Why Only Us?* MIT Press, ٢٠١٦.

٥. Bittner, Moisés Ánton. *prosody and surasegmental features.* spring ٢٠١٣. https://www.academia.edu/٥٣٣٠٥٧٦/Prosody_and_Suprasegmental_Features (accessed ١١ ٦, ٢٠٢٢).

٦. Black, Cheryl A. *A step-by-step introduction to the Government and Binding theory of syntax.* Mexico : SIL - Mexico Branch and University of North Dakota, ١٩٩٨.

٧. Boeckx, Cedric. *Linguistic Minimalism: origins, methods, and aims.* tahran: Andesha Moaser, ١٣٨٩.

٨. Braun, David. "Implicating Questions." *Ultimate version appeared in: Mind and Language* ٢٦, ٢٠١١: ١-٣٨.

٩. Brouwer, Elisabeth Cathérine. *Imagining Metaphors, Cognitive representation in interpretation and understanding.* Amsterdam: E.C.Brouwer, Amsterdam, ٢٠٠٣.

١٠. Carnie, Andrew. *syntax a generative introduction,.* ٥ ١, ٢٠٢١. https://www.youtube.com/@CarnieSyntaxthEditionCarnie ٢٠٢١ Syntax ٤th Edition. University of Arezona (accessed ٥ ٢٠, ٢٠٢٣).

١١. Chomosky, Naom. *Language and mind.* Cambridge UK: Cambridge University Press, ٢٠٠٦.

١٢. Chomsky. "Minimalist inquiries: The framework." *Cambridge, MA: MIT, Working Papers in Linguistics*, ١٩٩٨: ٨٩-١٥٥.

١٣. Citko, Barbara. *On the Nature of Merge: External.* USA: Linguistic Inquiry, Volume ٣٦, Number ٤, Fall ٢٠٠٥, ٢٠٠٥.

١٤. Collins, Chris. "Economy Conditions in Syntax." *n book: The Handbook of Contemporary Syntactic Theory* (n book: The Handbook of Contemporary Syntactic Theory (pp.٤٥ - ٦١)), ٢٠٠١: (pp.٤٥ - ٦١).

١٥. Cruse, Alan. *An Introduction to Semantics and Pragmatics.* NEW YORK: OXFORD UNIVERSITY PRESS, ٢٠٠٠.

١٦. Dan Sperber, Deirdre Wilson. "Precis of Relevance: Communication and Cognition." *BEHAVIORAL AND BRAIN SCIENCES ١٠, Printed in the United States of America*, ١٩٨٧: ٦٩٧-٧٥٤.

١٧. Elgin, John T Grinder and suzzete Haden. *guide to transfarmational grammar .* Atlanta, USA: Holt McDougal, ١٩٧٣.

١٨. fakih, Abdul hafeed. *the syntax of questions in Modern Standard Arabic: A Minimalist Perspective.* U.K: Lambert Academic Publishing, ٢٠١٢.

١٩. farrokhpey, Mahmud. *government and binding Chomsky's language theory.* tahran : university of cclorado, ١٩٩٩.

٢٠. Feist, Jim. *Semantic Structure in English.* Amsterdam / Philadelphia: John Benjamins Publishing Company, ٢٠١٦.

٢١. Gakonga, Jo. *functional languages.* Cambridge Celta Centre Finder, ٢ ١١, ٢٠٢٢.

٢٢. Ginsburg, Jason Robert. *INTERROGATIVE FEATURES.* Arizona: THE UNIVERSITY OF ARIZONA, GRADUATE COLLEGE, ٢٠٠٩.

٢٣. Grice, Paul. *Studies in the Way of Words.* London, England: Harvard University press, ١٩٨٩.

٢٤. Heidinger, Virginia A. *analyzing syntax and semantics.* Washington D.C: Gallaudet University press, ١٩٩٩.

٢٥. J.L.Austin. *How to Do Things with Words.* London: oxford at the clarendon press, ١٩٦٢.

٢٦. Jackendoff, Ray. *semantic structures.* London, England: The MIT Press, Cambridge, ١٩٩١.

٢٧. Jayaseelan, K.A. "Bare Phrase Structure and Specifier-less Syntax." *Biolinguistics ٢.١*, ٢٠٠٨: : ٠٨٧—١٠٦,.

٢٨. Kasper, Simon. *A Comparison of thematic role theories.* Germany: https://www.researchgate.net/institution/Heinrich-Heine-Universitaet_Duesseldorf, ٢٠٠٨.

٢٩. KATAMBA, FRACIS. *MORPHOLOGY.* NEW YORK: Junglepub, Iran., ٢٠٠٦.

٣٠. Lakoff, George. *On Generative Semantics. In Steinberg & Jakobovits.* USA: Cambridge University Press, ١٩٧١.

٣١. Langacher, Ronald W. *Cognitive Grammar.* New York: oxford university press, ٢٠٠٨.

٣٢. Leech, Geoffrey. *Principles of Pragmatics.* New York: Published by Routledge, ٢٠١٤.

٣٣. Leech., Geoffry. *Semantics, the study of meaning.* Britain: penguin books, second edition, ١٩٨١.

٣٤. Levinson, Stephen c. *pragmatics .* UK: Cambridge University press, ٢٠٠٣.

٣٥. Lyons, John. *Semantics.* UK: university of cambridge, ١٩٩٦.

٣٦. Matthews, P.H. *Oxford concise dectionary of Linguistics.* Oxford university: Oxford Quick Reference, ٢٠٠٣.

٣٧. Mazzone, Marco. *Cognitive Pragmatics.* Boston/Berlin, Germany: De Gruyter Mouton, ٢٠١٨.

٣٨. McWhorter, John. *Tone Changes in Language.* ١١ ١١, ٢٠٢٢. https://www.wondriumdaily.com/tone-changes-in-language/ (accessed ٦ ٢٠, ٢٠٢٠).

٣٩. Mey, Jakob L. *pragmatics an introduction.* UK: black well publishing ٢nd edition, ٢٠٠١.

٤٠. Nelson, Sidney Greenbaum and Gerald. *An Introduction to English Grammar.* Malaysia: therd edition published in Great Britain, ٢٠٠٩.

٤١. Noam Chomsky, Interviews with James Mcgilvray. *scince of language.* New York, USA: Cambridge University Press, ٢٠١٢.

٤٢. Omondi, Lucia Ndong'a. *The major syntactic structures of Dholuo.* Berlin: Dietrich Reimer Verlag, ١٩٨٢.

٤٣. Polinsky, Maria, interview by serious science. *Linguistic Theory of Question* (١٢ ٢٣, ٢٠١٣).

٤٤. Radford, Andrew. *Minimalist Syntax Revisited.* UK: Cambridge University Press, ٢٠٠٦.

٤٥. Roach, Peter. *English Phonetics and Phonology.* Cambridge, UK: University of Cambridge, ٢٠١٠.

٤٦. Saeed, John I. *Semantics .* Hong Kong: Utopia, ٢٠٠٩.

٤٧. Sam, Abdullah. *NOTES READ.* ٤ ٥, ٢٠١٦. https://notesread.com/mentalist-theory/ (accessed ٤ ١٧, ٢٠٢٢).

٤٨. Searl, J.L. *sens et expression.* paris: Joelle Proust, edition de minuit, ١٩٧٢.

٤٩. Seuren, Pieter A. M. *Chomsky's Minimalism.* New York: OXFORD UNIVERSITY PRESS, ٢٠٠٤.

٥٠. Stageberg, Norman C. *An Introductory English Grammar.* Florida, USA: Library of Congress Cataloging in Publication Data, ١٩٨١.

٥١. Strazny, Philipp. *encyclopedia of linguistics, volum ١.* New York: An Imprint of the Taylor & Francis Group, ٢٠٠٥.

٥٢. Syntax, Intermediate. *The Question Operator.* Linguistics ٣٢٢, ٢ ٢١, ٢٠٠٢.

٥٣. Taylor, Adan R. Penilla and Angela Lee. *American Sign Language For Dummies with Online Videos.* https://www.dummies.com/article/academics, ٢٠١٦.

٥٤. Tomasello, Michael. *Origins of Human Communication.* London, England: The MIT Press Cambridge, Massachusetts, ٢٠٠٨.

٥٥. Trask, R.L. *key concepts in language and linguistics.* London and New York: Simultaneously published in the USA and Canada, ١٩٩٩.

٥٦. UKEssays. *Teaching language functions.* ١١ ١, ٢٠١٨. https://www.ukessays.com/essays/teaching/teaching-language-functions.php?vref=١ (accessed ١١ ٢٨, ٢٠٢١).

٥٧. Wilson, D. & Sperber, D. "Pragmatics, Modularity and Mind-reading." *Meaning and Relevance, Cambridge University Press*, ٢٠٠٢: ١-١٩.

٥٨. Yule, George. *the study of language .* cambridge : ٣d editition cambridge university press, ٢٠٠٦.

## الخلاصة

هذه الأطروحة المعنونة بـ (**الاستفهام و مفاهيمُ الكامنـة في اللغـة الكورديـة**)، محاولـة للكشـف عـن المفـاهيم والمقاصد الخافية خلف استخدام مصطلح الاستفهام بوصفه مصطلحاً مهماً في انشاء الجملة والاستفهام، إذ أنّ الكثير من المستويات اللغوية، لها أثرها في إنشاء هذه الوظيفة اللغوية، مثل علم الصـوت و النحـو و الدلالـة والتداوليـة، ويـأتي دور الإجهاد والإيقاع ولغة الاشارة/ الجسد في تكوين الفعل الاستفهامي، وفي الوقت نفسه حاول هذا العمل الإجابة عـن الأسـئلة الآتية : ١) هل جملة الاستفهام في اللغة الكوردية لها صياغة تكوينية خاصة بها؟ ، ٢) هل مفاهيم الجملة الاستفهامية لها قدرة الاستحواذ على الصياغات الاستفهامية في اللغة الكوردية؟ ، ٣) هل تتصرف الجملة الاستفهامية على وفـق مفـاهيم ومقاصد المُسْتَفْهِم؟، ٤) ما هي المفاهيم والمقاصد اللغوية الكامنة للجملة الاسـتفهامية، ومـن أي نـوع مـن أنـواع الجمـل تنتجُ؟، ٥) ما هو أثر إيقاع الجملة و لغة الجسد و دورهما في تكوين مفاهيم الجمل الاستفهامية؟

هذه الأطروحة تتألف من مقدمة وفصول ثلاثة مذيلـة بخاتمـة وقائمـة للمصـادر والمراجـع فضـلاً عـن ملخـص بـاللغتين العربية والانكليزية.

في الفصل الأول، تحدثّنا عن الوظائف اللغوية، ومفهوم الاستفهام بوصـفه لفظـة وعقـدة وجملـة، وفقـاً لنظريـات القواعـد العامة، المتمثلة بالمدرسة التوليدية، و خاصة نظرية التحكم والربط GB وبرنامج الحد الأدنىMP.

وفي الفصل الثاني، تناولنا مضمون الجملة الاستفهامية التي لهـا القـدرة في تكـوين الأشـكال اللغوية،بالاسـتعانة بـ(الدلالة والتداولية)، فضلاً عن بيان أثر الأصوات غير المقطعية ولاسيَّما الإجهاد والإيقاع في تكوين الجملة الاستفهامية.

و كُرِّسَ الفصل الثالث ، للجانب التطبيقي للنماذج اللغوية، وطريقة بناء الجملة الاستفهامية والمقاصد الناجمـة عنها، من حيث الحذف والزيادة لجواب الجملة، فضلاً عن بيان أنواع الجمـل الاسـتفهامية الرئيسـة : الاسـتفهام الحقيقـي والاسـتفهام المجـازي. ثـم تحـدثنا عـن الدلالـة – النحويـة (sema-syntax) للاسـتفهام ، والتداوليـة –النحويـة (pragma-syntax) للاستفهام، مع تسليط الضوء على المفاهيم والمقاصد الخافية للجملة الاستفهامية في الجمـل الإستفهامية البلاغية .

# Abstract

This thesis entitled (**Interrogative sentences and its hidden concepts in Kurdish Language**), is an attempt to disclose the content of interrogative sentences and its role in Kurdish sentences. Many layers of language such as morphology, syntax, semantics, and pragmatics, the role of power, tone, and body language have their roles in forming interrogative sentences in Kurdish language.

The research tries to answer the following questions: Do interrogative sentences have their own formula? Do the concepts of interrogative sentences have an impact on other aspects and formulas of interrogative sentences? Can semantic and pragmatic aspects of interrogative sentences formulate interrogative sentences in Kurdish language? Do Interrogative sentences act according to the concepts and intentions of the speaker? What are the hidden concepts and intentions of interrogative sentences that are produced in Kurdish language? What are the roles of tone and body languages in formulating the concept of sentences in Kurdish language?

This thesis consists of three chapters with conclusions and a bibliography alongside the abstract in Arabic and English languages.

The first chapter deals with the functions of language, the structure of interrogative sentences and its parts in words, phrases, and clauses as per the structure of Universal Grammar (UG) in general, Government, and Binding with Minimalist program  of Chomsky.

In the second chapter, it puts forth the concept of interrogative sentences and its role in formulating interrogative sentences having embedded the semantic and pragmatic aspects in them as well as the role of phonology and phonemic aspects of tone and power have been dealt with.

The third chapter deals with applying the theoretical parts of the research in Kurdish language like the forms of interrogative sentences and the intentions on which they are produced. The hidden aspects of interrogative sentences like real and constructed have been put forth with semantic and pragma-syntactic of interrogative sentences as well as their hidden intentions that are utilized in that kind of sentence.